ڕەوەند لەسەر خوانەکە دادەنیشت و نانێکی لەت لەت دەکرد و یەکا و لەتێکی دەداینێ، ئێمەی فێری شەرابیش کردبوو، سەرەتا گلاسێك شەرابی بۆخۆی تێدەکرد و دواتر بەسەر گلاسەکەی ئێمەدا دابەشی دەکرد، دەیگوت: بخۆن، لە جەستە و خوێنی من بخۆن و بخۆنەوە.

هێرۆ بە پێکەنینەوە دەیگوت: مەسیحە بچووکەکەی من ئێمە لە خوێن و جەستەی سۆسیال دەخۆین، نەك تۆ و مامە هەشبەسەرەکەت.

کە دەچمە قوتابخانە یەکێك چاودێریم دەکات، لە ترسی سارا ناوێرێ زۆر خۆی ڕەپێش بکا، لە دوورەوە (من لە خۆم دەدزێ)، ڕۆح لە جەستەم دەدزێ، جەستە لە ڕۆحم دەدزێ، خوام لێدەدزێ، جا چی مابوو لێم نەدزێ؟ ئەو دزە گەورە کێبوو کە دەهات و تەخت و تاراج و خوای لێدەدزیم؟ ڕەوەند بە پێدزکێوە دەهات و لە گۆشەیەکی قوتابخانەدا پێیدەگوتم: لە ژیانمدا تەنیا تۆم خۆشویستوە، هەر تۆشم خۆشدەوێ تا من لە ژیاندا ماوم..

بۆچی پێی باوەڕ نەکەم؟ هەمیشە باسی خۆشەویستیم بۆ دەکا، باسی ئایندە، باسی جوانیی ژیان، باسی ڕاستگۆیی، باسی درۆ نەکردن، باسی خیانەت نەکردن، باسی وەفا، باسی وابەستبوونی خۆی بە منەوە، باسی گەورەبوونی مەمکەکانم، باسی هەڵچوون و بڵندبوونی باڵام.. بۆچی باوەڕی پێنەکەم؟

مـن بـاوەڕم پێیکـرد و پەیوەسـت بـووم بـە رۆحـی ئـەو، بـە جەسـتەی، بـاوەڕ ناکـەم کەسـێك وەك مـن جەسـتەکەی ئـەوی ناسـیبێ، هەنـدێجار لـە ترسـی هێـرۆ و سـارا دەچـووینە ژێرزەمینەکە، خۆمان رووت دەکردەوە، لـە گڤـە گڤـی ـ بـا ـ ش دەترسـاین، جێیەکـە خۆشـنەبوو، دەچـووینەوە تەویلـەی ئەسپەکانی یاکۆب..

ئێواران سارا دەچووە ژوورەکەی رەوەند، من دڵم تەنگ دەبـوو، تەماشـای تەلـەڤزیۆنم دەکـرد بـەلاّم هیچـم نـەدەدیت، سـارا چارێگە سعاتێك لەوێ دەبوو، دەهاتەوە دەرێ، هەندێ حـوزن و حەسـرەت و مـەراقی پێـوە دیـاربوو.. ئێـوارانی پێشـتر لەگـەڵ رەوەنـد پیاسـەی نـاو دارسـتانیان دەکـرد، تـا دەهاتنـەوە خـوێن لـەناو دەمارەکـانی منـدا دەمـەیی، بـاهۆز لـە دڵ و دەروونمـدا هەڵیـدەکرد، هەڵدەسـتام بـە دوایانـدا بچـمە نـاو دارسـتانەکە، هێرۆ بانگی دەکردم:

_شیوەن گێسکێك لە ساڵەکە بدە.

_شیوەن ئەو کەل و پەلانە هەڵبژێرە.

_شیوەن وەرە پشتم بشۆ.

هێـرۆی ئـامۆژنم ژنێکـی جـوان بـوو، کـە پشـتیم دەشـۆری جەستەیم بە رووتی دەدیت، درۆ ناکەم بەو تەمەنەش کە سـی و چوار ساڵێك دەبوو هێشتا لە من و لە سـارا جوان و ژنانـەتر خۆی نیشان دەدا، جەستەیەکی سپی و لـووس، زگێکـی راسـت و

بێگرێ، جووتێ مەمکی قیت و رەق، بەژنی لە من لە سارا درێژتر بوو، چەند سانتیمەترێکی کەمیش لە رەوەند کورتر بوو، زۆرجار بەزەییم پیا دەهاتەوە، دووچاوی گەورە و رەنگالەیی، پێج شەش رەنگ لە گلێنەکانی دەبینران، لەگەڵ پۆشاکەکانی رەنگی چاوی دەگۆڕدران، هەندێجار سەوز، هەندێجار شین، هەندێجار بڕۆنزی، جاروباریش رەنگالەیی..

دوای نیوەڕۆیەك کە سارا و هێرۆ بۆ سەردانی مامە سەلامم رۆیشتن، من و رەوەند تەنیا ماینەوە لە ماڵەوە، وەك عادەتی هەمیشەیی چوومە باوەشی، ئێستا مەمکەکانم وەك جووتێ سێو وابوون، ئەو گەورەی کردبوون، دەستی گرتم و بردمیە تەویلەی ئەسپەکانی یاکۆب، لەوێ لەناو کایەکە رووتی کردمەوە، هەموو جەستەی لێسیمەوەو کەوتە گیانم، من نازانم چی روویدا، تەنیا هەستم بە خۆشی و ئازارێکی زۆر دەکرد، لەناکاوێکدا ئەسپەکان حیلاندیان، تەرزە و باران دەستی پێکرد و هەور گرماندی، ئەسپەکان شێتانە دەیانحیلاند، هەور زیاتر لە جاران زیاتر دەیگرماند و باران بە خوڕتر دادەباری..

من سەر و قژم تێکئالابوو، پێدەکەنیم و دەگریام، رەوەند جگەرەیەکی داگیرساند، من ستیانە رەشەکەم دەبەستەوە کە بوقعەیەکم لە کایەکەدا دیت سوورهەڵگەڕابوو، ئەوە خوێنی رۆحی من بوو ئێرەی سوورکردبوو؟ بەڵێ رەوەندبوو خوێنی

ڕشت، خوێنێکی نیمچە قاوەیی، مـن گریـام، ئـەو منـی خسـتە ئامێزیی گوتی: هەر بۆ منی، پێویست بە گریان ناکا.

ئەسـپەکان پێکـەنین، تابلۆیـەکی سـەیریان دیتبـوو، فرمێسـکی بەختەوەریان هەڵدەڕشت، هەورەکە ئیدی نەیدەگرمانـد، بـاران وەستابوو، ئێمە هێشتا لە ئامێزی یـەکتردا بـووین، کـە هەسـتم کرد هەموو دنیا ئێرەییمان پێدەبا، ـ با ـ و کا و ئەسپ و هـەور و باران، بەڵام لە هەموویان زیاتر کایەکە نـەبوو بـەڵك ئـاگری ژێـر کایەکـە بـوو، هێـرۆ، سـارا و هێـرۆ، هێـرۆ و سـارا بـەدوای ئەوەدا دەگەڕان هەموو شتێك کۆتایی پێبێنن، هەرواشیان کرد، کۆتاییان بە هەموو شتەکان هێنا.

## (پەیوەندییێکی نامۆ، بە گێڕانەوەی هێرۆ)

من دەبووایە دایکیان بووام، خۆ هەر واشبوو من دایکیان بووم، چییان پێویستبووایە بۆم جێبەجێ دەکردن، بەڵام شتێ کە تووشی بێزاریی دەکردم، خەونەکانم بوون.. من خەونم بە چییەوە دەدیت؟

هەمیشە خەونێك دووبارە دەبێتەوە، (لە گۆڕستانێکی گەورە و بێسنووردا، رەوەند لە گۆڕێکدا دەرمدێنێ، کفنەکەم بە پارچە ئەڵماسێك هەڵدەزڕێنێ و بە رووتی لەبەرامبەری دەوەستم، مەمکەکانم هەر وەك خۆیانن، رەق و سپی، بەژنم وەك جاران بڵند و جەستەیەکی گەرم، لە خەونەکەدا پێم سەیرە کە یەکێك لە گۆڕ دەربهێنرێ و هێشتایش ئاوا خوێن بە جەستەیدا گوزەر بکا، هێشتایش هەر خاوەنی ئەو جەستەیە نەرم گەرم و رۆحە رووناکە بێت! رەوەند دەستم دەگرێ و دەمباتە نێو دارستانێك سێو، بە خێرایی تێدەپەڕین و دەچینە کەنار دەریایەك کە پڕە لە گوڵەگەنم، ئاسمان پڕە لە نەورەس، لەوێ ئاگرێك دەکەینەوە و پێدەکەنین، هەردووکمان بە رووتی سەما دەکەین و دواتر پۆلوویێ ئاگر هەڵدەگرێ و داخم دەکات و دەگەینەوە کەنار گۆڕەکە و کفنەکە دەخاتەوە بەرم و دەمخاتەوە ناو گۆڕەکە).

لەوەتەی لێرەین هەمیشە ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام دوێنێ شەو خەونەکە بە شێوەیەکیتربوو، خەونێك کە هەرگیز ناتوانم لە یادی بکەم، (هەر لێرە لەسەر جێخەوەکەی خۆمدا رەوەند وەك باران لە بنمیچی ژوورەکەمدا هاتە خوار، ماچی کردم و رووتی کردمەوە، بە کورتی سێکسمان کرد، سێکس تا ئۆرگازموز) بەیانی وام هەست دەکرد ئەو کارە بە ڕاستی روویداوە، بۆیە رەوەند بانگ دەکەمە ژوورەکەم، سارا و شیوەن لە قوتابخانەن، من نیمچە رووتم، بە ئانقەست ناوەڕاستی مەمکەکانم دیار دەخەم، باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێ حەز بە دیتنی ئەو دیمەنە نەکا، بە رەوەند دەڵێم: وەرە نزیکم.

ئەو خۆی نزیك دەکاتەوە، قۆڵ و رانمان بەیەکەوە دەنووسێنین، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە شەرم و ترس دەڵێ: فەرمان بدە.

من حەددی ئێسقان دوو دڵ و نیگەرانم، هەرگیز وەك ئێستا نەترساوم، خۆشم نازانم داوای چی لە رەوەند بکەم.. دەست بەسەری دادەهێنم، ئەو وەك بەرخێك خۆی مات و مەلوول و بێدەنگ دەکا، پێیدەڵێم: کوڕەکەی خۆم، ئەو ژیانەت بە دڵە؟

ئەو بە ئاستەم دەنگی دەردەچێ و دەڵێ: خراپ نییە.. ژیان بریتییە لە گریان و پێکەنین.

من سەری دەخەمە سەر مەمکەکانم و دەپرسم: لە هەڵس و کەوتی من رازیت؟

دەڵێ: زۆر.

من توووند دەیگوشم و نازانم بە چ رووگەیەك ئاراستەی بکەم، لێی دەترسم و دڵم دەلەرزێ، تاریکیی لەناخمدا دەستپێدەکا، هیچ شتێ نابینم، من ناتوانم ئیدی بیر بکەمەوە.. مەست و سەرخۆشم یا شێت و مردووم؟ هەرچییەکم گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ماچێکی لێدەکەم، بەڵام ئاساییە ئەو واهەست دەکا دایکی خۆی ماچی لێدەکا، چونکە پێشتریش جاروبار ماچیم دەکرد، من تەنیا چواردە ساڵ لە رەوەند گەورەترم، زۆربەی جارەکان وەك دایك لەگەڵی دەدوێم، بەڵام ئەوجارەیان نازانم، من نازانم وەك کێ لەگەڵی دەدوێم، رەنگە وەك هەموو شتێك و وەك هیچ شتێکیش لەگەڵی بدوێم، من روومەتی ماچدەکەم، ئەو وەك کەروێشکێك بێدەنگە و خۆی لە ئامێزی مندا خامۆشکردووە، ئایا ئەو شەمالکە کە ئاوا وردە وردە بەسەر مەمکەکانی مندا دەتوێتەوە؟ من هێشتا هەر ماچیدەکەم و وشەی پچڕ پچڕ فرێدەدەم، ئاگام نەك لە رابردوو یا ئایندە نییە بەڵکو خۆشم لە دەستداوە، خۆمم لێ ونبووە، ئایا دەتوانم لە لێوەکانی رەوەند خۆم بدۆزمەوە، بۆچی نا؟ ئاگاداری خۆم نیم بەڵام دەزانم چێژ لە روومەت و قژی پشیلە خنجیلانەکەی خۆم وەردەگرم، من لەززەت لە گەرمایی جەستەی دەکەم، ئایا ئەو لە بورکانە یا ئاگرێکی پەتیی؟ هێدی هێدی سنووری ماچ تێدەپەڕێنم، لێوەکانم نزیك

لێوەکانی دەکەمەوە، ئەو هیچ قسەیەك ناکا، وادیارە لەززەت وەردەگرێ، من ئاگام لە خۆم نامێنێ، لێوەکانی دەمژم، ئاژاشکە و موچڕك هەموو گیانم داگیر دەکا، دەمرم، دەمرم، دەمرم، رووباری شەهوەت و ئیرۆتیك و عیشق و جوانی لە رۆح و جەستەمەوە دادەچۆڕێ، تاو نا تاوێ برووسکە رستەیەك بەنێو رۆحما دەگوزەرێنێ و دەڵێ: خیانەت ئۆقیانۆسە، ئێستا تۆ لەناویدا غەرق بوویت.

من لەناو ئۆقیانۆسی چێژ و لەززەت و ئازادکردنی بەهاکانی رۆح و جەستە مەلەم دەکرد نەك ئۆقیانۆسی خیانەت، منیش مرۆڤم خودایە، خۆم دایە رەوەند، رەوەند مەمکەکانمی دەمژی، نەك هەر مەمکەکانم بەڵکو هەموو جەستەمی دەلێسییەوە.. ئەو هەموو تەکنیکە لە کوێ فێربووە ئەو بەرخە بچۆلانەی خۆم؟

من لە خۆشییدا فرمێسکم دادەباراند، ئۆرگازموز، ئۆرگازموز، ئۆرگازموز، سەدان و سەدان ئۆرگازموز بە دوای یەکتریدا بە جەستەو رۆحمدا دەهاتن و دەیانگوزەراند، ئایا ئەوان کاروانی ناکۆتا بوون باری لەززەتیان هێنابوو؟

کوڕە بچووکەکەی خۆم وێلانە کەوتبووە گیان و جەستەم، ئایا ئەو بازە دامیار و نێچیروانە گەنجە، تەرزە بوو کە ئاوا بەسەر جەستەم دادەباری؟ لاولاوەبوو لەبەژنم ئالابوو؟ بیرم لە زۆر شت دەکردەوە و بیرم لە هیچ شتێکیش نەدەکردەوە، بیرم لەو

زەمەنە دوورودرێژە بە فیڕۆ چووە دەکردەوە.. ئایا چۆن ئەو زەمەنەم پێدەگەڕێتەوە؟ بەس ئەگەر ئەوجارەیان دەگەڕێتەوە من دەزانم چی بە وشکییەتی دەڵێم..

رەوەند سەرمەمکەکانمی تەڕکردبوو، من نەمدەهێشت هەستێ، توونـد توونـد لـە باوەشـی خـۆمم گرتبـوو.. زمـانم لـە زمـانی نـەدەکردەوە، بـە یەکتریـیـەوە نووسـابووین.. ئێـستا بەیەکـەوە دەچینە حەمامەکە، جوان جوان دەیشۆم، داوای لێدەکەم پشتم بشـووا، بـەر لـە هاتنــە دەرەوەمــان هەمــدیس تێکـدەئاڵێین، هەمدیس ئۆرگازموزێکی نوێ و دێینە دەرێ.

ئەو ماوانە ئەدگارم دەگەشێتەوە، رەنـگ و رووم خۆشـتر دەبـێ، پێدەکەنم، ژیان لەبەر چاوم جوان و ناسك خـۆی نمایش دەکـا، چەندین کاتژمێر هەر لەو کاتەوەی شیوەن و سـارا دەڕۆن، مـن رەوەند بانگ دەکەم، ئێستا ئەو دەتوانێ وەك پیاوێکی بێشـەرم و کامـڵ ئـەمرم پێبکـا، داوام لێـدەکا خـۆم وەرگێـڕم، دەمباتـە حەمامەکە، داوا دەکا بمباتە تەویلەکەی یاکۆب، جارێك لەگەڵی دەچم، بەڵام تامێکی جیاتری هەیە، ئەسپەکان لێمـان دەڕوانـن و بینیی ئـەو دیمەنـەیان پێخۆشـە، دەمباتـە نـاو دارسـتانەکە و لەناو گژوگیا و هەنـدێ گـەڵای وەریـو درێـژم دەکـا، حـەز دەکـا ئازارم بدا، منیش پێم خۆشە، ئێـواران لێـی نزیـك ناکەومـەوە، چـاوم لێیـە سـارا هـەموو ئێوارەیـەك دەچـێتە لای، ماوەیـەك دەمێنێتەوە و دواتر بـە ئـەدگارێکی سوورهەڵگەڕاوی تـووڕەوە

دەیبینم.. دەمەوێ بزانم چی لە ژوورەوە روودەدات، ئەو ئێوارەیە پلان دادەنێم، شیوەن رەوانەی شارەکەی نزیکمان دەکەم، لە کونی دەرگاکەش لە ژوورەکەی رەوەند دەڕوانم، هیچ نابینم، سارا لەسەر قەروێڵەکەی رەوەند دانیشتووە، رەوەند لەژێر لێفەکەیدا راکشاوە، دەگەڕێمەوە شوێنی خۆم، جاروبار بێ لە دەرگادان دەچمە ژوورەوە بەڵام ئەوان هیچ ناکەن، سارا لەسەر قەروێڵەکەی رەوەند دانیشتووە، رەوەند لەژێر لێفەکەیدا راکشاوە، هەندێجار لە پەنای پەردەکە تەماشا دەکەم کە دەستی شیوەن دەگرێ و بەرەو دارستانەکەی دەبا، من دڵم تەنگ دەبێ، دەترسێم پەیوەندییەکی نائاسایی لەنێوانیاندا هەبێ، ئەگەر وابێ رەنگە واز لە من بێنێ، یا ئەو لەززەتەم پێنەدا کە ئێستا پێمدەبەخشێ.. دەچم چاودێریان دەکەم، شیوەن دەباتە تەویلەکەی یاکۆب، مەمکەکانی شیوەن دەمژێ، دەیلێسێتەوە، من مردنی خۆم بە چاوی خۆم دەبینم، تووڕە دەبم، بەڵام هیچ ناکەم و لە گۆشەیەکەوە لێیان دەڕوانم، ئەوان ئاگایان لە هیچ شتێك نییە، منیش ئاگام لە هیچ شتێك نییە تەنیا ئەوان نەبێ، تووڕەم و نازانم چیبکەم، بەڵام ئەوان زیاتر دەڕۆن، سەیرە! ئەوان سێکس دەکەن، توونە رووخساری خۆم دەگرم و دەگەڕێمەوە ماڵەوە، (دەبێ لە کەیەوە شیوەن ژن بێ؟).. من بە ساردی خۆم دەخەمە ئامێزی رەوەند، بە ساردی لەگەڵی دەخەوم، ئەو لە جاران گەرمتر ماچم دەکا، دەیەوێ لە

جاران زیاتر ئازارم بدا و خۆی بەسەرمدا بسەپێنێ، دەچینە حەمامەکە ئاسایی دەیشۆم، ئەویش بە گەرمی پشت و مەمکەکانم دەشوا..

من گومانم لە ساراش کردوە، هەموو ئێوارەیەك دەچێتە لای رەوەند، من شیوەن رەوانەی مارکێتی گوندەکە دەکەم، لە کونی دەرگاکە لێیان دەڕوانم، سارا شان و ملی رەوەند دەشێلێ، بەلاّم هەر ئەوەندە و هیچیتر، ئەوە شتێکی ئاساییە، شەو بێ لە دەرگادان دەچمە ژووری رەوەند، شیوەن لە باوەشیدا خۆی مات و مەلوول کردوە، خۆم لە شیوەن تووڕە دەکەم و بانگی دەکەم، لە ژوورەکەی خۆمدا حیسابی لەگەڵ دەکەم، ئەو بێشەرمانە دەڵێ: خۆشمدەوێ، من رەوەندم خۆشدەوێ.

من هەڵدەچم و پێیدەڵێم: من بەو شێوەیە قبوڵتان ناکەم..با بتخوازێ.

شیوەن دەتۆرێ و دەگرییێت، منیش دەگریم و ئەو کێشەیەم پێ حەل نابێ..

دوێنێ دکتۆر گوتی باری تەندرووستی سەلام زۆر بەرەو باشتر چووە، رەنگە لەو ماوانەدا بیگەڕێننەوە ماڵەوە، منیش هەست بە باشبوونی حالّەتی سەلام دەکەم، بە هێمنی و بە زەردەخەنەوە لەگەڵم دەدوێ، وەك جارانی بەر لەو نەخۆشیەی لێهاتۆتەوە، ئەو رۆژە بە دزی ساراوە پێیگوتم: شەوی رابرد شەیتان پێم پێکەنی.

مـن زۆر بـەو قسـە فۆلكلۆرييـەی ئـەو و شـێوازی گوتنەكـەی پێكـەنيم و باوەڕيشـم پێينـەكرد، بـەڵام دواتـر دكتۆرەكـەش گـوتی: نـەك هـەر لـە رووی دەروونيـەوە، بـەڵكو لـە رووی جەستەييشەوە بەرەو باشتر چووە، تـەنيا شتێك كـە نـاتوانين چارەی بكەين، منداڵبوونە، ئيدی ناتوانن منداڵتان ببێ..

چـاكبوونەوەی سـەلام خۆشـحاڵ و دڵتـەنگی كـردم، ئەگەرچـی لەبـەر رەوەنـد دڵتـەنگ بـووم بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـيچ ترسێكم لە رەوەند نـەبوو، ترسـی مـن شـيوەن بـوو، دەترسـام.. بەڵێ لە شيوەن دەترسام.

سـەلام دەگەڕێتـەوە و زاواكـەشمان لـە رێگادايـە، رەنگـە بـەو زووانە بگات، كە دەگات لەگەڵ ئێمە دەژيێت، ئايا من و شـيوەن دەتـوانين لـەو پەيوەندييـە بـەردەوامبين لەگـەڵ رەوەنـد؟ بێگومان نەخێر.. ئەی چۆن ئـەو پەيوەنديانـە لەبـەر يـەكتری هەڵوەشـێنينەوە و وەك سـەرەتا شـێوەيەكی ئاسـايی بدەينـەوە ئەو پەيوەنديانە..؟

ئێمە ناچـارين بەمزووانـە رێگاچـارەيەك بدۆزينـەوە و خۆمـان لەو هەموو كێشەيە دەرباز بكەين.

## (یەکلایی بوونەوەی کێشەکە بە گێڕانەوەی سارا)

دووسبەی باوکم لە نەخۆشخانە دەگەڕێتـەوە، بـە گـوێرەی دوا راپـۆرتی دکتۆرەکـان بێـت ئێسـتا ئـەو تـەواو چاکبۆتەوە، هـەر دووسـبەیش لەوانەیـە دەزگیرانەکـەم بگـات، مـن ترسـم لـەو پەیوەندییـە ترسـناکەی نێـوانی خـۆم و رەوەنـد هەیـە، دەستگیرانەکەم باش دەناسـم، شـەلاتییێکی تـەواوە، زۆر حیسـاب دەکات و تەواو بە هەست و ئەزموونە لەو رووانەدا، دەتوانێ لە نیگـاییێکی شـەهوەتئامێز هـەموو شـتێك تێبگـا کـە کچـێك و کورێـك دەیگۆڕنـەوە، دەتـوانێ هـەموو شـتێ تـەنیا بـە تەماشاکردنێك بزانێ و ئاشکرای بکات..

من ئێستا رەوەندم خۆشناوێ، دەکرێ بڵێم خۆشەویستی من بۆ رەوەند لەو رۆژە کۆتایی پێهات کە رێگایدا من بـدەن بـە شـوو، هەموو ژیانی خۆم لە چاوەڕوانی ئـەو بەسـەر بردبـوو، کەچـی بەر لە هەر کەسێك پیرۆزبایی لێکردم، پیرۆزبایەك کە پڕ بـوو لـە کولاندنـەوەی بـرین و حەسـرەت، بـە پێکەنینـەوە گـوتی: پیرۆزە، بە هیوای ژیانێکی بەختەوەر.

من گریام، ئەو داوای هێمنبوونەوەی لێدەکردم، بەلاّم من چۆن دەتوانم ئارام ببمەوە، ئیدی ئومێد و خەون و چاوەڕوانییەکانم هـەمووی کۆتاییـان پێهـات.. ئێسـتا کـە ئێـواران بـۆی دەچـمە

ژوورەوە، تەنیا گەمەیەکی تاڵ و پڕ لە عـەزابی لەگـەڵ دەکـەم، ڕێگانـادەم دەسـت لـە مەمکـەکانم بـدا، ڕێگانـادەم ماچـم بکـات، چەندین جـار دێـت و وەك منـداڵێك لەبـەر پـێم دەپاڕێتـەوە و دەلالێتـەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵی بچـمە تەویلـەی ئەسـپەکانی یاکۆب، من پێدەکەنم و تەنیا جێیـدەهێڵم، بـا لـە چاوەڕوانیدا بمرێ، وەك ئەوەی کە منی لە چاوەڕوانیدا بە کووشتدا..

ئـەو بەیانییـە دەچـمە قوتابخانـە، بـەلاّم لـە ڕێگـادا بۆچـوونم دەگۆڕدرێ، ڕاستتر بڵێم ئەو نەچوونە قوتابخانەیەم پەیوەنـدی بە گۆڕانی بۆچوونم نەبوو، بـەڵکو پـەریۆد بـووم، سك وسـەرم دەهێشا، شیوەن ڕۆیشت و منیش بە هـەمان پـاس دەگەڕێمـەوە مـاڵ، لـەناو پاسـەکەدا بـیر لـە گەڕانـەوەی بـاوکم و هـاتنی دەسـتگیرانەکەم دەکەمــەوە، بـیر لــە دۆزینــەوەی دەرگایــەك دەکەمەوە کە لەو پەیوەندییەم ڕزگار بکات، ئایا ڕەوەند هـەروا بە سانایی دەتوانێ قبوڵی پچڕانی ئەو پەیوەندییە بکات؟

ڕاستە من عەزابی دەدەم، بـەلاّم ئـەو هەنـدێجار وەك شـێت بـە دوای ئـەو عەزابانـەدا دەگـەڕا.. خـۆ لـە دەسـتی خۆیـدا نییـە، پێیـدەڵێم: تـەواو مـن گەمـەم لەگـەڵ کـردی، ئێـرە سـەرەتای کۆتاییێکی تاهەتاییە..

ئەویش دەتوانێ خەفەت بخوا و دواتر لە یـادی دەچێتەوە.. بـا قبوڵیش نەکا، چـی پێـدەکرێ؟ دەتـوانێ چیبڵێ؟ دەتـوانێ بڵـێ مـن پەیوەنـدیم لەگـەڵ سـارا هەیـە؟ ئـەی دایکـم و بـاوکم و

دەستگیرانەکەم و کەسانیدی چۆن وەڵامی دەدەنەوە؟ ئەویان وەك سەگێکی پاسەوان لەگەڵ ئێمە ڕەوانە کردبوو، نەك گورگێك کە بکەوێتە گیانم..

لە پاسەکە دادەبەزم، هەنگاوی هیلاك دەهاوێژم و دەگەڕێمەوە ماڵ، بە بێدەنگیی هەنگاو دەهاوێژم، گوێم لە هانکە هانکێك دەبێ، هانکە هانکی دایکمە، لەبەرە خۆمدا دەڵێم: نا باوەڕ ناکەم.

ئەی ڕەوەند بۆ کوێ چووە؟ دایکم کاری واناکا، نا دەبێ کێی دۆزیبێتەوە؟ یاکۆب یا دوکاندارەکە؟ یا کەسێك کە من هەرگیز ئەدگاریم نەبینیوە؟ ئەی ڕەوەند لە کوێیە؟ پاسەوانەکەی ئێمە لە کوێیە؟ کێ ناڵێ بۆ کارێك ناردوویەتییە شار؟

من لە دەرگای ژوورەکە نزیك دەکەومەوە، لە کونی دەرگاکە تەماشای ژوورەوە دەکەم و دەبوورێمەوە..

کە خەبەرم دەبێتەوە، دایکم بە ترس و چاوی بە فرمێسکەوە لەسەر جێخەوەکەم دانیشتووە، هەر دەگریێ و کڕبوونەوەی بۆ نییە، پێیەکانم ماچ دەکات، من دەمەوێ لەسەری هاوارکەم و بقیژێنم، دەمەوێ لەگەڵ هاوارێك چی لەناو هەناومدایە لە دەممەوە بێتەدەر و کۆتایی بە ژیانم بێت، هاوار دەکەم، بەڵام دەنگم دەرناچێ، تەنیا دوو وشە بە نزمییەوە لە لێوەکانم بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێ ئەوەیە کە دەڵێم: گوناهبار.. گوناهبار.. خائین.. خائین..

دایکــم دەگرییّــت و هاواردەکــا: بمبــوورە، شــەیتان پێیکــردم، بمکوژە.. شەیتان پێیکردم.. ئاخر خۆ منیش مرۆڤم خودایە..
شــەوەکەی گێــژم و لــە هــەموو ماڵەکــە دەگــەڕێم، رەوەنــد نادۆزمەوە، گەر دەیبینم، دەزانم بە چ کارەساتێکی دەگەیـەنم، چــەقۆیەکم بــە دەســتەوەیە و دەمــەوێ بیکــوژم، بەڕاســتیش دەیکوژم.. بەڵام کوانێ گورگەکـەی ئێمـە؟ کوانێ ئـەو گورگـەی کەوتۆتە گیان و جەستەی خانەوادەی سەلامە شێتەکەی ئێمە؟
مـن دەگریـام، بـۆ خـۆم و بـۆ دایکـم و بـۆ سـەلامە شـێتەکەی خۆمـان دەگریـام، مـن دەگریـام و گێـژبووم، بـە گێـژی و وڕی و خەمناکییەوە بۆ خیانەتە گەورەکەی رەوەند دەگریام، دەگریام و دەمویست خوێنی ئەو گورگە بڕێژم، بەڵام کوانێ؟ لە کوێیە؟ بــۆ کــوێ چــوو ئــەو گورگــەی کــە کەوتۆتــە گیــانی ســەلامە شێتەکەی ئێمە؟
دایکــم هــات و گــوتی: بەســە ئیــدی مەگریــە، ئــەو رۆیشــت، دەرمکــرد، ئیــدی نایبینینــەوە.. رۆیشــت و بــوو بــە رابــردوو، بەیانی دەستگیرانەکەت دەگات، باوکت دێتەوە.
ئێمــە هەرســێکمان یــەکترمان لــە بــاوەش کــرد و بێووچــان دەگریــاین، بــەڵام گریــانی شــیوەن لــە ئێمــە پــڕ لــە ســۆز و حەســرەتتربوو، پێدەچــوو هــیچ کەســێکی نــەمابێ لــە دنیــادا.. هێنــدە بــە خــەمگینی و حەســرەتەوە دەگریــا، دەتگــوت ئیــدی گلێنەکانی دەبنــە فرمێسك و بەســەر گۆناکانیــدا دێنــە خــوار..

**ئێمـه هەرسـێكمان بـەو شـێوەیە چیرۆكی خۆمـان بـۆ یـەكتری گێڕایـەوە، هـەموو نهێنییـەكانی یـەكترمان ئاشـكراكرد، مـن و دایكم هێور بووینەوە، ئێستا خەمی شیوەنمان بوو.**

## (شیوەن)یش دەڕوا

ئەی ئەپۆلۆ گوێم بۆ رادێرە، تۆیش ئەی راین، ئەی ژنی نهێنی پارێز، راین ئەی ژنی میهرەبان گوێم بۆ رادێرە، با باسی هەڵاتنەکەی خۆمتان بۆ بکەم..

بەیانی ئەو رۆژە دەبووایە پێشوازی هاتنی دەستگیرانەکەی سارا بکەم لە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر، بەڵام من پەیمانم بە یوسف دابوو لەگەڵی بڕۆم.. یوسف کێبوو؟

بە درێژایی ئەو کاتانەی لە قوتابخانە بووم وازی لێم نەدەهێنا، ئەو خۆ وا بە سادەیی منی خۆشنەدەویست، بەڵکو عاشقێکی سەرمەستی پێکەنین و بزە و قسەکانی من بوو، وەك منداڵێك لەبەرم دەپاڕایەوە و داوای پەیوەندی لێدەکردم، بەڵام من رەوەندەکەی خۆمم بە هیچ کەسێك نەدەگۆڕییەوە، رەوەند بۆ من وەك پیاوێك بوو کە لەناو حیکایەتە ئەفسانەییەکانەوە هاتبێتە دەر، رەوەند گوزارشتێك بوو لە مان و نەمان و خۆشی و ناخۆشییەکانی من، بوراقێك بوو دەهات و رووەو ئاسمانی شینی پڕ لە ئەستێرە و مەملەکەتە دوورەکانی ئارامیی رۆحی دەبردم..

یوسف لە تەمەنی خۆمدابوو، تورك بوو، گەنجێکی جوانیش بوو، بەڵام من رێگای هیچ شتێکم پێینەدەدا، ئەو بەڵێنی

دووپـات دەكـردەوە كـە تـەنیا ئامانجێـك لـە پەیوەنـدی نێـوانی ئێمـەدا پێكهێنـانی ژیـانی هاوسـەرییەتیە، هەمیشـە دەیگـوت: هەموو جوانیی و بەختەوەرییێكت پێدەبەخشم لەو دنیایەدا..

من پێـی پێدەكـەنیم، گاڵتـەم بـە عـەقڵی بچووكی ئـەو منداڵـە دەهات، بەڵام دوێنـێ شـەوەكەی دوای ونبـوونی رەوەنـد و دوای ئاشكرابوونی ئەو هەموو فێڵەی كـە لـە هەرسـێكمانی كردبـوو، ئیدی بڕیاری خۆمدا، ئایا بڕیاری چیمدابوو من؟

كێشـەی مـن هـەر بـە تـەنیا رەوەنـد نـەبوو، گێـژ و شـێت و سەرگەردان ببووم مـن، ئیـدی چۆن دەتـوانم لەگـەڵ مـامۆژن و دۆتمـامێكی لـەو جـۆرە بـژیم كـە خیانـەت و پـلان و ناشـرینی هـەموو گیـانی داگیركردبـوون؟ چـۆن دەتـوانم ئیـدی بـیر لـە گورگێكی وەك رەوەند بكەمەوە؟ تازە كار لە كار ترازابوو..

شـەوەكەی بـە یوسـفم گـوت: بڕیارمـدا، دەبمـە هاوسـەرت بـە مـەرجێك هۆڵەنـدا جێبـێڵین و بـەرەو شـوێنێكیدی بـڕۆین و سەرهەڵگرین.. گرینگیش نییە ئەو شوێنە كێندەر بێ.

ئـەو تەلەفۆنەكـەی لـە دەسـت كەوتـە خـوار، بـاوەڕی نـەدەكرد، دوای چـەند چـركەیەك بێـدەنگی گـوتی: زۆر باشـە دەچـینە ئـەڵمانیا.. دۆسـت و ناسـیاوم لـەوێ هـەن.. زۆر باشـە دەچـینە ئەڵمانیا..

ئەو بەیانییەی دەبووایـە لـە وێسـتگەی سـەرەكی شـەمەندەفەر پێشوازی لە دەستیگرانەكەی سارا بكەم، هێـرۆ چووبوو سـەلام

بێنێتەوە، ژنی بە وەفا چووبوو مێردە خۆشەویستەکەی خۆی بێنێتەوە، یوسف گەیشتە وێستگەی شەمەندەفەر، ئامێزی بۆ کردمەوە، بە ساردی و خەمبارییەوە باوەشم بۆیکردەوە و سواری شەمەندەفەرێك بووین بەرەو بەرلین، لە (چۆلیگیشەگاردن) دابەزین..

بەرلین شارێکی گەورە و جوان و پڕ لە جوۆە جوولە، منداڵێکی هاوتەمەنی ئێمە هاتە پێشوازیمان، چووین کلیلی خانوویەکی پێداین و ئێوارەکەی مەلایەکی تورکی هێنا و من بە شەرعی بوومە ژنی یوسف.

خۆمان بە ناویتر تەسلیم کرد، مافی پەناهەندەییمان وەرگرت و ژیانێکی ئاساییمان دەسپێکرد، سەرەتا زمانمان خوێند و شارەزاییمان سەبارەت بەو وڵاتەیش کۆکردەوە.

تا ساڵێك پەیوەندییەکی خۆش لەنێوانماندابوو، ئەگەرچی یوسف ئەو کەسە نەبوو کە من بتوانم نەك بەراوردی پێ لەگەڵ رەوەند بکەم، بەڵکو هی ئەوەش نەبوو لەگەڵی بژییێم..بەڵام دەبووایە من بەو چارەنووسە رازیبووام، رازی نابم چیدەکەم؟

ئێستا کێشەکە لەوە نییە کە منم رازی نیم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێ تەحەمولی گاڵەوگیفە و هات و هاوار و دڵپیسی و پەلارەکانی ئەو کەسە بکەم کە هەرگیز خۆشم ناوێ.. یوسف بە تووڕەییەوە دەڵێ:

_زۆر پاكیزە بووی ها كە تۆم هێنا..؟

_خـوا بزانـێ كـە منـت لێـدیار نییـە چ خیانـەتێكم لێدەكەیت..؟

_بمزانیبووایە ئاوای هەرگیز لە خۆمم تێكنەدەدا..

_تۆ شیاوی ئەو نیت كەسێك خانەوادەكەی خۆی لـە پێناوت جێبێڵێ..

_من هەمیشە گومانم لە تۆ هەیە..

_بۆچی رێگانادەی منداڵێكمان ببـێ، گـەر نیـازێكیترت نەبێ..؟

رەنگە لەو رستەی كۆتاییـدا یوسـف راسـت بكـا، هەمیشـە داوای منـداڵم لێـدەكات، بـەلاّم مـن رێگـای پێنـادەم، ناشـزانم بۆچـی، پێدەچێ ئەو باشتر بۆی چووبێ.. لەگەڵ ئەوەشـدا مـن هێشـتا جارێـك بـە تـەواوی بـیرم بـۆ لەیـەك جیابوونـە نەچـووە، بـا بیریشـم بـۆی بچـێ، دەتـوانم چـیبكەم؟ خـۆ مـن تـەنیام، نـە كەسێك دەناسم كارێكم بـۆ بدۆزێتـەوە، نـە كەسـێكیش دەسـتی یارمەتیم بۆ درێـژ بكـا، بـا كەسـێكیش بناسـم یارمـەتیم بـدا و كەسێكیش دەستی هەرەوزیم بۆ درێژ بكـا، بـەلاّم ئـەو دەتـوانێ چ شـتێ بـۆ مـن بكـا، كـە مـن مـافی پەناهەنـدەییم لـە رێگـای یوسفەوە وەرگرتبێ، هەر كاتێ بڕیـاری لێكجیابوونـەوە بـدەین، ئەوا من مافی پەناهەندەیشم لێدەسرێنرێتەوە..

ئێوارەیەك یوسف بە تووڕەییەوە لە ماڵەوە چاوەڕوانمە، من درەنگ دەچمەوە، ئەو بێ هیچ قسەیەك دەكەوێتە جنێودان، بەڵام من ڕێگای پێنادەم، ئەو پێم دەڵێ: قەحپە.

من دەڵێم: دایك و خوشكت.

دەستی بەرز دەكاتەوە زللەم لێبدا، من ڕێگای نادەم و دەڵێم: تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەكەم.

دەرمدەكا لە ماڵی خۆی.

بە چاوی بە گریان و فرمێسكەوە دەچمە وێستگەی شەمەندەفەر، دوو كاتژمێر دادەنیشم و فرمێسك هەڵدەوەرێنم، لە دنیا دەڕوانم كە تا چ ئاستێك بچووك بۆتەوە! جانتایەكی بچووكم پێیە و نازانم پلیتی چ گوند و شار و وڵاتێك ببڕم.. بۆ كوێ بچم؟ ئێستا هەموو دنیا بۆ من وەك یەك وایە.. بیر لە هەزار شت دەكەمەوە، بیر لەو بڕە پارەیە دەكەمەوە كە بەشی تەنیا دوو ڕۆژیترم دەكا، بیری دایك و باوكم دەكەمەوە، بیر لە ڕووداوەكانی ڕابردوویێكی نزیك دەكەمەوە، لە هەموو ئەوانەیش زیاتر بیر لە ڕەوەند دەكەمەوە، سەرباری ئەو هەموو ئازار و چارەنووسە تراژیدیەی كە بۆی خولقاندبووم هێشتا نەمدەتوانی ڕكم لێی ببێتەوە..

لەسەر كورسییەك دانیشتبووم و دەگریام، پیاوێكی باڵابەرزی ئەڵمان دەستی خستە سەر شانەكانم و گوتی: دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

مـن سـەرەتا ترسـام، خـۆ حـەقی خۆشـم بـوو بترسـم، چـونکە کەسـانی بەدڕەوشـت زۆرن، بـەڵام ئـەوەیان وا دیـار نـەبوو، تەمـەنی نزیکـەی چـل سـاڵێك دەبـوو، چـاکەت و پـانتۆڵ و کەرەڤاتـەی لەبـەردابوو، بـە پیـاوی کـار دەچـوو، ئـەو بـە نەرمییەوە دووبارەی کردەوە: دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

من هیچ وەڵامێکی ئامادەم پێنەبوو، بۆیە گوتم: نازانم.

پرسی: پاسپۆرتت نییە؟

گوتم: هیچ شتێکم نییە.

گوتی: خەڵکی چ وڵاتێکی؟

گوتم: بێوڵاتم.

گوتی: گەر حەزدەکەی کار بکەیت، من دەتـوانم لـە بەیانییـەوە بتخەمە سەر کار.

مـن دەبووویـە زۆر سوپاسـی بکـەم، چـونکە تاکـە ڕێگـای دەربازبوونم، کارکردن بوو.. بێئەوەی لـە جۆری کـار و شـوێنی کارەکـەی بپرسـم، گـوتم: مـن سوپاسـت دەکـەم و ئامادەشـم لـە سبەینێوە لەگەڵت کار بکەم.

پرسی: ئامادەی ئەو شارە جێبێڵی؟

گوتم: بەڵێ.

چـوو بلیتێکـی شـەمەندەفەری بـۆ کـڕیم، لـە شـەمەندەفەرەکە سەرکەوتین، بەدەم ڕێگاوە باسی زۆر شتمان کرد، تەنیا جۆر و شوێنی کارەکە نەبێ..لە شاری کۆبلێنچ دابەزین، منی بردە نێو

بـاڕێکی گـەورە، لـەوێ بـە پەیژەیەکـەوە سـەرکەوتین، ریزێـك ژوور هەبوو، دەرگای یەکێکی لە ژوورەکان کردەوە و گـوتی: هـا ئـەوە کلیـل، لێـرە بـە دواوە ئـەوە ژووری تۆیـە، ئـەو شـەوە دەحەسێیتەوە، بۆ بەیانی سەبارەت بە کارەکە قسە دەکەین.

کە ئەو رۆیشت من کەوتمە بیر کردنـەوە و تێگەیشـتم کـە ئـەو ژوورە ژوورێکـی نائاسـاییە.. بۆچـی ئـەو ژوورە نائاسـایی هاتـە بەرچـاوی مـن؟ گڵۆپـەکانی نێـو ژوورەکـەم سـوورتاریك بـوون، هەنـــدێ وێنـــەی رووت بـــە دیوارەکانـــدا هەڵواســـرابوو، تەلـەڤزیۆنێکی بچووکیش لـە گۆشـەکە دانرابـوو.. ئەمـە جگـە لەو باڕە گەورەی کە رێك دەکەوتە ژێر ریزە ژوورەکە..

هەرچۆنێ بـوو لەبـەر هیلاکـی خـەو بردمیـەوە، بـەیانی (هێـر تۆمـاس) هـات و بـە دەنگـی لێـدانی دەرگاکـەوە خەبـەری کردمەوە، هاتە ژوورەکەم و دانیشت، بـە زەردەخەنەیـەکی پـڕ لە میهرەبانییەوە گوتی: خەوێکی خۆشت کرد؟

گوتم: بەڵێ.. بەڵێ، زۆر سوپاس.

بە میهرەبانییەکی زیاتر لە جارانەوە گوتی: ئـەو باڵاخانـە هـی منە، ئەو باڕەی خوارەوەش هەر هی منە، وا دیارە ئێسـتا کـاتی ئـەوە هـاتووە باسـی کارەکـەمت بـۆ بکـەم، لـە خـوارەوە بـاڕ و رێستوڕانت هەیە، ئەوانەی لێرەدا کار دەکەن چەند جۆرێکن و پۆلێن کراون، هەندێکیان لە ناندینەکەدا کاردەکەن، تۆ دەزانـی ئەرکەکانی کارکردن لە مەتبەغ چییە..؟

من بەسەر راهەژاندنێکەوە تێمەگەیاند کە دەزانم.
بەشێکیتر لە سێرڤس کاردەکەن، کارکردنی سێرڤسیش ئەوەیە کە داواکارییەکانی خەڵك جێبەجێدەکەی، بەشێکی ترمان هەیە کە ئەوەیان بە ئارەزووی خۆتە، ڕەنگە حەزیش نەکەم لەوێ کاربکەیت، ئەو کارە بە تایبەتی لە شەوانی شەممە و یەکشەممەدا هەیە تۆ دەچیت لەگەڵ مشتەری دادەنیشیت و لەگەڵی دەخۆیتەوە و قسەی لەگەڵ دەکەیت و دواتر گەر ئارەزووی بکەیت و لەسەر پارە ڕێکبکەون ئەوا دەتوانی بیهێنیتە ژوورەکەی خۆت، بەڵام سەدا پەنجای ئەو پارەیە بۆ ئێمەی خاوەنە..
من زوو بە کارکردن لە مەتبەغ رازیبووم، دەستم کرد بە کارکردن، رۆژێ دوانزە تا شانزە کاتژمێر بێحەسانەوە لەو ناندینە کاردەکەم، ئێستایش لەگەڵی دابێ هەر لەو ڕێستورانتە کاردەکەم.. بەڵام ئێستا لە ناندینەکەدا کارناکەم بەڵکو لە سێرڤس..
ئەگەرچی ئێستا بارودۆخم گۆڕاوە، هێر تۆماس پاسپۆرت و مافی کارکردن و پەناهەندەیی بۆ وەرگرتم، ژوورێکم بە کرێ گرتووە، لەگەڵ ئەپۆلۆ بەیەکەوە دەژین، ئەپۆلۆ ئەو سەگەیە کە جارێك لە دارستانەکەی خۆرهەلاتی شاردا لە خاوەنەکەی ونببوو، من کە ئەوم هێندە بە تەنیایی دیت خۆمم هاتە بەرچاو، بۆیە لە ئامێزم کرد و تا ئێستا بەیەکەوە دەژین.. من

ئێستا زۆر لەو ژیانەی خۆم رازیم، بەلاّم ئەوەی کە ئازارم دەدا رەوەنـدە.. رەوەنـد هەمیشـە دڕدۆنگـم دەکـا و تووشـی قەلـەقی کردووم، وازم لێناهێنێ، هەمیشە لە خەیاڵ و خـەون و ژیانمـدا دەردەکەوێ و دەردەکەوێتەوە.

مـن ئێسـتا هـەموو شـتێك سـەبارەت بـە رەوەنـد دەزانم، دەزانم چـۆن دەژیـێ، چـۆن کارەکـانی خـۆی بـەڕێوە دەبـات و چـۆن حەددی ئێسقان ئازاری پەشیمانی دەچێژێ.. ژیانی ئەو وابووە، پـڕ بـووە لـە سـەرەڕۆیی، پـڕ بـووە لـە تـرس و نیگـەرانی و پەشـیمانبوونەوە، پـێش ئـەوەی بێینــە هۆڵەنــدا حــەزی لــە دراوسێیەکیان دەکرد، بەلاّم خۆ حـەزی لـە کچێکی دراوسـێیان نەدەکرد، بەڵکو لە ژنێکی خاوەنی دوو منداڵ، ژنەکە هی ئـەوە بوو پیاوێکی وەك رەوەنـد حـەزی لێبکـا، چونکە جوانێـك بـوو عەقڵی لە سەری پیاو دەڕفاند، جوانییەکەی دەیان پیاوی کـاس و گێـژ و وڕ کردبـوو، بـەلاّم بـۆ رەوەنـد دەسـتەمۆ ببـوو، لـە شەوانی هـاوین بـەر لـەوەی مێردەکـەی بگەڕێتـەوە مـاڵ، جێـی دەبردە سەربان و چاوەڕوانی رەوەندی دەکرد، رەوەنـد کێشـەی نـەبوو لەگەڵ سەرەڕۆیی، بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵ و ئـەو سـەربانەی نێوانیـانی دەبـڕی و دەگەیشـتە لای، تـا تێـر دەبـوو ماچـی دەکـرد، ئـەو ژنـە هێنـدە عاشـقی رەوەنـد ببـوو کـە نـە منداڵ و نە مێردەکەی هیچ گرینگیەکیان نەمابوو، نیوەڕۆیەك کە ژنە لەسەر جێخەوەکـەی بـە تەلـەفۆن قسـە لەگـەڵ رەوەنـد

دەكات و باسی ئیرۆتیك و جەستەی یەكتری بۆ یەك دەكەن، ئاگای لە منداڵەكانی نامێنێ، یەكێ لە منداڵەكانی ئاگر لە قەنەفەی هۆڵەكە بەردەدا و خانوو گڕ دەگرێ، ئەو ژنە كە خەبەری دەبێتەوە ماڵ تەواو ئاگری گرتووە، دوو منداڵەكە رایانكردووە بۆ قاتی سەرەوە و خۆیان لە ژوورێك ناوە، بەلام پاڵەپەستۆی دووكەڵ دەرگای بەڕوودا داخستوون، كە خەڵكی كۆلان دەزانن ئاگر لەو ماڵە بەربووە كۆدەبنەوە، تەلەفۆن بۆ ئاگركوژێنەرەوە دەكەن، بەلام ئاگركوژێنەرەوە چ سوودێكی هەیە؟ تا ئەوان دەگەن ئەو دوو منداڵە ئێسكیشیان نامێنێ.. خەڵك هێرش دەبا بەلام بێسوودە، لە دەرگای سەرەكییەوە كەسێ لەبەر پاڵەپەستۆی دووكەڵ و تەوژمی دووكەڵ ناتوانێ نزیكی ژوورەوە بێ، لە دەرگاكەی سەربانیشەوە بە هەمان شێوە، تەنیا تاكە رێگایەك مابوو كە كەس دركی پێنەدەكرد رەوەند نەبێ، رەوەند لەسەر دیواری ماڵە سووتاوەكە چووبووە سەر شانی گەنجێك و لە دیوی پێشەوە خۆی گەیاندبووە قاتی سەرەوە، بە هەنیشك جامی ژوورەكەی شكاندبوو، تەماشای كردبوو هەردوو منداڵەكە هێشتا ماون.. هەردووكی لە ئامێزكردبوو، بەهەمان پەنجەرەی شكاو هاتبۆوە دەرەوە و هەردوو منداڵەكەی لە مەرگێكی راستەقینە رزگاركردبوو.. مێردی ژنەكە ئێستا و ئێستایش سوپاسگوزاری رەوەندە..

بەر لەوەی بێینە هۆڵەندا، ڕەوەند سەرەڕۆیی یەکجار زۆری کردبوو، بەڵام کە منی دەبردە نێو تەویلەی ئەسپەکانی یاکۆب هەمیشە پەیمانی نوێ دەکردەوە کە هیچیدی ئەو کارانە ئەنجام نەدا، لەگەڵ ئەوەشدا وەك گورگ هەلا هەلای کردین و لەیەك کاتدا کەوتبووە گیان و جەستەی هەرسێکمان.

ئێستا من چۆن دەتوانم جارێکیتر باوەڕی پێبکەمەوە؟ چۆن دەتوانم باوەڕ بە چەقڵ بێنم نەك شێر؟ ئەو خاسییەتەکانی شێری تێدانەبوو، هەرگیز نەیزانیوە تێربێ، شێر کە تێر دەبێ واز دێنێ، بەڵام ئەو کەلاکی ئێمەی لەژێر خاکدا حەشاردەدا، ئەو ئێمەی بە چاوی نێچیری هەمیشەیی تەماشاکردووە..

## (ژیانی خانەوادەی سەلام دوای ڕەوەند
## بە گێڕانەوەی هێرۆ)

سەلام هاتەوە و دەسگیرانەکەی ساراش گەیشت، ئێستا ژیانێکی ئاسایی و ڕێکپۆشمان هەبوو، تەنیا تاکە کێشەیەکمان مابوو کە پێویست بوو چارەسەری بکەین، دەبووایە جێگای بەتاڵی شیوەن و ڕەوەند لە سەلام و دەستگیرانەکەی سارا و تەواوی عێڵ و عەشیرەت بگەیەنم، بەڵام چۆن دەمتوانی هەروا بە سانایی چیرۆکێکی ئاوا بدۆزمەوە و باوڕیان پێبێنم..

نەدەوێرام بڵێم بە یەکەوە ڕۆیشتوون و ئیدی ژیانێکی تایبەتیان هەڵبژاردوە و ئێستا ژن و مێردن.. ئەی بۆچی هەواڵیان نییە، خۆ کەس ڕێگر نەبوو کە ڕەوەند داوای شیوەنی بکردبووا..؟ سەرم تەواو گێژی خواردبوو، ناچاربووم هانا بۆ بیرکردنەوە و پلانی سارا ببەم، سارا زۆر دڵڕەقانە لەگەڵ من دەدوا، بەڵام بۆ ئەو کێشەیە ئەویش وەك من مۆن و بێدەسەڵات بوو، هەردووکمان بە یەکجاری تیا دەچووین، ڕەوەند و شیوەن خۆیان دەربازکردبوو.

سارا گوتی: ڕاستیان پێبڵێ.

من تووڕە و دڵتەنگ، بەڵام هەوڵمدا خۆم هێورکەمەوە و بە هێمنی گوتم: دیارە حەز دەکەی بکوژرێین.

گوتی: بۆ تۆ مردن باشترە.

گوتم: تۆش لە من کەمترت نەکردووە.

گوتی: من کچم و بە دەستگرانەکەم رازی نیم.

گوتم: منیش مرۆڤێکی بێدەسەڵاتی خودام، بەشێکم چاکەیە و بەشێکیشم خراپە، کچەکەی خۆم با واز لە رابردوو بێنین، ئێمە کچی ئەوڕۆین، لەگەڵم بیر بکەرەوە، بزانە چییان پێبڵێین.

سارا بە تووڕەییەوە گوتی: پێیان بڵێ شیوەنی بە زۆر کردە ژن و پەلاماری ساراشیدا، بەڵام سارا رووبەڕووی وەستا و هەموو شتێکی ئاشکرا کرد و دەرمانکرد.. بۆ شیوەنیش بڵێ لەگەڵ کوڕێکی تورك هەڵات، لەگەڵ یوسف، من یوسف دەناسم، بەڵێ راستە لەگەڵ یوسف رایکرد.

سارا باش بۆیچووبوو، کە دانیشتین و پرسیان، من بەو شێوەیەی کە دامانڕشبوو تێمگەیاندن، ئێستاش هەموو کەس ئەو چیرۆکە ئاوا دەزانێ، رەوەند پەلاماری سارای داوە و شیوەنیشی کردۆتە ژن، شیوەن چاوەڕووی مانەوەی نەماوە و لەگەڵ کوڕێکی تورك رایکردووە.. هەموویان باوەڕیانکرد.

سارا ئێستا ژنی عیسمەتە، منداڵێکیان هەیە جوان و ژیکەڵە و لە خانوویەکی نزیك ئەو گوندەی ئێمە دەژین، من و سەلامیش تەنیاین، سەلام باشبووە، ئیدی غیرە ناکا، مانگ نا مانگێك جارێ بەیەکەوە دەخەوین ئەوەشیان خراپ نییە.. من

**بە خەیاڵ لەگەڵ ڕەوەند دەنووم نەك سەلام، كە تەواو دەبین دەترسێم و حەز ناكەم ڕەوەندم بكەوێتەوە یاد..**

**ئێمە ئاسایی دەژییێین و هیچ هەواڵێكی شیوەن و ڕەوەند نازانین و ناشمانەوێ هیچ هەواڵێكیان لە بارەوە بزانین..چۆن ڕۆیشتن با ئاوا بڕۆن و نیوەی ڕاین ماڵیان بێ..**

## (دەرکەوتنەوەی رەوەند بە گێڕانەوەی شیوەن)

لە رێستوڕانتەکە کاری خۆم دەکرد، دوای نیوەڕۆیەك چوومە سەر مێزێك، کچێکی ناسك و جوان داوای دوو بیرەی کرد، من بە گاڵتەو رووخۆشییەوە گوتم: بۆچی بەیەکجار دوو بیرە.

بەدەست ئاماژەی کرد و بە نەرمییەوە گوتی: ئەو کوڕەم لەگەڵە.

کە کوڕەکەم دیت، چیم لە دەستبوو کەوت، تووند دەمی خۆمم گرت، ئەویش لەبەرامبەر وەستا، من دڵم لەرزی و ژیان لەبەر چاوم گۆڕا و ئیدی تەنیا تاریکییم دیت..

کە لە نەخۆشخانە خەبەرم بۆوە، رەوەند لەسەر سەرم وەستابوو، تووند دەستمی دەگوشی و دەستمی خستبووە ناو هەردوو دەستەکانی، من نەمتوانی تەنانەت وشەیەکیش چییە لەگەڵی بدوێم، هەڵیستاندم و گوتی: نا نا زۆر باشی، گەورەش بوویت.

من نەدوام، نەك نەدوام، بەڵکو ناتوانم تەنانەت وشەیەکیش چییە دەربڕم.. منی سواری ئۆتۆمبێلێك کرد و بێئەوەی لێم بپرسێ ماڵم لە کوێیە منی گەیاندەوە ناو ژوورەکەم، لەسەر جێخەوەکەم درێژی کردم و دایپۆشیم و گوتی: لێرەم دەتبینمەوە..رۆیشت.

دوای دوو ڕۆژ کە نەخۆشیی و هیلاکیەکەم ڕەوایەوە و دەستم بە کارکردن کردەوە، هەر چاوەڕوان بووم، زۆر ئاگام لە کارکردن نەبوو، هەمیشە دەمپرسی و دەمپرسیەوە، باوەڕم بەو ڕووداوانە نەدەکرد، ئایا ئەوە ڕەوەند بوو؟ لە کوێ هات و بۆ کوێ چوو؟ ئەی ئەو کچەی لەگەڵی بوو کێبوو؟ لە ناکاو لە پڕمەی گریانم دەدا و لەبەر خۆمەوە دەمگوت کێ ناڵێ ژنیەتی؟ نەمدەتوانی ئەرکەکانم ڕێکپۆشانە جێبەجێبەکەم.. داوام لە هێر تۆماس کرد چەند ڕۆژێك ئیجازەم پێبدا، ئیدی لە ماڵەوە هەمیشە دەگریام و چاوەڕوانبووم، خەریکبوو ڕەوەند لەناو زاکیرەی خۆمدا دەربکەم، چونکە باوەڕم بەوە نەمابوو کە ئەو ڕووداوانەی من بینیبووم جگە لە وەهم شتێکیتر بووبێ.

ئەوە چەند ڕۆژێکە خووم بەوە گرتووە کە بێمە ئێرە و چیرۆکەکانی خۆم بۆ راین و ئەپۆلۆ بگێڕمەوە، ئەو ڕۆژە دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر ئەو ڕووداوانە نامەیەکم لە ڕەوەندەوە پێگەیشتبوو، ئەو نامەیە قەلەقی و گومانی منی ڕەواندەوە و زانیم ئەوەی بینیبووم ڕاستییە، بەڵێ ڕاستییەکی ڕووت.

بەڕێزی لەو نامەیە داوای لێبووردنم لێدەکات، داوا دەکات ژیانێکی نوێ دەست پێبکەینەوە چونکە منی خۆشویستووە و خۆشیشی دەوێم، من نامەکەم بە گریانەوە خوێندەوە، ئەو لە

نامەکەیدا نووسیبووی: هەست دەکەم لەو دنیایەدا زۆر تەنیام، تەنیا تۆ دەتوانی ئاوەدانی پێشکەش بە رۆحم بکەی.. من هێرۆم دێتەوە بەرچاو و ساراش، من خیانەتەکانی رەوەندم دێتەوە یاد، من باوەڕکردنەکانی خۆم بە درۆکانی رەوەند دەکەوێتەوە یاد، ئایا دەشێ هەمدیس باوەڕی پێبکەمەوە؟ تازە من هیچ پێویستیەکم پێی نییە، هەموو شتێکم هەیە.

رۆژێك دوای نامەکە هات و لە دەرگایدا، من لە کونی دەرگاکە تەماشام کرد، دیتم رەوەندە، دەمویست دەرگاکەی بەڕووی ئاوەلاّ بکەم بەلاّم نەمتوانی، خۆشم نازانم بۆچی! دەرگاکەم لێینەکردەوە.. چوومە سەر جێگاکەم و تا بەیانی گریام.. بیرم لە تووڕەبوونی ئەو دەکردەوە، دەترسام بتۆرێ و روو لە مەملەکەتێکیتر سەر هەلگرێ، ئەوجارەیان خوا بۆمی ناردۆتەوە، ئەی جارێکیتر کێ دەینێرێتەوە؟

ئەوە دوو رۆژە دێتە رێستوڕانتەکە و داوا دەکا تەنیا دوو وشەم بۆ دەربڕێ، من بە بیانوی بێ کاتیی رێگای پێنادەم، ئەو بە نەختێ تووڕەییەوە پارەکەی دەدا و تێدەپەڕێ..

ئەوەی لایمن زۆر سەیرە و جێگای پرسیارە ئەوەیە کە چ قەدەر و رێکەوتێك ئێمەی فڕێداوەتە ناو شارێك کە هەزارەها کیلۆمەتر لە شوێزاوە دوورە؟ لەناو شار و ولاّتێکدا هیچ کەس هێندەی من ئەو ناناسێ و بە چیرۆکەکانیی ئاشنا نییە و لەناو شار و ولاّتێکدا هیچ کەس هێندەی ئەو من ناناسێ و بە

چیرۆکەکانم ئاشنا نییە، ئینجا دیوارێك هەیە ناهێڵێ لە رابردوو دەربچین و ژیانێکی تازە لە کەناری راین دەستپێبکەین..

ئاخر خۆ ئەو کەمی نەکردووە، من هەمیشە ئەو رستەیە دووبارە دەکەمەوە، بەڵام ئەو لە هەموو گوناهەکانی من دەبووریێ و دان دەنێ بە هەڵەکانی خۆی.. من رارام، ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆم نەکەم هێشتا خۆشمدەوێ، لە هەموو گوناحەکانی دەیبوورم، بەڵام شتێ هەیە لە ناخی مندا رامدەهەژێنێ و رامدەشڵەقێنێ و رابردوو و پێکی تفت و تاڵی رووداوەکانی رابردووم دەخاتەوە یاد، پیاوێك لەگەڵ مامۆژنی پەیوەند سێکسی هەبێ چاوەڕوانی چی لێدەکرێ؟

هەوڵدەدەم باوەڕ بە خۆم بێنم کە گوناحەکە لە هێرۆیە، گوناحەکە لەو شەیتانەیە، گەرنا گەنجێکی لەو تەمەنە چۆن دەوێرێ نزیکی بارودۆخێکی لەو جۆرە بکەوێتەوە کە لە هەموو دین و یاسا و رێسایەکدا قەدەغە کراوە؟

هەوڵدەدەم تێبیگەیەنم کە منیش دوای رۆیشتنی ئەو رۆیشتم و لەگەڵ یوسف ساڵێك بەیەکەوە ژیاین، دەمەوێ هەموو شتێکی وەك خۆی تێبگەیەنم.

## (بە گێڕانەوەی نووسەر، لە کەناری راین ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا)

شیوەن لە (لیدل مارکت) قوتییەك گۆشتی ئامادەکراو دەکڕێت و وردە وردە بە هەنگاوی سست و مەست، خۆیی و (ئەپۆلۆ) دەچنە سەر کورسییەك و لە (راین) رادەمینێن.. یاختێك دێت و کەشتییێك دەچێ، بەلەمەکان بە کەنارەکەدا رەتدەبن، موسافیری ناو یاختەکان لە قاقا دەدەن و کحول دەخۆنەوە، هەندێ تۆڕەوان ماسی دەگرن، راوچییێکیتر قوولابەکەی خۆی فڕێداوەتە نێو دڵی راین و چاوەڕوانە، کەشتییێکی پەککەوتە لە کەنارەکە وەستاوە و کراوەتە کناپیە، باق و بریق و تریسکە تریسك و ترووسکانەوەی گڵۆپەکانی لە شەودا نەك هەر بە تەنیا ئەو ناوە بەڵکو تاریکیی ناخی مرۆڤەکانیش رووناك دەکاتەوە.

شیوەن دانیشتووە و لە هەموو لاکانی خۆی دەڕوانێ، کۆستوومێکی رەشی پۆشیووە، قۆڵەکانی رووت کردووە، لێوەکانی نەختێ سوورکردووە و قاچەکانی دەلەرێنێتەوە.. هێندە بە حەماسەتەوە چاوەڕێ دەکا دەڵێی لەناو زریان و لافاو دانیشتووە، هێندە بێئارامە دەڵێی چاوەڕوانی گەڕانەوەی کۆتر دەکا، ئایا ئەو بە دوای کێوی ئاراراتدا دەگەڕێت، چاوەڕێی

دۆزینەوەی وشکانی دەکات.. لەسەر پیشتی کەشتییێکی گەورە دانیشتووە و دەیەوێ کۆڵ بە تۆفانی چاوەڕوانی بدا و سەرلەنۆژەن زەمینی خۆی ئاوەدان بکاتەوە.

لەو سەر کۆترێکی سپی، نا کوڕێك بە پۆشاکێکی سپییەوە دەردەکەوێ، پانتۆڵ و تیشێردێکی سپی پۆشیوە، ئایا ئەو ئاراراتە؟

کە دەڕوا زەمین لەژێر پێی دەلەرزێ و راین پێدەکەنێ، کە دەڕوا هەموو گەردوون تەماشای هەنگاوەکانی دەکا، ئەویش مەست و سەرەڕۆ هەنگاوەکانی دەهاوێژێ و لەبەرە خۆیدا زەمزەمە دەکا، وەك هەموو کاتەکانی ژیانی گۆرانی دەچڕێ، من زۆرم پێ سەیرە تا ئێستا هیچ یەك لە هێرۆ و ساراو شیوەن باسیان لەو بەهرەیەی رەوەند نەکردوە، ئەو کە گۆرانی دەڵێ، دارستانی بەرد و کێوەکان رۆحیان دێتەبەر، گەردوون پێدەکەنێ، درەختەکان سەما دەکەن، نا ئێوە باسی هیچتان نەکردووە، بۆچی لەوە نەدواون کە رەوەند دەتوانێ بە زمانی باڵندان قسە بکا، رەوەند کە دەنگ هەڵدەبڕێ گوڵەکان دەمیان دەکرێتەوەو دەبنە کۆرس، ئێوە سەبارەت بە رەوەند هیچ شتێکتان باس نەکردووە، هێرۆ بۆ نەیگوت کە ئەو مەسیح بوو، هات و لە چاڵێکدا دەریهێنام، هێرۆ مردبوو رەوەند زیندووی کردەوە، بە چێژ و لەززەت گڕی تێبەردا، بۆچی هێرۆ نەیگوت من ژنی بوتیفیار بووم، هەموو کاتەکان خەونم

بـه عيشـقبازى دەديـت لەگـەڵ ئـەو يوسـفەى خـاكى ميسـر و كەنعان؟ بۆچى نەيگوت من لە ژنەكەى بوفيتيـار تێمپەڕانـد و بـە زۆر لەگـەڵى كەوتمـە نێـو گەمـەى ئيرۆتيـك و عيشـقبازى و رووتبوونەوە؟ بۆچى نەيگوت من ئـەو يوسـفە كۆيلەيـەى خـۆم تۆمـەتباركرد كـە تاوانيشـى نـەكردبوو؟ بۆچـى نـەيگوت ئـەو يوسفە كۆيلەى من نەيدەويست خيانـەت لـە سـەلامى بوتيفيـار بكـا، بـەلاَم مـن شـەرم پێيفرۆشـت، شـەرێكى گـەورەى چـێژ و لەززەت و ئيرۆتيك؟

ئەى بۆچى سارا لە گێڕانەوەكەيدا ناڵێ تا هەتايەش بە خەياڵى رەوەنـد لەگـەڵ عيسمەت دەخـەوم، بۆچـى نـەيگوت ئێسـتايش چاوەڕوانم، بۆچى نەيگوت ئەيوب هەر هيچ سەبرى نـەگرتووە بــە بــەراورد لەگــەڵ منــدا؟ بۆچــى نــەيگوت مــن بــەدواى تۆڵەكردنەوەيەكـدا دەگـەڕام كـە شـياوى ئـەوە نـەبوو، بۆچـى نەيگوت من بۆيە لێى تۆرابووم چونكە بـە ژيـان لەگـەڵ منـدا رازينەبوو؟

لە گێڕانەوەكانتان غەدرى زۆرتان لە رەوەند كـردووە، كـا كـەى باسى ئـەوەتان كـردووە كـە رەوەنـد جـوانترين كاتـەكانى ژيـانى ئێوەى لە زاكيرەى ئێـوە تۆمـاركردووە؟ بۆچـى باسـى بزەكـانى، خەنــدەو پێكەنينــەكانى، باســى زمــانى پــڕ لــە مەلحــەم و دەرمانيتــان نــەكردووە؟ ئــەو لــە جيــاتى وشــە گــوڵى لــە دەم

دەکەوتە خوار و لە جیاتی رستەش بەدیهێنانی خەونەکانی ئیوە.

رەوەند هات و هات و گەیشت، شیوەن بە گومان و دوودڵیەوە هەستا، بەڵام زانی ئەوە کێویێکە لە عیشق و پاکیزەیی، زانی ئەوە دارستانێکە لە سووتانی عیشق و وەفا، زانی ئەوە کۆترێکە و گەڵای زەیتوونی هێناوە، بۆیە دەستی تەوقەی درێژ کرد، رەوەند چۆکێکی دەخاتە سەرزەمین و بە ئەتاکێتەوە پشتە دەستی شیوەن ماچ دەکا، هەندێ لە گلێنەکانی یەکتر دەڕوانن، هەردووکیان پێدەکەنن و یەکتری لە ئامێز دەکەن و لە راین دەڕوانن، تاوێ بێدەنگ دەبن و هەردووکیان لەیەك کات و لەیەك چرکەساتدا بە پێکەنینەوە دەڵێن: راین ئەی راین تۆ شاهێدی، ئێمە پەیمان بە تۆ دەدەین، سوێند بە ئاو و ئاگر و هەوا و خاك دەخۆین، لێرەوە ژیانێکی پاك و بێ خیانەت بۆ تا ئەبەد دەست پێدەکەین.

2007\03\11
2007\03\21
هەولێر

# ئۆلگا بۆرۆدىنۆڤا

# 1

خۆشی نەیدەزانی بۆچی پێویستە بۆ هەمیشەیی و بەردەوام هەوەس و ئارەزووییێکی ئاوا شێتانەی سنوورسزی هەبێ بۆ هەڵوەراندنی دڵۆپە فرمێسکە درشتەکانی! هەوەس و ئارەزووییێکی ئاوا شێتانەی بێ سنووری هەبێ بۆ هەڵوەراندنی دڵۆپە فرمێسکە سوورەکانی!

بۆ هەمیشەیی تابلۆکەی دەهاتەوە یاد.. تابلۆکە لە سێ قۆناغدا.. تابلۆکە وەك سکێچ.. تابلۆکە لە کاتی ڕەنگکردندا.. تابلۆکە دوای تەواو بوون..

لەبەر خۆیەوە گوتی: هەندێ تابلۆ هەن لە ژیانی مرۆڤدا، نەمریی خۆیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەو جۆرە تابلۆیانە گرێبەستێکی تاهەتاییان لەگەڵ ڕۆحدا هەیە.

"ئاوڕەنگ"بەردەوام تابلۆکەی دەدیت، تابلۆکە لەسەر دیواری ژوورەکەیدا چرۆی دەکرد، سەرەتا چوارچێوە ڕەشەکەی دەردەکەوت، دواتر وێنە و زەمەن و ڕەنگە خەزانیەکەی.. لە هەموو شوێنێك هەر ئەو تابلۆیە، لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە.. لە نێو وشەی کتێبەکان.. لە نێو قەڵەمەکەی.. لەسەر کاغەزە سپیەکان.. لە نێو پێك و گوڵدانی گوڵەکان.. لە هەموو شوێنێك هەر ئەو تابلۆیە.. ئاوڕەنگ گوتی: مردن سەرەتاییێکی ئەزەلیە بۆ لەناوچوون.. کەچی هەندێ شت هەن

دوای مردن لە دایك دەبن.
نەختێ بێزاربوو، گوتی: ئەو تابلۆیە دوای مردنی شتەکان هاتە نێو ژیان .
ئۆه خوایە لە هەموو شوێنێك هەر ئەو تابلۆیە ((فریشتەیەکی سپیپێست، بەڵام هەمیشە ڕەشپۆش، برژانگە ڕەشە درێژەکانی لەسەر دوو گلێنەی کەسك بە نەرمی ئاوێتە دەکاو دەگریێ..
لەگەڵ گریاندا لە ئاوابوونی خۆری زێڕین دەڕوانێ.. لە دۆڵێکدایە و دەست درێژ دەکا کەچی هیچ قەرەجێك، هیچ کاروانچییێك، هیچ ڕێبوارێك، بەوێدا ڕەتنابێ.. هاوار دەکا، دەنگەکە بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە.. فریشتەیەکی سپیپێست لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانێ، خۆر ئاوادەبێ و چیرۆکەکە تەواو دەبێ)).
لە نێو کتێبخانە بچووکەکەدا شاعیرە گەورەکان شیعر دەنووسن، ڕادەچڵەکن و شیعر بۆ ئەو تابلۆیە دەهۆننەوە، تابلۆکانی سەر دیوار تابلۆی دیکەیان لێ لە دایکدەبێ، ئاوڕەنگ ڕادەبوو، وێلانە شیعرەکانی دەخوێندەوە، لەگەڵیان دەدوا، لە تابلۆکانی دەڕوانی و ورد دەبۆوە، ژوورە بچووکەکەی دەبووە مەملەکەتێکی گەورەی یادگارییەکان، دەروازەکان دادەخران، چوونە دەرەوە لەو هەرێمە غەمگین و ترسناك و فرمێسکدۆستە کارێك بوو لە کونکردنی چیا دەچوو بە دەرزی.. لە شەفکردنی ئۆقیانۆس دەچوو بە مەلە.. گوێی لە

دەنگی کلارنێتێك دەبوو کە لە دوورەوە بۆ ڕەنگ و بۆنی تابلۆ تەواوبووەکە دەینالآند.. هەستی دەکرد لە نێو خەونە قووڵ و سامناکەکانیدا زەمین دەگرێ.. لافاو هەڵگیرساوە.. خوێن و ئەستێرە و مانگ لە نێو چاوەکانیدا دەدرەوشێنەوە و پێدەکەنن.. پێویستی بە سوکراتییێك نەبوو تا پرسیاری لێبکا، ئەو خۆی دەیزانی ("بەختەوەریی" ئەو خۆرەیە کە بەر لە دەرکەوتنی لە ئاوابوون دایە..).. ("بەختەوەریی" جۆرێکیترە لە بەدبەختی).. ئاوڕەنگ لە خۆی پرسی: ئایە جیاوازییێك هەیە لە نێوانی بەختەوەریی و بەدبەختیی و لە تێوان گریان و پێکەنین و ڕووناکیی و تاریکیی؟

تابلۆکەی هاتەوە یاد، لەگەڵ شیعری شاعیرەکان کەوتە دوان و دیالۆگ، گوێی بۆ گریانی کلارنێتەکە ڕادێرا کە لە دوورەوە دەهات، لەو تابلۆیانەی دەڕوانی کە لە تابلۆکەی سەر دیوار لە دایکدەبوون، بە خۆی گوت:

بەختەوەریی گریانە و بەدبەختییش گریان.

ئاوڕەنگ تابلۆکەی هاتەوە یاد، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست جێگیر و هاووڵاتییێکی بەردەوامی دنیا کارەساتاویەکەی ڕابردوو بێ.. کەچی بۆ هەمیشە پشیلە ڕەشەکەی دەدیت کە لەسەر ڕێگاکانی دەوەستا و پیاسەی دەکرد، پشیلەیەکی ڕەش کە لە منداڵییەوە بەدواوەیەوە بوو، پشیلەیەکی ڕەش ڕەش، لە هەموو شوێنکاتێکدا دەردەکەوت، ئاوڕەنگ دەیویست

بەربەرەکانێ و ململانێ لەگەڵ هەستەکان و وێنەکانی ڕابردوو بکا و چیتر فرمێسك هەڵنەوەرێنێ، کەچی خۆی بۆ نەدەگیراو بەدەم گریانەوە دەیگوت: ڕابردوو وەکو سێبەر وایە.
دڵۆپە فرمێسکە سپییەکانی لە پارچە کریستاڵی سپی سپی دەچوون.. دواتر دەبوونە دەنك دەنکی هەنار و وەك گەڵای پایزان بەسەر گۆناکانیدا هەڵدەوەران و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ڕابردوو زریانێکە، هەموو چرکەیەك هەڵدەکاو ڕۆح دەتەزێنێ.
ئەو تابلۆیە چیبوو کە ڕۆحی ئاوڕەنگی دەتەزاند؟ بۆچی پێویست بوو بگریێ؟ بۆچی دەیویست حیکایەتەکانی ڕابردوو هەمدیس بخوێنێتەوە؟ پێدەچوو بۆ ئەوە بگریێ "کە ناتوانێ جارێکیدی بچێتەوە هەمان ڕووبار و مەلەی تیا بکا، چونکە ئەو هەمان کەسی جاران نەبوو لە لاییێك و ئاوەکەش هەمان ئاوەکە نەبوو لە لاییێکی ترەوە ."
ئایە دەیتوانی بچێتەوە بەرامبەر تابلۆکە و ڕێگا بە خۆر نەدا کە ئاوابێ؟ یاخود تابلۆ ناکامڵبووەکە بە شێوەیەکیتر ڕەنگڕێژ بکا؟ بێگومان نا.. چونکە تازە کار لە کار ترازابوو، هەرگیز نەدەشیا ڕێگا لەبەردەم ئاوابوونی خۆر بگرێ، تابلۆکە تەواو ڕەنگکرابوو، چیرۆکەکە کۆتای پێهاتبوو..
ئاوڕەنگ دەڕۆیشت و نەیدەزانی بەرەو کوێ لە ڕێدایە !
گرینگ نەبوو بزانێ ماڵی دەکەوێتە کوێ، کامە گەڕەك، کامە

کۆڵان، کامە ژمارەی ماڵ، دەگریا و ماڵەکەی خۆی ونکردبوو، ئایە ئەو ماڵی هەبوو؟

لەبەر خۆیەوە گوتی: شەو ماڵی منە، ئەو تابلۆیە ماڵی منە کە جارێك لە جاران لێیم ڕوانی و نەمتوانی چارەنووسی ڕەنگەکانی بگۆڕم، نەمتوانی چارەنووسی بەدبەختیەکانی بگۆڕم..

لە خۆی پرسی: بۆچی من هێندە عاشقی ئەو تابلۆیە بووم؟ ئەو چیرۆکە بۆچی ئەوەندە لەگەڵم هەناسە دەداو سات لە دوای سات ئازارەکانی گەورەتر و گەورەتر دەبێ؟

بە گریانەوە وەڵامی خۆی ئاوا دایەوە: جوانیی .. جوانیی .. دەڕۆیشت و بەدەم گریانەوە دەیگوت: جوانیی، پڕشەنگ و درەوشانەوەی بزەکانی رۆحی خودایە کەوتۆتە سەر رووخساری بەشێ لە مرۆڤەکان.

ئاوڕەنگ بەدەم ڕۆیشتنەوە بیری کەوتەوە.. کاتێ هەرزەکار بوو لە یەکێ لە ژوورەکانی قاتی دووەمی ماڵەکەیاندا بە نهێنی وێسکی دەخواردەوە و لە دەرگا دوو دەریە زەردەکەی بەرامبەریانی دەڕوانی، کات دەهات و دەچوو، ئەو بە چەقبەستی لەو دەرگایەی دەڕوانی، کاتێ "ئاڤژەن خۆی و گلێنە کەسکەکانی کە کەوتبوونە ژێر برژانگە ڕەشەکانی دەردەکەوت، هەناسەیەکی گەرمی هەڵدەکێشا، ئەو هەناسەیە زۆری نەدەخایاند کە پشیلە ڕەشەکە دەردەپەڕی، ئاوڕەنگ

تەماشای بەر دەرگاکەی دەکرد ، "ئاڤژەن" نەمابوو، پیرەژنێکی پیری ڕەشپۆش، گەسك و سۆندەکەی پێبوو، خەریکی شۆرینی بەردەرگاکە بوو..

ئاوڕەنگ لەبەر خۆیەوە گوتی: چەندین کاتژمێرم لە بەدبەختیی لە پێناوی چەند چرکەیەك بەختەوەریی دەژمارد، چەندین کاتژمێرم بە گریانەوە تێدەپەڕاند لە پێناوی چەند چرکەیەك پێکەنین.

ئاڤژەن کێبوو؟ بۆچی دەهات و لە چرکەیەکدا دەردەکەوت و لە هەمان چرکەساتیشدا ون دەبوو؟ پەیوەندی نێوانی ئاوڕەنگ و ئاڤژەن چیبوو؟ ئەی ئەو تابلۆیە لە کوێ هاتبوو کە ببووە سێبەری ژیانی ئاوڕەنگ؟

## 2

بەهار بوو، گوڵەكان بە جۆرێك ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە بزە و بەختەوەریی ببوون دەتگوت خۆیان بۆ مەوسیمێكی نوێی نمایشی مۆدە ئامادەكردووە! بە شێوەیەك سەرنجی نیگاكانیان بە كێش دەكرد وەك ئەوە وابوو بیانەوێ سیحر لە ناشرینی بكەن و لاف بەسەر بەفردا لێبدەن..

هەموو شتەكان سەوز سەوز دەبریسكانەوە، ڕۆحی سرووشت كامەران بوو، باڵندەكان و گۆرانییەكانیان ئاوێتە ببوون، دەتگوت بەهار كیمیاگەرێكەو بە ئیكسیری عیشق، جوانییەكان تێكەڵ دەكا.

بەڵام جوانیی ناتوانێ و هێندە دادوەریش نییە كە بتوانێ بە یەكسانی ڕوو لە هەموو ماڵ و هەموو ڕۆحێك بكا.. ڕەنگە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەهار و جوانییدا شتێكی دیكە هەبێ كە ناشرینی لە پێناوی مەرامێك یاخود چەند مەرامێك، یانیش هەر بێ مەرام ئاراستەی كەسانێك بكا.. ڕەنگە لە پۆستی ناشرینی نووسرابێ: (ژیان تاقیكردنەوەیە، ئەوەی كە تامی بەدبەختیی نەچێژێ، ناتوانێ لەززەت لە بەختەوەریی بكا! ئەوەی كە تاریكیی نەبینێ، هەرگیز ڕێز لە ڕووناكیی ناگرێ).

ئاوڕەنگ لەبەر خۆیەوە گوتی: من لە بەهای ڕووناكیی و بەختەوەریی و گەورەییان دەزانم.. كەچی بەردەوام پشیلەیەكی ڕەش لەسەر ڕێگاكانمە.. هەمیشە سێبەرێكی تۆخ

بەری تیشکی خۆرم لێدەگرێ.. چی لەوە جوانتر هەیە یەکێك لە ژیاندا دوور لە سێبەر و ڕەسمی پشیلە ڕەشەکان و هێرشی تارماییەکان، چێژ لە بینینی پێکەنینی پەپوولە سپییەکان و درەوشانەوەی گوڵە نێرگزەکان بکا؟

لەبەرەبەیانێکی تاریك و فێنکدا، لە ڕۆژی 1974/3/21 دا "ئاڤژەن" لە دایکبوو.. لەو بەرەبەیانەدا بە تەنیا ئاڤژەن نەبوو کە لە دایکبوو.. بەڵکو لە زۆر شوێنیتری ئەو ئەستێرەیەدا کەسانیتریش لە دایکبوون، بەلاّم چارەنووسی ئاڤژەن هەندێ جیاتر بوو لە چارەنووسی زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەو ڕۆژەدا لە دایکبوون..

کە ئاڤژەن گەیشتە نێو لەپی مامانێك، دایکی ئاوزینگیدا.. هەتا ئاڤژەن هاواری یەکەمی هاتنە سەرزەمینی لە قوڕگ هاتە دەر، دایکی هاواری دەرچوونی ڕۆحی کرد.. ئیدی نە دایکی ئاڤژەن توانی بۆ جارێك کۆرپەکەی خۆی بخاتە ئامێز و تێر ماچی بکا و بۆنی بکا، نە ئاڤژەنیش توانی چێژ لە ماچەکانی دایکی بکا و نە کەسێکیشی مایەوە کە وەك دایك بتوانێ نازی بکێشێ..

لە ماڵێکی دیکەی هەمان گەڕەك و هەر لە ماڵەکەی بەرامبەری ئەواندا، بە دزی هەلهەلە لێدرا و شیرینی دابەش کرا.. دایکێك تەواو بە حەسانەوە و ئۆقرەگیرییەوە گوتی: کوڕ بێ یا کچ گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ناوی بنێن "ئاوڕەنگ".

## 3

**پێویستە من چیبکەم؟**

**چ شتێ پێویستە من بیکەم؟**

**ئـاوڕەنگ تابلۆکـەی بیرکەوتـەوە، چیرۆکەکەی هاتـەوە بیر و لەبەر خۆیەوە گوتی: خودا وشەی بە ئێمە بەخشیوە، ئێمەیش لـە نێـو وشـەدا ڕۆحـی گـەردوونمان خولقانـد، لـە نـاو وشـەدا دەتوانین مردووەکان زیندووکەینـەوە، دەتـوانین میهرەبـانیی و بەخشـندەیی "ڕۆحـی جیهـان" و "جیهـانی خـودا" بدەینـە مرۆڤەکان.**

**ئـاوڕەنگ هەمیشـە لەگـەڵ شـاعیرە ئێسـتەتیکیەکانی نێـو کتێبخانە پڕ لـە غەڵبـە غـەڵب و تێکـەڵ و پێکەڵەکـەی دەدوا.. تابلۆکـەی بیرکەوتـەوە، ئـاوابوونی خـۆر و خەرەندەکـەی بیرکەوتەوە، دەستی درێـژکراوی ئاڤژەنی هاتـەوە یـاد.. هـاوارە بێدەنگەکانی ئاڤژەنی هاتەوە بیر و بە نەرمیەوە گوتی: سەیرە مردووەکان دەتـوانن وەکو ئێمـە بـژین.. لەگـەڵ ئێمـەدا پیاسـە بکەن، کافێ بخۆنەوە، پێبکـەنن، نـاهێڵن خیانـەتیان لێبکـەین.. سەیرە مردووەکان دەتوانن وەکو ئێمە بژین!**

**ئـاوڕەنگ دەسـتی دایـە هەڵبژاردەیـەکی شـیعری و کەوتـە خوێندنەوەی:**

## من کێم ؟

**ڕۆزا ئاوسلێندە**

ئەگەر من بێئومێدبم
شیعر دەنووسم

من خۆشحاڵم
کە شیعرەکان خۆیان
لەناو مندا دەنووسن

کێم من
ئەگەر من نەنووسم؟

ئـاوڕەنگ هاتــەوە بــیری کــە جـاری برادەرێکـی پێیگوتبــوو: بنووسە، تـا توانـا لـە پەنجەکانـدا مـابێ بنووسـە، هـەموو شـتێ بنووســە، بیرەوەرییــەکانت، یاداشــتی ڕۆژانــەت، تێڕوانینـت بـۆ گەردوون، بۆ خۆشەویستیی، گرینگ ئەوەیە بنووسیت، چونکە نووسین ڕۆح ئـارام دەکـا و لـە ڕۆحـی گـەردوونت نزیـك دەکـا.. گرینگ نییە تۆ سەربارەت بە بابەتێکی گران بنووسیت.

ئاوڕەنگ پێیوابوو دەبێ ئەو خـاوەنی ئـەو هێزەبـێ کـە بتـوانێ بنووسێ، لەبەر خۆیەوە گوتی: کێشەیەك نییە چـی دەنووسـن،

با سەبارەت بە چۆنیەتی چرۆکردنی فرمێسکەکانی عاشقێ بنووسن کە بە خۆشەویستەکەی ناگا.. با سەبارەت بە دەنگی باڵەکانی پەپوولەیەکی سپی بنووسن کە لە گوڵێکی شینەوە بۆ گوڵێکی شین هەڵدەفڕێ و نامەکانی جوانیی دەگوازێتەوە، با سەبارەت بە خۆشەویستی بنووسن کە دێ و بە ناویاندا تێدەپەڕێ، با سەبارەت بە خۆیان بنووسن کە بەناو خۆشەویستیدا تێدەپەڕن، با سەبارەت بە ڕەنگی ئاوابوونی خۆر بنووسن، با سەبارەت بە پێکەنینی پیاوێك بنووسن کە کوڕەکەی خۆی دەکوژێ، با سەبارەت بە مردوویێك بنووسن کە هەمیشە قسە دەکا.. با سەبارەت بە وشەکان بنووسن کە لەسەر لاپەڕەکان سەما دەکەن، با سەبارەت بە ژیان بنووسن کە لە کاتی چڕینی مۆسیقادا نۆتەکان تێکەڵ دەکا، با سەبارەت بە مردن بنووسن کە سێبەرێکی هەمیشەییە بە دوای مرۆڤەکان.

فڕێکی بە یەکجار لە پێکە ڤۆدگاکەی بەردەمیدا و دەستیکرد بە نووسینی ئەو بیۆگرافیانامەی کە دەمانێکی درێژە خەریکی نووسینیەتی:

خۆشەویستی هەموو کاتەکانم سلاو

زاکیرە و بیرکردنەوە دوو وشەن، ژیان و مەرگ بە یەکەوە گرێدەدەن.. ئەو شتەیش کە ناهێڵێ بۆ قۆناغێك مردن بەسەر ژیاندا زاڵبێ "وشەیە".. گومان ناکەم کە وشە پردی نێوانی زاکیرە و بیرکردنەوە و ژیان لە لایێك و مردنیش لە لایێکیتربێ

مـــن هەمـــدیس بـــە وشـــە، بیرکردنـــەوە و زاکـــیرە و و ژیـــان دەگەینمـەوە مـردن، یـاخود مـردن دەگەینمـە ژیـان و لەگـەڵت دەدوێم.

وا لەگـەڵ بـاقوبریق و ڕۆشـنایی و تـرووسـکانەوەی بیرەوەرییـە کورتەکانی تۆ، تاریکیی دوورو درێژی ژیانم ڕووناك دەکەمـەوە دەمەوێ بۆت بنووسـم.. تـا خـۆم لـەو تـەنیایی و گۆشـەگیریەی ناوەخۆم دەرباز بکەم.. چونکە نووسین بۆ مـن وەك قسـەکردن وایە لەگەڵ نووری پاك و جیهانی خودا.. نووسین بـۆ مـن وەك قسەکردن وایە لەگەڵ تۆ..

گوتم: دەمەوێ خۆم لە گۆشەگیریەکانی ناوە خۆم دەرباز بکەم؟ بـەڵام کـەی پەپوولـەیێ دەتـوانێ واز لـە پیاسـەی نێـو گوڵـەکان بهێنێ؟ کەی "هیپییێك" دەتـوانێ واز لـە سـەگ و بـەڕەڵڵایی و بێشـوێنی بهێنـێ؟ کـەی خۆشەویسـتییش دەتـوانێ واز لـە میهرەبـانیی و بەخشـندەیی بهێنـێ؟ گوڵـە زیندووەکـەی خـۆم منیش هەروا، کەی و چۆن دەتـوانم واز لـەو گۆشـەگیری و ئـەو بێکەسییەی ناوەوەی خۆم بهێنم؟

هەرگیز ناتوانم ئەو کارە ئەنجامبدەم تا ئەو کاتەی کە تۆ هـەم بیرکردنەوە و هەم زاکیرە و هەم ئەو مەراقە درێژکراوە بـی لـە ژیـانی منـدا.. ڕاسـتە تـۆ ئێسـتا وەك بـوونێکی مـەلموس و بەرجەستە لێرە نەماوی، بـەڵام تـۆ ڕۆحـی سرووشـتی، لـە نێـو هـەموو شـتەکان بوونـت هەیـە، تـۆ لـەناو منـدا دەژیـت، بـۆ

هەمیشـــەیی وجـــودێکی جـــێگیری لـــەناو بیرکردنـــەوە ڕۆحانییەکانی مندا .

ئەستێرە دوور دوور و نزیکەکەی من: گەر مرۆڤایـەتی بیـەوێ لەسـەر ئـەو ئەسـتێرە تاریکـەدا بـە ئـارامیی لەسـەر قەروێڵـەی بەختەوەریی و لەناو ڕۆشنایی خەونەکاندا ڕابکشـێ و تەمـەنی کـورتی خـۆی بـەڕێبکا، دەبـێ لـە فۆرمولادێـك پێشـنیارێ بـۆ ئاسمـان بنووسـێ بـۆ ئـەوەی ئـەو دەسـتورەی مرۆڤایـەتی پـێ بەڕێوەچووە و پێی بەڕێوەدەچێ هەڵبوەشێنرێتەوە و سـەر لـە نـۆژەن دابڕێژرێتـەوە.. چـونکە هـەموو ئـەو شـتانەی ئێمـە دەمانـەوێ بوونیـان هـەبێ، بوونیـان نییـە و هـەموو ئـەو شتانەیش کە ئێمە نامانەوێ بوونیـان هـەبێ، بوونیـان هەیـە و بـــە زۆری و زۆرداره‌کـــیش بەســـەرماندا ســـەپێنراون و چەسپێنراون..

مەبەسـتمە بڵـێم: بۆچـی ئـەو کاتـەی تـۆم دەویسـت بـۆ مـن نـەبووی، ئێستایش کـە نامـەوێ هـەمبی کەچـی بـە تـەنیا هـی منی؟

بـەو خۆرکەوتنـە لـە یانـەی " پـلازا " لـە شـارێکی دوور و لـە کیشـوەرێکیتر ڕۆنیشـتووم، پێـك لـە دوای پێـك هەڵـدەدەم.. خەمەکانی بیرەوەرییە تاڵەکە و ڕەنگەکانی تابلۆ تەواو بووەکـە وەك تۆپەڵێ ئاگر غلۆردەکەمەوە نێو جەستەو ڕۆحم.. تا هـەر هیچ نەبێ، فەنتازیا بکەم و پێکگەیشتن و دیالۆگێکی ڕۆحی لە

نێوانماندا بێتە ئافەریدە.. کەچی کە بە تەلسکۆپی عەقڵ لە زەمەن و وردەکاریەکانی ناوەوەی ورد دەبمەوە هەر زوو تێدەگەم هەموو شتەکان بریتین لە بێئومێدیێك و هیچیدی.. هەر زوو تێدەگەم کە شوێن هەر هەمان شوێنە بۆ کەسێك کە خۆری بەختەوەریی لێ ئاوابووبێ و زەمەنیش هەر هەمان زەمەنە بۆ کەسێك کە شەوی بەدبەختیی لێهەڵاتبێ.. جا لە هەر سووچ و کەلەبەرێك و زەمەنێکی ئەو گەردوونە دابێ.

شوێن و زەمەن هەر هەمان زەمەن و شوێنن بۆ کەسێك کە لە ژێر خێوەتی ڕێککەوت و هەوەسێکی چرکەساتی ئاڵۆزکاو لەناو گەمە کۆمێدییەکانی وجود لە دایکبووبێ.. گریان و پێکەنین و بزە و هەنسکیش هەر هەمان هەنسك و بزە و گریان و پێکەنین، جا لە هەر شوێنزەمەنێکی ئەو ئەستێرەیە تاریکەدا تەمەن تێپەڕێنی.

ئەستێرەی ڕووناك و بەدبەختی من:

ئایە کەسێك هەیە لەو گەردوونەدا، بەلایەنی کەمەوە جارێك بیری لە "بەختەوەریی" نەکردبێتەوە؟ ئەی ئەگەر بیری لەو وشەیە کردۆتەوە ، "بەختەوەریی" چییە؟ باوکت بیری لە بەختەوەریی تۆی تاقانە کردبۆوە؟ ئەی ئەگەر بیری لێکردبۆوە بۆچی بەو کارەساتەی گەیاندی؟

دوای 13 ڕۆژ لە مردنی دایکت کچێکی منداڵی مارە کرد، گریمان ئەوە ئاساییە، بەڵام بەلێنیشدا تۆی تەمەن سێزدە

ڕۆژیش له باوکی کچه ماره بکا.. بەختەوەریی باوکت ئەوە بوو کـه تـۆی هەمیشـه ڕەشـپۆش جارێ لـه جـاران خـۆر بـه تـاقی ئاسمانـەوە نـەبینی؟ تـۆ چـیت کردبـوو؟ بۆچـی پێویسـت بـوو خاوەنی ئەو چارەنووسە ناوێزەیە بیت؟

مـن ئێسـایش تابلۆکـەم دێتـەوە یـاد، چیرۆکەکەم دێتـەوە یـاد، تابلۆیە ڕەشەکە و پشیلە ڕەشـەکە و پۆشـاکە ڕەشـەکانت.. ئـەو تابلۆیە ڕەشـەم دێتـەوە یـاد کـە بـۆ هەمیشـەیی بۆتـە بەشـێکی دانەپچڕاوی ژیـانم و وەك پشـیلە ڕەشـەکەش بـەردەوام لەسـەر ڕێگاکانمە.

ڕۆژانـە زۆرم چـاوەڕێ دەکـردی، تـا تـەنیا چـرکەیەك بتبینـم، کەچـی کـە لـە دەروازە دوو دەریـە زەردەکـە دەردەکـەوتی، لـە هــەمان چــرکەیش ونــدەبوویت.. نــەنکت لــە شــوێنی تــۆ بەردەرگاکەی دەماڵی.. منیش بەردەوام وێسکیم دەخـواردەوە و چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێم دەکرد.. ئایا مـن نـوح بـووم و تـۆیش کۆترێك کە هەرگیز وشکانیت پێنەدۆزرایەوە؟

من لە خۆم دەپرسم: بۆچی نەمتوانی چارەنووسی ئەو تابلۆیە بـه شـێوەییێکیتر بگـۆڕم کـه گـۆڕانی بـه مـن سـپێردرابوو؟ ئایـا تاوانباری گەورە من بـووم؟ بۆچـی نـەمتوانی کـۆدی کرانـەوەی دەرگای ئەشکەوتێك بزانم، کە پڕ بێ لە زێڕ و زیو و ئەڵماسـی بەختــــەوەریی؟ بۆچــــی نــــەمتوانی لــــەنێو ڕەنگــــەکانی پەلکەزێڕینەیەك ڕاکشێم و تۆیش بە هێـوری تـا ئەبـەد ماچـم

بکەی، ماچت بکەم؟ بۆچی نەمتوانی بۆ تاهەتایە دەست بەو پێستە سپییەی جەستەت دابهێنم کە تا کاتی تەواوبوونی تابلۆکە خۆری پێنەکەوتبوو؟ بۆچی من نەمتوانی بۆنی ئەو پرچە حەریراویەت بکەم کە لە تاڤگە دەچوو؟
بۆ هەمیشەیی چاوەڕوان بووم تێنوویەتیم بە تۆ و بە ئەفسوون و سیحری جوانییەکانی تۆ بشکێنم.. ئایە چ شتێ بووە بەربەست و لێنەگەڕا بۆ تا ئەبەد تۆم هەبێ کە دەبووایە هەمبووای؟
دەی دەبڵێ، کوانێ وەڵامت؟ وا خەریکە فرمێسکەکانم دەبنە ئەو پۆلە باڵندەی کە بێپرس ڕوو لە ئاسمانی زەرد لە شەقەی باڵدەدەن..
ئێستا تەواو وەك ئەو چرکەساتەم بەسەر هاتووە کە دارەبازەیەکی زەردم لەبەر دەروازە دوو دەریە زەردەکەتان دیت.. وەك ئەو چرکەساتەم بەسەر هاتووە کە کتێبەکانم لە دەست کەوتە خوار و بۆنی تەواو بوونی تابلۆکەم کرد.. بەردەرگاکەتان شوورابوو، ئایە تۆبووی بەر دەرگا دوو دەریە زەردەکەت شۆریبوو؟
کە هێدی هێدی و بە شەکەتییەوە لەو سەری کۆڵانەوە دەهاتم، پشیلە ڕەشەکانم دیت لەم سەری کۆڵان وەستابوون، ئایە ئەوان کۆنگرەیان هەبوو؟ لە دارەبازە زەردەکە نزیك کەوتمەوە، بۆنی تابلۆیێکی زەردی لێدەهات کە تا هەتایە ببێتە بەشێکی ژیانم..

بۆنی گوناح و بەرائەت کاسیان کردم.. چاوەکانم زەرد زەرد هەڵگەڕابوون، تابلۆکە تەواو ببوو، خۆر بەر لە هەڵاتن ئاوا ببوو.. دەستێکی درێژ لە خەرەندەکەوە دەبینرا، کەچی کەسێك نەبوو ڕوو لە ڕووناکیی ڕابکێشێ!

ئەو کاتەی کە گەیشمە سەر داربازە زەردەکە لەبەردەم دەرگا دوو دەریە زەردەکە، منداڵێکی ڕەنگزەرد، بە خەندەیەکی سیسەوە گوتی: نەتزانیوە چیبووە؟

من بە ڕەنگزەردی و پەشۆکاوی و سیسیەوە گوتم: زوو بڵێ چیبووە؟

گوتی: ئاڤژەن خۆی سووتاند و مرد.

من ئەو کاتە نەمدەزانی مردووەکانیش دەتوانن لەگەڵ عاشقەکانیان بە بەردەوامی بژین، بۆیە کەوتمە سەر چۆك و گریام، هاوارم کرد: ئاڤژەنی ڕۆحی من.. خۆشمدەوێی

(ئاوڕەنگ لە یانەی "پلازا"ش بەدەم نووسینی ئەو نامەیە هاواری کرد، ئاڤژەن گیان خۆشمدەوێی).. ئاوڕەنگ لە نووسینی نامەکەی بەردەوامبوو..

دە پێم بڵێ ئەی تاقانەیترین ئەستێرەی ڕووناك و تاریکی من: کێ بەقەدەر من تا هەتایە ئەو تابلۆیە دەپارێزێ؟ (تابلۆی ئاوابوونی خۆر و دارەبازە زەردەکەی بەر دەرگا دوو دەریە زەردەکە.. تابلۆی تۆ کاتێ لە خەرەندەکە دەست درێژ دەکەیت و کەسێ بە وێدا تێپەڕ نابێ.. تابلۆی دەرکەوتنت لە

چرکەیێکدا و ونبوونت لە هەمان چرکەدا).

مـن لـە کـاتی گەیشـتنی هـەواڵی مردنـت هـاوارم کـرد: ئاسمـان خۆشمدەوێی.

(ئـاوڕەنگ هەمـدیس لـە یانـەی "پـلازا" هـاواری کـرد: ئاڤـژەن خۆشمدەوێی).

باوکت بە سەرسوڕمانییەوە لێمی ڕوانـی، بـە دوو چاوی زەق و زۆر بێڕەحمانـە لێمـی ڕوانـی، لـەوێوەوە تابلۆکـە بـە یـەکجاری تەواو بوو، منیش وەك تۆ بەڵام بەشێوەیێکیتر مردم.

## 5

لــە ڕۆژی 1989/3/21 ئـــاوڕەنگ نامەیـــەکی بـــۆ ئاڤـــژەن نووسی..

ئاڤژەن گیان ئەستێرە ڕووناکەکەی من: سەلام..

دەمـانێکی درێـژ بـوو چـاوەڕوانی دیتنتبـووم.. کەچـی تـۆ لـە چـریەکدا دەردەکـەوتووی و بـزر دەبـووی، بـەڵام دیـارە خـوا حـەزی کـرد، بۆیـە مـن تاکـە مرۆڤێـك بـووم کـە تـۆ ڕێگـات دا، تەئەمول بۆ جوانییەکانت بکەم و خۆشمبوێی..

بە بۆنەی ساڵڕۆژی لـە دایکبوونـت پیرۆزبایـت ئاراسـتە دەکـەم، هیواخوازم تەمـەنت هێنـدەی زەمـەن درێـژ بێـت، هەمیشـە لـە بەختەوەریدا ژیان بەڕێوە ببەیت..

ئەگەرچـی دەزانم ئـەوەیان بـە تـەنیا تەمەننایێکـە و هیچـیتر، چونکە دەزانم تۆ دەستگیرانی بەرازێکی پیریـت و گرانـە ئێمـە ئـەو کـارە هەڵبوەشـێنینەوە، بـەڵام مـن دەتـوانم تـەنیا تاکـە شتێکت پێبڵێم: (لـە توانـام دایـە تـا مـاوم خۆشمبـوێی، چونکە خۆشەویستیی وەك مردن و ژیان وایە، هەمیشە بوونی هەیە).

دیسان ساڵی لەدایکبوونت پیرۆزبێت، خۆشمدەوێی.

ئاڤـژەن خـەریکی وەڵامدانـەوەی ئـەو نامەیـە بـوو.. سـەرەتا نووسی:

ئـەی ئـەو کـوڕەی کـە دەتـەوێ چارەنووسـی تـابلۆیێ بـە

شـێوەیێکیتر بگۆڕێـت، ئـەی ئـەو کەسـەی کـە تـا درەنگکـاتێ لەگەڵتدام، پیرۆزبایی ساڵڕۆژی لەدایکبوون لـە خـۆتیش، بـەڵام تـازە هـەموو شـتەکان ڕوو لـە کۆتـاین.. چـونکە نووسـراوی چارەنووس گەورەترە.. تۆ بۆ هەمیشە بیر لـە مـن دەکەیتـەوە، بۆ هەمیشە بۆ من دەگری، بۆ من دەسووتێی، بەڵام ڕۆژێ دادێ من لە شوێنزەمەنێکیتر بۆ لای تـۆ دەگەڕێمـەوە، کـە هەمـدیس وەك ئێستا ناتوانی چارەنووسی تابلۆیێ بگۆڕی کە گۆڕینی بـە تـۆ سـپێردراوە.. تـۆ لەسـەرت پێویسـتە بڕیارەکـانی سـەرووی خۆت جێبەجێ بکەیت.. سەرووی خۆت کێیە؟ بە ڕاشکاوییەوە دەیڵێم "خودایە".

ئاڤژەن هێشتا هەر خەریکی نووسینی ئەو نامەیە بـوو، کەچـی بـاوکی بەسـەر داهـات، نامەکـەی دیـت و کەوتـە لێـدانی، هەرچـەندە ئاڤـژەن بەرائـەت و پـاکیزەیی خـۆی دووبـارە و دووپات دەکردەوە، کەچی بێئەنجام بوو..

ڕۆژێك دواتر پیرەمێردێکی حەفتا ساڵان خۆی و جەنتایێ جـل و بەرگ و چەند مسقاڵێ زێڕ هات و ڕۆژی هـەینی دیـاری کـرد بۆ گواستنەوەی ئاڤژەن.

داپیرەی ئاڤژەن، بە خەزوری کوڕەکـەی خـۆی گـوت: پێیـەکانت ماچ دەکەم، چی دەخوازی، بخوازە، پـارە، مـاڵ، زێـڕ، کێشـەیەك نییـە، بـەڵام ئاڤـژەن هێشـتا بچووکە و جەنابیشـت بـە تەمـەن گەورەیت.. لەناو خەڵك و دنیـا حـەیامان دەچـێ، واز لـەو کـارە

بێنە.

پیرەمێردەکە گوتی: خوا قبوڵ ناکا، کچەکەی منیش بچووکە، کە بێ هیچ کێشەیەك بە کوڕەکەی تۆم بەخشی.. دواتر من چیم لە ژیاندا ماوە؟ ئەوە نەبێ کە دوو پێنج ڕۆژێك لەگەڵ ئاڤژەنەکەی خۆم بەسەر ببەم.. ئەگەر ڕازیش نیت کچەکەی خۆم کە ئێستا خێزانی کوڕەکەی تۆیە و منداڵیان هەیە، دەبەمەوە لای خۆم و تەواو.

ڕۆژی پێنج شەممە بۆ حەوتەم جار لە ژیانیدا ئاڤژەن لە تاریکییدا هاتە بەر دەرگا.. هێشتا خۆری نەدیتبوو.. بە حەماسەتەوە لەوسەر و ئەوسەری کۆڵانی دەڕوانی، ئاڤژەن ڕوانی خۆر ئاوابووە، فرمێسکە درشتەکانی بێژمار هەڵدەوەراند، ئاوڕەنگ لەوسەری کۆڵان دەرکەوت، ئاڤژەنی بۆ یەکەمین جار بە پۆشاکێکی زەرد بینی، لای سەیربوو، سەری سوڕما، کە پشیلە ڕەشەکەشی دیت پیاسەسەی دەکرد، دڵی کەوتە لەرزە، هەنگاوەکانی خێراتر کرد و گەیشتە لای ئاڤژەن، بە زەردەخەنەیەکەوە کە کەس نەیدەزانی چ ڕەنگێکە گوتی: سڵاو نامەکەت خوێندەوە؟

ئاڤژەن بەدەم گریانەوە گوتی: خۆری ژیانم ، ئەو خۆرەی کە تا ئێستا نەمدیوە، پێش دەرکەوتنی ڕوو لە ئاوابوونە، ئەگەر بە ڕاستی منت خۆشدەوێ، تەنیا ئەو شەوەت لەپێشە وەك دەرفەت، یا ئەوەتەیە ڕزگارم دەکەیت، یاخود کاتێکی تریش کە

لـه زەمـەنێکی جیـاتر و لـە شـوێنکی جیـاتر بـۆت دەردەکـەوم ناتوانی ڕزگارم بکەیت و خۆتیش لـەو ئـاوابوونی هەمیشـەیەی خۆرە دەربازبکەیت..

ئـاوڕەنگ دەیویسـت وەڵام بداتـەوە و وەفـای خـۆی بـۆ دووپـات بکاتەوە ، کەچی ئۆتۆمبێلی باوکی ئاڤـژەن لـە سـەری کۆڵانـەوە بـــە دەرکـــەوت و ئیـــدی پشـــیلە ڕەشـــەکە لـــە قاقایـــدا و پەپوولەیێکی سپی سپیش گریا.

(ئـاوڕەنـگ چـووە ماڵـەوەو دەسـتیکرد بـە نووسـینی یەکـەمین نامەی ئەو بیۆگرافیانامەیـە، کـە دواتـر هـەموو ژیـانی کـۆڵی و داگیر دەکا).

(لەو ڕۆژە بوو کە ئاوڕەنگ باوەڕی هات تـەنیا وشـەیە دەتـوانێ دوورەکـان نزیـك و مردووەکـان زینـدوو بکـا و جیهـانی ڕۆح و مەملەکەتی خودا دروست بکا).

ڕۆژی یەکشەممە تابلۆکە بـە تـەواوی کۆتـایی پێهـات، لـە ڕۆژی هەینیـــەوە، ئاڤـــژەن بـــە جلـــی بووکێنیـــەوە، دەرگـــای ژووری نووستنی بە ڕووی پیرەمێرد و کەسەکانیتردا کلۆمـدا، لـە ڕۆژی یەکشەممە درامای خۆونکردنی دەستکرد کۆتایی هـات، ئاڤـژەن نـەوتی نێـو لـەمپای ژوورەکـەی زاوایـەتی پیرەمێـردی بەسـەر جەستەی دەسـت لێنـەدراوی پەخشـانکرد و ئیـدی پـاش چـەند چـرکەییێك بـووە تۆپـەڵێ ئـاگر و خۆرەکـە بـەر لـە هـەڵاتنی ئاوابوو.

کە ئاوڕەنگ دارەبازە زەردەکەی لە پێش دەرگا دوو دەریە زەردەکە دیت، ئیدی خۆری بەختیاریی ئەویش بۆ زەمەنێکی دوورو درێژ ئاوا دەبێ.. پاش تێپەڕینی ڕۆژانی پرسە و ماتەمینی کە بە دزییەوە سازیاندابوو، کۆمەڵێ پیاوی چەکدار، لە پێش هەموویانەوە پیرەمێرد و باوکی ئاڤژەن هاتنە لای باوکی ئاوڕەنگ و بە دوو ڕستە کۆتاییان بە کێشەکە هێنا..
(ئاوڕەنگ ردەوری هەبووە لە کوشتنی ئاڤژەن.. بۆیە جێگای نەماوە لەو وڵاتە، یاخود چاوەڕوانی تەرمەکەی بکەن).

# 6

ئـاوڕەنگ لـە یانـەی "پـلازا" هێشـتا هـەر خـەریکی نووسـینی نامەکە بوو بۆ ئاڤژەن..
گیـان: حـەز دەکـەم بـۆت بنووسـم.. لـە ڕێگـای وشـەوە لەگـەڵت بـدوێم.. چـونکە نووسـین تاکـە پردێکـی ئەمکـدارە کـە لـە تاریکییـەوە دەمگەیێنێتـە ڕوونـاکیی.. نووسـین تاکـە دەرگـای نێـوانی ژیـان و مەرگـە.. نووسـین ئـەو فیردەوسـەیە کـە تـاوێ هەندێك لە خەمەکانی گۆشەگیریم کەمدەکاتەوە..
ئەستێرە دوورەکەم: ئاگاداری کە چەند غەریبیت دەکـەم !؟ تـۆ لێرەی لە نێو دڵم، لە نێـو ڕۆحمـدای، لـە نێـو تـابلۆی ژیانـدای، بـەردەوام لێـت دەڕوانم، بـەڵام ترسـم هەیـە، ترسـێکی گـەورە، دەترسم تەمەن تەواو بێ و منیش هێشتا لە تەماشاکردنت تێر نـەبووبم.. گیانەکـەی مـن، بـا زیـاتر بـۆت نەنووسـم، چـونکە هـەموو شـەو و ڕۆژەکـانی تەمـەنم بخەمـە سـەر یـەك هێشـتا نـاتوانم ئـەو شـتەت بـۆ بنووسـم کـە دەمـەوێ بـۆتی بنووسـم.. بـەڵام ئـەوەی کـە لـە کۆتـایی ئـەو نامەیـەدا دەمـەوێ بیڵـێم ئەوەیە:
تابلۆ حەفرکراوەکەی نێو زاکیرەی مـن، چیرۆکە بێکۆتایەکـەی ژیانی من، گرینـگ نییە مـن کـێم.. لـە کـوێ هـاتووم.. سـەر بـە

کامە ئاینم.. ڕەچەڵەکم چییە.. لە پێڕی خودام یا ئەهریمەن.. من کوڕی خێرم یاخود شەڕ..
گیانە بە زۆر جیاکراوەکە لە گیانی من: هیچ یەك لەو پرسیارانە گرینگ نین، ئەوەی کە بۆ من گرینگە و هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە ئەوەیە: من بۆچی ئەوەندە تۆم خۆشدەوێ؟

تا نامەیەکتر، چاوەڕوانبە، خۆشمدەوێی.

# 7

ئاوڕەنگ لە یانەی پلازا دواترەمین پێکی ڤۆدگای خواردەوە و باوکی خۆی بیرکەوتەوە کە بە چاوی فرمێسکینەوە پێیگوتبوو: کوڕەکەم تۆ ئەمانەتی خودا بووی لایمن.. ئێستا من تەسلیمی دەستی ئەوت دەکەمەوە، چونکە ئەو کارەکان باشتر دەزانێ و هەر ئەویشە دەتوانێ باشتر بتپارێزێ.. داوای لێدەکەم و لەبەری دەپاڕێمەوە کە ئاگادارت بێ.

دایکی بیرکەوتەوە کە بەدەم گریانەوە پێیگوتبوو : بڕۆ کوڕم بڕۆ.. با ئەو پیاوکوژانە نەتکوژن، دەزانم تۆ کاری خراپت نەکردووە، کوانێ گوناح، گەر دوو کەس یەکتریان خۆشبوێ؟ ئەوەیش کە ڕوویدا خودا نووسیبووی.. بڕۆ کوڕەکەم بڕۆ، خودا بتپارێزی.

ئاوڕەنگ یانەی پلازای جێهێشت و بە مەستی بەرەو ماڵەکەی خۆی لە شەقامی ـ ئاو ـ کەوتەڕێ.. ئەو نامەیەشی خستە سەر نامەکانیتر کە بۆ ئاڤژەنی نووسیبوو.. لە چەقێکی ژوورەکەی خۆی ڕوانی و کەوتە بیرکردنەوە، "ئاویار"ی برادەری کەوتەوە یاد کە پێیگوتبوو: ئایە ئاڤژەن تاکە کەشتییێکە کە بتوانێ تۆ بەرەو کەنارەکان ببا؟ بێگومان نەخێر.. چونکە ژیان دەڕوا و ناوەستێ.. من بۆخۆم لە هەموو ئاوەکان دەخۆمەوە، سواری دەیان کەشتی جیا جیا دەبم.. بۆیە پێموایە مرۆڤ دەتوانێ

زیاتر له کەسێکی خۆشبووێ، یان بە لایەنی کەمەوە لە هەر کەسە و شتێکی خۆشبووێ.

ئاوڕەنگ لەبەرە خۆیەوە گوتی: ئاخر من هەموو شتەکانی ئاڤژەنم خۆشدەویست.

ژانەسەر دەستەویەخەی ببوو، بەیانیش دەبووایە بچێتە کار، بۆیە بە هێوری پێڵوەکانی داخست و چووە نێو دنیای تاریکیی و خەونە ڕەشەکانی.

# 8

ڕەش ڕەنگێکــە گوزارشــت لــەو چرکەســاتە خەفــەتئامێز و کەسەردۆســتە دەکـا کــە ئــاوڕەنگ و کرێکارەکـانی لەبــەردەم دەروازەی کارگەی "ئۆتۆ" لەژێر ئاسمانێکی هـەورینی ڕەساسـی ڕەنگ و دووکەڵاوی وەستابوون .
ئاوڕەنگ لە خۆی پرسی: ئایە ڕەش ئەو ڕەنگەیە کە لـە غیـابی ســپی دەردەکــەوێ، یــاخود لــە بنەڕەتــدا زەمــەن لــەنێو هەردووکیان بە یەکسانی دابەشکراوە؟
ئـەو ڕۆژە پێدەچوو سـپییەتی بیـەوێ جێگـا بـە تـاریکیی لـەق بکا.. ئاوڕەنگ بۆ یەکەمین جارە لە ژیانیدا پەپوولەیەکی سپی دەبینــێ پێدەکـەنێ! هەڵـدەفڕێ و ڕۆشـنایی دەدا.. چـاوی بـە مارمیلکەیەکی سەوز کەوت لەسەر عـەرد هەڵدەخشا و گـۆرانی دەگوت.. ئاوڕەنگ چاوی گێڕا پشیلە ڕەشەکەی نەدۆزیەوە.. لـە خـۆی پرسـی: ئایـە سرووشـت لـە یاسـا سرووشـتییەکەی خـۆی لایــداوە؟ یــاخود ئــەوە یاســای سرووشــتیی سرووشــتە کــە پەپوولەش بتوانێ جێ بە پشیلەی ڕەش لەق بکا.
پەڕەسێلکە خەوتووەکەی گیانی ئاوڕەنگ واگا هاتەوە، لـە کـاتی کۆتـایی هـاتنی چیرۆکەکە و تـەواوبوونی تابلۆکـە ئـەوە جـاری یەکـەم بـوو کـە پەڕەسـێکەکە ئـاوا بکەوێتـە نێـو حاڵـەتێکی عاریفانە و بە چاوی خۆی نووری پـاك ببینـێ و چاویشی بـەو

هەواڵـە خۆشــە بکــەوێ کــە لــە لای نــوورەوە بــۆی هــاتبوو..
پەرەسـێکەکەی گیـانی ئـاوڕەنگ کەوتــە هــەڵفڕ هــەڵفڕ و لــە شەقەی باڵە ناسکەکانیدا و لە ئاسمـانی چارەنووسێکی نۆژەنـدا دەســتیکرد بــە چــرپینی نــەوا و دانــانی چــەند نۆتــەییێکی ئەفسوونکار و بە دەنووکـەکانی چـەند چڵە تیشکێکی سـەوزی هـەڵگرت و گەڕایـەوە نێـو ڕۆحـی ئاوڕەنـگ و گـوتی: تـۆ خـۆت داوەتە دەستی قەدەر، بۆیە تۆ سەرپشك نابیت لـە هەڵبـژاردنی ئەو چیرۆکانەی کە لە ژیانی تۆدا ڕوودەدەن..
کــاتێ ئــاوڕەنگ هەســتی بــە هــەڵفڕ هــەڵفڕو نــائۆقرەیی ئــەو پەرەسێلکەی نێـو گیـانی خـۆیکرد، زانـی شـتێ لـە ڕێگـا دایـە و دەبێ ڕوو بدا.. کاتێ پشیلە ڕەشەکەی دەدیت، دەیزانی تاریکیی بەڕێوەیە..
زەمــەنێکی درێــژ بــوو پەرەســێلکەکەی نــەبینیبوو، مارمیلکـە سەوزەکە، پەپوولەییێکی سپی پێبکەنێ.. لەبەر خۆیەوە گـوتی: لەوە دەچێ خودا تا ئەوپەڕی دادوەر بێ، چونکە هـیچ کەسـێ لــە بــەهرە بێبــەش ناکــا، هەرکەســە و بەهریــەك، یــان چــەند بەهرەیـەکی بەردەکـەوێ، بـەلاَم گـرینگ ئەوەیـە کـە بـزانین و بتوانین ئەو بەهرانە لە شوێنزەمەنی خۆیاندا بەکاربێنین..

# 9

ئاوڕەنگ بەسەرسامییەوە لە خۆی پرسی: دەکرێ مێژوو خـۆی دووبارە بکاتەوە؟

- بۆچی نا ؟

ئەگەر لە هەندێ فیکر و فەلسەفەی ئێستای دنیادا بکۆڵینـەوە، کـە بانگەشـتەی نـەمانی سـنوور و ئـازادیی مرۆڤـەکان دەکـەن، کۆمەڵێ فەیلەسووفی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێسـتامان دێتـەوە یـاد کـە هـەمان بانگەشـتەیان دەکـرد، لـەوەش گـرینگتر ژیـانی قەرەجەکانمان دێتە بەر چاو کە سەرچاوەی هەموو ئـەو بـیر و فیکر و فەلسەفانەن.

لە ژێر ئاسمانێکی خۆڵەمێشی و لەبەر دەروازەی کارگەی ئۆتـۆ، تـاوتین و هێزێکـی سـیحراوی پرسیاردۆسـت، سـەراپای ڕۆحـی ئاوڕەنگی داگیرکردبوو.. لەبـەر خۆیـەوە گـوتی: هەسـت دەکـەم من جارێکیتر لەنێو هەمان ئەو چرکەساتەی ئێستا ژیاوم.

پەڕەسـێلکەکەی گیـانی ئـاوڕەنگ هـەڵفڕی، ئـەو بـاوەڕی بـە چـاوەکانی خـۆی نـەکرد، کـاتێ کـە ئـەو پەڕەسـێکەیە لەسـەر سـەری فریشـتەیەکی سپیپێسـت بـەلاّم ڕەشـپۆش هەڵنیشـت، فریشتەکە برژانگە ڕەش و درێژەکانی لەسەر گلێنە سەوزەکانی لێکـدەدا، ئـەو فریشـتەیە هێنـدە بـە ئاشـکرا تیشـک و

درەوشانەوەی دەدا کە یەکێك نەیدەتوانی بە سانایی خۆی لە تەماشاکردنی لادا.. ئاوڕەنگ چیرۆکەکەی هاتەوە یاد، گلێنە کەسك و برژانگە ڕەش و درێژەکانی هاتەوە یاد، پۆشاکە ڕەش و پێستە سپییەکەی ئاڤژەنی هاتەوە یاد و بەو فریشتەیەی بەراورد کرد، کە لەبەر دەروازەکەی کارگەی ئۆتۆ بزەیەکی غەمگینی دەکرد.. لە پەپوولە سپییەکەی ڕوانی کە گۆرانی بۆ گوڵە شینەکان دەچڕی، ئاوڕەنگ بێئەوەی ئاگاداری خۆی بێ کە چی دەڵێ، ڕووی لەو فریشتەیە کرد و بە دەنگێکی نزم گوتی: ئاڤژەن گیان دەمزانی دێیتەوە، دەمزانی دەگەڕێیتەوە، دەمزانی تاریکیی لەناو ڕووناکییدا حەشاردەدەیت و ڕۆژێ لە ڕۆژان دێیتەوە.. دەمزانی ڕۆژێ دادێ دێیتەوە، تاریکیی تێهەڵدەدەیت و بەرەو ڕۆشناییەکانی ڕۆحی گەردوونم دەبەیت.

هێشتا ئاوڕەنگ قسەکانی تەواو نەکردبوو کە فریشتەکە لەبەر چاواندا وون بوو.

# 10

**دیــداری ڕۆژی دووەم لەگــەڵ ئــەو فریشــتەیەی کــە ئــاوڕەنگ باوەڕی وابوو ئاڤژەنە.**

هەور هێنده خۆی لـه زەمـین نزیـك كردبۆوە، دەتگوت شـەڕی ئیرۆتیكی پێدەفرۆشێ.. ئـەو دڵۆپـە بارانانـەیش كـە دەكەوتنـە سـەر جەسـتەی لووسـی زەمـین وەك ئارەقـەی تـەوێڵی ئاسمـان وابوون.. هێشتا ئاسمان تاریك بوو، هەورو تەم و دڵۆپی باران و برووسـكەی خێـرا خێـرا و گەواڵـە، خـەوی مرۆڤیـان خـۆش دەكرد..

دەمـەو بـولێڵێ دوای گوزەرانـدی زەمـەنێ لـەو شـارە، ئـاوڕەنگ دەستی دایە قەڵەم و ویستی شتێ سەبارەت بەو شارە بنووسـێ، چـونكە بـیری كەوتـەوە كـە یـەكێك پێـی گوتبـوو: بنووسـە، تـا پەنجـەكانت لـە كـار دەكـەون بنووسـە، گـرینگ نییـە چـی دەنووسـیت، حـەز دەكـەیت دەربـارەی خەمـەكانی كەروێشـكێك بنووسە كە زاوزێ ناكا، دەربارەی وڵاتێـك بنووسـە كـە نووسـەر تێیدا بەقەد كەرێك ڕێزی لێناگیرێ، دەربـارەی ژنێكـی سـۆزانی بنووسە كـە بیرەوەرییـەكانی خـۆی نووسـیوەتەوە و نـاوی نـاوە "سەگێكی ونبوو".. دەربارەی مانگ بنووسە كـە خـۆی نیشـانی

شاعیران نادا، دەربارەی پشیلەیەك بنووسە كە خۆشەویستیی لەگەڵ ماوسێك دەكا.. حەزدەكەی سەبارەت بە یەكێك بنووسە كە دوای چەندساڵێكیتر شیعرێكی ئاوا دەنووسێ:

خۆركەوتنبوو.. خۆركەوتنبوو
لە ژێر ئەستێرە سوورەكانی ئاسمانی فرانكفۆرتدا
تابلۆیێ كوژایەوە.. دوو ـ با ـ داگیرسان
خەونێك لە ئۆقیانۆسی خەوندا نقووم بوو
من مانگێكی شین شینم دابەزاند و گوتم:
ها.. ئەوەیان ئومێدی دیدارە
هەر كاتێ تەماشات كرد
منت بێتەوە یاد.
خۆركەوتنبوو.. خۆركەوتنبوو
لە ژێر درەوشانەوەی گلۆپە شین شینەكانی فرانكفۆرتدا
تۆ ڕووخساری خۆڵەمێشی منت لێدیار بوو
من ڕووخساری شینی تۆم لێدیاربوو
باران گۆرانییێكی بێدەنگی خۆڵەمێشی دەگوت
ـ با ـ ڕەنگی هەڵێنا، ڕەنگێكی شین شین
تۆ مانگێكی شینت هێنایە خوار و گوتت:
ها.. ئەوەیان وەفایە
هەر كاتێك لێیت ڕوانی
منت بێتەوە یاد ..

هەموو شتێ بنووسە، گرینگ ئەوەیە بنووسیت و ناخی خۆت بەتاڵ بکەیت.

ئاوڕەنگ نووسی: لە نەخشە جوگرافییەکانی ولاٌتی ئێمەدا، نەخشەی ئەو شارە نییە کە من ئێستا تێیدا دەژیم.. هیچ یەك لە جوگرافیاناس و مامۆستاکانی جوگرافیا لە ولاٌتی ئێمەدا گوێبیستی ناوی ئەو شارە نەبووینە کە من ئێستا تێیدا دەژیم، ئێرە شارێکە وەك دلۆپێك ئاو وایە لەنێو دەریادا، من چۆن ئەو شارەم دۆزییەوە؟ بۆچی هاتووم بۆ ئێرە؟ خۆ دەتوانم بچمە شارێك کە هەموو منداڵەکانی دنیاش بە هۆی یەکێ لە ڕەمزەکانی بیناسن، بەلاٌم دیسان دەپرسمەوە، من بۆچی لێرەم؟ ئایە لێرە گیرسانەوەی من چ پەیوەندییێکی بە چیرۆکەکە و بە تابلۆ تەواوبووەکەوە هەیە؟

ئاوڕەنگ ئاهاندی، کاغەزەکەی دڕاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیر و ئاڵۆز و گەمژەیە، هەندێجار وەك باڵندە وایە، بە دوای خۆشگوزەرانییێکی خەڵەتێنەردا هەمیشە لە گەڕاندایە.. هەموو گۆشە و کون و کەلەبەرێکی ئەو گەردوونە تەی دەکا و نایدۆزێتەوە، بەڕاستی دۆزینەوەی بەختەوەریی لەو بازنە بەرتەسکەی کە پێیدەڵێن: ژیان، کارێکی ئەستەم و پڕ لە ئاستەنگ و موستەحیلە.. دواتر ئەو کاتە خێرایەش کە ناویان ناوە "تەمەن" هەر بە تەنیا لە برووسکەیەك دەچێ و بەشی ئەو گەڕانە هەمیشەییە ناکا.

ئاوڕەنگ تاویٚ ڕاما و گوتی: من چیدەکەم لێرە؟ بۆچی لەو شارەم؟ بۆچی لە نێو نۆتە ئاوییەکانی گۆرانی منداڵیم نەدەبوومە بەشێك لە ڕابردوو؟ یان بۆچی لەناو بازنە خەتەرناکەکانی گەمەی زەمەندا بەیەکجارەکی نەدەکوژامەوە؟ ئایە من پشیلەم و بۆنی بەختەوەریم کردووە لەو کیشوەرە؟ کەوایە من بەختەوەرییم دۆزیوەتەوە؟ ئەی ئەگەر دەزانم بەختەوەرییم نەدۆزیوەتەوە و یەقینیشم لە نەدۆزینەوەی من چکارەم لەو ژیانە واتاسزە؟ ئایە ژیان ئەوە دەهێنیٚ مرۆڤ وەك مشکێك لە کونی نانـدینی تەمەنـدا بـە دوای دۆزینـەوەی بەختەوەرییدا بگەڕێت و یەقینیش بیٚ لە نەدۆزینەوەی؟ من لێم دیارە کە ژیان هەروا دەمێنێتەوە کە لە سەرەتاوە داڕێژراوە، گۆڕینی قەدەری کەسێك لە دەستی قەدەر خۆیەتی، قەدەریش لە دەستی زەمەندایە، زەمەنیش حاڵەتێکە لە دۆگما و لە کۆتایشدا لە هەموو کەسێك و لە هەموو ئەفسانە و لە هەموو خوداوەندێك دادوەرترە.. زەمەن بۆ هەموو بوونەوەریٚ یەکسانە بەبیٚ جیاوازی، بۆ پادشا و مشکێك، بۆ کرێکارێك و شێرێك، بۆ بزن و پەپوولەیێك، بۆ فیل و زەڕافە و شاعیرێك، زەمەن بە بیٚ وەستان و گویٚ دانە هیچ کەسێك دێت و تێدەپەڕیٚ.. زۆر جاران دەبیستین بە یەکێك دەڵێن: " بەختەوەرە".. ئەویدی ناشاد و بەدبەختە.. من لە خۆم دەپرسم دەبیٚ جیاوازیی چیبیٚ لە نێوانی بەختەوەریی و

بەدبەختیی؟ ئایە ئێمە ئاگادارین کە هەردو وشەی بەختەوەری و بەدبەختی دەبن بە ڕابردوو ؟ هەر شتێکیش کە دەبێ بە ڕابردوو واتە: نەمان، لەناوچوون، وێرانەیی.. کەوابێ خۆشیی و ناخۆشیی موڵکی کەس نین، ئەمانەتێکی کورتن، دەدرێن و دەسەنرێنەوە..

لە بەردەم دەروازە دوو دەریە زەردەکەی ( پێرزونال سێرڤس – کۆمپانیای بەکرێدانی کرێکاران) کە کۆمپانیاییێکە، کرێکاران بە پارەیەکی کەم وەردەگرێ و بە پارەیەکی زۆر دەیانفرۆشێتەوە کارگەی گەورە، گۆلفێکی ڕەش وەستابوو.. سێ کرێکاری ژنی رەشپۆشی تێدابوو، قسەیان دەکرد..

شوفێرەکە یۆنانی بوو، گوتی: ژیان دەسەڵاتدارە و مرۆڤیش بیدەسەڵات.. مردن لە ژیان و لە مرۆڤیش دەستهەڵاتدارترە.

ئەو ژنەی کە لە تەنیشت شوفێرەکە دانیشتبوو، کوردی باکوور بوو گوتی: ڕاکە ڕاك و غارە غارێکی بەردەوام، تەنیا لە پێناوی تێرکردنی ورگ، کاربکە و کاربکە، ئینجا حەقی ڕەنج و ماندوو بوونەکەت پێنەدەن! جیاوازیی نێوان ئێمە و کۆیلەکانی سەردەمە تاریکەکان لە کوێدایە؟ تا ژیان لە ڕووی تەکنەلۆژیا و پێویستییە مۆدێنرەکان بەرەو پێشتر بڕوا، هێندەیتر غەریزەی چەوساندنەوە و خۆ قەڵەوکردنی مرۆڤەکان بەرەو زیادبوون دەڕوا.

سێیەمیان لە پشتەوەی گۆلفەکە دانیشتبوو، برژانگە ڕەش و

درێـژەکانی لەسـەر گلێنـە کەسـکەکانی لێکـدەدا و بـەو پێسـتە سپییەی لە نێو پۆشاکە ڕەشەکانی دەتگوت پـەری ئاسمانـە، لـە کاتژمێرەکەی ڕوانـی و گـوتی: وابـزانم درەنگـە، ئـەو کـوڕە دێ، یا....؟

یۆنانییەکە ئاوڕێکی پشتەوەی دایەوە و گـوتی: ئێسـتا دێ، گـەر نا تەلـەفۆنی دەکـرد.. دوێنـێ یەکـەم ڕۆژی کارکردنـت بـوو لـە کارگەی ئۆتۆ؟

کچە ڕووسەکە بە سەر ڕاهەژاندنێکەوە گوتی: بەڵێ.

کوردەکە: دوێنێ لەگەڵ کێ هاتی بۆ سەر کار؟

ڕووسەکە: بە شەمەندەفەر، بـەڵام لێـرە بـە دواوە لەگـەڵ ئێـوە دێم.

## 11

ئـاوڕەنگ، چـونکە دوێنـێ شـەو بـە تـەنیا لەبـەر سـڕینەوەی دڕدۆنگـی و کۆتـایی هێنـان بـە بیرەوەرییـە تاڵـەکان و دیالۆگـە ئالۆسکاوەکانی نـاخی و ئـەو بەراوردکردنـەی نێـوانی ئاڤـژەن و ئەو کچەی کـە لەبـەر دەروازەکـەی کارگـەی ئۆتـۆدا بینیبـووی، خـۆی تـەواو سـەرخۆش کردبـوو.. بـەو بەیانیـە بـە زەنگـی یەکەمی کاتژمێرەکە واگا نەهات، خـەریکبوو چارەنووسـی ئـەو کاتـژمێرەش باشـتر نـەبێ لـە ئـەوانی پێشـتر، چـونکە زوو زوو کاتژمێرێکی بە دیوارەکە دادەدا، بەڵام ئەو جارەیان بـە زەنگـی دووەمی کاتژمێرەکە خەبـەری بـۆوە و لـە دواتـرەمین چـرکەدا بە چاوی خەواڵوەوە خۆی گەیاندە پاسەکە.

لـە نـاو پاسـەکەدا بـیری لـە تـەواوبوونی چیرۆکەکە دەکـردەوە، بـیری لـە ئـاوابوونی ناکۆتـای خۆرەکـە دەکـردەوە، بـەڵام خـۆ دوێنێ بـۆ چـەند چـرکەیەك ئاڤـژەنی بـە زینـدوویی بینیبـوو، وەهم و خەیاڵ بوو یاخود ڕاسـتی؟ لەبـەر خۆیـەوە گـوتی: کـێ ناڵێ ژیان تەنیا خەونێکە، وەهمێکە و هیچیتر؟

ئایـە ئـاوڕەنگ بەڕاسـتی ئاڤـژەنی لەبـەردەم کارگـەی ئۆتـۆدا بینیبوو؟

ئاوڕەنگ لە شەقامی "سێو" لە پاسەکە دابەزی و سواری ترامی

ژماره "1"بوو، بەرەو سەنتەری شار بەڕێکەوت.

لــە جــامی پەنجــەرەی ترامەکــەوە لــە تــاریکیی و ڕوونــاکیی بەرەبەیانی دەڕوانی، لە گەڵا و پڕوپۆی درەختــەکانی دەڕوانــی، جیـاوازی نێـوانی لـق و پۆپـە بـەردارەکان و بێبـەرەکانی هاتـە پێش چاو (ـ با ـ نەیـدەتوانی لـق و پـۆپی درەختـە بـەردارەکان بە ئاسانی ڕاهەژێنێ، چونکە گـران بـوون.. بـەڵام کـاتێ کـە لـە درەختــە بێبــەرەکانی ڕوانــی _بــا_ بــە ئــارەزوی خــۆی ڕایدەهەژانـدن)، ژیـانی خـۆی هاتـە بەرچـاو و گـوتی: منـیش درەختێکی بێبەرم، بەڵام لـە جیـاتی ئـەوەی _بـا_ ڕامهـەژێنێ، ژیـان بـە ئـارەزوی خـۆی یـاری بـە گـەڵا و پـڕوپۆکانی تەمـەنم دەکا.

بەردەوامبوو: بەڵام خۆ لە کۆتاییدا هەردوو جۆر درەخت وشك دەبن و لە نێو دەچن.

ئـاوڕەنگ پێـی باشـتربوو خـۆی لـەو بـەراورد پێکردنـە لەگـەڵ درەخــت دەربــاز بکــا و خــۆی بــە مێروولــە بچــوێنێ لــە بێدەسـتهەڵاتی و بچـووکیدا و گـوتی: مـن نامـەوێ بـزانم مـن چیم؟ کێم؟ بۆچی هـاتووم؟ کێشـەی مـن ئەوەیـە چـۆن بگەمـە دواترەمین خـاڵی ژیـان و بـە خێرایـی ئـەو شـتە تێپـەڕێنم کـە پێیدەڵێن: تەمەن.. کێشەی من ئێستا تێپەڕاندنی تەمەنە بـەو هـەموو مەراقـە گەورەیـەوە کـە هـەرگیز هـیچ ئومێدێکیشـی لێنابینم.

ئاوڕەنگ لە سەنتەری شار و لەو تونێڵە لە ترامەکە دابەزی، کە خۆی و ئاویاری برادەری ناویاننابوو "تونێڵی خەونە مەستەکان".. چونکە هەستی دەکرد دواکەوتووە، ڕایکرد.. تەنیا ئاوڕەنگ نەبوو کە بەو تونێڵەدا ڕایدەکرد، بەڵکو پیر و گەنج و ژن و پیا و و منداڵ و پەپوولە و پشیلە ڕەشەکان و سەگ و خاڵخاڵۆکە و هەموو شتەکان وەك یەك بەو تونێڵەدا ڕایاندەکرد.. هەر یەکەو بەلاییێکدا و چەند یەکێك بە یەك لادا.. کەسەکانی نێو ئەو تونێڵە تێکقژقژابوون، ئەوە یەکەمین جار نییە کە کەسەکانی نێو ئەو تونێڵە ئاگایان لە یەکتری نامینێ.. ئاوڕەنگ بەدەم ڕاکردنەوە گوتی: وێنەی گەورەی دنیا، لە وێنەی بچووکی ئەو تونێڵەدا چڕکراوەتەوە.. ژیان تەواو وەك ئەو تونێڵە وایە.

لەو تونێڵەدا کرێکار و قوتابی و عاشق و چاوچنۆك و ئەلکحولیکە و هەموو شتەکانی دیکەشی لێبوو، هەبوو پێدەکەنی، ئەویدی دەگریا، هەبوو دەیخواردەوە، لەناویشیاندا هەبوو بەڕۆژوو بوو، هەبوو لە ڕەزیلیی بە ترام هاتووچوونی دەکرد و هەشبوو پارەی پلیتی پێنەبوو، بە ڕەش دەچووە کار.. بە کورتی ئەو تونێڵە دنیا بوو.. ئاوڕەنگ سەر پەیژە ئەلکترۆنییەکە کەوت و نەختێ هێور بۆوە، بەلام هێشتایش هەنگاوی وەك غاردانی دەهاوێشت و گوتی: تەمەن لە غاردانی ئەو خەڵکە دەچێ، بەلام بەرەو مەرگ.

که ئاوڕەنگ لە تونێڵەکە دەرکەوت و هەمان غارە غار و ڕاکە ڕاکەی لە سەرزەویشدا دیت، لەبەر خۆیەوە گوتی: کێ نالێ سەرزەمین و تونێڵکە، وەك ژیان و مەرگ وان؟ خۆ ئەگەر مردن ئەو تونێڵە بێ، ئەو کات ئومێدی چیم هەبێ؟

ئاوڕەنگ تابلۆی ئاوابوونی خۆر و دارەبازە زەردەکەی کەوتەوە یاد، بەلأم لەو چرکەیەدا خۆری لێهەلأت، پەپوولەیێکی سپی دیت و پەڕەسێلکەکەی نێو گیانی دەستیکرد بە ژەنینی نەوا دلْخۆشکەرەکە و دەستیکرد بە چرپینی گۆرانییە ناسراوە مژدەهێنەرەکەی خۆی و لە شەقەی باڵیدا..

ئاوڕەنگ سەری سوڕمابوو، کە گوێی لە شەقە شەق و هەڵفڕ هەڵفڕی باڵندەکەی نێو گیانی خۆی بوو لەو بەیانیەدا.. لە خۆی پرسی: بەو بەرەبەیانیە دەبێ چ شتێکی نوێ ڕوویدابێ؟

بۆیە هێز و چالاکی چێژگە و تاوتینی زانینی نەزانراوەکان لە ڕۆحیدا زیادیکرد و خێراتر لە جاران بە نێو باوبۆران و تۆف و کەلۆاز و لێلأیی و تەمی ئەو بەرەبەیانە و تیشکی باڵی پەپوولە سپییەکە ڕایکرد و بە پۆشاکێکی سەرتاپا تەڕ و بە نەختێ لەرزین و ڕۆحێکی پرسیاردۆستەوە خۆی گەیاندە ناو گۆڵفەکە و بەیانی باشێکی کرد و داوای بووردنیشی کرد بۆ دوواکەوتنەکەی.

## 12

شوفێره یۆنانییەکە سولفی لێدا و بەڕێکەوتن.. بەرەو کوێ؟ بێگومان بەرەو ئەو شارەی کە ئاوڕەنگ ناوی نابوو، شاری مردنی شێنەیی.. دوای چەند چرکەیێ ئاوڕەنگ دەستی بە سەری خۆیدا هێنا و هەندێ بە نێو لەپەکانی ـ ئاو ـ ی ئاوێتە بە جەلی نێو پرچی سرپیەوە، پەپوولەیەکی سپی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا بینی پێدەکەنی، بۆنێکی خۆش سەرنجی ڕاکێشا.

زۆر هەوڵیدا، بەڵام نەیزانی بۆنی ئاگرە یا بۆنی هەتاو؟ نەیزانی ئایە ئەوە بۆنی ڕەنگەکانی نێو تابلۆییێکی نوێیە یا هەمدیس تابلۆ تەواوبووەکەیە هاتۆتەوە نێو ژیانی؟ کە ئاوڕی تەنیشتە خۆی دایەوە هەمان ئەو فریشتەیەی دیت کە دوێنێ بۆ یەکەمجار لە بەردەم کارگەی ئۆتۆ بۆ جاری یەکەم چاوی پێکەوتبوو.. ئایە ئەوە ئاڤژەن بوو کە لە تەنیشتی دانیشتبوو؟ هەمان ڕووخسار و هەمان بەژن و هەمان بڕژاگ و هەمان ڕەنگی چاو و هەمان جوانیی.. ئایە ئەوە ئاڤژەن بوو یاخود کۆپییێکی تەواوی ئەو؟ ئاوڕەنگ بە هەموو هێزیەوە عەتری قژی ئەو فریشتەیەی هەڵدەمژی، بەڵام هێشتا نەیدەزانی کە ئەو لە تەنیشت ئاگر یا هەتاو دانیشتووە؟

ئـاوڕەنگ ئـەو كچـە شـۆخ و شـەنگ و سـەنگین و ڕەنگینـەی لێدیاربوو لە تەنیشتە خۆی كە دوێنێ گەورەترین پرسیاری لە ناخیدا دروست كردبـوو، چـەند جارێ هەوڵیـدا، دەیویسـت بـە ئاڤـژەن بـانگی بكـا.. چـونكە ئـەو بـوو، بـەڵام ترپـە ترپـی دڵۆپەكانی باران كە لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەكەی دەدا سـەرنجی ڕاكێشـا و لـەو بیركردنـەوەی پچـڕاند و لەبـەر خۆیـەوە گـوتی: بەختـەوەریی ڕۆژێكـی تەمـەن كورتـە و لـە برووسـكە دەچـێ، بەدبەختیش شەوێكی درێژە و وەك مردن وایە.

بۆنێكی خۆش لە تەنیشتیەوە دەهات، وەك بۆنی هەڵاتنی خۆر وابـوو، تـاو نـا تـاوێ گـەوارە تـووڕە دەبـوو، دەیقرِانـد، دەتگـوت دەیەوێ خۆی لە تاریكیی و ئاوابوونی خۆر تورە بكا، برووسـك دەرِۆشـــنایەوە، شـــاعیرە بچـــووكەكەی نـــاوەوەی ئـــاوڕەنگ دەرِۆشـنایەوە، شـەقامە تەرِەكـە دەرِۆشـنایەوە، سـەمای فلْچـەی گۆڵفەكـــە و بـــزەی باڵندەكـــەی نێـــو گیـــانی ئـــاوڕەنگ ئەتمۆسـفێرەكەیان هێنـدەیتر خۆشـكردبوو، هێنـدەیتر ڕازاوە كردبوو..

ئـاوڕەنگ لـە دڵـەوە گـوتی: بەختـەوەریی وەهمـە، خەونـە.. بەدبەختییش حەقیقەت.

## 13

ئاوڕەنگ کتێبێکی گیرفانی دەرهێنا کە لە دەزگای " کتێب، ماڵی بەختەوەرییە " چاپ و بڵاوکرابۆوە، هەڵبژاردەیەك بوو لە شیعری شاعیرانی جیهان.. کتێبەکە پڕبوو لە شیعری ئەو شاعیرانەی کە لە چرکەساتی قەڵسیی و غەمگینییەکان و دەرکەوتنی تابلۆیە تەواوبووەکە، شیعر و ئیحساس و دڵنەواییان بۆ ئاوڕەنگ دەهۆنیەوە.. زۆربەی کاتەکان ئەو کتێبەی لابوو، ئەو کاتانە دەیخوێندەوە کە بەرەو کار دەچوو یا دەگەڕایەوە، لە کاتی سەرمەستی و لە کاتی دڵتەنگیدا دەیخوێندەوە، زۆر جار هەستی دەکرد کە ئەو خۆی بەشێکی لەو شیعرانە نووسیووە.. ناوەڕاستی کتێبەکەی کردەوە، بە ڕێککەوت شیعرێکی گوینتەر گراس بوو:

من بە ناخۆشحاڵیەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە

بەبەغایەکە وایگوت:

من بە ناخۆشحاڵیەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە

خودا بورهانە

کاهینەکە وایگوت و سواری پایسکلەکەی بوو و

بەناو بورهاندا تێپەڕی

حوبر گوناح هەڵدەگرێ
دادوەرەکە وایگوت و
ئیمزای کرد.

سەرم دێشێ
من وامگوت و
پێڵاوەکانم داکەند.

ئاوڕەنگ بە تەواوی هەڵوەستەی لەسەر کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە کرد، (من بە ناخۆشحاڵییەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە.. بەبەغایەکە وایگوت: من بە ناخۆشحاڵییەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە).
لە دڵەوە گوتی: ئەو بەبەغایە گەردوونە کە خۆی بە ناخۆشحاڵییەوە دووبارە دەکاتەوە، گەردوون شێوەیەکی بازنەیی هەیە، ئەو لە پێناوی گۆڕان جوولە ناکا، بەڵکو گەمەی خۆ دووبارەکردنەوە ئەنجام دەدا.. ئەو بەبەغایە منم کە خۆم بە ناخۆشحاڵییەوە دووبارە دەکەمەوە..
بیری کردەوە کە ئەویش ئەورۆ ئەو گەمەیەی خولخواردنەوە سازدەکا، بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی خۆی دەڕوا، هەمدیس لە دڵەوە گوتی: هەموو ڕۆژەکان کۆپیکراوی ئەویترن، زۆر

سەیرە هەموو ڕۆژەکان کۆپیکراوی ئەویترن!
ڕەنگە سرووشت یا خودا ئاوای دارشتبێ، کە پێویستە ئێمە هەمیشە تامی بەدبەختیی و گریان و ناخۆشییەکان بکەین، تاکو بەهای بەختەوەریی و پێکەنین و خۆشییەکان بزانین..
ئاوڕەنگ دیسان هەستیکرد کە پێدەچێ ئەوڕۆ نەختێ جیاتربێ لە ڕۆژانیتر، هەرنا بە ئومێد و تێهزرین لەو فریشتەیە کات دەگوزەرێنێ.. لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئومێد لە ژیاندا" وەك ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش وایە لە ڕۆمانێکدا، کە هەمیشە وات لێبکا دەست لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەڵنەگریت.
بێگومان دەبێ تەواوی ڕۆژ ئەو لێکچوونە بەراورد بکەم کە لە نێوانی ئاڤژەن و ئەو کچەی تەنیشتمدایە، ئایە ئەوە ئاڤژەنە کە لە تەنیشتم ڕۆنیشتووە؟ ئایە سەر لە نوێ لە دایکبۆتەوە؟
ئاوڕەنگ جارێکیدی لەو کچەی تەنیشتی ڕوانییەوە و لە دڵەوە گوتی: گەیشتن بە وەڵامی ئەو ئەو پرسیارانە و گەیشتن بە تۆ، ڕەنگە دەروازەی دنیاییێکی تەواو جیام بۆ ئاوەڵا بکا پەنجەی گەورەی دەستی چەپەی تەڕکرد و ئەو لاپەڕەی هەڵدایەوە،

**شیعرێکی ئێریش فرید بوو:**

**وەفا واتە:**

**پەیمانێکی شکاو**

**تاوانێکی بە پەیمانە.**

**بەڵام ناکرێ**

**پەیمانێکی نەشکاو**

**ببێتە**

**تاوانێکی بێ پەیمان.**

**ئـاوڕەنگ، ئاڤـژەنی بیرکەوتـەوە، چـیرۆکەکەی هاتـەوە یـاد و تابلۆی خۆرەکەی بیرکەوتەوە کە بێپـرس ئـاوا دەبـێ، نامەکـەی خـۆی کـاتێ پـەیمانی خۆشەویسـتییێکی تاهـەتایی پێـدابوو، خەرەندەکەی کەوتەوە یاد، لە فریشتەکەی تەك خۆی ڕوانـی و لە دڵەوە گوتی: ڕەنگە ڕۆژێ دابـێ منـیش ببم بـە پـەیمانێکی شکاوو تاوانێکی بە پەیمان.. ئای خودا چەند حەز دەکـەم بێـت و لەناو مندا خۆی عـاری بکـا، بـۆ ئـەوەی لـە هـەموو پـەنهان و نهێنییەکان تێبگەم.**

**چـل دەقیقـەی ڕێگـا بڕایـەوە، ئـاوڕەنگ هـەر خـەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بوو، کەسیان تەنانەت یـەك وشەشیان لەگەڵ یەکتر نەگۆڕیەوە، ئەو بابەتە جێگای سەرنجی**

ئـاوڕەنگ بـوو، جارێکیـان "ئاویـار"ی بـرادەری پێیگوتبـوو: سرووشتی ڕۆحی کرێکار ئاوایـە، لـە کـاتی چـوون بـۆ سـەر کـار هەمیشە لە بیرکردنەوەیـەکی قووڵدایـە، هەمیشـە وەك ئـەوەی (تـا)ی گرتبـێ لـە نـاوە خۆیـدا وڕێنـە دەکـا، وەك ئـەوەی شێرپەنجەی گرتبێ هەمیشە لە ترس و گوماندا هەڵدەکا، وەك ئـەوەی بووبێتـە ئـامێرێکی ئاسنین هەمیشـە خـۆی دووبـارە و ملیۆن بارە دەکاتـەوە، بیر لـە بـە خـۆڕایی تێپـەڕینی زەمـەن و تەمـەن دەکاتـەوە، مـن لێـرەدا بـە تایبـەتی ئـەو کرێکارانـەم مەبەستە کە توانستی بیرکردنەوەیان هەیە.

ئـاوڕەنگ بـەدەم ڕێگـاوە خـۆی بـە بـۆن و بەرامـەی قـژی ئـەو کوکوختیەی تەنیشتی مەست کردبوو، کـە نەشـیدەزانی بـۆنی ئـاگرە یـا بـۆنی هـەتاو، یـاخود بـۆنی ئومێـدێکی کـاتی کـە لـە چرکەسـاتێکدا تەسـلیمی دەسـتی بێئومێـدی دەبـێ؟ گـوێی بـۆ ترپـە ترپـی دڵۆپـەکانی بـاران ڕادێرابـوو، بـۆ هەمیشـەیش شیعرەکان مەستتر و مەستتریان دەکـرد.. لـەو کاتـەدا بـیری بـۆ شکاندنی پەیمان و تاوانی بە پەیمان چوو لەگـەڵ ئاڤـژەن و لـە دڵـەوە گـوتی: بـەڵام خۆشەویستی یەکـەم لـە ژیانـدا وەك ئـەو پارچە خاکە وایە کە مرۆڤ تێیدا لە دایك دەبێ.

تاو نا تاوێ بە تیغی چاوانی لـە کچـەکەی تەنیشـتی دەڕوانـی و بـە پەڕەسێلکەکەی نێـو گیـانی خـۆی دەگـوت: ـ بـا ـ ی مـەراق خەریکە ساباتی سەبرم وێران دەکا.. تەماشا من چەند مەستم

بە ڕەنگی چاو و عەتری پرچی؟ بەڵام نازانم بۆنی ئاگرە یا ڕەنگی هەتاو؟ یاخود تامی ئومێدێکە کە هەرگیز زمانم ناتوانێ چێژی لێبکا؟

چل دەقەی ڕێگا بە بێدەنگیی بڕایەوە، لەبەردەم کارگەی ئۆتۆ دابەزین، وەکو ئەوەی فەرزبێ، بە ڕیز چوون یەکا و یەك قاوەیان لە ئەوتۆماتیکەکە دەرهێنا و هەر کەسە و بە کزی و مەلوولی بەرەو شوێنی دیاری کراوی کارکردنیان بەڕێکەوتن.

# 14

**فریشتە سەنگین و نەرم و قەشەنگەکە دەتگوت شەرابفرۆشە کاتێ کە بە گلێنە کەسکەکانی لە ئاوڕەنگی دەڕوانی، تاو نا تاوێ بزەی دەکرد، خۆشی نەیدەزانی بۆچی نیگاکانی هێندە بە دوای ئاوڕەنگدا دەگەڕان..**

**تاوێ بە سەرسامی ڕاما و لە دڵەوە گوتی: گومانم نییە لە ناسینی ئەو کوڕە، بەڵام وەك خەونێك دێتەوە یادم.. ئایە ئەو چڵی زەیتوونە؟ یا کراسێکی خوێنین؟ پەیامی چی بۆ هێناوم؟ کووشتنی ڕووناکیی لە ڕۆحدا؟ یاخود دۆزینەوەی وشکانی لە لافاودا؟ پێدەچێ تۆ بەشێکی گرینگی بیۆگرافیای منت لابێ، دەڵێی تۆ ڕابردوویێکی لەمێژینەی و هاتووی چارەنووسی ئێستا و ئایندەم بۆ داڕێژی، دە ئاوڕدەوە و لێم بڕوانە بزانم تۆ کێیت و لە کوێدا تۆم بینیوە؟**

**وزە و هێزی زەینی خۆی لەسەر ئاوڕەنگدا چەقبەست کرد، زۆری نەخایەند کە هزر و هەستی ئاوڕەنگ، ئاوڕەنگیان ئاگادار کردەوە، لە گلێنە سەوزەکانی ئەو کچەی ڕوانی کە کۆپییێکی ئاڤرەن بوو.. تاوێ لەنێو دیالۆگێکی چاویدا مات دامان و لە یەك کاتدا بزەیەکی سیحراویان "بەڵام پڕ لە پەژارە و مەراقی لێکدووری "بۆ یەك کرد.. کە دەکرێ ئێرە بکەین بە سەرەتای**

ئەو چیرۆکە..
بە فەرمانێك کە لە نائاگاییەوە دێ، تیشکی گلێنەکانیان لەسەر گلێنـــەکانی یەکتریـــدا لادا و هـــەر یەکـــەیان لـــە ئاراســـتەیەکی جیاتری ڕوانـی.. ئـاوڕەنگ ئاڤـژەنی کەوتـەوە یـاد، تـابلۆ تـەواو بووەکەی کەوتەوە یاد، وایهەست کرد ئێرە سەرەتای کۆتاییـە و دەستپێکی سەرەتاییێکە، کە هەرگیز چاوەڕوانیی نەدەکرد.
کچـە قەشـەنگەکە، بـەدەم کارکردنـەوە لەبـەر خۆیـەوە گـوتی: ڕەنگـە تێکگەیشـتن لـە مرۆڤـی بەرامبـەرت کـارێکی هێنـدە ئەسـتەم و سـەخت و دژوار نـەبێ کـاتێ کـە مـرۆڤ لـە خـۆی گەیشتبێ.
ئـــاوڕەنگ بـــیری لـــە ئـــاوابوونی خۆرەکـــە دەکـــردەوە، پشـــیلە ڕەشـــەکەی هاتـــەوە یـــاد، ئاڤـــژەنی کەوتـــەوە یـــاد کـــاتێ لـــە خەرەندەکە هاوار دەکا و دەنگەکـە بـەرەو خـۆی دەگەڕێتـەوە، ئـاوڕەنگ پێیوابـوو هـەردەبێ ڕۆژێ بـێ ببێتـە تـاوانێکی بـە پـەیمان و پـەیمانێکی شکاو، لـە دڵـەوە گـوتی: نـاوەڕۆکی مـرۆڤ نـاگۆڕێ، مـرۆڤ لەوەتـەی هەیـە و هـەتا دنیـا دنیـاش بـێ، هـەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
کچەکە بە تیغی چاوانی لە ئاوڕەنگی ڕوانیەوە و بە نەرمییەوە لـە دڵـەوە گـوتی: خۆشەویسـتی وەك ـ بـا ـ وایـە کـەس نـازانێ بۆچی هەڵدەکا؟ بەرەو کوێ دەڕوا و لە کوێ دادەمرکێتەوە؟
ئـــاوڕەنگ لـــە کچـــەکەی ڕوانـــی و بـــە بزەییێکـــەوە بـــە ژنـــە

یۆنانییەکەی هاوکاری گوت: ڕەنگە هەموو شتەکانی کە لە دنیادا ڕوو دەدەن بە هۆکارەوە پەیوەست بن، بەڵام پرسیاری ئاوەڵا لێرەدا ئەوەیە هۆکارەکان بە چییەوە پەیوەستن؟ بۆچی هۆکارەکان درووست دەبن؟ چ شتێ هەیە حوکم دەکا، هۆکار لە پێناوی ئاکام بخولقێ؟

ژنە یۆنانییەکە کە سۆزێکی ئاگرین و دایکانە لە ڕۆحیدا هەڵگیرسابوو، لە ئاوڕەنگی ڕوانی گوتی: چارەنووس کوڕم چارەنووس.

# 15

_چـارەنووس چـییە؟ باوەڕهێنـان بـە چـارەنووس چـییە؟ ئاوڕەنگ ئەو پرسیارانەی لە خۆی کرد..

هەنـدێ دەڵـێن خـۆ لـە خـۆ شـێواندنە، هەسـتکردنە بـە بێدەسەڵاتی، بێئومێدییە، نـەتوانینی خەباتکردنـە لـە پێنـاوی بەدەسـتهێنانی خەونـەکان، خورافیاتـە، بێعەقڵییـە، جاڕدان و بانگەشـتەکردنی دۆڕانـە، تەسـلیمبوونە.. تـاد، بـەڵام نـا، مـن پێموایە چارەنووس و باوەڕکردن بە چارەنووس بڕیارێکە لـە سـەرووی شـوێنزەمەنەوە دەردەچـێ و بـۆ مرۆڤـی بێدەسـەڵات نییـە و ناشـتوانێ ڕەتـی بکاتـەوە، ئەگـەر وانیـە بۆچـی ئێمـە ناتوانین بەو شێوەیە بژین کە دەمانەوێ؟ هـەموو زەمـین تـەی بکە و بەراوردی مرۆڤەکان بکـە، ڕێـژەی ئـەو مرۆڤانـە چـەندە کە چۆنیان دەوێ وا بژین بەو شـێوەیە دەژیـن؟ ڕێژەیـەکی زۆر زۆر بچووکی مرۆڤـی بەختـەوەر هەیـە لـەو سـەرزەمینەدا، کـە ئەوانیش چارەنووس پێیداون نەك خۆیان درووستیان کردبـێ، چونکە بەختەوەری مرۆڤ و ژیانێکی خۆش هیچ پەیوەندییێکی بـە عەقڵـەوە نییـە، عـەقڵ لـە دەرەوەی گەمـەی دۆزینـەوەی بەختەوەریدایە ، تۆ کاتێ ئەو ڕسـتانەی مـن دەخوێنیتـەوە لـە خـۆت بپرسـە، ئایـە مـن بەختـەوەرم لـەو تەمەنـە؟ بێگومـان

پێناچێ بەختەوەر بیت لەبەر هەزاران هۆکار، پێش هەموو هۆکارەکان ئەو نادادوەریەیە کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی داگیرکردووە، (ئێستا) وەکو زەمەن لەناو ئێمەدا دەژیێ، ئێمەیش لە ئێستادا هەموو کارەساتەکان دەبینین کە لە دنیادا روو دەدەن، گومانم نییە کە داهاتووشدا باشتر نابێ لەوەی ئێستا، بۆیە من باوەڕم بەوە هەیە دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە دێتە سەر ڕێگامان.

لەبەر چیبوو کە کەسەکان هەمیشە شوێنێکی گرینگی دڵی خۆیان دەدایە ئاوڕەنگ؟ لەبەر ئەوە بوو کە لەیەکەمین چرکەساتدا کەسەکانی بەرامبەری هەستیان بەوە دەکرد کە ئاوڕەنگ لە ناوەڕۆکی حەقیقەتەکان نزیك دەکەوێتەوە؟ یا لەبەر ئەوە بوو کە باوەڕی بە ئازادیی باوەڕەکان بوو؟ باوەکو لەگەڵ باوەڕی ئەویشدا یەکانگیر نەبووایە.. یاخود هەر کەسێ کە دەیدی دەیزانی (جوانیی) خۆشدەوێ و خۆشی بەشێکی لە جوانیی دەرەوە و جوانییەکانی ناوەوە بەرکەوتبوو؟

ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە و گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرینگ نەبێ لە لایێك و لە لایێکیتریش بمانگەیەنێتە بنبەست..!

جارێ ئاویاری برادەری پێیگوتبوو: تۆ زۆر بە قووڵی هەست بە ئازاری مرۆڤەکان و تێپەڕینی زەمەن و پیربوون و لەناچوونی مرۆڤ و لێبووردن و شەڕ و ئاشتیی و خۆشەویستیی دەکەی،

بۆیە دڵت بۆتە کانییێکی سازگار لە بیابانی وجوددا، بۆ هەموو کەسێ، هەموو کاروانچییێك ڕێگا ئاوەڵایە کە لێیبخواتەوە.
لە شەوێکی هاوینیدا کە ئاویار و ئاوڕەنگ بە تەنیا لە شەقامێکی چۆلدا پیاسەیان دەکرد، ئاوڕەنگ بەدەم تەماشاکردنی ئەستێرەکانەوە گوتی: تەنیا میهرەبانی و خۆشەویستییە کە مرۆڤ لە بەختەوەریی نزیك دەکاتەوە، مەبەستم لە بەختەوەریی ئەو گۆرانییە تەمەن کورتەیە کە دێت و دەبێتە ڕابردوو.. چونکە بەختەوەریی ئەزەلی و بەدبەختیی ئەزەلی دوو وشەن بوونیان نییە! لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتەی کە من ڕووخۆشیی و میهرەبانیی و عەشق و بەخشندەیی بەرامبەر کەسانیدی دەنوێنم، مانای ئەوە نییە کە ئەوە وێنەی ڕاستەقینەی خۆمە، بەڵکو وێنەی ڕاستەقینەی من ئەوەیە کە لە ناوەخۆمدا هەمە، من تەنیا لە ناوە خۆمدا و تەنیا لەگەڵ خۆمدا دەگەمە نزیك کەنارەکانی بەختەوەریی.
ئاوڕەنگ بەردەوامبوو، بەڵام ئەوجارەیان بە دەنگێکی بەرز و هاوارەوە پرسی: ئاویاری برام، دەتوانی پێمبڵێی بۆچی من هێندە نامۆ و گۆشەگیرم لە ناخی خۆمدا؟
ئاویاری گوتی: کێشەی گەورەی مرۆڤەکان کێشە ناوەکیەکانە، نەك دەرەکیەکان، مرۆڤ کاتێ لەناوەخۆیدا گەیشتە ڕاستییێك کە "مرۆڤەکان کاتین" و هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەین و بەشداری تێدا دەکەین تەنیا لە گەمەیەك دەچێ و چیتر نا،

ئیدی مرۆڤەکان بەرەو ڕەشبینییێکی هێندە تاریك دەچن کە بە هـیچ شـێوەیەك ڕوونـاکیی نێـو شـتە دەرەکییـەکان نـاتوانێ ڕۆشەنی بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا  ئاوڕەنگ زوو زوو ئاوێتـەی مرۆڤـەکان دەبـوو، لەگـەڵ کەسـەکاندا هارمۆنیـەت و تێکـەڵییێکی عەشـقئامێزی دەخولقانـد.. جارێکیـان ڕۆماننووسـێك پێـی گوتبـوو: بـرای ئـازیزم، ئـاوڕەنگی خۆشەویسـت، تـۆ ڕۆشـنایی و تیشـکی میهرەبانییـەکانی خـودات تێدایـە، هەوڵـدە ئـەو ئەفسـوون و سـیحرو بەهرەیـە بپـارێزە.. لـە مـاوەی کـارکردنی لـە کارگـەی ئۆتۆدا، لەگەڵ قـەیرەژنێکی نـەختێ ورگنـی کورتـە بـاڵای پـرچ کـایی ببـووە دۆسـتی نزیـك، بـە گۆلفەکـەی ئـەو هاتووچـوونی سـەرکاری دەکـرد، ئـەو قـەیرە ژنـە نـاوی "کریسـتینا" بـوو، بێگومـان بـە بـێ هـۆ نـەبوو کـە ئـاوا عاشـقی یـەکتری ببـوون، زۆربـەی کاتـەکان باسـی فەیلەسـوفە گریکیـەکانیان دەکـرد و زیاتریش هەڵوەستەیان لەسەر ئـەپیکۆر دەکـرد و زۆر جاریش لـە ڕۆمانـەکانی نیکـۆس کـازانتزاکیس دەدوان بـە تایبـەتی لـە ڕۆمـــانی "زۆربـــا" چـــونکە لای هـــەردووکیان خولقانـــدنی کەسـایەتی زۆربـا بـەو هـەموو نامەئلوفیەتـەوە گـەورەترین کارێکی ئێستەتیکیە کە کازانتزاکیس هێناویەتە ئافەریدە..

گـەر ڕۆژێ ئـاوڕەنگ نەهاتبایـە کـار، بـۆ ڕۆژی دواتـر ئـەو قەیرەیە چەند ماچێکی تووند توندی لێدەکردو دەیگوت: ئەو

دنیایە بە شێوەیەکی نارێك و پێك خولقاوە! بۆچی نەدەبوو تۆ کوڕی من بووایت؟

کریستینا کە ئاوڕەنگی دیت، دەیەوێ بە وزە و هێزی زەینی، سەرنجی ئەو کچە ڕەشپۆش و چاو سەوزە بۆ لای خۆی بە کێش بکا، گوتی: کوڕە خۆشەویستەکەی خۆم، لە یەکەمین دیداری تۆوە زانیم کە تۆ خەڵکی جیهانی خودایت، هەموو ئەو مرۆڤانەیش کە زادەی جیهانی خودا و ڕۆحی گەردوونن، عاشق و شێتی جوانین.. ئەوان کاتێ جوانی دەبینن عەقڵی خۆیان لە دەست دەدەن، ئیدی نە عەقڵ و نە سنوور و نە عورف و نە شەرم و هیچیتر بوونی نامینێ، لەوە دەچێ جوانیی ئەو کچە ڕووسەش عەقڵی تۆی ڕفاندبێ، من دەزانم تۆ لە بەرامبەر جوانییدا پیاوێکی بێعەقڵی، هەموو شتەکانت دەدەیتە دەستی دڵ و ڕۆحت.. تۆ شێتی لە بەرامبەر جوانییدا، هۆشت لە دەست دەدیت و سەرخۆش دەبیت، چونکە هەمیشە بە دڵ و سۆز و هەست خۆشەویستی دەکەی نەك بە عەقڵ!

ئاوڕەنگ ئاخێکی پڕ بە سییەکانی هەڵکێشا و لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگ نەبوو، گوتی: هاولاتیبوون لەناو ڕۆحی گەردوون و جیهانی خودا فۆرمی هەیە، فۆرمێکی خۆڕسك، زگماکە، ئەوەی هاولاتی ماڵی خودا نەبێ و تیشکی میهرەبانییەکانی ڕۆحی ئەوی بەرنەکەوتبێ، هەرگیز ناتوانێ بە دڵ عاشقی جوانییێکی پڕ لە سەفابێ.. من باوەڕم وایە ئەو کچە نێردراوێکی جیهانی

خودا و ڕۆحی گەردوون بێ، ڕەنگە بۆ ئەوە هاتبێ فێری ئەوەم بکا بە دوای دۆزینەوەی خۆمدا بگەڕێم لە سەرزەمیندا..

کریستینا دەیزانی قسەکانی ئاوڕەنگ لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە بە بزەیەکەوە گوتی: گیانی من، کوڕە خۆشەویستەکەی خۆم، گەر حەز بکەیت من دەتوانم ببم بە کۆترێك و نامە سەفادۆستەکەی دڵی تۆ بگەینمە دڵی ئەو فریشتەیە؟

ئاوڕەنگ گوتی: من باوەڕم وایە دڵی ئێمە ناتوانێ چارەنووس بگۆڕێ، چارەنووس دەستووری خودایە لە سەرزەمین، بۆیە با ڕێگا بدەین و بزانین چارەنووس چی بۆ تۆمارکردووین!؟

کریستینا گوتی: بێگومان بڕیار لە دەستی چارەنووسدایە، بەلاّم هەمیشە ئافەریدەکردنی ئێستەتیتك پەیوەندی بە پێکگەیشتنەوە هەیە، مەبەستمە بلّێم ئەو مرۆڤانەی کە تێك دەگەن، ئەو مرۆڤانەی کە دەتوانن پێك لە ڕۆحی یەکتریدا هەلّدەن، ئەوان ئەو مرۆڤانەن کە دەتوانن نزیك بنەوە لە کەنارەکانی بەختەوەریی.

# 16

ئێوارەی ڕۆژی دووەم.

کرێکارەکانی کارگەی ئۆتۆ بە ڕیز کارتی تۆمارکردنی دەست هەڵگرتنیان لە کار بە هێڵە باریکەکەی نێو ئەوتۆماتیکەکەدا خشاند.. چوار کرێکارەکەی کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران سواری گۆلفەکە بوون و بەڕێکەوتن.
هەور و باران وەکو بەیانی هێندە بە چڕی و هێندە بە خەستی ئاسمانیان داگیرنەکردبوو، پەڵە پەڵەی هەوری سپی و پاك ئێرە و ئەوێی ئاسمانیان نەخشاندبوو، ئاسمان هەر لە تابلۆییێك دەچوو کە خودا بۆ تەئەمولاتی خۆی دروستی کردبێ.. تاو نا تاوێ تیشکی خۆر بە تیژی پەلاماری ئەو خانووە قرمیت قاوەیی و سوور و نارنجیانەی دەدا، تابلۆ گەورەکەی سرووشت هێندەیتر جوانی دەبەخشی.
ئاوڕەنگ بەدەم هەڵمژینی بۆن و بەرامەی قژی فریشتەکەی تەنیشتی کە نەیدەزانی بۆنی ئاگرە یا بۆنی هەتاو، یاخود بۆنی ئومێدێکە لە خەونی برووسکە ئاسا؟ ئاڤژەنی بیرکەوتەوە، چیرۆکە تەواوبووەکەی هاتەوە یاد، تابلۆ کامڵبووەکەی کەوتەوە یاد و لەبەرە خۆیەوە گوتی: ئەگەر مەزنترین بەختەوەری گۆڕینی فرمێسکی کەسانیتر بێ بۆ بزە

و خەنـــدە و قاقــا، ئـــەوا مـــن هەمیشـــە بەدبـــەختم، چـــونکە نەمتوانی ئاوابوونی خۆرەکە بوەستێنم! نـەمتوانی ڕەنگـەکانی نێو تابلۆکە بگۆڕم کە گـۆڕینی بـە مـن سـپێردرابوو! ئایـە مـن دەمتوانی چارەنووسـی چیرۆك و تـابلۆیێ بگـۆڕم کـە گـۆڕین و نـــەگۆڕینی بـــە مـــن ســـپێردرابوو؟ بـــەڵام مـــن چـــیم پێـــدەکرا ئەنجامیـــدەم؟ مـــن لـــە دنیـــایێ بـــووم کـــە تێیـــدا هەســـتەکان و عەقڵەکانیشمان ئاوێتە بکردبووایە، هێشـتا ئـارەزوییێکی پـڕ لـە نەزانین تەوژمی دەهێنا و بەسەرماندا زاڵ بوو.

ئـاوڕەنگ تـاو نـا تـاوێ بـە ڕامـان و ڕوانینێکـی قووڵـەوە لـە کچەکەی تەنیشتی دەڕوانی، بـیری لـە نەهامـەتی و وەیشـومە و قـــەیران و خـــەم و خـــەون و خەفەتـــەکانی نـــاوەوەی خـــۆی دەکردەوە و پێیوابوو ئازارەکانی ڕۆح ئەگەر پڕ ژانتر نەبن لە ئازارەکانی جەستە ئەوا بێگومان هاوئاستن.. لە ناخەوە بۆ ئەو چرکەساتە فرمێسکی هەڵوەراند کە ئەوی تێـدا لـە دایکبـووە و بە ڕۆژێکی شوومی مێژووی لە قەڵەم دەدا..

لەبـــەر خۆیـــەوە گـــوتی: ئەگـــەر بـــە هـــەموو بڕیارەکـــانی چارەنووسیش ڕازیبم، ئەوا هەرگیز ناتوانم بـەو قـەدەرە بـاوەڕ بێنم کە مـن بـۆ کرێکاری خولقـابم.. نـەخێر مـن هـەرگیز بـۆ ئەوە دەستەو ئەژنۆ و بێدەنگ نابم کـە تەمـەنی کورتی خـۆم، "ئـــەو تەمەنـــەی کـــە کـــەس نـــازانێ وەهمـــە یـــاخود شـــتێکی سـەیرتر" بدەمـە دەسـتی ئـامێرە ئاسـنینەکان و ڕۆح لـە نێـو

بۆتەیەكدا هەڵكێشم كە تەنیا خەم و ژان و ئازارە ناكۆتاكان بەرهەمدەهێنێ، نەخێر هەرگیز ناشێ و نابێ بەو قەدەرە ڕازیبم كە تا ئەبەد مرۆڤێكی ئاسنین بم و نائومێدی و مەرگ بچێژم.

جارێك ئاویاری برادەری لەبەردەم دەروازەی دیسكۆتێكەكە پێی گوتبوو: نابێ مرۆڤەكان ڕێگا بە خۆیان بدەن بیر لە گۆڕینی چارەنووسە باشەكانیان بكەنەوە، پێم وانییە كەسێكیش هەبێ بیری لێبكاتەوە، بەڵام "باشە" وەكو وشەیەك هەمیشە لە گۆڕاندایە، لە منەوە بۆ تۆ، لە تۆوە بۆ یەكێكیتر، هەمیشە گۆڕدراوە و پێناسەی جیا جیای بۆ دەكرێ، ئێستا لە خۆت بڕوانە، دەزانی خودا تۆی وا درووست كردیە كە عاشقی جوانیی بیت، جوانیی ژن، جوانیی مرۆڤەكان، جوانیی بەردەكان، جوانیی ئاو، جوانیی ئەو كاتەی كە خۆر هەڵدێ، جوانیی ئەو درەختانەی كە گۆرانی بۆ سرووشت دەڵێن، جوانیی هەموو جوانییەكان بەبێ جیاوازی، بیر لەوە مەكەرەوە كە تەنیا جوانییەكانی تابلۆ تەواوبووەكە و چیرۆكە كۆتایی هاتووەكە جوانیی ڕەهان و ئیدی پێویست نەبێ چێژ لە جوانییەكانی دیكە بكەیت، بۆیە هەوڵدانت بۆ گۆڕینی چارەنووسی نووسراوت كە دەبێ لەززەت لە هەموو جوانییەكان بكەیت كارەساتێكە و تووشی هەردوو جۆر لە ژانت دەكا، ژانی ڕۆح و ژانی جەستە ! بیركردنەوەت لەوەی كە

نابێ تا سەر هەر کرێکار بیت، لۆژیکە، لێرەوە ڕۆڵی عەقڵ دەست پێدەکا، هەوڵدانت بۆ گۆڕینی چارەنووسی خراپ دەبێ لە دەستی خۆت دابێ، بۆیە من پێم وایە کە چارەنووس و گۆڕینی چارەنووسی نووسراوی مرۆڤەکان لە دەستی خودی مرۆڤەکاندایە، نەك هێزێك لەودیو ئیرادە و هێزی مرۆڤەکان.

ئاوڕەنگ هەر لەو دیمەنانەی دەڕوانی کە بە خێرایی بەبەر چاوەکانیدا تێپەڕ دەبوون، ژیانی خۆی هاتە بەر چاو کە ئاوا تێپەڕ دەبێ، لە دڵەوە کەوتە قسەکردن و گوتی: ئاوی سوێر و شیرین بە تەیەکدا تێپەڕ دەبن و تێکەڵ نابن.. من و کرێکاریش ئاواین.

- دوو هێڵی تەریب بە تەك یەکدا دەڕۆن و لەگەڵ یەکتری تێکەڵ نابن، من و ژیانیش ئاواین.

- بۆچی ناتوانم وەك باڵندەیەك، وەك کوکوختییێك، لە هەموو شوێنێکدا با کاتێکی کورتیش بێ هێلانەیەك چێبکەم؟

- ترسێنەرترین و ئەرژەنگترین حاڵەتێك لای مرۆڤەکان لەو گەردوونەدا ئەوەیە نەتوانن هارمۆنیەتێك لەگەڵ ئەو کارە درووست کەن کە دەیکەن جا لەبەر هەر هۆییێك بێ.

- ئەگەر نەتوانین چێژ لە کارەکانمان وەرگرین، هەمیشە ڕووبەڕووی ئازار و ژان دەبینەوە.

دەبێ چیم بەسەر هاتبێ؟ خۆ ناتوانم چێژ لە جوانییەکانی جوانییش وەرگرم، ئایە نەگونجان لەگەڵ کاردا تا ئەو ئاستە

کاریگەرە؟

لەوەتەی تابلۆکەم بە تەواوبوویی دیت، لەوەتەی چیرۆکەکە کۆتایی پێ هاتووە و بە زۆر لە نێو ئەو درەختەیان ئاخنیووم، هەمیشە لە برانەوەیەکی بەردەوامدام.

ئاورەنگ شەوێکی تاریکی بیرکەوتەوە کە لە پەنجەرەی ژوورەکەیدا وەستابوو، ئەو کاتە پیاوێکی بە سالاچووی قەمبووری لێهاتە پێش، فانۆسێکی بە دەستەوەبوو، بێئەوەی لە ئاورەنگ بڕوانێ گوتی: نەك هەر بە تەنیا مرۆڤی میهرەبان و عاشق، بەڵکو هەموو ئەو ڕاشیونالیزمانەیش کە هەندێ ڕۆحیان تێدایە، بە دڵەوە لەززەت لە جوانیی دەکەن، لە سەرووی ئەوانیش شتێك هەیە پێیدەڵێن: "خودا " ئەویش لەبەرامبەر جوانیید سەری سوڕ دەمێنێ.. کوڕی خۆم تۆ بەشێکت لەوە بەرکەوتوو، هەمیشە ئاسمان لێت دەڕوانێ، دەبێ ئەوە بزانی کە بەهرەکان دابەشکراون، هەر کەسەو بەشی خۆی بەردەکەوێ، تۆ دەبێ زیاتر لە خۆت وردبیتەوە، کاری تۆ لەو ژیانە بە تەنیا بەخشینی جوانییە، پێویستە تۆ لەناو جوانییدا بژیت و لەناو جوانییشدا بمریت، ئەگەرچی لە کۆتایدا جوانییش موڵکی کەس نییە.. چونکە ڕۆژێ دادێ گوڵەکان پیردەبن، سیماکان دەژاکێن، مامزەکان لە بازرەقە و ڕاکردن دەکەون، شەقامەکان کۆتاییان پێدێ و ئێمەیش بە سەرسوڕماوییەوە بەرەو خاڵێکی زانراو هەنگاو دەنێین..

جوانییش ئەبەدی نییە، چونکە ڕۆژێ دادێ ئەگەر بمێینین و نەمرین ناوێرین لە تابلۆی ڕاستەقینەی خۆمان بڕوانین، لە کۆتاییەکاندا ئێمە دەبینە دنیایێ ئەتۆمی بچووك بچووك و بە گەردووندا پەرش و پەخشان و بلاّودەبینەوە.

پیرەمێردەکە ئەو قسانەی خۆی کرد و ونبوو، ئێستایش ئاوڕەنگ نەیزانی کێیە و بۆچی دەیەوێ ئەو قسانەی بۆ بکا..

ئاوڕەنگ دەرەزێکی خستە فەزا و زەمینی بیرکردنەوە و بیرەوەریەکانی، نیگاکانی لەسەر کەڤالّە سرووشتییەکە لادا و ئاراستەی گلێنەکانی وەرگێڕایە سەر ئەو جانتایەی کە بتلّێکی ڤالای فانتا و سەندەویجێکی نیوە خوراو و دوو کتێبی تێدابوو.. هەلّبژاردە شیعریەکەی دانایەوە نێو جەنتاکە و ئەو کتێبەشی دەرهێنا کە ڕۆمانێکی (ریچارد باخ) بوو، کەوتە خوێندنەوەی ئەو پەرەگرافە (ناگەمە مراد، من نەورەسێکم و هیچیدی، سرووشتم توانامی دیاریکردووە، گەر قەرار بووایە فێری فڕینی زیاتر بوومایە، دەبووایە مێشکم بە جۆرێکی هۆشیارانەتر بخولقابووایە، گەر پێویستم بە تیژ فڕین بووایە دەبووایە بالّەکانم وەکو بالّی باز کورت بوونایە و شکارچی مشکان بوومایە نەك هی ماسی..) لە پڕ دەنگێکی مۆسیقی نەرم کە هیچ ئینسترومێنتێك لە هەموو شێوێنزەمەنەکاندا نەیتوانیوەو ناشتوانێ لاسایی بکاتەوە، ئاوڕەنگی لە خوێندنەوە داپچڕاند: بەڕێزت چۆن دەتوانێ ئەو هەموو هێلّە تێکەلّ و

پێکەلأنە بخوێنیتەوە کە لەبەر چاوانی مندا هەر لە زەخرەفە و گەمەیەکی هێلکاری دەچن، ئایا هیچ واتایەك هەیە لە پشت ئەو شکلانەدا؟ ئایە ئەوەیان نووسینی عەرەبییە؟
ئاوڕەنگ بێ ئەوەی بواری بیرکردنەوە بە خۆی بدا، گوتی: نەخێر کوردییە.
-باسی چی دەکا؟
ئاوڕەنگ تاوێ بیری کردەوە و گوتی: ڕۆمانێکی "پاولۆ کۆیلۆیە"یە، باس لە کوڕو کچێك دەکا، دەیانەوێ بە یەك بگەن، چونکە وا هەست دەکەن لە مێژە یەکتر دەناسن، بەلأم لەبەر هەندێ ڕیسای سەر عەرد کە پەیوەستە بە باری دەروونی و شەرم و ...هتد پەیام و پەیمانی چارەنووس و خودا دەشکێنن و هێشتا بە یەك نەگەیشتوون، جارێ لە نیوەی ڕۆمانەکەم، نازانم دواتر چی بەسەر دێ..
کچەکە چەند جارێك برژانگە ڕەش و درێژەکانی لەسەر گلێنە کەسکەکانی لێکداو بە نەرمییەوە بزەیەکی کرد، دەیزانی کە هەر پیاوێك بەرامبەر ئەو دوو حەرەکەیە هەراسان و عاشق دەکا.. لەو چرکەیەدا هاتەوە بیری کە هەموو جارێك دایکی پێیدەگوت: بڕوا ناکەم هیچ چاو و برژانگێکی ئاوا جوان لە مێژوودا هەبووبێ و لە ئایندەشدا دروست بێتەوە، بەلأم داخم بۆ ئەو ڕۆژەی کە کزدەبن و لە کۆتاییدا ڕەنگە توانای بینینیشیان نەمێنێ.

ئاوڕەنگ برژانگ و چاوەکانی ئاڤژەنی هاتەوە یاد کە هەمان چاوو برژانگ بوون، لە دڵەوە گوتی: من باوەڕم نەبوو کە ئاڤژەنێکی دیکە هەبێ لەو گەردوونە.

کچەکە هەمیس بۆ جاری چەندەم و بە ئانقەست برژانگە ڕەش و درێژەکانی بەسەر گلێنە سەوزەکانی دادایەوەو دوای کەمێ بیرکردنەوە گوتی: پاولۆ کۆیلۆ؟ زەردە خەنەیەکی کرد و نا.. نا، باوەڕ ناکەم، چونکە من ئاشقێکی نووسینەکانی ئەوم، هەموو بەرهەمەکانی ئەوم خوێندۆتەوە.. لە گلێنەکانی ئاوڕەنگ وردبۆوە، زەردەخەنەیەکی قووڵ لە ناخیدا چرۆی کردو لە فێڵی ئەهریمەنانەی ئاوڕەنگ تێگەیشت، بە چاوەکانی هەندێ سەیریتری کرد و بەردەوامبوو: بەڕێزت دەمێکە لێرە دەژی؟ دەڵێی تۆم لە شوێنێك بینیوە؟

ئاوڕەنگ: بەڵێ.. بەدوای تۆدا هاتووم، ئەی بەڕێزت چەندێکە لێرەی؟

- چەند مانگێك دەبێ.

- ئەی چۆنە بە زمانێکی ئاوا باش قسە دەکەی؟

- زمانم باش نییە، ئەوەش کە دەیزانم لە قوتابخانەدا فێری بووم لە رووسیا، لێرەش هەر خەریکی خوێندنم و بۆ خوێندن هاتووم.

ئاوڕەنگ بە بێباکییەکی ئێستەتیکی و بەتیغی چاوانی لە کچەکەی ڕوانی و گوتی: چی دەخوێنی؟

کچەکە بە خۆشحاڵییەکی زیاتر لە جاران: زانستە سیاسییەکان

ئاوڕەنگ نەختێ برۆکانی بۆ یەك هێنایەوە و بە شیرینییێکەوە پرسی: یەکەمین ساڵتە؟

کچەکە: نەخێر.. خەریکی نووسینی تێزی دکتۆرام لە بارەی "ڕۆڵی ژن لە سەنتەری بڕیار، لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا".

ئاوڕەنگ بە سەرسوڕمانییەوە فیکاندی، فیکەیەکی درێژ درێژ و بە دەنگێکی بەرز.. کچەکە شەرمێکی ڕۆژهەلاتیانەی کەوتە سەر رووخساری و چەند جارێکی دی برژانگە ڕەشەکانی بەسەر گلێنە کەسکەکانی دادایەوە و لە دڵەوە گوتی: چەند بێباك و سیاسییە؟ خودایە چەند بەرز دەنوێنیٚ؟ چەند بڵند دیارە؟ دەڵێ دەزانیٚ هەموو ژنەکانی دنیا لە بەرامبەریدا بە بزماری دەستەمۆبوون و بێدەنگیی لە خاچ دەدرێن.. دەتگوت دەزانیٚ لە بەرامبەر ئەودا هەموو ژنێك دەبیٚ لە پێستی درۆ و لاف و گەزاف بێتەدەر و بە تەنیا ژنێکی ڕاستگۆ بمێنێتەوە موچڕك و لەززەت و خۆشیی سەراپای جەستەی داگیرکردبوو، لەگەڵ خۆیدا گوتی: لە ژیانی خۆمدا کەسێکم نەدیتیە هێندە بێباك و بوێر لەگەڵ یەکەم دیالۆگ و یەکترناسیندا، ئاوا پەلبەستی رۆحم بکا.. ئایە ئەو زنجیرە هاتووە؟ یاخود پەیامی ئاسمان؟ دەڵێی لە ئەفسانەوە هاتووە بۆ ئەوەی ئەفسانەیەکی نویٚ لە زەمین بخولقێنیٚ؟

وا پێدەچوو هێزی نەمابیٚ هێندە لە ناخی خۆیدا لەگەڵ خۆی

بدویّ، بۆیە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: هەندێجار مرۆڤی وا پێك دەگەن، لە زۆر شت لە یەك دەچن.
ئاوڕەنگ گوتی: باوەڕ ناکەم تۆ لە هیچ کەسێك بچی، یا هیچ کەسێك هەبێ لە تۆ بکا. لە دڵەوەش گوتی: تۆ ئاڤرەنی.. رۆح و جەستەی ئەوی.
هەستێکی شیرین وەکو پەلکەزێڕینەیەکی بەهاریی لە ئاسمانی رۆحی کچە رووسە سەنگین و جوانەکە خۆی نمایشکرد.. لەگەڵ ئەوەشدا ویستی نازبفرۆشێ و گوتی: هەست ناکەی بەڕێزت زێدەڕۆیی دەکەی لە پێداهەڵگۆتندا؟
ئاوڕەنگ کە لە گلێنە سەوزەکانی کچەکەی دەڕوانی بە بزەیەکی بێباکەوە گوتی : "ڕاستیی" ئەو بومەلەرزەیە کە دڵم دەلەرزێنێ.. تۆیش ئەو ڕاستییەی کە دڵ و رۆح و هەست و عەقڵی منت لەرزاند لە یەکەم دیداردا.. بۆچی پێویستە من زێدەڕۆبم لە وەسفکردنی تۆدا؟ ئا بەڕاست تەمەنت چەندە؟
کچەکە بیری کردەوە، بیرکردنەوەیەکی هێندە قووڵ کە ئاسان نییە مرۆڤ لەو جۆرە بیرکردنەوە قووڵە تێبگا.. لە دڵەوە گوتی: ئەگەرچی ئەو پرسیارە بۆ دوو کەس کە تازە یەکتر بناسن زۆر سەیرە، بەلام من وا هەست دەکەم لە مێژە دەیناسم، ئەی ئەو هەستە چییە کە تەوژم دەهێنێ و پێم دەڵێ: "تۆ دەیناسیت"؟ هەست دەکەم سالانێکە لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەودا ژیان دەگوزەرێنم.. کێ نالێ من و ئەو لە

دەسپێکەوە بۆ یەك خولْقاوین!؟

کچەکە نەختێ دەنگی بەرزکردەوە و گوتی: 1974/03/21

ئـاوڕەنگ بـاوەڕی بـە گوێچـکەکانی خـۆی نـەکرد، بۆیـە بـە پێکەنینێکـەوە پرسـیارەکەی دووبـارەکردەوە.. کچـەکە نـەختێ سوورهەڵگەڕاو پێکەنینەکەی ئاوڕەنگی لا ئاسای نـەبوو.. بۆیـە ئـاوڕەنگ هەوڵێـدا زوو ئـەو ڕێککەوتـە نامۆیـە و قسـەکردن لەبارەیەوە بۆ کاتێکی تر دوابخا و پرسی: ناوت چییە؟

- ئۆلگا..

- ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا.

لەو چرکەساتەدا پەڕەسێلکەکەی نـاخی ئـاوڕەنگ کەتـە هـەڵفڕ هـەڵفڕ و سـەما و لـە شـەقەی باڵەکانیـدا.. پەپوولەیـەکی سپی دیـت پێدەکـەنی، گـوڵێکی سـووری دیـت گەشـایەوە، تەماشـای هـەموو لاکـانی کـرد هـیچ پشـیلەیەکی ڕەشـی نـەدیت، خۆشـی نەیدەزانی بە چ ڕۆژێـك گەیشـتووە! ئایـا ئـەوە ئاڤژەنـە کـە لـە تەکی ڕۆنیشتووە؟

بـیری کـردەوە، لـە نێـو گریمانـە و هاوکێشـەکاندا پیاسـەیەکی کردو گوتی: پێدەچێ ژیان لە دەرفەتێك بە بوونەوەرەکانبدا..

ئاوڕەنگ هەندێکیتر بیری کردەوە و گوتی : ژیان هێندە ئـاڵۆزە کە عەقڵی ساویلکەی ئێمە ناتوانێ درك بە هـەموو لاکـانی بکـا، قسەی فەیلەسوفێکی بیرکەوتوە کە دەیگوت: ئەگەر ژیان هێندە ساکار بووایە کە ئێمە لێی تێبگەیەن، ئـەوا ئـەو کـات ئێمـەیش

هێندە بێعەقڵ دەبووین کە نەتوانین لێی تێبگەین.
ئاوڕەنگ بیری لە مرۆڤ و ژیان دەکردەوە ، بیری لە خۆیی و ئاڤژەن و ئۆلگا و ئەو ڕێککەوتە دەکردەوە، هەر سێکیان لە ڕۆژێك و بگرە لە یەك کاتژمێر هاتوونەتە دنیاوە، ئاڤژەن و ئۆلگا کۆپیکراوی یەکترین، ئاوڕەنگ هەموو ئەو ڕێککەوتانەی لا سەیر و سورسوڕهێنەرو نامۆبوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو کە: مرۆڤ لە تۆپێك دەچێ کە بەسەرزەویدا غلۆر بکرێتەوە، واتا: مرۆڤ بوونەوەرێکی غلۆرکراوەیە، نەك غلۆرکەرەوە، بۆیە ناتوانین لە شتگەلێك تێبگەین کە بانسرووشین..
ئاوڕەنگ ئاڤژەنی هاتەوە یاد، نەیدەزانی ئایا دەبێتە پەیمانێکی شکاو یا تاوانێکی بە پەیمان ، یاخود ڕووبەڕووی گەمەیەك بۆتەوە کە هەمدیس دەبێ بەژداری تێدا بکا، نەیدەزانی چی ڕوویدەدا، بۆیە هەموو هەستەکانی لە لووتیدا کۆکردەوەو کەوتە هەڵمژینی بۆن و بەرامەی پرچ ئۆلگا، بەلاّم هێشتا نەیدەزانی کە بۆنی هەتاوە یاخود بۆنی ئاگر؟ بۆنی تابلۆیەکیترە کە بەر لە دەرکەوتنی ئاوادەبێ، یاخود بۆنی ئومێدێکە کە دەکرێ جێ بە سێبەری ڕۆحی ئاڤژەن لەق بکا کە بۆ هەمیشەیی وەکو پەڵە هەورێ بەسەر سەرییەوە بوو؟

# 17

**چیبکەم باشە؟**

**من دەبێ چیبکەم؟**

**ئـــاوڕەنگ لەســـەر مێـــزی نووســـیندا دەفتـــەرێکی دانـــابوو، قەڵەمەکەی گرتە دەست و بیری کردەوە ، هاتـەوە یـادی جـارێ لـە کتێبێکـدا فێرببـوو پێویسـتە مـرۆڤ بنووسـێ ، بنووسـێ، هـــەموو شـــتێ بنووســـێ، بـــیرەوەری ڕۆژانـــەی، خەمـــەکانی، ژیاننامەی، چۆنیەتی هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانی، خەون و ئومێدەکانی و.. هتد .. مرۆڤ پێویستە بنووسێ.. گرینگ نییـە چـی دەنووسـێ، بـا باسـی خـۆر بکـا لەوکاتـەی کـە ئـاوادەبێ، بـا باسی دارەبازەیەك بکا کەبتوانێ بۆنی وەرینی گوڵەکانی لێبـێ، با باسی شەو بکا کاتێ جێ بە رووناکیی لەق دەکا، بـا باسـی دڵ بکا کە بۆ دڵێکی تر لێدەدا، با باسی بۆنی ڕژانی ئەستێرە بکـا، با باسی خەون بکا کاتێ دەبێتە حەقیقەت، گـرینگ ئەوەیـە تـا دەستت شـل دەبـێ بنووسـیت.. ئـاوڕەنگ ئاڤـژەنی هاتـەوە یـاد، ئۆلگای هاتەوە یاد کە هێندە لە ئاڤژەن دەچێ.. برژانگە درێژە ڕەشەکانی هەردووکیان لەسـەر گلێنـە کەسـکەکانیان. سـپییەتی پێستی جەستەیان، بەژنیان، بزە و جوانیی هەردووکیان، بۆیـە چـیتر نـەیتوانی خـۆی ڕاگـرێ و بـە نووسـینی نامەیـەکیتر بـۆ ئاڤـژەن، تـا بیخاتـە سـەر ئـەو بیۆگرافیانامەیـەی کـە دەمـانێ**

خەریکی نووسینی بوو..

ئاڤژەن گیان سێبەری ژیانم سلاو:

ڕەنگە یاساکانی سروشت و بانسرووشت ئاوایان دارشتبێ، تا ئێمە لە ژیاندا ماوین پێویستە بە بەردەوامی لە نێو سەرکەوتنێکی بێ پەیمان و دۆڕانێکی بە پەیمان زەمەن بەڕێبکەین.. من دەمزانی نابێ بۆ ئەزەل هەر لەنێو ئەو دۆڕانە بەردەوامەدا بژیێم، چونکە تاوانێکی هێندە گەورەم نەکردبوو تا خودا سزاییێکی ئەبەدیم بەسەردا بسەپێنێ.. من بە درێژای ژیانم چاوەڕوانم دەکردی، بە درێژایی ژیان لە نێو ئەو دۆڕانە هەمیشییە دەژیام، بەڵام هەستم دەکرد تۆ نەمردووی، بەڵکو ڕۆژێ دێ بە جۆرێکی دیکە خۆت دەردەخەیت ئەوەتا ئێستا تۆم دۆزیوەتەوە، ئەو سەرکەوتنە بێ پەیمانەم دۆزیوەتەوە کە زەمەنێکی بەقەد تەمەن درێژە چاوەڕێی دەکەم..

گیان دوێنێ زانیم کە تۆ گەڕایتەوە، ئەو کاتەی کە خۆت بە ناوێکی دیکە نیشانی مندا، ناوێکی سەیر کە هەرگیز نەمبیستبوو..

بۆڕۆدینۆڤا، ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا..

چاوەڕوانی نامەیتر بە، خۆشمدەوێی گیان، تا دیدار.

## 18

ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا لە کافتریاییێکی پڕ لە ئەنتیك و رازەوە بە مۆبیلی کلاسیکی و لە کەشێکی نیمچە تاریك و لە ژێر درەوشانەوەی مۆمە مۆمدان شینەکان و لەگەڵ گوێگرتن لە گۆرانییەکی سلۆی ئیتاڵی، لە بەرامبەر (کاڵکان) رۆنیشتبوو.. گوێی بۆ (فاتح کاڵکان) شل کردبوو تا سەبارەت بە خواو زەمین قسەی بۆ بکا.

کاڵکان لە ئۆلگای دەڕوانی سەری سوڕمابوو، هەندێ لە جوانیی ئۆلگا وردبۆوە و لە دڵەوە گوتی: ڕەنگە لە بنەڕەتدا تاریکیی بوونی نەبێ، بەدبەختی بوونی نەبێ، بەلاّم هەندێجار کە ڕووناکیی و بەختەوەریی ناگەنە ئەو شوێنەی کە بەدبەختیی و تاریکیی تێدایە، ئەوان دەردەکەون.. ئاه خودایە کە بەختیارم بە دیداری ئەو گوڵە ناسکە.. کاڵکان نەیتوانی درێژە بە بێدەنگیی بدا، بۆیە بە زمانی پیاوێکی ڕۆژهەلاّتیانە رووی لە ئۆلگا کرد و کەوتە قسەکردن: بەڕێز بۆڕۆدینۆڤا نزیکەی 45 ساڵی تەمەنی خۆم تێپەڕاندووە.. سی ساڵێك دەبێ لەو شارەم، تاریکیی و ڕووناکیم دیوە لەژیانی خۆمدا، بەختەوەرییێکی کەم و بەدبەختییێکی زۆر، گەلێك شتی ئەو ژیانەم تاقیکردۆتەوە، برسیەتیم چەشتووە، کرێکاریم کردووە،

زانکۆم تەواوکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هەوڵمدا تا بەوڕۆژەی ئێستا گەیشتم.. چونکە هەمیشە لە ڕابردوو و ئێستاشدا بڕوام وایە و وابووە کە چارەنووسی مرۆڤ لە دەستی خودی مرۆڤ خۆیدایە.. من خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزبووم، بڕوام وابوو من دەبێ لەسەرزەمیندا کاربکەم نەك لە ئاسماندا.. بۆیە بە هەوڵی خۆم گەیشتم بەو ڕۆژەی کە ئێستا تێیدا دەژیم، ئێستا سێیەمین دەوڵەمەندی ئەو شارەم.. باوەڕ ناکەم پێویست بەناوی ئەو کەسایەتیە گەورانەی وڵات بکا کە دەیانناسم و هاوڕێمن.. کاڵکان دەیویست بە جۆرێ قسە بکا کە دڵی ئۆلگا خۆش بکا، بەردەوامبوو: هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کە هەمە و هەموو ئەو شتانەیش کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەمبێ، هێندە بەختەوەری نەکردووم و هێندەش بەختەوەرم ناکا، وەك ئەو ڕۆژەی کە تۆو سێ هاوڕێ کچەکەت هاتنە بیرۆیەکەم بۆ کڕینی پلیتی سەفەر بۆ پاریس!

لەو چرکەیەدا هەستم کرد تۆ کەسێکی خانەدانی و شیاوی هەموو ڕێزێکی برادەرایەتی.. بەڕاستی ڕۆژێکی خۆشبوو، بێگومان ئەو ڕۆژە بە زێڕ لە مێژووی بیرەوەریەکانی خۆمدا تۆمار دەکەم.. کە گەڕانەوە لە پاریس، ژمارەی تەلەفۆنەکەتم دۆزیەوە، لەبەر سەرسامی خۆم بە هێمنی و عاقڵی و ڕەوشتی بەرزت تەلەفۆنم بۆکردی.. ئاخر نەمدەتوانی لە یادت بکەم، چونکە وام هەست دەکرد و ئێستایش وا هەست دەکەم کە

بەڕێزت ئەو کۆمەڵە وشەیەیت کە بۆشایی ڕستەکانی ژیانی منت پێ پڕدەکرێتەوە.. حەزم دەکرد هەمیشە لەبەر چاوم بیت، بۆیە داوام لێکردیت کە سەرپشك و ئازاد بیت لە هەڵبژاردنی سەرپەرشتی کردنی هەریەك لەو پرۆژانە کە لەبەر دەستمن، جار جارێك دەتویست ڕازی بیت، بەڵام دواتر بڕیارتدا، نازانم چ هۆکارێ هەبوو کە بڕیار بدەیت و بچیت لە (کارگەی بە کرێدانی کرێکاران – پێرزونال سێرڤس–) بە "12" دۆلار لە کاتژمێرێکدا کاربکەیت، کە بێگومان من لە کاتژمێرێکدا "50" دۆلارم پێدەدایت..

ئۆلگا بە نەرمییێکەوە گوتی: بەڕێز کاڵکان خۆ تۆ ئاگاداری کە من هیچ زانیارییێکم نییە لەسەر ئەو پڕۆژانەی تۆ، چۆن ویژدانم ڕێگا دەدا و ئارام دەبێ ئەگەر بە خۆڕایی ئەو هەموو پارەیەت لێوەرگرم؟

کاڵکان بە شانازییێکەوە کە نەختێ دڵسۆزیشی پێوە دیاربوو گوتی: ئەو بەختەوەرییەی کە تۆ دەیدیت بە من، باوەڕ ناکەم بە هەموو سامانی دنیا بکڕدرێ.. دواتر هەوڵمدەدا فێرت بکەم.

ئۆلگا قسەی کاڵکانی بڕیو گوتی: بەڕێز کاڵکان، تۆ دەزانی کە من بە تەنیا چەند مانگێکی کەمم لێرە ماوە، کاتێ دکتۆراکە تەواو دەکەم دەرفەتی نیشتەجێبوونم لێرە پێنادرێ، مۆڵەت و ئیقامەی یاسایم لێرە نامێنێ و ناچارم بگەڕێمەوە روسیا، ئەگەرچی حەزم لە ژیانە لێرە، بەڵام ئەوەیان یاسایە و یاساش

له سەرووی ئێمەیە.. بۆیە بەم نزیکانەش ئەم کارە جێدێڵم له کارگەی به کرێدانی کرێکاران.. کاڵکان تێمەکەی گۆڕی و گوتی: من پەیمانم پێداوی دایك و باوکت بۆ ماوەی مانگێك داوەتی ئێره بکەم، کارەکانم هەندێك ئەنجامداوه، هەوڵدەدەم له ئایندەیەکی نزیکدا هەموو کارەکه تەواو بکەم.

ئۆلگا: وەکو پێشتریش لای تۆ ئاماژەم پێکرد، دایکم و باوکم خزمەتی زۆری منیان کردووه، دوو کەسی ماندووون له ژیاندا، حەزدەکەم تا لێرەم، چەند هەفتەیەك داوەتیان بکەم و پشووی کاری ئەو ساڵەیان لێره بگوزەرێنن.. من هیچم نییه بۆ تۆ لەوه زیاتر که پڕ به دڵم سوپاست بکەم و رێزیش لەو هەموو دڵسۆزییەی بەڕێزتان بگرم که بەرامبەر به من هەتانه.. ئەو کارانەی تۆ بەڕاستی کاری خانەدانان و مرۆڤانی مرۆڤدۆستن..

دوا به دوای چەند قسەیەکیتری پەراوێزی و لابەلا هەردووکیان هەستان.. فاتیح کاڵکان رێگای نەدا ئۆلگا پارەی مێزەکه بدا.. به پۆرشەیەکی رەش ئۆلگای گەیاندەوه گەڕەکی "بەهەشتی شین" و لەبەر دەروازەی ئەو باڵاخانەیەدا که کلێسەی "ئێف ئەنگەلیش"به خۆڕایی بۆ قوتابیانی بیانی دابینکردبوو ئۆلگای دانا.

## 19

کاتــژمێر 12 ی تــەواو، لەبەرامبــەر کاتــژمێرێکی بازنــەیی لــە هۆڵی پشوودانی کارگەی ئۆتۆدا، ئاوڕەنگ و ئۆلگا و سۆنگول و کریستینا بەیەکەوە دانیشتبوون، ئۆلگا بــە شــەرمەوە خــەریکی خواردنی سـەندەویچەکەی دەسـتی بـوو، ئـاوڕەنگ وەك ئـەوەی سەد ساڵبێ جگەرەی نەکێشابێ ئاوا قوومی لە جگەرەکە دەدا و دووکەڵەکەی تـا نـاو سییەکانی هەڵدەمـژی و لـەو کـوڕ و کچـە ئەڵمانـــەی دەڕوانـــی کـــە لەوســـەر مێـــزە دوورودرێـــژە لاکێشـەییەکەدا خـەریکی مـژینی لێوەکـانی یـەکتریبوون و زمانەکانیان دەگۆڕیەوە.. لاملی بـەفرینی یـەکتریان هەڵدەمـژی و دەیانخواسـت بوقعـەی خـوێنین لەسـەر ئـەو پێسـتە سـپییەی گەردەن و لاملیان دروست بکەن..

سۆنگول بـە حـوکمی ئـەو هەسـتە هاوخوێنیـەی کـە لەگـەڵ ئـاوڕەنگی هـەبوو، هەمیشـە لەگـەڵ ئـاوڕەنگ لـە گاڵتـەکردن دابـوو.. چـەند جارێـك بـەبێ وەسـتان لـە ئـاوڕەنگ و ئۆلگـای ڕوانی، تیشکی نیگاکانی خستە سەر کریستینا و گوتی: کـە لـە ئـاوڕەنگ و ئۆلگـا ورد دەبمـەوە، هەسـت دەکـەم خـودا هەنـدێ کەس لە پێناوی تەئەمولاتی خۆی دروستکردوە، خودا بە یـەك پێوەری جوانیی تابلۆی ئاسمانیی ئەو دوو کەسەی نەخشاندوە، بـــەڵام وا هەســـت دەکـــەم ئـــەوان نایانـــەوێ بڕیـــاری ئاسمـــان

جێبـەجێ بکـەن! دەی ئـاوڕەنگ، بـرا خۆشەویستـەکەم پێیبڵـێ خۆشمدەوێی.

ئاوڕەنگ و ئۆلگا، بە وردی گوێیـان لـە قسـەکانی سـونگول بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا نەیاندەویست ئـەو چێژو لەززەتـەی کـە لـەو قسانەدا وەریانگرتبوو، بیخەنە سەر رووخساریان..

کریسینا گوتی: کوڕە هۆشمەند و عاقڵ و جوانەکەی من شیاوی جـوانترین کچـە لـەو گەردوونـە.. شـیاوی کەسـێکە کـە بتـوانێ بەختــەوەری بکـا، کوڕەکـەی خـۆم شـیاوی ژیـانێکی پـڕ لـە بەختەوەرییە، من هەست دەکەم ئۆلگا هەمان ئەو کەسەیە کـە من بەشیاوی کوڕەکەی خۆمی دەزانم.

سونگول: ئێوە بۆ ئەوە یەکتریتان دۆزیوەتەوە تـاکو چیرۆکێکی عەشقئامێز لەو زەمەنە جەنجاڵەدا تۆمار بکەن.

ئۆلگا ئەگەرچی پەروەردەی وڵاتێکی کراوەبـوو، بـەڵام جگـە لـە زەردەخەنەیــەکی شــەرمنانە هــیچ ڕســتەیەکی نەدرکانــد.. هەوڵیــدەدا بــەهێوری و وردبینییــەوە گــوێ بــۆ قســەی هاوکارەکانی قۆڵاخ بکا..

لــەولاتر کــوڕ و کچــە ئەڵمانەکــە چــاوەکانیان نوقانــدبوو، گوێیـەکانیان داخستبوو، دەرگـای عـەقڵ و ئاگـایی و هەسـتیان قەپات کردبوو، شتێ کە تێیدا دەژیان لەززەت و چێژو نەسـتی و مەسـتی بـوو، خــەریکی لامــل و لێــو و لــووت و زمــان و ڕووخساری یەکتری بوون.. ئـاوڕەنگ بـە بزەیـەکی سـاحیرانە و

بــە بێباكییــەوە رووی لــە كریســتینا كــرد و گــوتی: رۆژی یەكشەممە ئەسپێكی سپی و لیمۆزینێك دەهێـنم، مـن و ئۆلگا بە ئەسپە سپیەكە و ئێوەش بـە لیمۆزینەكـە، تـا بـەر دەرگـای كلێسە گەورەكەی " شەقامی ژیان " ناوەستین، لـەوێ دەچینە لای باوكی گەورە..

ئـاوڕەنگ هەسـتایە سـەرپێ بـۆ ئـەوەی رۆڵـی خـۆی و قەشـەی كلێسەكە بە شێوەیەكی شانۆیی بنوێنی و بەردەوام بوو: بەڕێز ئاوڕەنگ، تۆ ڕازیت ببیت بە هاوسەرێكی ئەبـەدی و بـە وەفـای خانم بۆڕۆدینۆڤا ئۆلگا؟

ئاوڕەنگ دەنگە پیر و گڕەكەی خۆی گۆڕی و بە دەنگـی ئاسـایی خـۆی و هەنـدێ ڕووخسـاری خـۆی بـە بـزە و دڵخۆشـییەوە داپۆشی و گوتی: بەڵێ بەڵێ، بێگومان من ئامادەم تاهەتایە ببم بە هاوسەرێكی بە ئەمەك بۆ خاتوو ئۆلگـا، بـەڵێ ئامـادەم رێگـا بە پیری و ناشرینی بگرم كە روو لە رۆح و جەسـتەی جـوانیی بكەن.

ئاوڕەنگ خۆی خستەوە نێو ڕۆڵی باوكی گەورە و بـە دەنگێكـی گـڕ گـوتی: بـەڕێز خـانم ئۆلگـا، ئـەی تـۆ ڕازیـت ببیـت بـە هاوسەرێكی دڵسۆز و بەوەفا بۆ بەڕێز ئاوڕەنگ؟

كریسـتینا و سـونگول بـە قیژەیـەكی هەرزەكارانـەی تێكـەڵ بـە قاقاوە گوتیان: دەی ئۆلگا بڵێ بەڵێ.

ئۆلگا جگە لە بزەیەكی پڕ لە مانـا و دڵخۆشـیێكی مەسـتكەرانە

کە لە ڕووخسارییەوە دەرك پێدەکرا هیچ وشەیەکی هەڵنەدا و هیچ جوولەیەکی نەکرد.
ئاوڕەنگ ڕووی قسەکردنی ئاراستەی سونگول کرد و گوتی: ڕۆژی هەینی کەرێك و کۆنە ئوتومبێلێك دەهێنین من و ئۆلگا بە کەرەکە و ئێوەیەش بە ئوتومبێلەکە دەچینە مزگەوتی تورکەکان لە "شەقامی عەزاب"، لەوێ بە پێی ئاین و شەریعەتی خۆمان مارەی دەکەم، چونکە دەمەوێ بە هەموو ڕێسا و یاسا و ئاین و مەزهەب و تەقسەکانی کلتورە لێك جیا جیاکانی دنیا مارەی بکەم.
بەو قسانە هەموویان لە قاقای پێکەنینیاندا و سونگول پرسی: یەکەمین جارە گوێم لە ناوی شەقامێك بێ بە ناوی شەقامی عەزاب.. ئەڵمانەکان هەمیشە ناوی رووناك لە شەقامەکانیان دەنێن..
کریستینا: شەقامی عەزاب ڕێك ئەو شەقامەیە کە لە شەقامی ژیان جیادەبێتەوە، پێشتر ناوێکیتری هەبووە، ناوی "شەقامی بەختەوەریی" بوو بەلام کاتێ چیرۆکی ئەو پیاوە جەللادە رۆژهەلاتییە ئاشکرابوو کە ژنەکانی لە یەکێ لە خانووەکانی ئەو شەقامە عەزاب دەدان و سەری دەبڕین، ناوەکەی گۆڕا لە شەقامی بەختەوەریی بۆ شەقامی عەزاب.
ئۆلگا بە ڕووگەشیێکەوە کە هەندێ غەمباریشی پێوە دیاربوو گوتی: دەبێ چ شتێ هەبێ لە ژیان دلڕەقتر؟ زۆرشت هەن کە

تۆ پێویستیت پێیانە بەڵام ژیان لە کاتی خۆیدا پێت نادا، بۆ هەمیشە ئەو شتانەت هێندە درەنگ پێدەگا، کە دەبووایە زۆر زووتر پێت بگەیشتبووان، ژیان لەو مرۆڤە تەمبەڵە دەچێ کە هەرگیز ناتوانێ کاری خۆی لەکاتی دیاریکراودا جێبەجێ بکا و بۆ کاتێکیتر هەڵیدەگرێ.. ئاخ و حەسرەت بۆ ئەوە هەڵدەکیشم کە زووتر ئێوەم نەناسیوە! بەڵام ئێستا، باوەڕناکەم ناسینی ئێوە جگە لە بەدبەختیی هیچ بەختەوەرییێکی بە دواوە بێ، من وام لە کۆتایی ئەو سەفەرەم، دەبێ بگەڕێمەوە روسیا، ڕەنگە تا هەتایی ئێوە نەبینمەوە و ئەو بیرەوەرییە خۆشانەیش تا سەر لەگەڵم بن و ئازارم بدەن.. رەنگە خەمەکانی غەریبیکردنی ئێوە ببنە سێبەری ژیانی من و تاهەتایی لەگەڵمدابن.

ڕەنگی ئاسایی ڕووخساری ئاوڕەنگ گۆڕا و سونگول کاغەز و قەڵەمێکی دەرهێنا و ژمارەی مۆبایلی خۆی و ئۆلگای گۆڕییەوە.. پشوو کۆتایی هات و هەرکەسەو چوونە شوێنی دیاریکراوی خۆیان.

ئەو ڕۆژەی کارکردن بە ئاسایی تێپەڕی "کرێکارەکانی کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکارانی _پێرزونالْ سێرفس_" سواری گۆڵفەکە بوون بەرەو شارەکەی خۆیان بەڕێکەوتن..

لە سەنتەری شاردا، ئۆلگا و ئاوڕەنگ دابەزین، ئاوڕەنگ بە هەندێ شەرم و گومان و دڕدونگییەوە لە ئۆلگای ڕوانی و

گوتی:ماڵ بۆ من وەك دۆزەخ وایە، ئەگەر حەز بكەیت، لە یەكێ كافتریاكان بە یەكەوە كافییێك بخۆینەوە؟

ئۆڵگا گوتی: كاتم نییە.

لێكدابڕان.

## 20

ئۆلگا بە پەیژە ئەلیکترۆنییەکان شۆڕبۆوە نێو ئەو تونێڵەی کە ناویان نابوو (تونێڵی خەونە مەستەکان) لە کاتژمێرەکەی دەڕوانی و چاوەڕوانی هاتنی ترامی ژمارە "4" بوو تا بڕواتە زانکۆ.
کەڤاڵێکی دڵتەزێن و غەمگین هاتە بەر دیدەی ئاوڕەنگ، دنیا لەبەر چاوەکانی لە پیاوێکی مات و مەلوول و پیر و کەنەفتی دەکرد، خەمێکی گرانی پایزیی سەراپا جەستەی داگیرکرد و کەوتە سەرکۆنەکردن و جنێودان بە خۆییەوە، پەڕەسێلکە نەگریسەکەی ناخی خۆی دایە بەر شالاوی نەفرەت و گلەییەکان..
لەبەر خۆیەوە بە بێ هێزییێکەوە گوتی: ژن لە ئاگر دەچێ، ئەگەر زۆر لێی نزیك بکەویتەوە دەتسوتێنێ.
جانتاکەی خستە سەرشانی و بەسەر تونێلی "خەونە مەستەکان"دا پەڕیەوە، نەیدەزانی بە کامەڕێدا گوزەر بکا و بۆ کوێ بڕوا!
ئۆلگا لە کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەی دەڕوانی و چاوەڕوانی ترامی ژمارە چوار بوو کە بێت و بیگەیەنێتە زانکۆ.

دوو خولـەك بـەر لـە گەيشـتنى ترامـى ژمـارە چـوار، ترامێـك گەيشـت لەسـەرى نووسـرابوو: (ئـەو ترامـەى بـەدواى كەسـێكى فێردەوسـيدا دەگـەڕێ.. تكايـە كـەس سـوار نـەبێ) لـە ژێـر ئـەو ڕستەيەش نووسرابوو: (بۆڕۆدينۆڤا ئۆلگا).

ترامەكە وەستا، لە يەكێ لە دەرگاكان (فاتيح كاڵكان) دەركـەوت و بەدەست بانگى ئۆلگاى كرد و گوتى: خێراكە.

ئۆلگا نەيدەزانى چى ڕوويداوە! ئايـە كاڵكـان چـى دەكـا لـە نێـو ئەو ترامە تايبەتيەى كە تـەنها هـى ئاهـەنگ گێـڕان و گەشـتى تايبەتيـە؟ دەبـێ چ بۆنەيـەكى تايبـەتى و ئاهـەنگێكى تايبـەتى هەبێ لاى كاڵكان؟ دواى سلاّو ئۆلگا پرسى: بەڕێز كاڵكـان، بۆنـە چـيیە كـە ئـەو ترامـە تايبەتييـەت گرتـووە؟ دواتـر بۆچـى تەنيايى؟ كاڵكان هاڤانەكەى لاليۆى بە شانازييێكەوە داگيرساندو بـە بزەيەكـەوە گـوتى: بـە بۆنـەى ئـەوەى تـۆ دەچـيتە زانكـۆ، پێشتر ئاگادار بووم كـە دەچـيتە زانكۆ، دواتـر خـۆ تـەنيا نـيم، ئەى ئەوە نييە تۆ لەگەڵمداى؟

ئاوڕەنگ سەرى بە جامى پەنجەرەى پاسە قەرەباڵغەكە دادابوو، بـيرى لــە گەمــژەيى خــۆى دەكــردەوە، هيلاكــى تــەنگى پــێ هەڵچنيبوو، بۆچى ئۆلگا داوەتەكەى ڕەتكردەوە؟ ئايە بەڕاسـتى كاتى نەبوو؟ ئـاوڕەنگ ئاڤـژەنى بيركەوتـەوە و بـە خـۆى گـوت: خۆشەويستى يەكەم وەك ئەو بستە خاكە وايە، كە مرۆڤ تێيدا لە دايكدەبێ.

# 21

ئۆلگـا بـە بـن كراسـێكی ڕەش و تەسـك لەسـەر زگ ڕاكشـابوو لەژووره بچووكەكەی، جەسـتەیەكی نیـوە ڕووت و بریقـەدار و سپی وەك بەفر، ڕەنگە شیاویترین لێكچواندن لەگەڵ جەسـتەی ئۆلگادا جەستەی دولفین بێ.. بە گلێنـە كەسكەكانی لـە ژێـر برژانگـە ڕەش و درێــژەكانی لــە كتێبێكــی گــەورە و قەبــەی دەڕوانـــی، پێدەچـــوو نامـــەی دكتۆراكـــەی بـــێ.. لاپـــەڕەكانی كتێبەكەی هێور هێور هەڵدەدایەوە.

وشەكانی ئەو كتێبە لەبەر چاوەكانی ئـەودا لـە هێڵـە تێكـەڵ و پێكەڵەكانی نێو كابینەیەكی تەلەفۆن دەچـوو، جگـە لـە چـەند حــەرف و وشــەیەكی تێكــەڵ و ئاوێتــە هــیچ واتــاییێكی تریــان پێنــەدەدا.. خــەیاڵی زۆر دوور هــەڵفریبوو، لەگــەڵ ئەوەشــدا بەردەوام لاپەڕەكانی هەڵدەدایەوە.. دەبێ بـیر لەچـی بكاتـەوە؟ بـیری لـەو ترامـە دەكـردەوە كـە بـە تایبـەتی بـۆی گیرابـوو، تـا بیگەیەنێتە زانكۆ؟

لە پڕ لەبەر خۆیەوە بە دەنگێكی نیـو بڵنـد كەوتـە قسـەكردن: ئایا ئەوە خۆمانین كە ڕوداوەكانمان بـەو شـێوەیە دەوێ یـاخود چارەنووس؟ ئایا ئەو نەورەسە كێیـە كـە هێنـدە زانایانـە دێ و لە نـاو ئـاوی كـەنار دەریـاییێكی پرسـیاراویدا بـەرەو ئاسمـانێكی

پرسیاراویتردا هەڵمدەکێشیٚ؟ ئەو بازە تیژڕەوە کێیە کە هێندە بێترس و بێپرس روو لە بیابانی ژیانم دەکا؟ ئەو چارەنووسە سەرسوڕهێنەرە چییە کە بە لەپەکانی بۆن و بەرامەی قژم کۆدەکاتەوە و نازانیٚ بۆنی هەتاوی لێدیٚ یاخود بۆنی ئاگر یانیش بۆنی ئومێدێك کە هەرگیز لە دایکنایی؟

من گومان ناکەم ڕۆژیٚ لە ڕۆژان ئەوم بینیوە ، بەلاّم کەی و لە کویٚ ؟ هەست دەکەم بەشێکی گیانمە، بەلاّم بۆچی ئەو هەستە؟ دەڵێی ڕۆژگاریٚ لە نێو سینەی ئەودا دەرپەڕیوم !؟

باشە بۆچی لەگەڵی نەڕۆیشتم؟ ئایا ئەوە سەرەتا نەبوو بۆ لەناوچوونی سەرەتاییێك لە ژیانی مندا؟

دەی شەو برۆ تا سپێدە بێتەوە، بڕۆ بڕۆ ئەی شەو تا ڕووناکی بێتەوە.. ئینجا خۆم دەزانم چی بە تاریکی و چارەنووس دەڵێم.

لە شەقامی _ئاو_ لە ژوورێکی 20 مەتر دووجا.. ئاوڕەنگ بە ڕووتی دانیشتبوو، نەیدەزانی چی بکا.. کاسێتە پۆڕنۆکەی لەسەر ڤیدیۆکە هێنایەخوار، نیو بتڵ ڤۆدگای خواردەوە و بیری کردەوە، بیری لەچی کردەوە؟

ئایا بیری لە نەهامەتی و وەیشوومە و بێئومێدییەکانی ژیانی خۆی دەکردەوە؟ بە دەنگێکی سەرخۆشانەی بلّند کە لە ژوورە بچووکەکەی دەنگی دەدایەوە گوتی: ئەو ماسییە بچووکە کێیە کە لە کەنار نزیك کەوتۆتەوە و حەزی بە ئاسمانە و

دەستەمۆش نابێ؟ ئـەو فریشـتە چـاو سـەوزە کێیـە کـە هێنـدە بوێرانـە بـۆن و بـەرامی قـژی دەخاتـە نێـو لەپـەکانم و نـازانم بۆنی هەتاوی لێدێ یاخود بۆنی ئاگر.. یانیش بـۆنی ئومێـدێك کە هەرگیز بەرجەستە ناکرێ؟ من ئـەوم بینیـوە یـاخود؟ ئایـە ئەوە ئاڤژەن نییە کـە هـاتووە چارەنووسـم بەشـێوەیەکی دیکـە بگۆڕێ، گومان ناکەم کە دەیناسم، بەڵام کـەی و لـە کـوێ؟ ئـەی بۆچی وا هەست دەکەم کە بەشێکی ڕۆحم بووە و لێم دابڕاوە؟ ئاوڕەنگ، ئاڤژەنی هاتەوە یاد، بیری ئەو ڕۆژانەی دەکردەوە کـە پڕبـوون لـە چـاوەڕوانییێکی درێـژ لـە پێنـاوی بەختـەوەریی و دیتنێکی کورت..

ئۆلگـا هێشـتایش هـەر لـە نێـو بەلـەمی ڕامانـەکانی دابـوو، خـەریکبوو دەریاچـەی بـیرەوەری و تێهزرینـەکانی دەبـڕی.. لـە ناو ـ ئاو ـ ی فەنتازیاکانیدا لە وێنەی هاوکێشە حەلنەکراوەکانی دەڕوانـی و هێشـتایش هـەر بـە گـەرمی خـەیاڵی دەکـرد و بـە ساردیش لاپـەڕەکانی هەڵدەدایـەوە و هەڵدانـەوەی لاپـەڕەکان هیچ گرینگیەکیشی نەبوو.. چونکە تیشکی گلێنـەکانی لەسـەر تـەنیا تاکـە خاڵێـك چـەقی بەسـتبوو، وشـە ئاوێتـەکان و هەڵدانـەوەی لاپـەڕەکان و تـەواوکردنی دکتۆراکەشـی هـیچ گرینگییەکی نەبوو.. چونکە پێی وابـوو: "بەختـەوەریی" ئـەو شتەیە کە من دەمەوێ، نەك شـتێك کـە کەسـانیدی لـە منیـان دەوێ.. چـاوەکانی هـەرگیز تووشـی هـیچ لەنگییـەك نـەدەبوون

لەو چەقبەستیەدا، بە روسی بیری دەکردەوە و لەبەر خۆیەوە بە زمانی ئەڵمانی دەدوا.. وشەکانی وەك پۆلێ کۆتر لە لێوەکانییەوە هەڵدەفڕین و وەك هەڵم وندەبوون و دەبوون بەرابردوو..

لەبەر خۆیەوە گوتی: بۆچی ناتوانم بە هێمنی پێڵوەکانم دابخەم و بخەوم، ئایا پێویستە من چیبکەم؟

دەیان و دەیانجار ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکردەوە و وەڵامیشی لانەبوو.. دەهەزری و ڕێگاییێکی نەبوو بۆ چوونەدەرەوە لەو تێفکرینە، تا ئەو کاتەی کتێبەکەی لێبوو بە سەرین و برژانگە دوور و درێژەکانیشی کە کەوتبوونە سەر گلێنە کەسکەکانی ئاوێتە بوون.. ئاوڕەنگیش هەڵبژاردەیەکی لە شیعری شاعیرە هەمیشە ئامادەکان بەدەستەوەبوو، بەدەم خوێندنەوەوە خەو بردیە دنیای خەون و بێئاگایی.

# 22

مارێکی ڕەش بە خێرایی بەسەر لمی بیاباندا دەخشی و فیشکە فیشکی دەکرد.. کەروێشکێکی لەنێو هەردوو کەڵبەکانیدا زیندانی کردبوو، گەیشتە سەر بیرێك لەو بیابانە، کە لە خوارەوەی ڕوانی، ئۆلگای دیت.. مارەکە هاوارێکی کرد و گوتی: لێم بڕوانە، ئەو کەروێشکە بەختەوەرییە، من ئێستا بەختەوەریی تۆم لایە، بەختەوەریی تۆ لەنێو کەڵبەکانی مندایە.. من نەبێ هیچ کەسێ لەو گەردوونە ناتوانێ تیشکی زێڕینی خۆرت نیشانبدا.. لێم بڕوانە، دەبێ تۆ ئاگاداربی کە بەختەوەریی ژیانی تۆ لەنێو کەڵبە ئاسنین و خوێناوییەکانی مندایە.

ئۆلگا گومانی هەبوو لەو مارە بەساڵاچووە، ترسا، دەیویست ڕابکا، کەچی مارەکە خۆی لە جەستەی ئاڵاند، هاواری ئۆلگا بەرزبۆوە، پەپوولەیەکی سپی دیت هەڵدەوەڕا، پشیلەیەکی ڕەشی دیت پێدەکەنی.

ئۆلگا بەرزتر لە جاران هاواری دەکرد، بەرز بەرز تا هەموو ئاسمان گوێی لە هاوارەکانی بوو، لەوسەر بازێکی گەنج هات، زۆر بە تیژڕەوی هات و بە چڕنووکەکانی ئۆلگا و مارە پیرەکەی بەرەو ئاسمان هەڵفڕاند و دوور دوور ڕووەو بڵندایی

ناکۆتـایی ئاسمـان هـەڵفڕی، مارەکـە وردە وردە هێـزی نـەما، تـا ئـەو کاتـە نەفەسـی تـەنگ بـوو، بـە جارێـك تینـی لێـبڕا و لـەو بڵنداییەوە کەوتە سەر عەرد، بازەکە ئۆلگای بە چڕنووکەکانی گرتبوو، هێشتایش بڵندتر هەڵفڕی لە ناکاو چڕنووکەکانی شـل کرد، شلتڕ، تا بە جارێ بەریدا، ئۆلگا خەریك بوو بکەوێتە سەر عەرد، هاوارێکی کردو خەبـەری بـۆوە.. دەسـتێکی خسـتە سـەر سینەی و قومێك ئاوی خواردەوە و گوتی: سوپاس بۆ خودا کـە خەون بوو، نەك راستی.

## 23

ئاسمان هێشتا تاریك بوو، شتەكانی ئەو مەملەكەتە وردە وردە لە خەو ڕادەبوون، ئۆلگا بە ترس و تاسە و خەم و بیركردنەوە هێور هێور لە پەیژەكانی باڵەخانەكەی قوتابیان هاتە خوارەوە.. نەختێ چاوەكانی هەڵگلۆفی و دەروازەكەی كردەوە.
سندوقی پۆستەكەی سەرنجی ڕاكێشا.. چەپكێك گوڵی ڕەنگا و ڕەنگی تێدابوو، كە لێیڕوانی هیچ پۆستكارتێكی بەسەرەوە نەبوو، لە خۆی پرسی: ئایا بەڕاستی ئەو چەپكە گوڵە بۆ من هاتووە؟
كلیلی پۆستەكەی دەرهێنا و سندوقەكەی كردەوە، پاكەتێك كە بە كاغەزی دیاریی پێچرابۆوە، كەوتە بەرچاوی، پاكەتەكەی دەرهێناو خستیە نێو جانتاكەی، گوڵەكانیشی لە شوێنی خۆیدا لەنێو سندوقی پۆستەكە بەجێهێشت.
چووە وێستگەی پاسەكە و لە كاتی دیاریكراوی هاتنی پاسەكەدا، پاس گەیشت، سەركەوت و لە كورسییەكانی كۆتاییدا ڕۆنیشت.. بەدەم بیركردنەوە لە نێردەرەكە پاكەتەكەی كردەوە (ملوانكەیەكی زێڕین كە لە فۆرمی مارێك دروستكرابوو، لەگەڵ ئەنگوستیلەیەك كە لە سەریدا وێنەی بازێك كرابوو، لەگەڵ جووتێ گوارە یەكێكیان شێوەی حەرفی " O " ئەویتر

شـێوەی حـەرفی " k " دەدا) پۆسـکارتێکیش لـە ژێـر پارچـە زێڕەکان دانرابوو، لەزگەیەکی بچووکیش لە قەپاغی پاکێتەکـە درابـوو، لەسـەری نوسـرابوو " 50000 " دۆلار.. ئۆلگـا لـە بەرامبەر ئەو دیاریە گرانبەهایەدا سەری سوڕمابوو، ئایا کێیـە ئەو دیاریەی بۆ ناردووە؟

بەخێرایی کەوتە خوێندنەوەی پۆستکارتەکە:

هەلۆ: ئۆلگا..

پێریٚ شەو خەونێکی سامناك و ترسـناك و ئازاربەخشـم دیـت، بـازێکی گـەنج هـات و هەڵیرفانـدم، تۆشـم لەگـەڵ دابـوو، لـە قووڵایی ئاسمانەوە هەڵیدامە خوارەوە، دواتـر تۆشی بـە هـەمان شێوە هەڵدایە خوارەوە، بەو خەونـە زۆر دڵتـەنگ بـووم، بۆیـە ویستم بەو دیاریـە خـۆم و تـۆیش دڵخـۆش بکـەم، تکایـە ڕەتـی نەکەیتەوە.

فاتیح کاڵکان

ئۆلگـا چـەند جارێـك حـەرف بـە حـەرفی پۆسـتکارتەکەی خوێنـدەوە، واقـی وڕمـابوو، سەراسـیمە و ڕۆح پـڕ لـە پرسـیار، سەری لـە خەونـە هاوشـێوەکە و لـە دیارییـە گرانبەهاکـە و لـە مەرامی کاڵکان سوڕمابوو.

ئایە زووتریش کاڵکان ئەو خەونەی بۆ ئۆلگا گێڕابـۆوە، لەبـەر خۆیەوە گوتی: بێگومان نا.

**ئەی چۆن هەمان خەون و هەمان چیرۆك؟**

**وەك بڵێی باوەڕی بەخۆی هێنا کە چیتر ناتوانێ هیچ شتێ لەو ڕووداو و ڕێکەوتە سەیرە هەڵکرێنێ، بۆیە وازی لە بیرکردنەوە هێنا.**

# 24

ئــاوڕەنگ لــە تــونێلی خەونــە مەســتەکان، بــە پەیــژە ئەلکترۆنییەکـە سـەرکەوت، ئـاوڕێکی لـە تونێلەکـە دایـەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەگـەر سـەرەوەی ئـەو تونێلـە وەك ژیـان وابێ و خودی تونێلەکەش مەرگ بێ کـەوابێ هـەمان کێشـەمان دووبارە تووش دەبێتەوە.

چووە بەر دەروازە زەردەکەی کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکـاران و لە پشـتەوەی گۆلفەکـە لـە تەنیشـت ئۆلگا ڕۆنیشـت.. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە شـەوی رابـردوو بـاش خـەوتبوو کەچـی هێشـتا خەوالّووبوو، ئاوڕەنـگ پێیوابوو کاتێ یـەکێ حـەز بـە کارەکـەی خــۆی نــەکا هەمیشــە مرۆڤێکــی خەودۆســت و هیلاکــی لێدەردەچــێ و خــەڵکیش زوو هەســت بــەو مانــدووبوون و وەســتیانەی ئــەو دەکــەن.. بــە ســاردییەکەوە وەڵامــی ســڵاوی ئۆلگای دایەوە و لە پەنجەرەکەوە بۆ شتەکانی دەرەوە تەئەمولی کرد.

ئۆلگا زۆری پێ سەیربوو کە هێندە بە گەرم و گوڕی و نـەرم و درێژیی پرسیار لە ئاوەڕەنگ دەکات و ئەویش هێندە بـە سـارد و سـڕی و ڕەقـی و کـورتی وەڵامـی دەداتـەوە! هەمـدیس رووی خۆی وەردەگێڕا و لە دەرەوەی دەڕوانییەوە..

خــــەریکبوو وردە وردە هێمنییــــە سرووشــــتییەکەی ئۆلگـــا کــۆنترۆڵی خــۆی ونـــدەکرد، دەیویســـت بەســـەر ئاوڕەنگـــدا بچریکێنێ و پێیبڵێ: تۆ بۆچی هێندە لە شەختە دەچیت؟ ئایا تــۆ زســتانیت؟ ڕۆحــت لــە ســەهۆڵە؟ بۆچــی بــەو شــەختە و سەهۆڵەی زستانی دڵت گڕ لە ناخم بەردەدەیت؟

دەیویست لە باوەشی بکا و ماچی بکا، دەیویست سـەری بخاتـە سەر شانیی و تاو نا تاوێ ماچێکی شیرین لەو لێوانـەی بکـا کـە قسەی تاڵی لێدەهاتنەدەر.. هێشتایش هەر بە گەرمی پرسیاری دەکرد و ئاوڕەنگیش بە ساردی وەڵامی دەدایەوە..

گۆلفەکە لەبەردەم کارگەی ئۆتۆ وەستا، هەر یەکـە و کافێیـەکی لــە ئەوتۆماتیکەکــەدا دەرهێنـــا و بـــۆ شـــوێنی دیـــاریکراوی کارکردنیان ڕێگایان گرتەبەر و دەستیان بە کارکردن کرد.

بــــەر لــــە پشــــوودان ڕۆژنامەنووســــێك و فۆتۆگرافێــــك و چەندکەسـێکی دیکـە بـەنێو هـۆڵی کارگـەی ئۆتـۆدا پەخشـان بوون.. هەواڵ بڵاوبۆوە کە هاتوونە ڕێکلامێك بۆ کارگەی ئۆتۆ بۆ ئەو مەوسیمە بکەن.

گرووپــی کــاری ڕێکــلام پێویســتیان بــە دوو کرێکــاربوو بــۆ ئەنجامدانی کارەکەیان..

لــەناو کرێکارەکــان گــەڕان، ســەرەتا ئاوڕەنگیــان لــە کوڕەکــان دەستنیشـانکرد، لـەولاتر دوو کارمەنـدی گرووپـی ڕێکلامەکـە گەڕانەوە و ئۆلگایان لەگەڵ دابوو..

فۆتۆگرافەکە ئۆلگای لە ناو باوەشی ئاوڕەنگ دانا، ئارمی کارگەی ئۆتۆی دایە دەستیان و کەوتە فلاش لێدان و سوپاسی کردن..
ئێوارە لە بەر دەروازەی (_پێرزۆنالٚ سێرڤس_کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران) ئۆلگا دەستی درێژکرد بۆ ئەوەی تەوقەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لەگەڵ ئاوڕەنگ و سونگول و کریستینا بکا.
ئۆلگا بە بزەیەکی سارد و ناخۆشحاڵییێکەوە گوتی: بەداخەوە کە چیتر ناتانبینمەوە.. ئەورۆ دوا ڕۆژی کارکردنم بوو، هیوای ژیانێکی خۆش و کامەرانتان بۆ دەخوازم، ئێوە مرۆڤانێکی خۆشەویست بوون لەو چەند ڕۆژەدا، ڕۆحتان پڕ بوو لە حۆشەویستیی، دیارە "خۆشەویستی" لووتکە و ترۆپکی هەڕەمی ژیانە.
هەموو وشە پۆزەتیڤەکانی نێو فەرهەنگ و کلتورە جیا جیاکانی مرۆڤایەتی زادەی ئەو وشەیەن کە ناوی خۆشەویستییە.
خۆشەویستیی دایکی وشە ئێستێتیکیەکانی فەرهەنگی جوانییە، هەموو وشەکانی وەك (میهرەبانی.. ڕاستگۆیی.. دەستپاکیی، بەخشندەیی، دڵسۆزیی، وەفا، دادوەریی، هەرەوزیی، پاکیزەیی، ڕۆحسووکی و.. تاد) بێچووی وشەی خۆشەویستیین.. بێگومان ئێوەش دەزانن کە خۆشەویستیی

(تاكە زمانێكە كە هەموو مرۆڤايەتی قسەی پێدەكا، لە هەموو شوێنزەمەنێكدا وەكو ناسنامە وايە، عەشق ئينتەرناسيوناڵە، زمانی گەردوونە، زمانی خودايە).

وەك گوتم: ئەورۆ دوا ڕۆژی كاركردنم بوو، كاتێكی تابڵێی خۆش بەڵام كورتم لەگەڵ ئێوەدا بەسەر برد.. ژيانيش هەر وايە، ڕێگاييێكە دەستپێك و كۆتايی هەيە، باوەڕ ناكەم بەيەكەوە ژيان و بەيەكەوە كاركردن و برادەرايەتی و بەختەوەريی لە دەستی ئێمە دابێ! بۆ هەميشەيی درێژكردنەوەی زەمەنە جوانەكان بە دەستی قەڵەمێكە لە سەرووی ئێمە.

وەك بڵێی لافاوێك لە جەستە و ڕۆحی ئاوڕەنگ هەستابێ ئاوا هەڵچوو، بە قسەكانی ئۆلگا مەست ببوو، بێ هەست و خوست و دۆشداماو، سەرسوڕماو، واقی وڕمابوو، هەستی دەكرد لە دارەبازە زەردەكەدا ڕاكشاوە، هەمديس خۆر ئاوابوو، كتێبەكانی لە دەست كەوتنە خوار، لە خۆی پرسی: چيم بەسەر هاتووە؟ ئايا باخ و باخات و سامانم سوتێنراوە؟

بێگومان لەوانەيش گەورەتر، ئايا ژيانم لە لێوارەكانی مەرگدايە؟

هەستی دەكرد برينێكی قووڵی لە جەستەدا ڕوواوە، بۆنی برينەكەی مرۆڤ كاس دەكا.. كەس ناوێرێ بەلايەوە تێپەڕبێ.. هەستی دەكرد هەمديس دەبێ چاوەڕوانی ئومێد و خەونی

چیرۆکێکی نوێژەن بکا، بەڵام کوا؟ ئاڤژەن و ئۆلگاییێکی دیکە لە کوێی ئەو زەمینەدا دەدۆزیتەوە.. هەمدیس بێئومێدیی خۆی بە پەنجەرەکەدا کرد بە ژوورەوە..

ئاڤژەنی کەوتەوە یاد کە پێیگوتبوو: من لە شوێنزەمنێکیتردا دەدۆزیەوە، بەڵام هەمدیس ناتوانێ ڕێرەوی چارەنووسی تابلۆکە بگۆڕی.

لە دڵەوە گوتی: دەمەوێ دیسان دەستە ساردەکانی ئۆلگا توونەد توونەد بگوشم و لەنێو دەستەکانی خۆمدا بیتوێنمەوە، بەڵکو پڕووشك و ژیلەمۆی ڕۆحی لەوێوە دێتە نێو دڵی مردووم و هێزم پێدەدا..

لەبەر خۆیەوە بەچرپەوە گوتی: ئایا من دڵم ماوە؟ شەرم دایگرت، ئۆلگا و کریستینا و سۆنگول و قسەیان دەکرد، ئاوڕەنگ لە دڵەوە گوتی: دڵم پارچەیەکە لە سەهۆڵ، لە ئاقارێکی دوورم.. دوور دوور لە ئاوەدانی، نەخۆشی و بۆنی برین دەمکوژێ.. ئایا تاکەی پێویستە سەبر بگرم؟ لێکدابڕاین، بۆ ئەبەد لێك ترازاین، ئیدی نە دەبێتە هەتاو و نە ئاگریش، "ئەو" ئومێدێك بوو بەر لە دەستپێك کۆتای پێهات.. تازە بەیانیان بۆنی بخووری پرچی کێ بکەم؟

ڕووناکیی نێو قژی کێ بە لەپەکانم کۆبکەمەوە؟ ئیدی ناشێم لەززەت لە جوانییەکانی ئەو برژانگە ڕەشانە بکەم کە لەسەر گلێنە کەسکەکانی ئاوێتە دەبوون.. تازە بەیانیان چۆن بپرسم،

ئایا ئەوە بۆنی هەتاوە یاخود بۆنی ئاگر؟ ئاوڕەنگ جانتاکەی خستە سەرشانیی و بە بێهێزییێکی لە ڕادەبەر وەك ئەوەی قاچەکانی خۆی لە دەستدابێ، هەنگاوەکانی بە شلی دەهاوێشت، هەنگاوی سست و خەمناك و ئاوێتە بە بێئومێدیی و بیری کردەوە، ئاوڕەنگ بیری لە چی دەکردەوە؟

لەگەڵ خۆیدا کەوتە دوان: هەندێجار یەقینی لە بەهرەوەری خۆت و خۆ بەزلزانین و لووت بەرزی، تووشی کاڵفامی و بچووکییت دەکا.. دەبێ هەر یەك لە ئێمە بزانێ کە چۆن و کەی لە کوێ بەهرەکانمان دەخەینەگەڕ و بەکاری دەهێنین..

یاخود بەهرە و زانین و هەوڵ و وردبوونەوەش هیچ ڕۆڵێك نابینێ؟ چونکە چارەنووس شتەکانی دیاریکردووە؟

بۆ کوێ بڕۆم؟ ئایا ماڵی من کەوتۆتە کوێ؟

وەڵامی خۆی دایەوە و گوتی: ئەی نەمگوت شەو ماڵی منە!

لە خۆی پرسییەوە: بۆچی دیسان لە ئومێدێك ئالآم کە لە دەسپێکدا کۆتایی پێهات؟ بۆچی لە جیاتی هەتاو ئاگرت پێدام و لە جیاتی ئومێدیش تاریکیی؟ لە چ خەرەندێکت هەڵداوم؟ ئیدی ڕەوەندێك، قەرەجێك، دۆم و ڕاوچییێك، هیچ کەسێ بێرەدا گوزەر ناکا تا دەرمبێنێ.. تازە کار لە کار ترازابوو، هیچ شتێ دادی نەدەدا، هەنگاوە سستەکانی دەهاوێشت و بیری ئاڤژەنی دەکردەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئایا کاری من لە ژیاندا بە تەنیا چەشتنی تامی شکستە؟

لـەو چـرکەیەدا پیـاوێکی لاواز و بنـێس و چـورچ و دەموچـاو مووینی لێدەرکەوت، سەری هێنایە بن گوێی ئاوڕەنگ و پرسی:
ئایا حەشیشت ناوێ؟
ئاوڕەنگ بە دەنگێکی بـەرز گـوتی: جـا حەشـیش دادی چ شـتێ دەدا؟
پیـاوە پـیرە چورچـەکە لـە هـەموو لاکـانی ڕوانـی و ئـەوجارە نزمتر لە جاران گوتی: منیش سەرەتا وەك تـۆ بـیرم دەکـردەوە، بەڵام دواتـر تێگەیشتم کە مەستی و سەرخۆشی یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ بەڕێکردنی تەمەن و زەمەن.
ئاوڕەنگ وەك جاران بە دەنگێکی بەرز گوتی: زەمەن بـە مـن و بە تۆ و بە سەرخۆشیی و بە حەشیش ناوەسـتێ.. هەرچـۆنێك بێ هەر دەڕوا.
پیرەمێردەکـە گـوتی: مـن نـەمگوتووە زەمـەن، سەرخۆشـیی زەمەن دەوەستێنێ، بەڵکو بە پێچـەوانەوە زەمـەن بـە خێرایـی بەڕێـدەکا.. دەزانم تـۆ مەبەسـتتە بڵێـی بۆچـی زەمـەن بـەو شێوەیە نەڕوا کە ئێمـە دەمانـەوێ، بـەڵام تـۆ بـاس لـە کـارێکی مەحاڵ و ڕەها دەکەی، خۆ ئێمـە نـین کـە هەڵدەبـژێرین چۆن دەژیـن و چـۆن دەمـرین.. ئـەوەی تـۆ باسـی دەکـەی تـەنیا لـە خەونەکانـدا هـەن.. لـە خـەونی شـاعیران و نیگارکێشـان.. سرووشتی ژیان و فەلسەفەی ژیان ئاوایە، تۆ کـە دێیـت هاتنـت لە دەستی خۆت دانییە، لە دایکبوونت لە دەستی خۆت دانییـە،

مـردنیش لـه دەسـتی تـۆدا نییـە، ئـەی چـۆن دەتـەوێ ژیـان لـە دەستی تۆ دابێ؟
ئـاوڕەنگ هـەر سـەری ڕادەهەژانـد و پشـتگیری بۆچـوونەکانی پیرەمێردەکەی دەکرد..
دەمەوێ بە کڕینی حەشیش تاوێ ژیان لە بیر بکەی و بیر لـە بێبـەهایی ئـەو ژیانـە بکەیتـەوە، تـاوێ بۆخـۆت بـڕۆ نێـو گەمەیـەکی واتـادار و گاڵتـە بـە بـێ واتـایی ژیـان و وردەکارییەکانی ناوی بکە.
ئۆلگـا چـاوەکانی پـڕ بـوو لـە فرمێسـك و بـیری زۆر شـتی دەکـردەوە، نەیـدەزانی بۆچـی پێویسـتە ئـاوا فرمێسـکە درشتەکانی هەڵوەرێنێ.. لە خۆی پرسی: بۆچی هەست دەکـەم هێندە لەمێژە دەیناسم؟
دەڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئامێزی ئەودا لە ژێـر تریفـەی مانگـە شەو گۆرانیم بۆ عەشق و وەفا گوتووە؟
لـە لایێکـی دیکـەوە بـیری دایـك و بـاوکی دەکـردەوە و بـەخۆی گوت: بۆچی دەبێ خۆم هێندە دڵتەنگ بکـەم؟ زۆر باشـبوو کـە چیرۆکەکە بەر لە دەستپێك کۆتایی هات.. ئـەگینا کارەساتبوو، بێگومـان دابڕانـی دوو خۆشەویست لـە یـەکتر وەك شـەقبوونی خاك وایە لە بوومەلەرزەدا.
ئاوڕەنگ نەیدەزانی دەبێ بیر لە چی بکاتەوە ؟ بیری لە ئاڤژەن دەکـردەوە یـاخود لـە نەهامەتییـەکانی ژیـان و ژیـانی خـۆی؟

هەستی دەکرد لە چاڵێك دایە، کەسێ بەوێدا تێپەڕنابێ.. چەرخەکەی دەرهێنا و جگەرە حەشیشاوییەکەی داگیرساند، دووکەڵ دەچووە نێو سییەکانی، بۆن و بەرامی حەشیش بەژوورەکەدا پەخشان بوو، لە خۆی پرسی: بۆنی ئاگرە یاخود بۆنی پرچی ئۆلگا کە ئاوا مەستم دەکا؟

ئاوڕەنگ لە ژوورە بچووکەکەی لە شەقامی ـ ئاو ـ دا، بەدەم مەستیی و هەڵکێشانی بەردەوامی دووکەڵەوە ئاڤژەنی هاتەوە یاد و کاغەزێکی سپی پاکی دەرهێنا و دەستی دایە قەڵەم.

## 25

**چی بنووسم؟**

**چ پێویستە من بینووسم؟**

**ئایا پێویست دەکا من بنووسم؟**

**ئاوڕەنگ ئەو پرسیارانەی بەدەم هەڵکێشانی دووکەڵی جگەرە حەشیشاوییەکە لـە خـۆی دەکـردو دەسـتی بـە گریـان کـرد.. دەگریا، بەڵام بە هیچ جۆرێـك گـوێی لـە دەنگـی گریـانی خـۆی نــەدەبوو.. لــەوەش خــراپتر نەیــدەزانی بۆچــی دەگریــێ: قەڵەمێکی خستە سەر کاغەزەکە و گـوتی: دەنووسـم، چـونکە نووسین جۆرێکیترە لە گریان.**

**ویستی بنووسێ بەڵام چی بنووسێ، بۆ کێ بنووسێ؟**

**ئاڤژەنی کەوتەوە یاد و دەستیکرد بە نووسین:**

**سڵاو گیانە زیندوەکەم..**

**ئەوا هەمدیس لە کەناری دەریاییێکم و بەدواوە من، ئایا دەکرێ ئەو دەریایـەم بـۆ شـەقبکەیت؟ لـەنێو دارخورمـاییێکم و بانگـت دەکـەم کـەچـی کـەسـێ نـایـێ بەلامـەوە.. لـە دۆڵێکـدا کـەوتووم، کەچی ڕەونـدێك، قـەرەجێك، شـێتێك، بێـرەدا تێپـەڕنابێ، زۆر دەترسم لە غیابی تۆ پایزی گۆشەگیری هەڵموەرێنێ.**

**من جارێك بۆم نووسی: (هەموو نهێنیەکانمت لـە کتێبێکـدا بـۆ**

دەنووسم) یان (هەموو بیرەوەریەکانمت بۆ دەنووسم) وابزانم ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی ئەو ڕۆژەت بۆ بکەم کە لەگەڵ ئاویاردا بەسەرمانبرد.

خۆرکەوتنبوو، هەستمان بە لێنەدانی دڵی زەمەن دەکرد، زەمەن مردبوو یاخود ئێمە؟ پێدەچوو ئێمە و زەمەن بە یەکەوە، چونکە بە مردنی ئێمە زەمەن دەوەستێ و بە وەستانی زەمەنیش ئێمە دەمرین.. دەمانویست رۆحێ بدەینە خۆمان و زەمەن.. چووین لە ماڵەکەی ئەودا، تا ئاستی مردن راکیمان نۆشی، سەرخۆش بووین، دەمانویست ئەوجارەیان زەمەن لەو خۆشییەدا بوەستێنین، کەچی ئەو زۆر بێڕەحمانە بەخێرایی دەڕۆیشت، بۆیە ئێمەش ڕۆیشتین.. درەنگی شەوبوو، بەنێو کزەبایێکی سارد و بەفرین و جەستەتەزێن تێپەڕین، بە هەنگاوە لەنگەکانمان شەقامە ڕووتەکانی ئەو شارە ڕووتەمان تەی دەکرد.. دنیا یەکجار سارد بوو، کەچی ئێمە گەرمامانبوو.. زەمەن تێدەپەڕی ئێمەیش شان بە شانی ئەو تێدەپەڕین، تا گەیشتینە شەقامی سۆزانییە ڕووتەکان، کاتێك هات ئێمە خۆمان لە نێو جیهانێکی سۆرتاریك و بازارێکی گەرمدا دۆزیەوە.. کێ بوو ئێمەی گەیاندبووە ئەو شوێنە؟ پێیەکانمان یا شەقامەکان ئێمەیان بەرەو ئەو دنیایە بچووکە راکشابوو؟

کە لە جامخانەکە کچێکی ڕووتی فارسم دیت، دڵم لەرزی.

سەیرێکی کتێبەکەی دەستیم کرد، ڕەسمی ئیمامی خومەینی لەسەر بەرگەکەی بوو، دراوسێیەکەی وێنەی هەندێ ژنی بە دیوار هەڵواسیبوو بە جلی کوردی نانیان دەکرد.. لە تەنیشت ئەوانەوە کچێکی چاوبچووکی ئاسیایی یوگای دەکرد، چاوەکانی نوقاندبوو، کچە روسەکە سەیری tv دەکرد، ریپۆرتاژێك بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی و ستالین دەدوا.. ئەڵمانەکە کتێبێکی مارکسی پێبوو، ئەفریقیەکە وەك شێت لەگەڵ ئیقاعدا سەمای دەکرد، کچێکی جوولەکە ئالآی ئیسرائیلی لە ژوورەکەی هەڵواسیبوو، عەرەبێکی موحەجەبە بە غەمباری دانیشتبوو گوێی بۆ گۆرانی "ئوم کەلسوم" رادێرابوو.. بە ئاویارم گوت: ئێرە وێنەیەکی بچوککراوەی دنیای گەورەیە هەموو دنیا لەو سۆزانیخانەیەدا چڕکرابۆوە، ئاویار منی پەلکێش کرد و لەبەردەم جامخانەیەکدا رایگرتم و گوتی: لەو کچە بولگاریە بڕوانە، من مشتەریێکی بەردەوامی ئەوم.

کە لێم ڕوانی، ئاخ چیت بۆ باس بکەم ئاڤژەن گیان؟ ئەو بەتەنیا جوانێك نەبوو کە لە هەموو دنیا وێنەی نەبێ، بەڵکو پارچەیەکی کریستاڵ بوو، هەرکەس دەیتوانی لە جەستەیەوە دڵ و رۆحیشی ببینێ.. لێوی سوور و چاوانی سەوز و پرچی زەرد و ئێسك و پێستی سپی، ئایە ئەو ئالآ بوو؟

ئەو کچە نازدارە ڕیزی بۆ گیرابوو، وەك یەك پیر و گەنج و ڕەش و سپی و کایی و ئەسمەر و.. تاد..

ئاویار لە من زیاتر لە جامی پەنجەرە گەورەکە نزیک ببۆوە، بە دەنگێکی بەرز گوتی: هەمان کتێب.. هەمان کتێب!
گوتم: کتێبی چی؟
گوتی: "یازدە خولەك"ناویشی ماریا یە.
کە ماریا ئاویاری دیت، بزەیەکی پڕ لە عیشقی بۆی کرد و کەسەکانی تری بێباك کرد..
من ئێرەیم بە ئاویار نەدەبرد کە ئەو هێندە بە خۆشەویستییەوە لەگەڵی دەدوا، بەڵام جوانییەکەی دڵی تەنگ کردم.. سەرسامبووم.. بۆیە ویستم جگەرەیەك داگیرسێنم، کەچی جگەرەم نەمابوو، ماریا تێگەیشت، پەنجەرەکەی تەواو ئاوەڵا کرد و پاکێتە جگەرەکەی بۆ هەڵدام، لەو شەوەدا جگەرەی ماریامان کێشا، پڕبوو لە نوور.. ئاویار دەیویست بچێتە ژووری، ماریا بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ فەرمووی لێکردین، کەچی من دەستم گرت و ڕێگام نەدا.. ئاویار بە ماریای گوت: تۆ هی ئەوە نیت لێرە کار بکەیت، چۆن دەتوانیت خۆت بفرۆشیتە هەموو کەسێك؟ ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: من جەستەی خۆمیان پێدەفرۆشم نەك ڕۆحی خۆم!
من قسەیەکی "پۆلس"م هاتەوە یاد و بە دەنگێکی گەورە گوتم: ڕۆژێ دادێ وازدەهێنی، چونکە تۆ پەیکەری خودایت و ڕۆحی خودا لە تۆ دایە.

**لە گەڵ ئاویار چوینە ئەو شەقامەی کە بەرەو سەنتەری شار لوولیدەداین.**

**شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە بوو، شەو لە ڕۆژ دەچوو، کاتژمێرە گەورەکەی سەنتەر کە لەسەر بورجێك هەڵواسرابوو، لێیدا، کات 2 ی شەو بوو، ئاویار بە واقوڕماویەوە لە کچە نیوەڕووتەکانی دەڕوانی، کە بیرەیان فڕ دەکرد و لە قاقایان دەدا، هاواری کرد: شاری فریشتان.. شاری فریشتان..**

**لێرە زەمەن گوێ بە کەس نادا و دەڕوا..**

**پیاوێکی پیرو دەموچاو مووین و چورچمان لێ هاتە پێش و گوتی: حەشیشتان ناوێ؟**

**ئاویار گوتی: ئێمە حەشیشکێش نین!**

**پیرەمێردەکە گوتی: گوێم لێبوو کە دەتگوت شاری فریشتان شاری فریشتان، زەمەن گوێ بەکەس نادا و تێدەپەڕێ.. بەڵام تۆ ئاگاداری کە لێرە زەمەن بە ڕاکە ڕاکە و هەڵپە هەڵپ دەڕوا، لێرە زەمەن دەیەوێ مرۆڤ بترسێنێ، دەیەوێ فێری بکا کە بەختەوەریی تەمەنی کورتە، زەمەن لێرەدا دەیەوێ دیکتاتۆریەتی خۆی ڕابگەیەنێ.. دەیەوێ هاوار بکا، جێتان دێڵم جێتان دێڵم، لەسەر ئێمەی مرۆڤ پێویستە لە زەمەن نەترسین و گوێی پێنەدەین کە هاوار دەکا، بەڵام چۆن؟ من پرسیار لە ئێوە دەکەم چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی هێزێکی ئاوا گەورە ترسێنەر ببینەوە؟ بڕۆن ڕۆنیشن و چەند ساتێ**

تەئـەمول بـۆ جـوانیی ئـەو چرکەساتانە بکـەن و بیریـش لـەوە بکەنەوە کە زەمەن تەواوی دەکا و دەیکا بـە ڕابـردوو.. کـەوابێ دەبێ ئێمەیش لەگەڵی بڕۆین، هەمدیس دەبێ بپرسم چۆن؟ بێگومان، سەرخۆشیی.. سەرخۆشیی..

لـــە شـــاری فریشـــتەکان سەرخۆشـــەکان تێکقژقـــژابوون، تێکئاڵابوون، ماچە سوورەکانیان دەگۆڕیەوە، یەکتریان لە ئامێز دەگـــرت، حۆرییێـــك لەبـــەر زۆر خواردنـــەوەی ئـــەلکحول دەرشایەوە، ئاویار گوتی: ڕێگام پێبدە ڕشانەوەکەی دەخۆمەوە. من بەو ڕستەیە ڕشـانەوەم هـات، چ هـەراو هـەلاَیێك بـوو، لـەو شارە رووت و قووتە؟

مـن تـۆم بیرکەوتـەوە ئەسـتێرە دوورەکـەی خـۆم، دارەبـازە زەردەکـەم بـیر کەوتـەوە لەبـەر دەروازە دوودەریـە زەردەکـە، ئاوابوونی یەکجارەکی خۆرم بیرکەوتەوە..

گیانـە نزیکەکەکـەی خـۆم، لـەو شـەوەدا هـەموو شـتەکان ئـازاد بوون، هەموو کەسەکان بە ئازادیی یەکتریان خۆشدەویست، بـە ئـازادیی سـەمایان دەکـرد، بـە ئـازادیی دەگریـان و بـە ئـازادیی پێدەکەنین.. من لە خۆمم پرسی: ئایە ئەوە عەقڵە وادەکا دڵ بەختـــەوەر بـــێ، یـــاخود تـــەنیا بڕیارێکـــە لـــە چارەنووســـە و کەسەکان جێبەجێی دەکەن؟

مـن تـۆم بیرکەوتـەوە ئـەو چـەپکە گوڵـەم بیرکەوتـەوە کـە بـۆ دواینجار لەسەر گۆڕەکەتم دانا و گوتم: چاوەڕێم دەتبینمەوە.

مـن چـیرۆکەکەم بیرکەوتـەوە هـاوارم کـرد: ئاڤـژەن گیـان تـۆ زیندووی، تۆ لێرەی لە نێو رۆحم، تاکو من ماوم خۆشـدەوییێ، لە گەڵمی.. لە هەموو چرکەکاندا لەگەڵمی.

ئاویاریش ویستی هاوار بکا، بەڵام لێمی ڕوانی گوتی: ئاخر مـن هیچ کەسێکم هێندە خۆشناوێ تا هاواری بۆ بکەم.

من بەدەم گریانـەوە پێکـەنیم، ئاویـار هـاواری کـرد: ژیـان ئـەی ژیان خۆشمدەوێی، مەرگ ئەی مەرگ ڕکم لێتە.

کە لە "مەکدۆناڵدز" نانمان خوارد من لە دڵەوە گوتم: ئاڤـژەن گیـان تێربـووی؟ باشـە گیانـە باشـە.. کـەوابێ سـپێدەت بـاش، شەوت شاد.

ئـاخر مـن نەمـدەزانی لـە چ زەمەنێکـدام، چـونکە زەمـەن لـەو بێزەمەنییەدا ونبوو..

کاتـژمێر " 7 " ی بـەیانی لـە خـەو ڕابـووم، دوای دووشـێك چـەند لاپـەڕەییێکم سـەبارەت بـە جەسـتەی مـرۆڤ دوای مـەرگ ڕەشنووسکرد، باسی بێبەهایی مـرۆڤم کـرد و دواتـر هـەموویم دڕانـد، دەسـتم کـرد بـە نووسـینی وڕێنـەکانم، خەونـەکانم، ئەوانیشـم دڕانـد، جگـەرەم دەکێشـاو کـافێم دەخـواردەوە، پـڕم دایـە مەسـحەفی شـەریف و ئایـەتێکم خوێنـدەوە، کتێبەکـەم لـە شوێنی خۆی دانایەوە، ژیاننامەی سادقی هیدایەتم خوێنـدەوە، زگم بۆی سـووتا، کـە لـە هـیچ جێیێکـی ئـەو دنیایـەدا ئـۆقرەی نەدەگرت، تا لە داخان خۆی کوشت.. هەندێ گـوێم بـۆ گـۆرانی

ڕادێرا، خۆم گۆڕی و چوومە دەرێ.. ڕاستە "دەرێ" کراوەبوو، بەڵام من لە ناخەوە داخرابووم، پلەی گەرما "25" بوو، چی تاووس و نەورەس و کارئاسکی ئەو شارە هەبوو بە نیوەڕووتی لە شەقامەکاندا، دڵخۆش دڵخۆشانە پیاسەیان دەکرد.
من کە لەو کەشەم ڕوانی بیرۆکەی شیعرێکم بۆ هات، پێموابوو لەو ڕۆژە زستانییەدا خۆر بۆ ئەوە دابەزیە کە قیاسی مەمك و ڕەنگی ستیانی ژنەکانی ئەو شارە ببینێ.. خۆر بۆ ئەوە دابەزیە کە ناوکی فریشتەکان ببینێ و لەززەت لە پۆشاك و پێستیان بکا نەك لەبەر کارێکی فیزیکی..
لەو یەکشەممە کوکوختییەکانی سرووشت و خودا بە یەکەوە لە شەقەی باڵیان دەدا و تاووسەکان کلکیان دەکردە باوەشێنە و لاسایی کردە ئیرۆتیکیەکانی دوێنێ شەویان دەکردەوە.
مامزەکانیش باسی هونەری ڕاکردنیان لە دەست سەرخۆش و سەرڕەش و بێتامەکانی دوێنێ شەو بۆ شار دەگێڕایەوە..
گیان من بە خێرایی دەڕۆیشتم، لەو تێکقژقژان و تێکئاڵۆزان و تێکچڕژانەدا هیچم نەدەدیت، نیگاکانم تیشکی ستوونی بوون.. دەڕۆیشتم و نیگاکانم چەقیانبەستبوو.. ئایە من لە چیم دەڕوانی؟
بیرم لە چی دەکردەوە؟ لە تەنیا خاڵێکم دەڕوانی و نەشمدەزانی بە دوای چیدا دەگەڕێم.. بەدوای دۆزینەوە شتێکی بزردا دەگەڕام و نەشمدەدۆزیەوە؟ ئایە ئەو شتە چیبوو

کە من بەدوای دا دەگەڕام و نەشمدەدۆزیەوە؟ بە خـۆمـم گـوت: گۆشــە گیریــی وای ڕاهێنــاوم هەمیشــە بــە دوای ســەرابدا سەرگەردانبم.

بەدوای وەڵامێکی ونبوودا دەگەڕام، بەدوای یەکێك دەگەڕام، کە دەشمزانی نایدۆزمـەوە، بـەدوای بەرسـڤی سیحر و نهێنـی ئـەو پرسـیارانەدا دەگــەڕام، ئـۆه خـودا چـەند بێهودەبـووم؟ بـە شــەقامێکی ڕووناکـدا تێدەپـەڕیم کەچـی نیگاکـانم تاریـك داهـاتبوون.. بـیرم دەکـردەوە، هـەر بـیرم کـردەوە و قسـەیەکی ئەڵمانـەکانم هاتـەوە یـاد (خۆشەویسـتیی مـرۆڤ کـوێر دەکـا).. چـیرۆکێکم هاتــەوە یــاد: (خۆشەویســتیی و شــێتیەتی کۆنــە برادەربــوون، جــەنگ لــە نێوانیــان ڕوویــدا، لــەو شــەڕەدا خۆشەویسـتیی چاوەکانی لـە دەسـتدا و کـوێر بـوو، لـە دادگـادا بڕیـاردرا کـە شـێتیەتی سـزا بـدرێ لەسـەر ئـەو تاوانـە، بۆیـە بڕیاریانــدا تــا ژیــان ژیانــە شــێتیەتی بــەردەوام لەگــەڵ خۆشەویستی دابێ).

گیان: خۆشەویستیی مـن شـێتیەتی لەگـەڵ دابـوو، مـن ببوومـە هەڵم و نەمدەزانی بەرەو کامـە لای ئاسمـان لـە ڕێـدام! گـرینگ نـەبوو بـەرەو کـوێ لـە ڕێـدام! مـن تـەنیا دەمویسـت ڕێگایـەك بدۆزمـەوە کـە بـەرەو تـۆ لوولـدەدا، تـۆ لـە کـوێ بـووی کـە بـە دواتدا دەگەڕام!؟ گیان تۆش حەزناکەی ببی بە هـەڵم و ڕوو لـە ئاسمان هەڵکشێیت و بەرەو من بێیت؟

ئۆه.. گەر دەزانی چەند غەریبیت دەکەم!؟ چەند شەپۆلە ئەرژەنگەکانی بێتۆیی شالاوم بۆ دەهێنێ و خەریکە نوقمی دەریای سڕانەوەیەکی ئەبەدیم دەکا، گیان گوێت لێیە کە پێت دەڵێم: خۆشمدەوێی.. گوێت لێیە ئاوزینگ دەدەم؟ هەست بە مردنی بەردەوامی من دەکەیت..

تا نامەیەکی دیکە.. چاوەڕێبە.. خۆشمدەوێی گوڵە زیندووەکەی خۆم.

حەشیش تەواو کاری لە عەقڵی ئاوڕەنگ کردبوو، هەستی بە لە دەستدانی کۆنترۆڵکردنی خۆی دەکرد.. ئەو نامەیەشی خستە سەر نامەکانیتر، ئێستا بیرۆگرافیانامەکە کتێبێکی گەورەی لێدەردەچوو، ئەگەر بیدابووایە چاپ..

ئاوڕەنگ بە سەرخۆشی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاو ئۆلگای بیرکەوتەوە، تابلۆی برژانگە ڕەشەکانی هاتە بەرچاو کە لە سەر گلێنە سەوزەکان ئاوێتە دەبوون، بۆنی پرچی ئۆلگای هاتەوە یاد، ئێستا بە تەنیا بۆنی بێئومێدییێکی تاریکی لێدەهات، خۆرەکە ئاوابوو، دەستی خستە سەر چاوەکانی و سەری هێشا، گۆریەکانی داکەند و نووست.

لە کارگەی ئۆتۆ، ئاوڕەنگ نسکافێییێکی گەرمی بە دەستەوە بوو، لەو وێنەیە گەورەی دەڕوانی کە ئۆلگای لە باوەش گرتووەو بە هەردووکیان ئارمی کارگەی ئۆتۆیان بەدەستەوە گرتووە و بە زەردەخەنەیەکەوە ڕێکلام بۆ ئەو کارگەیە دەکەن.

دوای ڕامانێکی زۆر و هەڵوەراندنی چەند تنۆکە فرمێسکێکی درشت، ئاوڕەنگ بە وێنەکەی گوت: هەموو شتێك لەو گەردوونەدا دەبێتە ڕابردوو.. ڕابردووش واتە: لەناو چوونێکی بە بەڵێن.

دیسان گوتی: تاکە پردی نێوان ئێستا و ڕابردوو زاکیرەیە، خۆزگە بمتوانیبووایە بە پردی واقیعەوە گەڕابوومایەوە نێو چرکەساتەکانی کە ئەو وێنەیەی لێگیرا.

لەخۆی پرسی: "خۆزگەخواستن" چییە؟ ئایە شەڕێك نییە کە ئێمە بە دڵ و ڕۆحی دەفرۆشین؟

ئۆلگا لە نێو ترام دانیشتبوو، لە گۆڤارێکی تایبەت بە ڕێکلامی دەڕوانی، وێنەکەی خۆی و ئاوڕەنگی دیت کە ڕێکلام بۆ کارگەی ئۆتۆ دەکەن، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئایە دووبارە کردنەوەی ڕابردوو لە دەستی ئیمە دایە؟ ئاخ، خۆزگەم بەو

چرکەساتەی کە ئەو وێنەیەی تێدا گیرا.

سۆنگول دەستێکی لە پشتی ئاوڕەنگدا و گوتی: ئایە برایە عاشق و شێتەکەم زۆر غەریبی ئۆلگا دەکا؟ ئایە دەزانێ کە خۆشەویستیی و غەریبیکردن جمکن؟ لە یەك چرکەساتدا لە دایکبوون و بۆ هەمیشەیش بە یەکەوەن.. تکایە سلاوی منی پێڕابگەیەنە.

ئاوڕەنگ گوتی: مەگەر کۆترێکی شین لە دڵی من تێبگا و نامەی زەینی منی بۆ ببا.. ئۆلگا بوو بە ڕابردوو، ئەو ڕۆیشتو ئیدی نایبینمەوە.

سۆنگول بە سەرسوڕماوییەوە گوتی: من پێموابوو ئێوە لە مێژە عاشقی یەکترن..

لە نێو مۆبایلەکەی گەڕا و گوتی: بۆڕۆدینۆڤا.. بنووسە ئاوڕەنگ ژمارەی مۆبایلەکەی ئۆلگای نووسی.

## 27

ئـــاوڕەنگ مۆبایلەكـــەی دەرهێنـــاو ویســـتی ژمـــارەی ئۆلگـــا هەڵبژێرێ، كەچی مۆبایلەكەی داخست.. ئەو جارەیان هەوڵیدا، دەسـتی دایـە مۆبایلەكـە و ژمـارەی ئۆلگـای لێـدا تـا ژمـارەی كۆتایی، بەڵام بەر لەوەی ژمارەی كۆتایی لێدا كە ژمـارەی "7" بوو، دایخستەوە.

دڕدۆنـگ بـوو، نەیـدەزانی دەبـێ چـی بكـا.. غـەریبی برژانگـە ڕەشەكانی ئۆلگای دەكرد كـە لەسـەر گلێنـە كەسكەكانی تێكـەڵ دەبوون، دەستی دایە گۆڤارێـك كـە لەسـەر مێزەكـەی بـەردەمی كـەوتبوو، ژیـانی " ئێـدگار ئـالان پـۆ "ی خوێنـدەوە، نـەختێ خۆشحاڵ بـوو كـە كەسێكی دیكـەش هـەبووە لـەو غـەمبارتر و سەرخۆشتر، هاتە پێش چاوی كە ڕۆژێ دادێ ئەویش ئـاوا دوای چەند ڕۆژێك بە مردوویەتی لـە نێـو چـەند بتڵێكـی شـەراب و عـەرەق لـە نێـو ژووره بچـووكەكەی لـە شـەقامی _ئـاو_ دا دەدۆزنەوە.. لەبەر خۆیەوە گـوتی: چـی دەبـێ بـا ببـێ، خـۆ لـە كۆتاییدا هەمووومان خاوەنی یەك ئەنجامین.

تەماشـاییێكی بـەرگی گۆڤارەكـەی كـرد و بـە نەرمییـەوە گـوتی: بـەڵام بـەر لـەوەی ببمـە تـەرمێكی سـاردو سـڕی ترسـناك، حەزدەكـەم جـارێكیتریش گەشـانەوەی چـاوەكانی ئۆلگـا و

جوانییەکانی ببینمەوە، حەز دەکەم گوێم لە دەنگە مۆسیقیەکەی ببێتەوە، جارێکیتریش بۆنی پرچی بکەم و ئەگەر بکریٚ ماچیشی بکەم.
دیسان گوتی: من پێموانییە ئێمە بەرپرس بین لە هەڵبژاردنی ئاسودەیی و بەدبەختیی خۆمان، جا چۆن دەتوانین بەرپرسبین لە هێنانەدی حەزەکانمان؟ بەردەوامی دایە قسەکانی و گوتی: من تووشی سەرەتانی گۆشەگیری هاتووم، ترس دایگرتووم، تا و لەرزی عەشقم گرتووە، ئەها لە چ دۆڵێکدا بانگ دەکەم، هاوار دەکەم، کەچی نە قەرەجێك نە رێبوارێك نە سەگێك بێرەدا تێپەڕنابێ.. کەسێ نییە لەو لافاوی بێزارییەدا دەربازمبکا؟
جارێك ئاویار پێیگوتبوو: کێشەی تۆ ئەوەیە ناتوانی وێنەی ئافڕەن لە زاکیرەی خۆتدا رەشبکەیتەوە، تۆ پێت وایە تەنیا کەسێك کە جوان بووبێت ئافڕەنە.. رەنگە تۆ راست بیت لە لایەك کە تۆ وادەبینی ، "جوانیی لە خودی شتەکە دانییە، بەڵکو لە تێگەیشتن دایە بۆ شتەکە" بەڵام هەوڵبدە هەندێجار بە دوای واتای شتەکەدا بگەڕێ، بە نمونە: خۆشویستن و جوانیی لە مردوویەکدا چ واتاییێکی هەیە؟
ئاوڕەنگ هێندە دڵتەنگ بوو نەیدەزانی چی بکا ! قسەیەکی سارتەری هاتەوە یاد ( یاداشت نووسین مۆسیقایە، هەر کەسە و بە شێوەیەکی جیا دەیخوێنێتەوە). دەستی دایە قەڵەم و

ویستی یاداشتی رۆژانەی خۆی بنووسێتەوە، جار جارێ کە یاداشتی خۆی دەنووسییەوە وەك ئەوە وابوو ئامێرێکی مۆسیقی بژەنێ کە کەسیتر بەر لەو ئەو ئامێرەی لە خەیاڵیشدا وێنا نەکردبێ، ئاوا دەینووسی، حەزی دەکرد شێوازی تایبەتی خۆی هەبێ لە نووسینەوەی یاداشتدا، حەزی نەدەکرد شوێنپێی هیچ کەسێك بکەوێ.. دەستی کرد بە نووسین، چەند لاپەڕیەکی رەشنووس کرد، هێزی نەما و هەمووی دڕاند.. دەستی دایە مۆبایلەکە و ژمارەی ئۆلگای هەڵبژارد، بەلاّم بەر لە ژمارەی کۆتایی کە ژمارە 7 بوو، ئۆلگای بیرکەوتەوە کە پێیگوتبوو: ببوورە کاتم نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا کافێیەك بخۆمەوە.. مۆبایلەکەی دانایەوە.
ئۆلگا تەلەفۆنەکەی هەلگرت و تەلەفۆنی بۆ سۆنگول کرد و داوای ژمارەی ئاوڕەنگی کرد و سوپاسی کرد.. ژمارەی مۆبایلی ئاوڕەنگی هەڵبژارد، بەلاّم بەر لە ژمارەی کۆتایی کە 7 بوو، ئاوڕەنگی هاتەوە یاد کە لەناو گۆلفەکە هێندە بە ساردی و بە رەقیی و بە کورتی وەلاّمی دەدایەوە.. ئۆلگا دەترسا و گومانی هەبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری کۆتاییدا و گوتی: چی دەبێ بابێ، جا من چیم یا کێم تا بتوانم پرسیاری چارەنووس رەتبکەمەوە؟ من چیم یا کێم کە چارەنووس نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی یاری بە ژیانم بکا؟
ئۆلگا دوور لە گومان و دوودڵی دەستی دایە مۆبایلەکە و

**ژمارەی ئاوڕەنگی لێدا، بەڵام بەر لە ژمارەی کۆتایی کە ژمارە 7 بوو، مۆبایلەکەی داخست و غاری دایە سەر تەختە خەوەکە و لە پڕمەی گریانێکی ناکۆتایدا.**

ڕۆژی هەینی، ئاوڕەنگ لەدەرگای کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران بە ماندوویی و هیلاکییێکی زۆرەوە، لە باڵەخانەی ژمارە 7 لە شەقامی "بانهۆف" چووە ژوورێ.. سەیرێکی کرێکارەکانی کرد و لە دڵەوە گوتی: هەموومان ڕەنگی ئاسن و کەر و جوانەگامان هەڵێناوە.

"تۆماری کاتی کارکردن"ی بە ئیمزاییێکی سەرکاری کارگەی ئۆتۆ بردە بەر دەستی بەڕێوبەری ئەو کۆمپانیایە، تا پێی ڕابگەیەنێ کە ئەو هەفتەیەش وەك هەفتەکانی ڕابردوو "60" کاتژمێر کاریکردووە..

کە ئۆلگا ئاوڕەنگی بەو هەموو خەفەت و هیلاکییەوە دیت، گەیشتە ئاستی رووخان و داڕمان، ئیدی ئۆقرەی نەما، موچڕك و تەزین سەراپا جەستەی داگیرکرد.. رەنگی رووخساری گۆڕا و چەند جارێك برژانگە رەشەکانی لەسەر گلێنە سەوزەکانی ئاوێتە کرد و لە دڵەوە گوتی: رێکەوتێکی سەیرە!

خۆی بۆ نەگیرا و چووە لای ئاوڕەنگ، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە قەلەقی و شەرم و مەراقەوە گوتی: ژیان وشەیەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو وشەی لێکدابڕان و بەیەك گەیشتن.

ئاوڕەنگ ئاوڕی دایەوە و ڕەنگی ـ ئاو ـ ی هەڵهێنا، بزەیەکی

کورتی کرد و گوتی: مـن پێموایـە ژیـان وشـەیەکە دەکەوێتـە نێوانی وەفا و بێوەفایی.. چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە ژیان بـە پۆشاکی وەفاوە ببینم!
ئۆلگا هەستی کرد ئاوڕەنگ رەنگی ـ ئاو ـ ی هەڵهێناوە، هەستی بەو کاتژمێرە گەورەیـە کـرد کـە بـە رووخساریەوە نووسابوو، کاتـژمێرە گەورەکـە لێیـدەدا، ئایا ئـەوە کاتـژمێری سـفر بـوو؟ (دەکرێ بە خوێنـەر بڵێین کـە ئێـرە سـەرەتای رۆمانەکەیـە).. کاتژمێرەکەی سەر رووخساری ئـاوڕەنگ لێیـدەدا و لـە ئۆلگـای دەڕوانـی.. ئۆلگـا وردبـۆوە و لەبـەر خۆیـەوە گـوتی: لـە گلێنـە کەسك و برژانگە رەشەکانم دەڕوانێ، تەماشای پێڵاوەکانم دەکا، هێـدی هێـدی نیگاکـانی بـە ران و بەلـەك و زگ و سـینەم هەڵدەزەنێ، ئەو بازە دامیارە چی بەسەر هاتووە؟ ئایا ئەو بازە دامیارێکی هەمیشە چاو مەستە؟
ئاوڕەنگ بە شـەرمەوە پرسـی: چـاوەڕێم نـەدەکرد بتبینمـەوە، بۆچی لێرەی؟
ئۆلگـا بـە خۆشـحاڵییێکەوە گـوتی: هـاتووم دوا حیسـابم لەگـەڵ ئێرە بکەم.
هێشتا سەرسووڕماوی بە رووخساری ئاوڕەنگەوە دیاربوو، بەڵام کاتژمێرەکـە بـەردەوام لێیـدەدا، سـەدای زەنگـی کاتژمێرەکـە هێندە کاریگـەر بـوو، کـە زاکیرەی هەرکەسێکی داگیر دەکـرد.. ئایە ئەوە کاتژمێری سفر بوو؟ سەرەتای ئەو رۆمانەیە کە مـن

دەمەویٚ بۆ ئێوەی بگێڕمەوە؟
ئاوڕەنگ لە دڵەوە گوتی: ئیدی بۆنی برین و خوێنم کەس کاس ناکا، خۆرم لێدیارە کە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ، پەپولەیەکی سپی پێدەکەنێ..
بە دەنگێکی نیو بڵند بە ئۆلگای گوت: وەك پێم راگەیاندبووی، رۆژی ئاهەنگە کوردیەکە نزیك کەوتۆتەوە، تۆ پەیمانت دابوو لەگەڵم بێی، ئایە هێشتایش لەسەر پەیمانەکەت ماوی؟
وەك بڵێی ئۆلگا چاوەڕێی ئەو پرسیارەی کردبێ، بێ دوو دڵی گوتی: بەڵێ.. بەڵێ.. بەختەوەر دەبم گەر ئەتمۆسفێری ئاهەنگی کوردان ببینم.
ئۆلگا ژمارەی مۆبایلەکەی خۆی دایە ئاوڕەنگ.. ئەگەرچی ئاوڕەنگ ئەو ژمارەیەی لابوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆشحاڵییەوە لێی وەرگرت..
کە لێکدابڕان، پەڕەسێلکەی ناخی ئاوڕەنگ لە قاقایدا، هەڵفڕی و بە هێورییەوە گوتی: رەنگە بەختەوەریی مرۆڤ لەنێو گەمەی ژیاندا، بەشێکی بە سەبرەوە پەیوەست بێ.

# 29

ئاوڕەنگ گەڕایەوە ماڵ و خۆی مەستکرد.. باران بە خەستی دەباری.. بە خۆشحاڵییەوە پەنجەرەکەی کردەوە، خەریکبوو لە بەختەوەرییدا هەڵدەفڕی، وەك ئەوەی _با_ بە پەنجەرەکەیدا کۆترێکی سپی یا ئۆلگای بۆ هەڵدابێتە ژوورەوە ئاوا هەستی بە ئاوەدانی دەکرد.. کۆترە سپییەکە، یاخود ئۆلگای گرتە ئامێز و دەستیکرد بە سەما.. سەماییێکی شێتانەی لەگەڵ کۆترە سپییەکە و دەنگی بڵندی موزیك دەکرد.. لەودیو پەنجەرەکەدا پیاوێکی پیر بەنێو باوبۆران و تاریکییدا بە قەمبووری هەنگاوی دەنا، فانۆسێکی بە دەستەوە گرتبوو، بە دەستەکەیتریشی چەترێك.. هاتە نزیك پەنجەرەکەی ژووری ئاوڕەنگ و بە دەنگێکی بەرز گوتی: بە پێچەوانەی هەموو گڵۆپە کوژاوەکانی شار، تەنیا گلۆپ و رووناکیی لە ماڵی تۆ داگیرساوە، بە پێچەوانەی هەموو پەنجەرە داخراوەکانی شار، تەنیا پەنجەرەکەی تۆ ئاوەڵاکراوە، بەپێچەوانەی هەموو ئەو گۆشەگیریانەی شار کە لە گۆشەگیریدا گەیشتونەتە بەدبەختی، تۆ لە نێو بەختەوەرییدا سەما دەکەی، بقیژێنە، سەما بکە، بشکێنە، هاوار بکە و گۆرانی بە دەنگی بەرز بچڕە، چونکە قیژەو هاوار و شکاندن و سەما، دەروون و رۆحی مرۆڤ

بەختەوەرتر دەکەن.. پیاوە پیر و قەمبورەکە ئەوەی گوت و لە نێو باوبۆراندا ونبوو، ئایە ئەو پیرەمێردە کێ بوو کە بەو نیوە شەوە هات و تێپەڕی؟ کەس نەیدەزانی سەعات چەندە! ئاوڕەنگ دەیخواردەوە و سەمای دەکرد، دەنگی موزیکی بەرز بەرز کردبوو، پەنجەرەکەی کرابۆوە و هاواری دەکرد، بارانیش بە لێزە دەباری.

لەو کاتە دەرگای ژوورەکەی ئاوڕەنگ لێدرا، لە خۆی پرسی: کێیە هاتووە، دەیەوێ بەژداری خۆشبەختی و ئاهەنگی من بکا؟

فاتیح کاڵکان لە خانووە گەورەکەی خۆیدا.. ئەو ژوورەی نیشانی ئۆلگادا کە بۆ پشووی دایك و باوکی ئۆلگا تەرخانی کردبوو، دواتر چوونە ساڵۆنەکە و لەسەر ئەو دوو قەنەفەیە یەك کەسییە دانیشتن کە بەرامبەر بەیەك دانرابوون.. باسیان لەو خەوە ناخۆش و لێکچووەکە کرد کە هەردووکیانی تووشی سەرسامی کردبوو، ئۆلگا زۆر سوپاسی کاڵکانی کرد بۆ دیاریە گرانبەهاکە و گوتی: نەدەبووایە دیارییێك بەو گرانبەهاییە پێشکەش بە من بکەیت.

کاڵکان لە دڵەوە گوتی: یەك دیداری تۆ، بە هەموو سامانی دنیا ناکڕدرێ.

کاڵکان و ئۆلگا چوونە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێل بوون، بۆ ئەوەی بچنە گەڕەکی بەهەشت.. دەرگای ئۆتۆمبێلەکەیان

داخست..

ئاوڕەنگ دەرگای ژوورەکەی کردەوە، دوو پۆلیس و دوو کەسی سپیپۆش بە ژوورکەوتن، لە ژوورەکەی بەرامبەر بە ژووری ئاوڕەنگ پیرەژنە خانەنشینەکە بە خەواڵویی و چاوی مۆنەوە لەو دیمەنەی دەڕوانی..

پۆلیسە ژنەکە پرسی: کوانێ ئەو کەسەی کە شێت بووە و عەقڵی خۆی لە دەستداوە؟

ئاوڕەنگ بە سەرسوڕماویەوە گوتی: ڕەنگە ئێوە بۆ ئەدرێسێکی هەڵە هاتبن، من بە تەنیا لەو ژوورەدا دەژییێم.

پۆلیسە پیاوەکە: هەواڵمان بۆ هاتووە کە یەکێك لەو ژوورەی تۆدا دەژی و بە داخەوە عەقڵی خۆی لە دەست داوە.

ئاوڕەنگ گوتی: کەوابێ ئەو شێتە منم.

دکتۆرە ئافرەتەکە گوتی: هیچ خاسیەتێکی شێت بوون بە ڕووخسارتەوە نابینم!

ئاوڕەنگ: پێدەچێ لە دەستووری ژیاندا دۆزینەوەی بەختەوەریی بۆ یەکێك کە هەرگیز بەختیاری نەدیبێ بە شێت بوون لە قەڵەم بدرێ.

پۆلیسە پیاوەکە گوتی: تۆ کەسێکی ئانارشیی و گێرەشوێنی، دراوسێکانت ئازار دەدەی.

پۆلیسە ژنەکە قسەی پێبڕی و بە ئاوڕەنگی گوت: دیارە تۆ خۆت ونکردووە؟

ئاوڕەنگ رستەیەکی فەیلەسوفێکی ئەڵمانی هاتەوە یاد، کە هەمان پرسیاری ئاراستە کرابوو، بۆیە قسەی فەیلەسوفەکەی دەقاو دەق دووبارەکردەوە و گوتی: کەوایە، تۆ باشترین یارمەتیم دەدەیت گەر بتوانیت ڕێگای دۆزینەوەی خۆمم نیشانبدەی.

پۆلیسە پیاوەکە گوتی: فەرموو..

ئاوڕەنگ: بەرەو کوێ؟

پۆلیسە پیاوەکە: با پشکنینێکت بۆ بکەن، ئەگەر تەواو دەرچوو کە عەقڵی خۆت لە دەستداوە، یەکڕاست بەرەو نەخۆشخانەی دەروونی.

ئاوڕەنگ بە پێکەنینەوە گوتی: جا من چیبکەم لە شێتخانەیەك کە بە دیواری بەرز بەرز سنوردرابێ؟ دەرگاکانی بە قوفلی گەورە گەورە کلۆم درابێ؟ وازبێنن با لەو شێتخانەیە گەورەیەدا ژیان بەسەر ببەم کە پێی دەڵێن: دنیا.. دنیا ئەو شێتخانەیە مەزنەی خودا، نەك هی مرۆڤ.

دکتۆرەکان داوایان لە پۆلیس کرد وازی لێبێنن.. لەگەڵ ئەوەشدا پۆلیسە ژنەکە گوتی: ئازادییش سنوور هەیە.. تۆ تا ئەو خاڵە ئازادی کە ئازادی کەسانی دیکە نەشێوێنی.

پۆلیسە پیاوەکە داوای کرد کە جارێکیدی دەنگی موزیك هێندە بڵند نەکا و نەشکێنێ و هاوار نەکاو وەکو شێت نەقیرێنی..

فاتیح کاڵکان، ئۆلگای لەبەر دەروازەی بالاخانەی قوتابیان لە

(گەڕەکی بەهەشت، شەقامی رووبار، ژمارە 74) دانا و گوتی: تۆ شایەنی گرانبەهاترین دیاری لەو گەردوونەدا لە دڵەوەش ئەو ڕستەی تەواو کرد و گوتی: کە رۆحمە.

ئاوڕەنگ گلۆپەکانی کوژاندبۆوە، بەلآم لە ناخیدا رووناکییێکی بێوێنە بەدی دەکرا.. بەدیار چەند مۆمێکدا ڕۆمانێکی (بەلزاك) ی دەخوێندەوە و گوێی بۆ موزیکی کلاسیکی ئیتاڵی ڕادێرابوو، کە بەو حاڵە لە خۆی رووانی، لەبەر خۆیەوە بە پێکەنینەوە گوتی: جیاوازی چییە لە نێوانی من و خوێنەرێکی سەدەی نۆزدەیەم؟

بیری لە ڕۆژی ئاهەنگەکە و بیری لە ئۆلگا کردەوە، ئۆلگا لە ژوورەکەی بەسەر تەختە خەوە یەك کەسییەکەی ڕاکشابوو، بیری لە ڕۆژی ئاهەنگ و لە ئاوڕەنگ کردەوە.. ئاوڕەنگ چیرۆکەکەی هاتەوە یاد، دەرگا دوو دەریە زەردەکە و دارابازە زەردەکە و ئاڤژەنی هاتەوە یاد و گەیشتە باوەڕێك کە ڕۆژێك دادێ، دەبێ دان بەوە دابنێ کە ژیان دەڕوا و ناوەستێ، بۆیە لەبەر خۆیەوە گوتی: بێگومان ڕۆژێ دێ دەبمە پەیمانێکی شکاو و تاوانێکی بە پەیمان.

## 30

**ڕۆژی شەممە.. ڕۆژی ئاهەنگ.**

**ئۆلگا و فاتیح کاڵکان بەیەکەوە لە سوچێکی کافتریای "پێکەنینی شین" دانیشتبوون.. کاڵکان بانگی گارسۆنەکەی کردو گوتی: من ناوم کاڵکانە.. فاتیح کاڵکان.. بەختەوەرترین پیاوی سەر ئەو ئەستێرەیەم، تکا دەکەم بە هێنانی دوو پێک ڤۆدگا بەختەوەرترمان بکەیت.**

**گارسۆنەکە هێشتا نەگەڕابۆوە.. کاڵکان لەو ماوەیەدا باسی لە بەختەوەریی دەکرد، پێیوابوو: بەختەوەریی و بەدەستهێنانی بەختەوەریی کارێکی عەقلانییە.. گەر عەقڵ هەبێ، بەختەوەریی دەبێت.. عەقڵ سەنتەرە، سەنتەری خۆشیی و ناخۆشییەکان، سەنتەری بەدبەختیی و بەختەوەریی، سەنتەری ئاشتی و جەنگ، بۆیە دەبێ بۆ هەمیشەیی بالادەستی عەقڵمان لەبەر چاودابێ.**

**لەبەر دەروازە گەورەکەی بانهۆف ئاوڕەنگ بە ئامۆزاکەی خۆی دەگوت : ئەوڕۆ ڕۆژی یەکلابوونەوەیە، چارەنووس بڕیار دەدا، ئایا بەختەوەر دەبم یا بەدبەخت، خۆشحاڵ دەبم یا غەمگین، چارەنووس سەنتەرە، سەنتەری هەموو ئەو شتانەی کە لە**

ژیاندا دێنە ڕێگامان..
کاڵکان بۆ ئۆلگا، باسی ئەو برادەرایەتیە پاك و بێگەرد و ئەو عیشقە پڕ لە برادەرایەتیە و باسی لە پاکیەتی نیەتی خۆیی و باسی لە سەفای برادەرایەتی دەکرد و گوتی: بەر لەوەی تۆ بناسم ژیانم تاریك بوو، بەڵام کاتێ کە تۆ هاتی، لە هەموو لاکان رووناکیی خۆیکرد بە نێو ژیانی مندا، ئێستا کە بە گارسۆنەکەم گوت بەختەوەرم، زێدەڕۆییم نەکرد، راستیم گوت، چونکە بە راستی بە تۆ بەختەوەرم.
گارسۆنەکە گەڕایەوە، لەسەر سینییێکی زیوین، دوو پێك ڤۆدگا دانرابوو، لەنێو هەردوو گلاسە بچووکە کریستاڵیەکە، پاکەتێکی قەدیفەی جوانی شین دانرابوو، کە گارسۆنەکە بە سەر دانەواندینێکەوە رۆیشت، کاڵکان دەستی دایە پاکەتەکە و بە رووی ئۆلگادا ئاوەڵای کرد و گوتی: تەنیا تاکە تەمەناییێکم ئەوەیە، بێدیالۆگ و مشتومڕ و بە ئاسایی ئەو دیاریە بچووکەم لێ قبووڵ بکەیت..
ئۆلگا کە لە نێو پاکەتەکەی روانی "سویچێکی ئۆتۆمبێل"ی تێدابوو، رەنگی تێکچوو، شەرم دایگرت و گوتی: بە هیچ شێوەیەك قبوڵی ناکەم.
کاڵکان بە نیمچە شانازییێکەوە گوتی: دیارییێکی بچووکە لە بەرامبەر تۆی گەورەدا، ئۆتۆمبێلێکی شایستە بە بەڕێزتە، بۆیە ناچارم کە گوێ بە قسەکانت نەدەم!

پێکە ڤۆدگاکانیان بڵند کردو و بە یەك فڕ تەواویان کرد..
ئـاوڕەنگ لەبـەر دەروازەی وێسـتگەی سـەرەکی شـەمەندەفەر لـەنێو کابینەیـەك بـوو، ژمـارەی مۆبـایلی ئۆلگـای هەڵبـژارد..
گوتی: لە ئێستاوە بۆ کاتژمێر "15" دوو شەمەندەفەر لێرەوە دەڕوا، ئەگـەر بـۆ سـەعات "15" لێـرە نـەبیت، نـاتوانین بەشـداربین لـەو ئاهەنگە، خـۆ ئەگـەر زووتـریش بێیـت، ئـەوا دەتوانین لە کاتژمێر "14" بە ڕێکەوین.
ئۆلگـا دوای سوپاسـکردنێکی بێپایـان بـۆ دیاریەکـە بـە کاڵکـانی گـوت: دەبـێ ڕێگـام بـدەی بـڕۆم، چـونکە لـە ئاهـەنگێك داوەتکراوم.
- ئەگەر ئاهەنگی گشتیی بێ منیش لە گەڵت دێم.
- بە داخەوە داوەتکردنێکی تایبەتیە.
- دەکرێ بزانم چ ئاهەنگێکی تایبەتیە؟
- ئاهەنگی کوردانە.. هاوکارێکی کورد کە بە یەکەوە لە کارگەی ئۆتۆ کارمان دەکرد، داوەتی کردووم.
ڕەنگـی ڕووخسـاری کاڵکـان گـۆڕا و بەسەرسـورماویەوە پرسـی: کورد؟
ئۆلگا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بەڵێ کـورد، هاوکارەکـەم لـە بانهۆف چاوەڕێم دەکا.
کاڵکـان لـە ناخـەوە تـەواو قـەهریبوو، تووڕەببـوو، بـەڵام بـە پێکەنینێکەوە گوتی: تۆ ئەو جۆرە هاوکارو بـرادەرەت لـە کـوێ

دۆزیوەتەوە ؟ تۆ شارەزایت هەیە لەسەر کورد و مێژووی کورد و نەفسیەت و عەقڵیەت و دواکەوتووییان؟ حەز ناکەم زۆر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم بەڵام بە کورتی دەمەوێ چەند شتێ باسبکەم، ئەوان کۆمەڵێ قەرەج و خێڵەکی بوون و بە دنیادا دەخولانەوە، دواتر هاتنە لای ئێمە و ئێمەیش لێگەڕاین لە شاخ و پێدەشتەکانمان وەکو کێوی ژیان بە سەر ببەن.. کەسانێکی تیرۆرست و دواکەوتوون، دەمانێکە لە ئەوروپا هەوڵی ئەوە دەدەن سەرنجی کچە ئەوروپیەکان بۆ خۆیان رابکێشن و بۆ مەبەستی سیاسی بە کاریان بهێنن، دەبێ ئاگاداری خۆت بیت، چونکە ئەوان دەیانەوێ قومارێك بە کچە ئەوروپیەکان بکەن کە لە کۆتایدا تێیدا دۆڕاون، دەیانەوێ بەختەوەریی هێور و دوور لە ژاوە ژاوی ئێوە بە دنیایێ کێشمە کێشم و تاریکیی بگۆڕن و هەرگیز لە ناوی دەرنێن.. کچان فێری ماددەی سڕکەر و بێهۆشکەر دەکەن، بۆ پارە وەکو سۆزانی لە کارخانەکان بە کاریان دەخەن، دواتر ئەو سنووری ئازادییەی ئافرەت کە لای ئەوان هەیە کەسی مۆدێرن سەرسام دەکا، سەرسام دەبی کە ببینی لەو دنیایە پێشکەوتووە تا ئێستا ئافرەت لای ئەوان وەك مەڕ و کەر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ.

بۆچی دەتەوێ خۆت لە سنووری کێشەیەکدا نزیك بکەیتەوە کە پێویست و پەیوەندی بە خۆ نزیك کردنەوەی تۆ نییە ؟ تۆ

چۆن دەتوانی تێکەڵی کەسانێك بیت کە سەرلێشێواون و لە کاری تێکدەرانە بەولاوە شتێکی تر نازانن؟ بە کورتی ئەوان کۆمەڵێ کەسی شاخاوی و گوندین و بە هیچ شێوەیەك وێنەی ژیانێکی ژیار و مۆدێرنیان پێ هەزم ناکرێ.
پێشتر "سیمۆنا"ی تاکە دەستەخوشکی ئۆلگاش شتێکی نزیکی لەو بۆچوونەی کاڵکانی سەبارەت بە کورد باسکردبوو چونکە کاتێکی درێژبوو لەو شارە دەژیا و هەمیشە دیموستراتسیۆنی کورد و هات و هاواری کوردانی لەسەر شەقامەکان دەبیست و هەرگیزیش نەیپرسیبوو ئەو کوردانە بۆچی وا دەکەن.
ئۆلگا وێنەیەکی هاوجۆری بۆ درووست بوو بە گوێرەی ئەو دوو بۆچوونەی کاڵکان و سیمۆنا سەبارەت بە کورد.. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کە بیری لە ئاوڕەنگ و هەڵسوکەوت و جوانی و دانایی ئەو کردەوە، بە نەرمییەوە بە کاڵکانی گوت: بەڕێز، من هیچ یەك لەو خاسیەتە نێگەتیڤ و بەدانەی کە سەبارەت بە کوردت باس کرد لەو هاوکارەمی نادۆزمەوە، بۆیە من دەبێ پەیمانەکەم بەجێبهێنم، خۆ ئەگەر ئەو شتانەم دیت لەو ئاهەنگە ئەوا بە یەکجاری خۆم دوور دەخەمەوە. کاڵکان خەونە ناخۆشەکەی هاتەوە یاد، ئەو خەونەی کە کاڵکان ببووە مارێك و بە جەستەی ئۆلگاوە نووسابوو، بازێکی گەنج دێ و هەردووکیان هەڵدەفڕێنێ و بە عەردیان دادەدا، وازی لە بیرکردنەوە لەو خەونە هێنا و بە هێوریەوە گوتی: من تۆ بە

هەرە نزیکترین و ئازیزترین کەسی ژیانی خۆم دەزانم، بۆیە ئەو ڕێنماییانەت دەکەم کە پێویستیان بە کردنیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتگەیەنمە وێستگە، بەڵام دەبێ تۆ خۆت لەو ئاگرە بپارێزی کە خەریکە بەرەو کەنارەکانی سووتان ڕاتدەکێشێ.
بە هەر شێوەیەك بێ کاڵکان، ئۆلگای رازی کرد بیگەیەنێتە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئۆلگا بگەیەنێتە بانهۆف، بە بیانوی ئەوەی کارێکی پێویستی هەیە، ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم بیرۆی "گەشت و گوزار"ەکەی خۆی راگرت و چوونە نێو بیرۆیەکە.
ئاوڕەنگ لە چاوەڕوانیدا ئۆقرەی نەمابوو، خەریکبوو سەری لێدەشێوا، شەمەندەفەری کاتژمێر "14" بەڕێکەوت.. کەچی ئۆلگا نەهات، دەستی بۆ یەکێك لە گیرفانەکانی برد و ویستی چارێگێ وێسکی دەرکا و بە یەك فڕ هەمووی بخواتەوە، کەچی ئامۆزاکەی لێینەگەڕا و بە پێکەنینەوە گوتی: سەرخۆشیی تۆ، مانای هاتنی "ئەو" ناگەیەنێ.
چووە کابینەکە و زەنگێکی بۆ ئۆلگا لێدا، کەچی هیچ وەڵامێك نەبوو، زەنگێکی دیکەی لێدا کەچی هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە..
کاڵکان لەناو بیرۆکەی خۆیدا هەولیدا خۆی بە لێکجیاکردنەوەی چەند کاغەزێك خەریك و سەرقاڵکرد، ئۆلگا

کەوتەوە بیری کە مۆبایلەکەی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی کاڵکان لە یادکردوە.. ئاوڕەنگ چەند جارێکیتر ژمارەی مۆبایلەکەی ئۆلگای لێدایەوە کەچی هیچ وەڵامێکی وەرنەگرت، بە رق و قینە و هەڵچوونێکەوە کە نەختێ هەستی فریوخواردوویشیی پێوە دیاربوو تەلەفۆنەکەی بە جامی کابینەکە دادا و گەڕایەوە لای ئامۆزایەکەی.

سەربەست بە پێکەنینێکەوە گوتی: هەندێ ئافرەت هەن پێیان عەیبە بەرامبەر و ڕووبەڕوو بە پیاوان بڵێن واز بێنە کاکە.. وابزانم ئەوەی جەنابیشت لەو بابەتە ئافرەتانەیە، خۆت گێل مەکە، ئەگەر بە ئومێدی هاتنی ئەو بیت دەبێ هەموو ژیانی خۆت لەبەر دەروازەی ئەو وێستگەیەدا تەواو بکەیت.

ئۆلگا و کاڵکان سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون و کاڵکان بێ ئەوەی پرسێك بکا بەرەو گەڕەکی بەهەشت لێیخوڕی و لە شەقامی رووبار رایگرت و دوای وردبوونەوەیەکی قووڵ لە چاوە کەسکەکانی ئۆلگا گوتی: رێگات پێنادەم بچیتە نێو قومارێك کە کۆتاییەکەی دۆڕانە، باشترە لێنەگەڕێم بڕۆیت لەوەی زەمەنێکت پێبدەم بۆ ئەوەی تۆ لە ژەهری تاڵی ئەو ئەزموونە بنۆشیت و پەشیمان ببیتەوە.. من ویستم بە تەنیا لەو کێشەیەت دەرباز بکەم کە پێویست بوو لێی دەربازبیت، دووبارەی دەکەمەوە، ئەوان بۆ مەرامی سیاسی و ناسیونالیستی خۆیان هەموو شتێ دەکەن، نازانم حەقی خۆیانە یاخود نا،

بەڵام ئەوە بە کاری تۆ نازانم، با کوردی عێـراقیش بـن، بـەڵام بەهەمان چاوێلکە لـە شـتەکان دەڕوانـن و هـەمان عەقڵیـەتیان هەیـە، ئـەوان بـیری ئانارشـی و تـیرۆر هـەموو ژیـان و تەمـەنی تەنیوون، تازە ناتوانن خۆیان لەو زنجیرە رزگار بکـەن کـە رۆح و هەست و دەروونیانی بەستۆتەوە.
کاڵکان هەستی کرد کـە تـا رادەیـەك بـاوەڕی بـە ئۆلگـا هێنـاوە، بۆیـە بزەیـەکی کەوتـە سـەر لێـوە ئەسـتوورەکانیی و گـوتی : دیارییەکـەت ( بـی ئـێم ) یێکـی سـلڤەری تـازە مۆدێلـەو لـە گەراجەکەی خۆتان راگیراوە..
ئۆلگا کـە وردە وردە بەسـەر پەیـژەکانی باڵاخانـەی قوتابیانـدا سـەرکەوت، بـاوەڕێکی تـەواوی بـە قسـەکانی کاڵکـان هێنـابوو، بۆچی پێویست بوو بچێتە شەڕێکەوە کە هـی ئـەو نییـە؟ ئـەی بۆچـی ئـاوڕەنگ هێنـدە پێـداگری کـرد تـا لـەو ئاهەنگـەدا بەشـداری بکـەم؟ بۆچـی باسـی سیاسـەت سـەرنجی ئـەوی رادەکێشاو کە گوتم: لە زانستە سیاسییەکان دەخـوێنم، هێنـدە بە درێژی فیکاندی، کە هێشتا لە هەموو تەمەنم فیکەی هێندە درێژم نەبیستووە؟
کاڵکان بۆچی رێگای چوونم پێنـادا؟ لەبـەر خۆیـەوە کـەوتبووە وڕێنە و پرسیاری لە خۆی دەکرد و هەر خۆشـی وەڵامـی خـۆی دەدایەوە.
ئۆلگا تـەواو بـاوەڕی بـە قسـەکانی کاڵکـان هێنـا، چـونکە پێشـتر

هێندە دڵسۆزیی و کرداری باشەی بێبەرامبەری لێ دیتبوو، کە دایک و باوك ئەوە بۆ منداڵەکانیان ناکەن.. ئۆلگا لەبەرە خۆیەوە گوتی: راست دەکەی پێویست نییە من تەنیا لە پێناوی ئەزموونێکی تاڵ شیرینی ژیانی خۆم بەلاوە بنێم.

# 31

ئـاوڕەنگ وەك سـەگی هـاری بەسـەر هـاتبوو، لەبـەر دەروازەی وێستگەکەدا پەلاماری هەموو شتێکی دەدا، دەهات و دەچوو، لە دڵەوە بـە هـەموو شـتێ دەحـەپی، لەبەرخۆیـەوە بـە دەنگێکـی بەرز کە سەربەستی هاوڕێشی توانی گوێی لێبێ، گـوتی: ئەگـەر ژن نەختێ عاقڵ و خۆڕاگربێ و بتـوانێ دڵـی خـۆی رەق بکـا و هەندێ سیاسەت بکا لە خۆشەویستی، ئەوا دەتوانێ بـە سـانایی پیاو وەك سەگێکی هار لێبکا.

سەربەست بە پێکەنینەوە گوتی: باشە ژنان بە گشتی ئەوەنـدە عـەقڵ و خـۆڕاگریی و سیاسـەتیان نییـە، ئەگـەر نـا گـەردوون وێران دەبوو.

ئـــاوڕەنگ دارەبـــازە زەردەکـــەی هاتـــەوە یـــاد و قســـەیەکی شۆپنهاوەری لە دڵەوە بۆخـۆی گوتـەوە: (تـەنها مـن هـەم، ئـەو شتانەی کە لەو دنیایەدا روودەدەن شتی هـیچ و پووچـن، جگـە لە من هیچ شتێکی دیکە بـوونی نییـە لـەو گەردوونـەدا).. دوو دڵۆپە فرمێسکی لە چاوەکانیدا قەتیس مان و لەبـەرە خۆیـەوە گوتی: لە کۆتاییدا بـە تـەنیا دەمێنینـەوە و دەبـێ بـە تـەنیایی کۆچبکەین.."شەممەیەکی وەکو ئـەو شـەممەیە ئێـوەم لێدیارە کەچی رێگای گەڕانەوەم پێنادەن".

ئۆلگا خۆی هەڵدایە سەر قەروێڵەکە و بە دڵتووندییێکی زۆرەوە گوتی: ئاوڕەنگ تۆ لە تواناتدایە شێتم بکەی.. رووخساری لە سەرینە سپییە تەمیزەکە قایم کرد و زۆری نەمابوو بگرییێ.. هێدی هێدی خۆی هێورکردەوە و نەیتوانی، بۆیە بەدەم هەنسکی گریانەوە گوتی: کاڵکان تەواو باوەڕم بە قسەکانتە، دەگریاو دووبارەی دەکردەوە.. تەواو باوەڕم بە قسەکانتە.

لە کاتژمێرەکەی بەرامبەری روانی کە چرکە چرکی لێوە دەهات، کات لە "14" تێپەڕیبوو، لە مۆبایلەکەی روانی، چەند پەیوەندیەکی پێوەکرابوو، کەچی ئێستا مۆبایلێکی بێدەنگ، لەپڕ ئاوڕەنگی بیرکەوتەوە کە هەر لەو مۆبایلە پێیگوتبوو: رۆژی ئاهەنگ رۆژی بڕیاردانە، ئەگەر لەو رۆژەدا هەمدیس کاتت نەبێ، کەوابێ بۆ هەرگیز و تا هەتایە پێویستت پێنییە کاتت هەبێ، نە منیش کاتم دەبێ و نە رێگاش دەدەم تۆ کاتت هەبێ بۆ من، کەوابێ رۆژی تاقیکردنەوەی یەکجاری رۆژی ئاهەنگە..

ئۆلگا لە مۆبایلەکەی دەڕوانی و فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوار، لە پڕ زەنگ لێدرا.. بەشەرم و پەشۆکاوی و موشاتاقیەوە، تێکەڵ بە دەنگێك کە پڕ بوو لە گریان و هەناسەی مەراق، سەرەتا بە رووسی گوتی: دا.

دواتر: هەلۆ.

پاش کەمێ بە خێرایەکەوە گوتی: من ئۆلگام بەڵێ ئاوڕەنگ .

کاڵکان بوو لە کابینەیەك تەلەفۆنی بۆ کردو گوتی: لە ماڵی؟
ئۆلگا بە بەڵێ وەڵامی دایەوە.. کاڵکان دایخست و زەنگ لێدرایەوە، ئاوڕەنگ بوو:
- هێشتا نەهاتی؟ کاتژمێر "15" ی تەواو بەڕێدەکەوم، لە یادت نەچێ، ئەوڕۆ ڕۆژی تاقیکردنەوەی کۆتاییە.. تەلەفۆنەکە پچڕا..
ئۆلگا بیری کەوتەوە کە پاس لە کاتژمێرێکدا تەنیا جارێك هەیە، کاتژمێر 14.25 دەقیقە پاس لە وێستگەی شەقامی رووبار بەڕێدەکەوێ و لە 14.55 دەقیقە دەگاتە بانهۆف (وێستگەی شەمەندەفەر).. ئێستا ئۆلگا "5" خولەکی مابوو تا خۆی بگەیەنێتە وێستگەی شەقامی رووبار، بۆیە بە هەڵپە هەڵپ و خێراییکەوە، بە راکە راکە خۆی گەیاندە وێستگەکە، پاس وەستابوو، ئۆلگا بە هەناسە بڕکێوە گەیشتە لای پاسەکە، بەڵام دەرگای پاسەکە داخرا و ئیدی شوفێرەکە کە پیاوێکی ئەڵمان بوو دەرگاکەی بۆ نەکردەوە و ئۆلگا لە وێستگەکە تەنیا مایەوە .. قوڕگی پڕی گریان ببوو، بەدەم هەنسەکەوە گوتی: مرۆڤی بەدبەخت هەمیشە لە وێستگەیەك بە تەنیا دەمێنێتەوە..
ئایا بە تاکسی پێڕادەگەیشت؟ تەلەفۆنی بۆ تاکسی کردو گوتی: گەڕەکی بەهەشت، شەقامی رووبار، باڵەخانەی ژمارە 74، بەڵام بە پەلە.

ئاوڕەنگ بە بێزاری و هیلاکییەوە لەو کوردانەی دەڕوانی کە پۆل پۆل دەروازە گەورەکەی وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەریان دەکردەوە و بەرەو ئەو شەمەندەفەرە دەچوون کە لە کاتژمێر "15" ی تەواو بەرەو ئەو شارە بەڕێدەکەوت کە ئاهەنگەکەی تێدا سازدەکرا.. لەو ژن و مێردانەی دەڕوانی کە قۆڵەکانیان تێک هەڵکێشابوو، بەدەم قسە و خەندەوە بەرەو ئاهەنگ دەچوون، بەبێ ئەوەی لەنێو ئەو ژان و ئازارەی چاوەڕوانی و مەراقەدا بتلێنەوە، لە خۆی پرسی: بۆچی دەڵێن کاتێ عەشق بە کەشتی سەرکەوتن دەگاتە کەنارەکانی ئارامیی، کۆتایی پێ دێ؟ عەشق هەمیشە بە نائارامییەوە زیندووە.

بەڵام دەریا هەمیشە بە ئارامییەوە جوانترە، ئەگەرچی لە قوڵایی ناوەوەیدا پڕە لە نائارامی.

ئایا پێکهێنانی خێزان و ژیانێکی ئارام، لەو هەموو هەڵبەزین و دابەزین و عەزابە خۆشتر نییە؟

"ئاویار"ی بیری کەوتەوە کە رۆژێ گوتبووی: سرووشتی هەندێ مرۆڤ ئاوایە، ناتوانن ژن بهێنن بە سانایی، چونکە حەزیانە چێژ لە ئازاری عەشق وەرگرن.. کاتێ ژیانێکی هێورو ئارامیان دەبێ لەگەڵ خێزان و منداڵ ئیدی هەموو سەرکێشی چیرۆکە جوانەکانی ژیانی خۆیان لە دەست دەدەن .. کاتێك ژن دەهێنن کە هەموو قۆناغەکانی عەشق و چەند جۆرێك لە

عەشق تاقیدەکەنەوە.
نیگاکانی لەسەر پۆل پۆلی کوردان لادا و سەیرێکی کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەی سەر دەروازەی بانهۆفی کرد و بۆ تاوێ چرکەکانی ژمارد، بیری لە ژماردنی ئەو چرکانە کردەوە کە مرۆڤ لە چاوەڕوانییدا بەسەریان دەبا، لەبەر خۆیەوە گوتی: چاوەڕوانیی مردنە و پێکگەیشتنیش ژیان.
رووی وەرگێڕا سەر ئامۆزاکەی، چەند خۆشحاڵ و بێخەمە؟ بۆیە هەمدیس لە کاتژمێرەکەی روانی و سەیرێکی کەسە تێکقژقژاوەکانی کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی: هەندێ دێن و هەندێ دەڕۆن، ژیانیش هەروایە.
بەدوای ئەو فریشتەیەدا گەڕا کەوا تاوێکە یاخود تەمەنێکە لە چاوەڕوانییدا ژیان و تەمەنی بەڕێدەکا، پەرەسێلکەکەی ببوو بە دوو لەت، لەتێ تاریکیی و لەتێ بەدبەختیی، هەوڵیدا وشەیەك لەنێوانی تاریکیی و بەدبەختییدا بدۆزێتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ژیان.. ژیان.
بۆیە سەری چارێگی وێسکی ئاوەلاکرد و بەیەك فڕ تا حەددی سفر هەڵیلووشی و ئینجا وەك هەڵۆیێ سەری بەرزکردەوە و بە چاوە تیژەکانی لە کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەی روانیەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: 5 خولەك.. تەنیا 5 خولەك ماوە، یا ئەوەتە دەبیت بە هەتاو، دەبیت بە رۆمان و دەبیت بە مێژوو، یاخود هەر ئاگرێك دەمینێیتەوە لە نێو رۆحی مندا وەك

دارەبــازە زەردەکــە و ئێــوارە زەردەکــە و چــیرۆکە زەردەکــە تــا ئەبەد بە سووتانەوە زەمەنم پێ بەڕێ دەکەیت.
ئۆلگا لـەناو تاکسییەکەدا هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشا و بـە خەفەتێکـەوە لـە دڵـەوە گـوتی: بۆچـی پێویسـتە مـن خـۆم لـە ئاگرێکدا بسووتێنم کە پێویست نییە تێیدا بسووتێم؟ لەگەڵ ئەوەشــدا ئــاوڕەنگی هاتــەوە یــاد.. مەراقــەکانی وەك بورکــان وابــوون.. لـە شـوفێری تاکسییەکەی روانـی، دەتگوت دەیـەوێ بڵێ، خێراتـر بـڕۆ، لـە ترافیکـە سـوورەکان مەوەسـتە، هەرچـی دەیکەی بیکە، بەڵام با بەو شەمەندەفەرە ڕابگەم.
ئــاوڕەنگ و ئامۆزاکــەی ســواری شــەمەندەفەر بــوون، ئــاوڕەنگ لەســەر کورســییێك دانیشــت ڕێــك بەرامبــەر بــەو تونێڵــەی کــە خـەڵك لێـی بەسـەر دەکـەوتن بـەرەو شۆسـتەی شـەمەندەفەر.. بەڵام کەسی نەدیت، بێهودەبوو، دەنگێك لە بڵند گۆکەوە هـات: بــەڕێزان لــە شۆســتەی ژمــارە 7 ئاگــاداربن، شــەمەندەفەرەکە بەڕێدەکەوێ.. لە کاتژمێر 15 ی تەواو شەمەندەفەرەکە بـزوا، ئــــاوڕەنگ نیگاکــــانی لەســــەر پەیــــژەی تونێلەکــــە لادا و بــــە بێئومێدیەوە تفێکی لە پەڕەسێلکەکەی نـاخی خـۆی کـردو بـە قومێــك، شووشــەی چــارێگێ وێســکی خــاڵی کــرد و گــوتی: بەدبـەختیی مـرۆڤ سـێوێکە خـودا دەرخـواردی مرۆڤـی دەدات، ئاڤــژەنی هاتــەوە یــاد، دارەبــازە زەردەکــەو ئــاوابوونی خــۆری هاتەوە یاد و شەمەندەفەرەکە لە رێدابوو.

# 32

ئاوڕەنگ چارێگی دووەمی خاڵیی کردبوو، بە نەختێ مەستی بیری لە ژیان کردەوە و لە شووشە خاڵییەکەی نێودەستی روانی و گوتی: ژیان وەکو ئەو شووشەیە بەتاڵە..

ئاڤژەنی بیرکەوتەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: خۆشەویستی یەکەم وەك ئەو بستە خاکە وایە کە مرۆڤ تێیدا لە دایکدەبێ.

- لە عەشقدا ئازار و ئەندێشە و خەفەت و حەسرەت زیاترن لە خۆشیی و هێوریی و ئارامی.. بەدبەختیی زیاترە لە بەختەوەریی، بەلاّم نازانم بۆچی وشەیەکی ئاوا تەمەنی هێندە درێژە و مردنی بۆ نییە؟

- ئایە ئەوە ئێمەین کە بڕیار دەدەین عاشق بین، یاخود لە دەرەوەی دەسەلاّتی ئێمەدا هێزێك هەیە بەرەو ئەو رێگایەمان دەبا؟

ئەلکحول هێدی هێدی کاریگەری خۆی زیاتر دەکرد، ئاوڕەنگ مەستتر ببوو، بڕیاری خۆی دابوو، ئیدی تا هەتایە هەوڵی دیتنی ئۆلگا نەدا.. ئۆلگاش وەك تابلۆکە کۆتایی پێهات.

یەکێك بە هانکە هانگ و هەناسە بڕکێوە لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر ئاوڕەنگ رۆنیشت، تەنورەیەکی کورتی لەبەر دابوو، رانەکانی بە یەکەوە نووساندبوو، بە سانایی دەیتوانی عەقڵی

پیاو تووشی راوەستان بکا، زگێکی راست و رووت، بەدیێکی تەسکی تا پێش ناووکی لەبەر دابوو، لەسەر ئەویشدا چاکێتێکی جلدی رەشی پۆشیبوو، بە نەرمییەوە گوتی: باشبوو لە تاقیکردنەوەی کۆتاییدا سەرکەوتم.

ئاوڕەنگ باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نەکرد و هەڵیگلۆفین. گوێی بۆ دڵی خۆی ڕادێرا، نەیدەزانی دەبێ هەڵوێستی چی بێ، لە خۆشیدا پێبکەنێ یاخود فرمێسک هەڵوەرێنێ، چارەنووسێکی سەیرە..!

دەستی درێژ کرد و تەوقەیەکی پڕ لە زەردەخەنەی کرد و چاوێکی لە پەرەسێلکەکەی گیانی خۆی داگرت و گوتی: پێکگەیشتنی ئەو کەسانەی کە بۆ یەك خولقاون، ئاوازێکە، خودا حەز بە بیستنی دەکا.

لە کورسییەکەی تەنیشت ئاوڕەنگ، ئامۆزاکەی دانیشتبوو، بەچاوانی ئەبڵەق و سەرسوڕماوییەوە لە ئۆلگای ڕوانی و بە دەنگێکی نزم گوتی: کائینات ئەوە جوانێکی ئاسایی نییە! خۆ حەقی خۆتبوو کە وەك سەگی هار پەلاماری هەموو شتێکت دەدا..

ئاوڕەنگ بە شانازییێکەوە گوتی: سۆنگول پێیوابوو خودا ئێمەی لە پێناوی یەکترەوە خولقاندووە.

لە ڕێگادا وردە وردە چارێکە وێسکییەکانی خاڵیی دەکرد، ئۆلگاش یەکێکیانی خواردەوە.. ئاوڕەنگ تەواو مەستببوو، لە

برژانگە ڕەش و درێـژەکانی ئۆلگای دەڕوانـی کـە لەسـەر گلێنـە سەوزەکانی ساحیرانە پێکدەکەوتن و ئاوێتە دەبوون..لـە دڵـەوە هەستی بە هەلاّتنی خوّر دەکـرد، بـە نزمییـەوە لەگـەڵ خوّیـدا گـوتی: عەشـق لـە شـەڕی نێـوانی بەدبـەختیی و بەختـەوەریی دەچـێ.. تـا شـەڕەکە کۆتـایی نەیـەت کـەس نـازانێ کامـەیان براوەن!

# 33

لــە دوا وێســتگە، لــە بــانهۆفی هانۆڤەرلــە شــەمەندەفەرەکە دابــەزین، ئەگەرچــی ئــاوڕەنگ تــەواویش مەســت بــوو، بــەڵام هێشــتایش لــەوە دەترســا کــە کوردەکــان بــە شــێوەیەکی دواکەوتوانە هەڵس و کەوت بکەن، یاخود لە نێو ئاهەنگەکە بکەنە شەڕ، چونکە کەم ئاهەنگی کوردان هەیە بە شەڕ کۆتایی پێنەیێ.

ئاوڕەنگ لەوە دەترسا بەشی زۆری ئافرەتەکان موحەجەبە بن، کۆمــەڵێکی زۆر لــە کوردەکــان لــەناو فارگۆنــە جیاجیاکــانی شــەمەندەفەرەکە بــە پــەرش و بــڵاوی هاتنــە خــوار، گــرووپ گرووپ بەڕێکەوتن تا لە کۆتاییدا لەسەر ئەو شـەقامە گشـتییە یــەکیان گرتــەوە کــە بــەرەو هــۆڵی ئاهەنگەکــەی دەبــردن.. کوردەکـان وەکـو کـاروانی مێـرووڵان ڕێچـکەیەکی ڕێکپۆشـیان گرتبوو، دەتگوت ئەو شوێنە پـڕە لـە چاودێر و ڕێکیـان دەخـا، دوو دوو لەسەر شۆستەکە بـەدەمی بـە زەردەخەنـەو گفتۆگۆی دڵخۆشـکەرانە دەڕۆیشـتن، لـە هـەر سـەرە کۆڵانێـك تیشـکێك کرابوو، بە ئەڵمانی لە سەری نووسرابوو (بەرەو شەقامی ئـاگر، هۆڵی ئاهەنگی عەشق ).

کە گەیشتنە هۆڵی عەشق، قەرەباڵغیەکی زۆر، بەڵام ئۆرگـانیزە

کراو دەبینرا.. بەشێکی زۆر لە بە تەمەنەکان بە جلی کوردی ڕێکپۆشی ڕەنگاوڕەنگەوە هاتبوون.. ئەو گەنجانەیش کە جلی کوردییان نەپۆشیبوو، بە نیمچە رووتی و پۆشاکی مۆدێرن و شیاو بە ئەتمۆسفێری دنیای ئێستای ئەوروپا خۆیان پۆشتە کردبوو.. ئەو دیمەنە ئاوڕەنگ و ئۆلگای دڵخۆشکرد، چونکە کەوتەوە یادی کە کاڵکان گوتبووی: کەسانێکی چیایی و وەحشین، مافی ئافرەت لایان وەك مافی مەڕومالاَت وایە ..

دوای چەند کورتە گوتار و شیعرێك، گۆرانی و ئاهەنگ دەستپێکرا، بەڵام سەرەتا حەیرانێك گوترا، نەختێ تەنگی بە ئاوڕەنگ هەڵچنی، بۆیە ئۆلگای بەرەو دەرەوەی هۆڵەکە بە کێش کرد و لای بارمەنەکە دوو بیرەی داوا کرد و خواردیانەوە.. کە گەڕانەوە هۆڵەکە، ریتمی سلۆی گۆرانییەکان بۆ ریتمی خێرای زەمامەندی، گۆڕابوو.. دیلان و زەماوەند و ئاهەنگ بە تەواوی دەستیپێکرد، ئۆلگا داوای لە ئاوڕەنگ کرد کە فێری ئەو سەمایە سەیرەی بکا..

ئەوانیش خۆیان خستە ریزی سەماکاران و تا حاڵەتی بێهۆشی ڕەها هەڵپەڕین.. کاڵکان خەریکبوو بۆ چەندەمین جار ژمارەی مۆبایلی ئۆلگای لێدایەوە، کەچی هیچ وەلاَمێك نەبوو، رادەی تووڕەبوون و قەهرینی گەیشتبووە ترۆپك، چاوەکانی سوور سوور هەڵگەڕابوون و بیری بە پەرش و بلاَوی بۆ هەزاران شت دەڕۆیشت، لەبەر خۆیەوە گوتی: کێ ناڵێ بیری گۆڕاوە و چووە

بۆ ئاهەنگەکە؟ ئاخ کە ئەو کێوییانە سەرەتانێکی بێدیماهین لە جەستەی خۆمان و مێژوومان.
ئۆلگا لە رۆحەوە پێدەکەنی و هەڵدەپەڕی، دەیقیژاند، دەتگوت بلبلێکی تەواو ئازادە و بۆ بەختەوەریی، خۆی بەسەر چڵی درەختی ژیان دەخوێنێ!
لەبەر دەنگی بەرزی موزیك و هات و هاواری سەماکاران، ئاوڕەنگ دەوی بردە نزیك گوێچکەی ئۆلگا و بە هاوارێکەوە گوتی: شادمانی؟
ئۆلگا بە قیژاندنێکەوە گوتی: تێنەگەیشتم..
ئاوڕەنگ لێوەکانی نزیکتر کردەوە، لەبەر قەرەباڵغی و پڕیی هۆڵەکە، ئاوڕەنگ پاڵپێوەنراو لێوەکانی بە نەرمایی گوێچکەی ئۆلگاوە نووسێنران، لەو چرکەیەدا لای هەردووکیان زەمەن وەستا، شتێ روویدا کە رەنگە ئەو شتە بە هەند هەڵنەگیرێ لای کەسانیتر، بەڵام لەو چرکەیەدا سەیرترین حاڵەتی ژیانی ئاوڕەنگ و ئۆلگا و ئاڤژەنیش روویدا، "رەنگە لێرەوە ئەو رۆمانە دەست پێبکا، هەر لێرەشەوەیە کە ژیانی ئاوڕەنگ و حاڵەتە دەروونیەکانی ئاوڕەنگ بە شێوەیەك دەگۆڕێ کە خۆی چاوەڕوانی ئەو گۆڕانەی نەدەکرد".
ئاوڕەنگ چەند چرکەیێ بە لاڵی مایەوە و دواتر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: ئایا بەختەوەری بەو کەشە؟
ئۆلگا بە قیژەیەکی ناسکەوە کە هەر لە جریوە جریوی

چۆلەکە دەچوو، گوتی: هەست دەکەم ئەورۆ لە دایك بوویمە!
کالْکان هەر خەریکبوو، بەلْکو جارێ ئۆلگا وەلامی بداتەوە، کەچی بێسوودبوو.. ئاهەنگەکە بەرەو کۆتایی چوو، کەچی تازە خۆشیی و خۆشەویستیی لە شوێنێکیتری ئەو دنیایە دەستیپێدەکرد.. ئاویار کچە کوردێکی هەژدە سالْی لە پەنای پەیژەیەك ڕاگرتبوو، ماچی دەکرد..
کچەکە پێیگوت: نا، بەسە ماچم مەکە بە درۆ.. دەزانم کەسانی دیکەش ماچ دەکەی .
ئاویار بە بێباکیی و شانازییەوە گوتی: هەزار سالە ماچم نەکردووی، دەی کاتی زۆرم نەماوە.
کچەکە گوتی: بۆچی بە تەنیا منت خۆشناوێ؟
ئاویار گوتی: ئەی نەمگوت لە هەر کچێکدا شتێکم خۆشدەوێ، بەلام لە تۆدا هەموو شتەکانم خۆشدەوێ، چاوەکانت، بالات، تەمەنت، سینەت، شیرینیت، سەرکێشییت، ئەو هەموو خاسییەتە لە کوێ دەدۆزمەوە، لە تۆ نەبێ؟
کچەکە باوەڕیشی بە قسەکانی ئاویار نەهات، بەلام لەگەلْ ئەوەشدا وەك کەروێشکێکی دەستەمۆ خۆی لە ئامێزی ئاویاردا مات و مەست کرد و دەستیان کردەوە بە ماچ و مووچ..
ئاوڕەنگ بە دوای ئاویاردا دەگەڕا، چونکە بڕیاربوو بەیەکەوە بە ئۆتۆمبێلێك بگەڕێنەوە، کە ئاویار و ئاوڕەنگ گەڕانەوە، ئۆلگا دەستی لەسەر شانی مەرزیە فەریقی دانابوو، وێنەی

دەگرت.. ئۆلگا بە ئاوڕەنگی گوت: بەو هونەرمەنـدە بڵـێ، زۆرم حەز لە گۆرانی یەکەمی کرد..

ئایە گۆرانی یەکەمی مەرزیە فەریقی چیبوو..؟

ئـاوڕەنگ زۆری لا سـەیر بـوو، بۆچـی ئـەو گۆرانییـە؟ ﴿بـەڵێن بدە کە تـاریکیم بـۆ رانەخـەیت.. بـەڵێن بـدە کـە شـەختەبەند ناخەیتە بەر پێم.. منیش بەڵێنت پێدەدەم، دان بە رابردوومـا بنێم ....﴾.

ئاوڕەنگ بیری کردەوە و لە دڵەوە گوتی: ئەوەندەی گـۆرانی بـە هەستەوە پەیوەسـتە، ئەوەنـدە بـە تێگەیشـتنێکی ئەکادیمیـەوە پەیوەست نییە.. لەو هـەموو گۆرانییـەی کـە گوترابـوو، بۆچـی ئۆلگـا ئـەو گۆرانییـەی بـە جـوانترین گـۆرانی هەڵبـژاردبوو کـە باسی لە وەفا و بـەڵێن و نەشـکاندنی بـەڵێن دەکـرد؟ ئـاوڕەنگ چـاوە کەسـکەکانی ئاڤـژەنی بیرکەوەتـەوە، کـە لـە بەرامبەریـدا دەبێتە بەڵێنێکی شکاو و تاوانێکی بە بەڵێن.. ئاویار و رێنـوێ چـاوەڕوانی ئـاوڕەنگ و ئۆلگایـان دەکـرد لـە نێـو ئۆتۆمبێلەکـە، ئۆلگـــا بـــە پێکـــەنین و دڵخۆشـــییەك و گەرمییێکـــەوە کەشـــە ساردەکەی بەر دەروازەی هۆڵی ئاهەنگی عەشقی جێهێشت و لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە کە مارسێدسێکی رەش بوو رۆنیشـت، تا بگەڕێنەوە.

فـاتیح کاڵکـان هـیلاك بـوو لـە هاتوچـۆی گـەرمی نێـو ماڵـە ساردوســـڕەکەی، دوای چـــەندین و چـــەندین هـــەوڵ هێشـــتا

نەیتوانی بوو لەگەڵ ئۆلگادا بدوێ، بۆیە بە ساردی دانیشت و دەستی کرد بە داگیرساندنی یەك لە دوای یەکی جگەرەکان..

پەنجا کیلۆمەتر ڕێگایان بڕیبوو، کەچی هێشتا ئاوڕەنگ و ئۆلگا لە چاوەکانی یەکتریان دەڕوانی، تامی گەرمیی و چێژی ناکۆتایان لە دەستەکانی یەکتری وەردەگرت.. دەستەکانی یەکتریان دەگوشی، چۆك و رانەکانیان بەیەکەوە نووساندبوو، پێیەکانیان تێکئالاندبوو، ئۆلگا لە دڵەوە گوتی: ئایا ئێمە تەڕیەتی و ـ ئاو ـ ین؟

نەختێ دەنگی بەرزکردەوەو گوتی: بەڕێز ئاویار دەکرێ ئەو گۆرانییە بگێڕیتەوە؟

ئاوڕەنگ سەری سوڕمابوو لە دڵەوە گوتی: بۆچی دەبێ "هەست" زمانێك بێ لە هەموو زمانەکانیتری گەردوون تێبگا؟ ئایە ئەوە ئیحساسە کە سنووری زمان دەبڕێ و لەودیو وشەکانەوە کاری خۆی ئەنجام دەدا؟

ئاوڕەنگ پێیسەیر بوو کە ئۆلگا حەزی لە گێڕانەوەی ئەو گۆرانییە دەکرد کە باسی لە بەڵێن و نەشکاندنی بەڵێن دەکرد، کە باسی لە وەفا و عیشقی نافریودەرانە دەکرد..

ڕێنوێ ئیشارەتی ئۆتۆمبێلەکەی پێکرد و لایدایە بەنزینخانەیەك تا جگەرە و بیرە بێنێ..

کاڵکان ئیشارەتی ئوتومبێلەکەی پێکرد و لەبەردەم باڵاخانەی قوتابیاندا ئوتۆمبێلەکەی پارك کرد، لە باڵاخانەی قوتابیاندا

بە پەیـژە دارینەکـە سـەرکەوت و لـە دەرگـای ژووره بچووکەی ئۆڵگایـدا، سـەرەتا بـە دەسـت و بـە هێـوریی و دواتـر بـە شـاپ کەوتە لێدانی دەرگاکە، دراوسێکەی ئۆڵگا کە کچێکی چینی بوو هاتە دەرێ، کاڵکان شەرمی کردو گەڕایەوە نێو ئۆتۆمبێلەکەی.

کـە نزیکـی شـارەکەی خۆیـان کەوتنـەوە ئۆڵگـا تـەواو شـەکەت ببوو، ئایە بۆچی هێندە ماندووببوو؟ ئەلکحول و سەما و رێگا هیلاکی کردبوو یاخود مەراقێك کە خۆشی نەیدەزانی چییە!

ئۆڵگـــا سەریخســـتبووە سەرشـــانی ئـــاوڕەنگ و دەســـت و قاچەکانیشـیان هـەر تێکئـالأبوون.. دەمنـادەمێ سـەری بـەرز دەکردەوەو بە گلێنە سەوزەکانی لەنێو ئـەو گەمـەی تـاریکیی و مەسـتییەدا لــە گلێنــەی بڕۆنــزی و مەســتەکانی ئــاوڕەنگی دەڕوانـی، دەتگـوت دەیـەوێ سـیحری لێبکـا، ئینجـا سـەری بـە هێورییێکـەوە دەخسـتەوە سـەر شـانی ئـاوڕەنگ و لـە دڵـەوە دەیگوت: هەموو ژیانی مرۆڤ بریتییە لە گەڕان بـە دوای تـەنیا کەسێك کە بتوانێ بەختەوەریی بکا.. مرۆڤ لە ژیانـدا بـە دوای کەســێکدا دەگــەڕێ بیدۆزێتــەوە بــۆ ئــەوەی بەختــەوەریی بەرجەستە بکا.. زۆرجار دۆزینەوەی ئەو جۆرە کەسانە کاتێکی هێندە درێژی پێویستە، لای کەسانی ئاسایی تەحەمول ناکرێ.. ئـاوڕەنگ بـە تیغـی چـاوانی لـە ئۆڵگـای دەڕوانـی و بـاوەڕی بـە چاوەکانی خۆی نەدەکرد، لە دڵەوە گوتی: کە لەگەڵم نەهاتییـە کافتریاکە، ئیدی ئـاوابوونی خـۆر و ئاڤـژەنم بیرکەوەتـەوە، ئـەو

ژیانە هێندە سەیرە، هیچ عەقڵێك لەو ئاستەدا نییە تەنانەت سادەترین کۆدیشی کەشف بکات، ئێستا هەست دەکەم زۆر زۆر کەمن ئەو کەسانەی لە گەنجایەتیدا بتوانن کەسانێ بدۆزنەوە کە لە رۆح و دنیابینی و هەست و خەوەکاندا لێك نزیك بن، خۆ لە یەکتر دۆزینەوەش گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ تێکگەیشتن و ئەو پێکگەیشتنە تەرجەمەی عەشقێکی پڕ لە سەفا بکا، لە خۆشەویستیی و سەفاش گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤەکان بتوانن بەردەوام و بۆ هەمیشەیی درێژە بەو خۆشەویستییە بدەن و نەیکوژن، چونکە کوشتنی خۆشەویستیی وەکو کوشتنی خودا وایە، چونکە ئەگەر خۆشەویستیی بمرێ ئەوە خۆشەویستیی نەبووە بەڵکو شایێکی دیکە بووە.

کاڵکان نیو پاکەتە جگەرەی تەواوکردبوو، سولفێکی لە ئۆتۆمبێلەکەیدا و لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەگەرچی باوەڕم بەوە نییە جارێکیدی هەڵاتنی خۆر بەو دوو چاوانەی خۆم ببینمەوە، رەنگە ئێستا بەرێبکەوم و بە رووداوی سەیارە گیانم لە دەست بدەم، بەڵام لە چاوەڕوانیتدا خەبات دەکەم، ناهێڵم درندەکان لە مەرامی گڵاوی خۆیانت بئاخنن، من دژی مەرگ خەبات دەکەم تەنیا لەبەر ئەوەی سپێدەیەکی دیکە بە چاوەکانمەوە ببینمەوە بۆ ئەوەی چاوانی پڕ لە بەرائەتی تۆ ببینمەوە.

ڕۆیشت و بەر دەرگای باڵاخانەی قوتابیانی لە گەڕەکی بەهەشت جێهێشت و گەڕایەوە ماڵ.

ڕێنویّ ئۆتۆمبێلەکەی لە لە شوێنی ئۆتۆمبێلەکەی کاڵکان پارک کرد، ئۆلگا دابەزی، دەستی بۆ تەوقەی ماڵئاوایی درێژ کرد و سوپاسی ئاویار و ڕێنویّی کرد و ڕۆیشت، ئاوڕەنگ لەگەڵی دابەزیبوو، چەند هەنگاویّکی لەگەڵ هاویّشت و بە دەنگێك کە پاڕانەوەی پێوە دیار بوو، گوتی: ئێستا تۆ وەك ئەو خۆرە وای کە نیوەی زەوی بەجێدیّڵی، تەماشای گلێنەکانم بکە، لە تاریکیی زیاتر بەولاوە شتێکی دیکەت لێدیارە؟

ئۆلگا زەردەخەنەیەکی کرد و گەڕایەوە، هەندیّ لە گلێنەکانی ئاوڕەنگی روانی و گوتی: ڕووناکترین ڕۆژی ژیانم لەناو گلێنەکانی تۆدا بەڕێکرد.

دوو ماچی لە گۆناکانی ئاوڕەنگ کرد و بێئەوەی هیچ شتێکی دیکە بڵیّ بە خێراییەکەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی بۆوە.

*ئاوڕەنگ بە دیار مۆمێکەوە دانیشتبوو، ژیاننامەی نیتچشەی دەخوێندەوە، زۆر خەمی لە ژیانی ئەو پیاوە خوارد کە هێندە ئازاری بەدەست "بڵاونەبوونەوەی کتێبەکانی" خواردبوو، بیری لە تەنیایی نیتچشە کردەوە و ژیانی خۆی هاتە بەرچاو کە ئەوڕۆ چەندە بەختەوەر ببوو، بۆیە کتێبەکەی هەڵدا و لەسەر کاغەزێك نووسی: بیرەوەری ڕۆژی ئاهەنگەکە لە

شەقامی ئاگر، هۆڵی خۆشەویستی لە شاری هانۆڤەر..

لەو رۆژەدا بۆم دەرکەوت کە چارەنووس سەنتەرە، لـە عـەقڵ و لــە هــەموو شــتەکانی دیکــەی ئــەو گەردوونــەدا باڵادەســترە، گەیشتن بە دۆزینەوەی رێگای بەختەوەریی کارێکە لە دەستی رۆحـی گـەردوون دایـە نـەك مـرۆڤ، چـونکە کەسـانێکی زۆری عەقڵانی هەن لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا، کەچـی تـا ئاسـتی ئێسـقان بەدبـەختن، لـەو رۆژەوە هـەزارجار بـە نهێنـی لـە بێئاگایی منـدا، باسکەکانم بـە مـەمکی فریشـتەیەك داخشـاند، لـەو ئێوارەیـەدا، هـەزارجار نـەرمایی مەمکـەکانی لە بێئاگـایی خۆیدا بە باسکەکانم داخشاند، بۆچی نـەدەبوو بـە ئاشـکراو لـە ئاگاییدا باسکم بە مەمکەکانی دابخشاندبووا، یا بۆچی نـەدەبوو بـە ئاشـکراو لـە ئاگاییـدا نـەرمایی مەمکـەکانی بـە باسـکمدا بخشاندبووا؟

هەسـت دەکـەم ئـەو رۆژەی رابـرد، خۆشـترین رۆژی ژیـانی مـن بوو، چونکە سەرەتای رێگای چیرۆکێکی نوێی پڕ لە جیاوازییم دۆزییەوە، هەست دەکەم ئیدی بۆ تاوێکیش بێ لەسەر ڕێگاییێك هەنگاو دەنێم کە لە ڕێگاکانی تر ناچێ.. بۆیە دڵخۆشم چونکە خـۆم لــە جــەنگی ناکۆتــایی دووبارەبوونــەوە دەربازدەکــەم.. لــەوەش گــرنگتر ئەوەیــە، کــە هەمیشــە بتــوانم لــەو گەمــەی دووبارەنەبوونەوەیەدا بەشداربم .

*ئۆلگـا لەسـەر تەختەخەوەکـە ڕاکشـابوو، بـیری لـە ڕووداوە خێراکەی ئـەو ڕۆژە دەکـردەوە، بـزەی دەکـرد و دەمنـا دەمـیش بڕۆکانی گرژ دەکرد و خۆی بە دیار ئاگری بیرەوەریەکانی ئـەو ڕۆژەدا گـەرم دەکـردەوە و لەبەرەخۆیـدا گـوتی: مـن هەمیشـە گوتوومە، دۆزینەوە دەستپێکی ڕێگای بەختـەوەریی گـرانترین کارێکە کە ڕووبـەڕووی مـرۆڤ دەبێتـەوە، بـەڵام ئێسـتا پێموایـە لـەوەش گـرانتر ئەوەیـە، مـرۆڤ چـۆن بـەو ڕێگایـەدا هـەنگاوە ڕاستەکانی بهاوێـژێ؟ چـونکە هەمیشـە دەرفـەتێك دەمینـێ بـۆ هــەنگاوی خــوار و لادان لــەو ڕێگایــە و ونکردنــی ڕێگــای ڕاستەقینەی ئەو وشەیەی کە پێی دەڵێین: بەختەوەریی.

*کاڵکـان پاکـەتێکی نـوێی جگـەرەی دەرهێنـا، جگـەرەی دوای جگەرە دەکێشا، دەیویست بخەوێ و هـەموو ڕووداوە نوێیـەکانی ئـەو ڕۆژە ڕەشـە لـە بـیر و هـزر و ڕۆحـی خۆیـدا بسـڕێتەوە، کەچـی نەیـدەتوانی، بۆیـە گـوتی: مـرۆڤ لـەو چرکەسـاتانەدا بوونـەوەرێکی بێدەسـەڵاتە، ئایـە دەبـێ کەسـێك هـەبێ یـا هەبووبێ، یا ببێ لـەو گەردوونـەدا کـە بتـوانی ڕووبـەڕوی دڵـی ببێتەوە، لەو کاتانەی تەوژم و هێرش و شاڵاوی ژان بۆ عەقڵ و ڕۆح و جەستە دەهێنێ؟ ئاخ خودای گـەورە لـەو چرکەساتانەدا "دڵ" چ سەنتەرێکی دووفاقی مەرگدۆستە؟

دڵ دەتوانێ ڕۆح و جەستە وێران بکـا.. بـەڵام لـە کۆتاییـدا مـن

باوەڕم بە عەقڵ بەهێزە، هێزی عەقڵ دەبێ باڵادەستتربێ، هێزی عەقڵی مرۆڤ دەبێ سەردەستەی هەموو هێزەکانی دیکەی وجودبێ.

کاڵکان راکشا، خۆی هەڵگێڕ و وەرگێڕکرد، دواتر هەستایەوە و جگەرەیەکی داگیرساند، چەند پێکی راکی نۆشی و خەو بردییەوە.

# 34

تیشکی خۆر لە پەنجەرەکانی یانەی "ئاشتیی بێسنوور" بە ستوونی دەچوونە ژووری.. ئەو یانەیەی هەر لە تابلۆ دەچوو، بەلأم تابلۆیێ بە بۆیەی کەسك ڕەنگ کرابێ لەبەر ئەو رووەکە سەوزانەی کە بە دیواری یانەکە هەلگەڕابوون.
کالکان بیرەی دەخواردەوە ئۆلگاش ئایس کافێ.. دوای فڕێکی دوور و درێژ و پڕ لە حەسرەت لە بیرەکە، کالکان گوتی: ئاهەنگێکی خۆشبوو؟ هیوادارم بۆت دەرکەوتبێ کە چ کەسانێکن.
ئۆلگا: ئاه.. بەڕێز کالکان، بریا لەوێ زەمەن بوەستایە، نازانم چۆن لەشتە جوانەکانی ئەو ئێوارەیە بدوێم، من دەمێکی درێژە لە ژیانمدا، خۆشم نازانم لەبەر چییە بەلأم رۆژی ئاوا خۆشم نەدیوە..
دەمێکی درێژە بەقەد ئەو رۆژە سەفام نەکردووە، بەڕاستی ئەو کوردانە کەسانی بەڕێز و بە ڕەوشت بوون، هەستم دەکرد من میوانێکی هەرە ئازیزی ئەوانم، کە لە بزە و دڵی پاکیان ورد دەبوومەوە پێم سەیر بوو هێشتا کەسانی وا خوێن گەرم بۆ دۆستایەتی لە ژیاندا مابن!
کالکان گوتی: ئەو کردار و هەڵسوکەوتەی ئەوان ڕاستی

قسـەکانی مـن دەسـەلمێنێ.. مـن زانـیم دەیانـەوێ بـۆ مـەرامی سیاسی بە کارت بێنن، بۆیـە بـە رووخۆشـی هـەڵس و کـەوتیان لەگەڵدا کردووی.. تکایە خۆت لـەو مارانـە بپارێزە کـە فریـوت دەدەن و سێوت پێدەخۆن.

ئۆلگا: ئاخر خواردنی سێو و دەرکـردنیش لـە بەهەشـت لەگـەڵ ئاورەنگ چێژی تایبەتی خۆی تێدایە...

هێشتا ئۆلگا قسەی خۆی تەواو نەکردبوو کـە کاڵکان هەڵیدایـە و گوتی: دەزانی فاڵچی چییە؟

ئۆلگا لە وشە ئەڵمانیەکە تێنەگەیشت، گوتی: نەخێر.

کاڵکـان گـوتی: ئەوانــەی دەسـت دەخوێننــەوە، فنجـانی قـاوە دەخوێننەوە و سیحر دەکەن .

ئۆلگا تێگەیشت.

کاڵکان بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: من ئێستا تێگەیشتم کە تۆ قوربانیـت، قوربـانی سـیحرێکی کـە خۆشـت لێـی تێناگـەی، لای ئێمـەی ئیسـلام، یـان لـە کۆمـەڵگا ئیسـلامیەکان گرینگیێکـی تایبەتی دەدەن بە فاڵ.. کاتێ کە پیاوێك فـاڵ لـە ئـافرەت دەکا گڕ لە دڵی بەردەدا و ئەو ئاگرەش بە سانایی دانامرکێ.. خەوی لێ تاڵ دەکا..

کاتێـك ژن سـیحری لێـدەکرێ، ژیـانی خـۆی بــەلاوە دەنــێ و ڕەدووی بیرکردنەوە لەو پیاوە دەکەوێ کە سیحری لێکـردووە.. کچــەکە هەمیشــە هەسـت دەکـا کــە ڕێگـای بەختــەوەریی

دۆزیوەتـەوە.. بـیر لـەوە دەکاتـەوە چـۆن هـەنگاوە راسـتەکانی لەسـەر ئـەو رێگایـە بهاوێـژێ و لەسـەر ئـەو رێگایـە کـە فالْچـی بەسـەریدا سـەپاندووە نـاوی بەختـەوەریی لـێنێ و چـۆن بـەردەوامبێ.. مـن کـە لـە تـۆ و ئـەو رووداوانـەی دوایـدا ورد دەبمەوە، بە تەواوی بۆم روون بۆتەوە کە تۆ سیحرت لێکـراوە، بـڕواتبێ بـەڕێز "بۆڕۆدینۆڤا" کـە شـتێك مـەرامی مـن بـێ لـە ئاشکراکردنی فڕوفێڵەکانی ئەو ئـاوڕەنگ نـاوە، پاراسـتنی تـۆ و بەرژەوەندییەکانی تۆیە.. داوات لێدەکەم بە هیچ جۆرێك ڕێگا نەدەی چارەنووسی خۆت بدەیتە دەستی کەسێك کە نایناسـی.. چـونکە لـە خۆشەویسـتییدا نـابێ بـە تـەنیا "دڵ"ێکـی سـیحر لێکراو بڕیار بدا، بەڵکو شتێکی تر هەیە پێی دەڵێن: عەقڵ.. دەبـێ هەمیشـە عـەقڵ بڕیـار بـدا نـەك پارچـە گۆشـتێك کـە دەتوانرێ بە سیحر و فێڵ و فاڵ و هەزاران شتیتر فریـو بـدرێ و لـە خشـتە بـبردرێ.. وەك پێشـتریش باسمـان کـرد، سـەنتەری هـەموو شـتەکان دەبـێ عـەقلبێ نـەك دڵێـك کـە هـەموو چرکەساتێك ئامادەباشی وەرگرتنی کاریگەریەکانی هەیە.

ئۆلگا بە سەرسوڕماوییەوە لە قسەکانی کالْکان وردبۆوە، باوەڕی بـە بەشـێك لـە قسـەکانی کالْکـان هێنـا، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا قسـەکانی کالْکـانی هاتـەوە یـاد کـە سـەبارەت بـە کوردەکـان کردبووی، لەخۆی پرسی: ئەگـەر سـیحری لێنـەکردووم، بۆچـی هێندە ئاوێزانی بوویمە؟

من بە هیچ شێوەیەك گرنگیم بە پیاو نەدەدا، کەچی "ئەو" هات و لە چەند رۆژێکی کەمدا دڵ و عەقڵی داگیرکردم.

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد، فرمێسك لە چاوەکانی پەنگیان خواردبوو، نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە !؟ لەبەر خۆیەوە گوتی: کاتێ خودا دیارییێك پێشکەش بە مرۆڤ دەکا، هێندەی لە پێناو تاقیکردنەوە دایە، ئەوەندە لە پێناوی بەختەوەرییدا نییە!

کاڵکان لە یانەی "ئاشتیی بێسنوور"دا گوتی: بەڕێز بۆڕۆدینۆڤا من پێشنیاز دەکەم خۆت لەو ئاوڕەنگ ناوە نزیك نەکەیتەوە باشترە.. چونکە لەتوانای دایە بە سیحر ئایندەت بشێوێنێ و چارەنووست بەرەو هەڵدێر ببا.. دەتوانێ ڕێگا لە خۆر بگرێ و نەهێڵێ هەڵبێ، ئا.. باشبوو هاتەوە یادم، بۆ مەسەلەی داوەتکردنی دایك و باوکت، من لە کۆتایی کارەکانم، دوێنێ تەختەخەوێکی دووکەسیشم لە ژوورەکە دانا.

ئۆلگا گوتی: سوپاس بۆ هەموو شتەکان، بەڕاستی هاوڕێیەکی دڵسۆز و بە وەفای، نازانم چۆن چاکەی ئەو هەموو خەمخۆریەت بدەمەوە؟

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و هێشتایش هەر لەو شوێنەی دەڕوانی کە ئۆلگا تێیدا کاری دەکرد، خەریکبوو بگریێ، لە کار تەواو بوو، لە بەرامبەر ئەو وێنەیە گەورەیەدا وەستا کە خۆی و ئۆلگا ڕێکلامیان بۆ کارگەی ئۆتۆ کردبوو،

فرمێسك لە چاوەكانیدا هاتنەخوار و گوتی: زۆر خۆشحاڵم ئەو گریانەم لە گریانی دوێنێ ناچێ، ئەو فرمێسكانەم جۆرێكی جیاترن لە فرمێسكەكانی دوێنێ..

مۆبایلەكەی دەرهێنا و دەستیكرد بە نووسین..

ئۆلگا گیان: تۆ خۆراكی خودایت، رۆژ نییە جارێ خودا بە جوانییەكانی تۆ خۆی تێر نەكات.

(كاتێ خودا ویستی بەشی خۆت جوانییت پێبدا، هەواڵێكی خۆشی پێگەیشت كە پەیوەندی بە خراپیی باری دەروونی ئەهریمەنەوە هەبوو، بۆیە لە خۆشیانا ئاگای لەخۆی نەما و هەموو جوانییەكانی جیهانی دا بە تۆ)..

(خۆشەویستیی حەددی ئێسقان پڕ لە ئازارە، بەلاّم لە خۆشەویستیی بە ئازارتر ئەوەیە كە مرۆڤ عاشق نەبێ).

(هەموو شتەكان ڕوو لە مەرگ هەنگاو دەنێن تەنیا عەشق نەبێ).

ئۆلگا لەسەر تەختەخەوەكەی، بە ڕاكشاوی ئەو "sms " انەی خوێندەوە و زەردەخەنەیەكی كرد.

## 35

له "باخچەی تاووسان".. ئەو باخچەیەی کە دەکەوێتە بەشی باشووری شار، لە نێو گوڵە شینەکاندا ئۆلگا و ئاوڕەنگ بەرامبەر یەك دانیشتبوون و لە گلێنەکانی یەکتریان دەڕوانی، ئاوڕەنگ بە نەرمییێکەوە گوتی: گلێنە و مۆسیقا وەك یەك وان، هەردووکیان زمانی جیهانین.

ئۆلگا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

ئاوڕەنگ بەردەوامبوو: وا هەست دەکەم گلێنەکان ئاوێنەی دڵن، یان ڕۆژنامەن، هەواڵی رۆح و دڵ بۆ وەرگر دەگوازنەوە، ئەگەر بە هەڵە دانەچووبم، هەواڵی ناخۆش لەو رۆژنامەیەدا دەخوێنمەوە.

ئۆلگا بەردەوام لە گلێنەکانی ئاوڕەنگی دەڕوانی و گوتی: بۆن و تامی سیحر لە قسەکانتەوە دێ، خۆ ئەگەر خۆشت ساحیر و فاڵچی نەبی ئەوا بێگومان هەڵسوکەوتی باشت لەگەڵ جادوگەر و ساحیراندا هەیە.

ئاوڕەنگ: رەنگە من ساحیربم لەو کاتانەی کە دەتوانم کۆدی گلێنەکان ئاشکرا بکەم.

ئۆلگا بە دەنگێکی بەرزی پڕ لە گلەییەوە گوتی: تۆ ساحیرێکی ڕاستەقینەی، بۆچی سیحرت لێم کردووە، من چیم کردووە؟

ئـاوڕەنگ هێنـدەی لـە گوتـاری گلێنـەکانی ئۆلگـا جددیـەت و ڕاسـتی ئـەو گوزارشـتەی دەرك پێکـرد، ئەوەنـدە لـە خـودی ڕستەکەدا و لە بەرزکردنـەوەی دەنگدا هەستیپێنەکرد.. بۆیـە بـە بزەییێکـەوە گـوتی: مـن جددیـەتی تـەواو لـە زمـانی گلێنەکانتەوە دەبینم، مـن گلـەیی گلێنـەکانتم تـەواو لێـدیارە.. نەك ئەو ڕستە ئاساییانەی کـە دێـت و لـەو چـرکەیەدا دەبێتـە ڕابردوو، دەکرێ کۆدی دیالۆگی گلێنەکانتم بۆ شیبکەیتەوە؟

ئۆلگا بە یەقینییەوە گوتی: تـۆ سـیحرت لـێم کـردووە.. گـەرنا بۆچی لەنێو بیرکردنەوەکانمـدای؟ تـۆ کێـی؟ بۆچـی هـاتی؟ کـە هـاتی بۆچـی وا زوو خۆشمویسـتی؟ حەزدەکـەم ئێسـتا ڕاستییەکانم بۆ بدرکێنی؟ ئایا چ مـەرامێك هەیـە دوا بـە دوای دەسـت بەسـەر داگرتنـی دڵ و عـەقڵ و ڕۆحـم؟ مـن زانیومـە لەنێو ئێوەدا سـیحرو فـاڵ بـاوە، پیـاوان بـە سـیحر ژن دەخەنـە ژێـر ڕکێـف و کـۆنتڕۆڵی خۆیـان و دواتـر بـۆ مەبەسـت و بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن.

کاڵکان " 5000 " دۆلاری لە ناو دەستی مـەلاییێکی تـورك دانـا و گـوتی: ئـەوەیان تاکـە ئومێـدی ژیانمـە.. ڕوونـاکیی تەمەنمـە، بەهـەر شـێوەیەك بـێ وابکـە ڕازی بـێ شـووم پێبکـا.. خـۆ ئـەو کاتـەی دەرکـم کـرد خۆشـیدەوێم " 5000 " دۆلاری دیکـەت دەدەمێ.

کە لە مزگەوتەکـە هاتـە دەرێ، زەنگێکـی بـۆ ئۆلگـا لێـدا، ئۆلگـا

ژمــارەی تەلــەفۆنی کاڵکــانی دیــت، مۆبایلەکــەی داخســت و چـاوەڕوانی ئـاوڕەنگی کـرد بـۆ ئـەوەی وەڵامـی بداتـەوە، ئایـە سیحری لێکردووە یاخود نا؟

ئاوڕەنگ بە پێکەنینەوە گوتی: بەڵێ تۆ سیحرت لێکراوە.

ئۆلگا سەری سوڕماو گوتی: دەزانم تۆ ساحیری.

ئـاوڕەنگ قسـەی پێبڕیـو گـوتی: نـەخێر مـن نـا، بـەڵکو هـیچ مرۆڤێکی دیکەش نا.. چونکە تـۆ لـە لایـەن مرۆڤـەوە سـیحرت لێنەکراوە، بـەڵکو یـەکێکی دیکـە ئـەو سـیحرەی لێکـردووی کـە ناوی خودایە، ئەو خودایەی کە کەسمان نازانین کەی و چۆن و لە کوێ سیحرمان لێدەکا و شەیدا و دێوانـە و عاشـقمان دەکـا.. ئاوڕەنگ ڕێگای نەدا ئۆلگا قسە بکا و بـەردەوامبوو: سـاحیرێکی تـاك و تـەنیا کـە بتـوانێ خۆشەویسـتیی حـەقیقی بخـولقێنێ کەسـێکە ئێمـە ناومـان نـاوە خـودا، ئـەو بـۆ هەمیشـەیی لـەنێو خۆشەویستیی پاك و سەفائامێزدا بوونی هەیـە، ئـەو دەنگێکـی ڕۆحڕفێنی هەیە و گۆرانی بۆ عاشقان دەڵێ، لەگـەڵ عاشـقاندا سـەما دەکـا، پێدەکـەنێ و لەگـەڵ عاشـقاندا لـە توانـای دایـە بشـگریێ، بـەڵام هـەر کـاتێ کـە دەزانـێ عاشـقەکان بـوونی ئـەو لەناو عەشقدا نادۆزنەوە خۆی دەکێشێتەوە و شتەکان دەداتەوە دەسـتی کەسـەکان خۆیـان، ئێسـتا مـن لـە ڕێگـای گوتـاری گلێنەکانتەوە گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە تۆ هەست بە بـوونی خـودا ناکـەی لـەو پەیوەندییـەی نێـوانی ئێمـە، ڕەنگـە بپرسـی

ئێمە چۆن هەست بە بوونی خودا دەکەین لەناو عەشقدا؟

حەقی خۆتە، بپرسە.. بێگومان (نەهێشتنی گومان و گەیشتن بە یەقین) لەناو عەشقدا ڕۆڵی خودا دەگێڕن، خودا هەمیشە یەقینە و دەبێ بۆ هەمیشەیش عاشق یەقین بێ لە عەشقدا، چونکە عەشق خوداوەندە و خوداوەندیش عەشق.

ڕەنگە من هەر شتێ بڵێم سەبارەت بە درووستکردنی یەقین لە عەشقدا لای تۆ بێسوود بێ، هەموو فەرهەنگ و کتێبەکانی دنیاش بگەڕێین لە پێناوی فێربوونی یەقین لە عەشقدا هەر بێسوودە، چونکە شتێ کە بتوانێ یەقین لە عەشقدا درووست بکا (ئەزموونەکانی ڕۆحە).. لە کۆتایی هەر شتێکدا ئێمە دەگەینە ئاکام، خۆ تەنیا لەناو ئاکامیشدایە کە دەتوانین قسە لەسەر بوونی خودا و شەیتانیش بکەین لەنێو عەشقدا.

ئاوڕەنگ هێشتاش قسەی دەکرد کە کاڵکان هەندێ ئایەتی بە پیتی لاتینی نووسراوی بە دەستەوە بوو، بە حەماسەتەوە لێی دەڕوانی و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: وەك بازێك دێم و هەڵتدەفڕێنم.. دەستی دایە مۆبایلەکە و زەنگێکی بۆ ئۆلگا لێدایەوە.. ئۆلگا لە شاشەی مۆبایلەکەی خۆی ڕوانی و مۆبایلەکەی کوژاندەوە.. برژانگە ڕەشەکانی کەوتبوونە سەر گلێنە سەوزەکانی.. خۆشی نەیدەزانی بۆ ئاوا مەست بووە؟ ئایە سیحری لێکرابوو کە ئاوا بێ ئەلکحول مەست ببوو؟ خودا مەستی کردبوو؟ ئاوڕەنگ لێوەکانی نزیك کردەوە، زۆری

نەخایاند کە بۆ یەکەمینجار تامی ئاگری لێوەکانی یەکتریان کرد، پێڵوەکانیان داخستبوو، کەچی گوڵە شینەکانیان دەدیت کە دەگەشانەوە، تاووسەکانیان دەدیت کە کلکە ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەکردە تابلۆ بۆ خۆشەویستیی، ئەستێرەکانیان دەدیت بەدەم بزەوە دەڕۆشنانەوە، قازە مل درێژ و سپییەکانی نێو دەریاچە بچووکەکەیان لێدیاربوو، مراوی و گۆرانی بلبلەکانیان دەبیست، ئەوان پێڵوەکانیشیان داخستبوو کەچی هەموو شتەکانیان لێدیاربوو، پەپوولەکانیان دەدیت کە لە گوڵێکی شینەوە بۆ گوڵێکی شین هەڵدەفڕین و نامەی گوڵەکانیان دەگۆڕییەوە، هێشتا پێڵوەکانیان هەر داخرابوو، تامی ئاگری لێوەکانی یەکترییان دەکرد کە ئاوڕەنگ ئاڤـژەنی هاتەوە یاد، زانی ئێستا بۆتە بەڵێنێکی شکاو و تاوانێکی بە بەڵێن، لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵەوە گوتی: ئێمە کەسمان موڵکی عەقڵی خۆمان نین، بەڵکو عەقڵ و دەسەڵاتی عەقڵ و دڵ و ڕۆح و جەستەمان موڵکی چێژە راستەقینە و ناراستەقینەکانیشن، ئێمە لەوە بچووکترین کە بتوانین عاشقی نەگۆڕ بین، چونکە چێژ و لەززەت و ژیان لە مرۆڤ و مەرگ گەورەترن، ئێمە هەموومان دیلی ئێستەتیك و جوانییە گۆڕدراوەکانین« ئۆلگا پێڵوەکانی هێشتا هەر داخرابوو، لە دڵەوە گوتی: بۆچی نەدەبوو بمانتوانیبووایە زەمەن لە جوانیدا رابگرین ؟

# 36

ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا ئەو کچەی کە باوەڕی هێنابوو خودا سیحری لێکردووە نەك مرۆڤ، چەند مۆمێکی شینی لەنێو مۆمدانە شینەکان داگیرساندبوو، دوو کورسی شینی لە ژێر مێزە شینەکەدا بەرامبەر بە یەکتری دانابوو، لەسەر مێزەکەدا بتڵێك شەرابی شووشە شینی ئیتاڵی دانابوو کە کاڵکان بە تایبەتی لە ئیتاڵیاوە بۆی هێنابوو، دوو گڵاسی کریستاڵی شین و هەندێ خواردنی جۆراوجۆریشی لەسەر مێزەکەدا دانابوو، هەندێ گوڵاوی بە نێو ژوورەکەدا پرژاندو تابلۆی (کێڵگەی گوڵەگەنم و قەلە رەشەکە)ی ڤان کۆگی پاك کردەوە کە رێك کەوتبووە کورسی بەرامبەر مێوانەکەی.. بەدەم گوێگرتن لە (موزیکی کلاسیکی ئیتاڵیەوە) لە کاتژمێرەکەی روانی و لە دڵەوە گوتی: بۆچی دواکەوت؟

زۆرجار بیرکردنەوە لە شتە نامۆکانی ژیان کاتەکانی چاوەڕوان کردن زووتر تێدەپەڕێنی، بۆیە رووداوێکی سەیری بیرکەوتەوە.

بەر لە چەند رۆژێ "سیمۆنا"ی دەستەخوشکی داوەتی کردبوو بۆ ئەوەی بەهرەمەندی خۆی نیشانبدا لە کاتی کارکردنیدا وەك پارێزەرێك.

ئۆلگا لەنێو چەند کەسێکی دیکە لە نێو هۆڵی دادگاکە دانیشتبوو، بە وردی لە رووداوەکانی دەڕوانی، سیمۆنا پارێزەری "ئانکە"بوو، کە کچێکی تەمەن بیست و دوو ساڵان بوو، لەتەنیشت ئەودا "ئەندریاس"ی خۆشەویستی دانیشتبوو، سیمۆناش لە لای دەستە راستیان.. ئانکە سکاڵای دژی باوکی بەرزکردبۆوە، لەولاتر لەسەر مێزێك "ڤۆلف گەنگ" کە باوکی ئانکە بوو لەگەڵ دایکی ئانکە دانیشتبوون، لە مێزەکەی ناوەڕاستیشدا دادوەرێك و دوو یاریدەدەری..

لە بەرامبەر مێزی دادوەریش کورسی مێزێك بۆ شاهیدەکان دانرابوو، لە پشت ئەو مێزەیش چەند کورسییەك بۆ مێوانەکان.

ڤۆلف گەنگ بە هەڵچوونێکەوە گوتی: با گەردوون وێران بێ، بەڵام من هەرگیز رازی نابم ئانکەی کچم شوو بەو کوڕەی تەنیشتی بکا.

دادوەرەکە بە هێمنی گوتی: بۆچی؟

ڤۆلف گەنگ بە تووڕەبوونێکی زیاتر لە جارانەوە گوتی: من ئەزموونم لە کچەکەی خۆم زیاترە و بەرپرسم لەوەی رێگای راستەقینە نیشانی کچەکەی خۆم بدەم.. بۆیە بە هیچ جۆرێك قبووڵم نییە و رێگاش نادەم ئەو کچەی من شوو بەو کوڕە بکا.

ئەندریاس ویستی وەڵام بداتەوە، کەچی دادوەرەکە رێگای نەداو گوتی: بەڕێز ڤۆلف گەنگ، کچەکەی تۆ تەمەنی لە

سەرووی هەژدە ساڵیدایە، ئێمە لێرەدا باسی یاسا دەکەین، هەموو کەسێك لەو وڵاتەدا دوای ئەو تەمەنە حەقی خۆیەتی ئاینی خۆی هەڵبژێرێ، حەقی خۆیەتی هاوسەر و خودای خۆی هەڵبژێرێ و هەروەها حەقی خۆشیەتی چۆن دەیەوێ بژیێ ئاوا ژیانی چۆنییەتی گوزەراندنی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ، بۆیە تۆ تەنیا لە ئاراستەکردن و رێنماییکردنت بە قسەی خۆش لە کچەکەی خۆت بەرپرسی، جگە لەوە هەموو توونـدڕەییێك و زۆر لێکردنێك تۆ دەگەیەنێتە تاوان و سزا.

ڤۆلف گەنگ سوورهەڵگەڕابوو، بە بێزارییێکەوە شەقێکی لە مێزەکەی بەردەمیداو گوتی: ئاخر هیچ یاسا و رێسا و عورف و ئاین و کولتور و خودایەکیش رێگا نادا ئەو کچەی من شوو بەو کوڕە بکا.

ئانکە دەستی لە نێو دەستی ئەندریاس نابوو، بە گلەیی و توڕەبوونێکەوە گوتی: من ئەندریاسم خۆشدەوێ، ژیانی من بەبێ ئەندریاس هیچ واتایەکی نامێنێ، سێ ساڵە بەیەکەوەین تاکو ئێستا لە عەشق زیاتر بەو لاوە شتێکیتر لە نێوانی ئێمەدا نییە، بۆیە هەموو گەردوون هەوڵبدا ناتوانێ ئێمە لە یەکتری جیابکاتەوە، ئەو منم و منیش ئەو.

ڤۆلف گەنگ دەستی بە سەرییەوە گرتبوو، نەیدەزانی چی بکا..! چی بڵێم؟ تنۆکی فرمێسکی درشت لە چاوەکانیدا دەهاتنە خوار، دایکی ئانکە بە ڤۆلف گەنگی گوت: کەوایە

بۆچـی دڵتـەنگی؟ ئایا هـیچ خراپەکارییـەك لـە ئەنـدریاس دەبینی کە من نایبینم؟

ڤۆلف گەنگ بە هاوارێکەوە کە هەر لە نەڕەی شێرێکی بریندار دەچوو گـوتی: سـێ سـاڵە بـە یەکـەوەن؟ کەواتـە سێکسیشـیان لەنێوانـدا هـەبووە، نـا نـا مـن ئـەو تاوانـە بـە تـەنیا دەخەمـە ئەستۆی ژیان و خودا، کارەساتە کارەسات..

لەو چرکەیەدا دەرگای دادگاکە کرایەوە، ژنێك بـە راکـە راکـە و خـۆ راپڕووسـکان و هانکـە هانـك و هەڵپـە هەڵپـەوە هاتـە ژوورەوە، دوو پـۆلیس دەسـتەکانیان گرتبـوو، دەیانوویسـت فڕێیدەنــە دەرەوە، ئەنــدریاس بــە سەرســووڕمانییەوە لــەو دیمەنـەی دەڕوانـی و گـوتی: دایـە بۆچـی لێـرەی؟ کـێ بـانگی کردووی؟

دایکی ئەندریاس کە خۆی لەنێو دەستی پۆلیسەکان راتەکاند و هاتە پێش و بانگی کرد: جـەنابی دادوەر رێگا دەدەی شـاهێدی بدەم، من شتێکی گرنگ دەزانم.

دوای سـوێند خـواردن کـە درۆ نـەکا لـە شـاهێدییەکەی، دادوەر رێگایدا ئەو پیرەژنە قسە بکا.. دایکی ئەندریاس کـە ژنێکـی لـە تەمەنی ڤۆلف گـەنگ بـوو، بـە لـەرزین و نائومێـدییێکی زۆرەوە وەسـتابوو، گـوتی: جـەنابی دادوەر منـیش بـە هـیچ شـێوەیەك رازی نیم کە ئەندریاسی کوڕم ئانکە بکا بـە هاوسـەری خـۆی، نەخێر بە هیچ شێوەیەك رازی نیم.

ئەندریاس قسەی بە دایکی بڕی و گوتی: دایە پێمبڵێ تۆ چیت بەسەر هاتووە؟ هاتە بەر لە سێ هەفتە هەمیشە لە نامەکانتدا سۆز و خۆشەویستیی و ڕێزی خۆت بۆ ئانکە دووپات دەکردەوە، بەڵام لەو کاتەی کە ئەو بەرازە، (مەبەستی ڤۆلف گەنگ بوو) هاتۆتە نێو ژیانی ئێمە و تۆی ناسیووە، هەموو شتەکان گۆڕان، تۆیش بوویت بە یەکێ لەو شتانەی کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە.

دایکی ئەندریاس گەرووی وشك ببوو، ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، دەتگوت چیدی خوێن بە نێو جەستەیدا هاتووچۆ ناکا.. بە زمانێکی پڕ لە خەفەت و داخ و کەسەرەوە گوتی: چیدی ناتوانم بێدەنگ بم، جەنابی دادوەر گوناحی هەر یەکێك بێ من نهێنییەکە وەك خۆی دەگێڕمەوە، بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر من ژنی ڤۆلف گەنگ بووم، لە ساڵی یەکەمدا خودا ئەندریاسی پێدایین، بەڵام دوای دوو ساڵ ڕۆیشت و من و ئەندریاسی جێهێشت، تا بەر لە سێ هەفتە لە ڕێگای ئانکە و ئەندریاسەوە چاومان بە یەکتری کەوتەوە.

ناو دادگاکە غەڵبە غەڵبێکی زۆری لێدروست بوو، دوو دوو سەریان خستبووە بناگوێی یەکتری و دەدوان، دایکی ئەندریاس گوتی: ئەندریاس و ئانکە خوشك و بران لە ڤۆلف گەنگ..

دادوەرەکە لە هەموویان زیاتر پەشۆکابوو، نەیدەزانی چی بڵێ، شۆك و سەرسوڕمان باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو، بەڵام

ئانکە هەوڵیدا کۆنترۆڵی ژاوە ژاو و غەڵبە غـەڵبی نێـو هۆڵەکـە بکا، بۆیە بە دەنگێکی بەرز گوتی: جەنابی دادوەر تـازە کـار لـە کار ترازاوە، ئەی چی لە منداڵەکانمان بکەین؟

ئەنـــدریاس قســـەی ئانکـــەی بـــڕی و بـــە هێورییـــەوە گـــوتی: هەڵەکانی نەوەی بەر لە ئێمە نابێ لەسەر حیسابی ژیانی ئێمە راسـت بکرێتـەوە، ئێسـتا ئێمـە ژیـانێکی ئاسـودە و شـادمان و خۆشمان هەیە.

ئەنـدریاس رووی قسـەکردنی ئاراسـتەی ئانکـە کـرد و گـوتی: خۆشەویسـتەکەی مـن، بـاوەڕ ناکـەم هـیچ شـتێ هـەبێ لـەو دنیایـــەدا بتـــوانێ بەختـــەوەریی مـــن و تـــۆ و خێزانـــە بچـووکەکەمان تێـــك بـــدا، ئێمـــە هـــەرگیز ئامـــادە نـــابین بەختەوەریی خۆمان لە پێنـاوی بەدبەختییـەکانی نـەوەی بـەر لە خۆمان تێکبدەین، دەڕۆین، گرینگ نییە بەرەو کوێ، روو لە دورگەیـەك دەکـەین، دەچـینە وڵاتێکـی دیکـە، گـرنگ ئەوەیـە بەختەوەریی خۆمان بپارێزین.

ئەندریاس و ئانکە لەبەر چاوی هەمووان و بـە بـێ رازیبـوونی هـیچ کەسـێك ماچـی مـارە بڕینیـان بـە لێوەکانیـان گۆڕیـەوە، پیاوێکی (میسری نەژاد) کە لە تەنیشت ئۆلگادا رۆنیشتبوو بـە چەپڵە رێزانەوە هەستایەوە سەر پێ و لە نێو ئەو بێدەنگییەدا گوتی: دوو هەزار ساڵێك بەر لە زایین ئـەوە حاڵـەتێکی ئاسـایی بـوو لای ئێمـە، کـەوابێ مێـژوو حـەز دەکـا خـۆی دووبـارە

بکاتەوە.. لەوەش گرنگتر ئیرادەی عەشقە کە لە هەموو شتێکی دیکەی ئەو گەردوونە بەهێزترە، عەشق لە دەستووری وڵاتان گەورەترە، لە دادگا و دادوەران بە هێزترە، عەشق لە ترادتسیۆن و هەموو یاساکانی دنیا گەورەترە.

ئەندریاس و ئانکە رۆیشتن و هۆڵەکەیان بە جێهێشت.

ئۆلگا خەریك بوو دەگریا، بەڵام نەیدەزانی بۆچی هێندە دڵی تەنگە! لە کاتژمێرەکەی روانییەوە و گوتی: بۆچی هێندە دواکەوت.

## 37

ئۆلگا لەنێو مۆمدانــە شــینەکان چــەند مــۆمێکی داگیرســاندبوو، بیری کردەوە کە خودا سیحری لێکردووە نــەك مــرۆڤ.. هەنــدێ رامــاو تێگەیشــت کــە لــەنێو چــاوەڕوانییدا دانیشــتووە.. لەبــەر خۆیەوە گوتی: باشترین بیرمەندێك ئەو مرۆڤەیە کە زیــاتر لــە شــتەکان ورد دەبێتــەوە، رادەمــێنێ و بــیری لێدەکاتــەوە، باشــە بۆچی من بیر لە وشەی چاوەڕوانیی نەکەمــەوە؟ ئۆلگــا لەســەر ئەو کورسییە دانیشتبوو کە ڕێك کەوتبووە بەرامبەر تابلۆکەی ڤــان کــۆگ و لــە قەلــە ڕەشــەکان وردبــۆوە، کــە لــە چــاوەڕوانیی مردنی مرۆڤەکان بە ئاسماندا دەخولێنەوە، سەیرێکی ئەو ســێ ڕێگایــە لێکجیایــەی کــرد کــە دەچــنە نێــو کێڵگەکــە، خــۆرە تێکەڵاوەکە بە هیچ جۆرێ رووناکیی بەخش و ئومێــد بــەخش نییــە.. لەبــەر خۆیــەوە گــوتی: باشــتر وابــوو ڤــان کــۆگ نــاوی تابلۆکەی نابووا (لە چاوەڕوانیی مەرگێکی چاوەڕوان نەکراودا) نەك (کێڵگەی گوڵەگەنم و قەلە رەشەکان).

لەخۆی پرسی: چاوەڕوانیی چییە؟

رەنگە ئەو وشەیە بێ کە دەکەوێتە نێوانی دۆزەخ و فیردەوس.. لەبــەر خۆیــەوە گــوتی: بۆچــی نــەهات؟ ئایــە "ئــەو" نــازانێ چاوەڕوانیی لــە مردنێکی شــێنەیی بــە عــەزاب دەچــێ؟ زەنگــی مۆبایلەکەی لێدرا، خێرا پڕی دایە مۆبایلەکەی وەڵامیدایەوە:

_بەڕێز بۆرۆدینۆڤا سەلام.
ئایا ئـەوە دەنگی کێبـوو؟ ئۆلگا سـوورهەڵگەڕا و بـە زمـانێکی گیراوی پڕ لە تەتەڵەوە گوتی: سەلام بەڕێز کاڵکان..
_وا لەبەر دەرگام، دیارییێکی بە نرخم بـۆ هێنـاوی، حەزدەکـەم پێشکەشتی بکەم..
_ئاخر بەڕێز من لەماڵەوە نیم.
_حەزم دەکرد بتبیـنم، چـونکە هـەواڵێکی زۆر دڵخۆشـکەرانەم سەبارەت بە داوەتکردنی دایـك و باوکـت پێیـە، بـڕوا ناکـەم لـە تەلەفۆن بتوانین باسی بکەین.
_باشـە بـەڕێز، لەگـەڵ سوپاسـی بێپایـان، مـن بـەیانی خـۆم پەیوەندیت پێدەکەمەوە.
_ ok تا بەیانی.
کاڵکـــان دوو خرخـــاڵی زیـــوینی گرانبـــەهای ســـەردەمی عوسمانیەکان (کە هەندێ ئایەت و نووسینی جادوگەری لەسەر نووسرابوو) خستە نێو سندووقی پۆستی ئۆلگا، لەگـەڵ پۆسـت کـــارتێ، کـــە ئـــەویش لای جـــادو گـــەرێك دوعـــای لەســـەر خوێندرابوو.. بەڕێکەوت.
ئۆلگـا مۆبایلەکـەی داخسـت و دەسـتی خسـتە سەرسـینەیی و هەناسـەیەکی فێنکـی هەڵکێشـا و گـوتی: نـابێ هەنـدێجار لـەو درۆیانە پەشیمان ببینەوە کە لەپێناوی بەختەوەریی خۆمانـدا دەیانکەین.

لـه مۆمـەکانی روانـی کـە وردە وردە دەتوێنـەوە.. ژیـانی خـۆی هاتـە بەرچـاو، پێناسـەی چـاوەڕوانیی دیـت، لـە پـڕ زەنگـی مۆبایلەکەی زنجیرەی بیرکردنەوەکانی پێپچڕاند و پرسی: دەبێ هەمدیس کاڵکان بێ؟

وەڵامی دایەوە

_چۆنی ئۆلگا..

_زۆر چاوەڕێم کرد، کوانێ تۆ لە کوێی؟

_دەبـێ بمبـوری، لـە شـارێکی دیکـە بـووم، ئێسـتایش هـیلاکم ناتوانم بێم، دیسان داوای بوردن دەکەم.

وەك ئـەوەی رۆحـی لـە جەسـتەدا نـەمابێ، ئـاوا سـپی و سـارد هەڵگەڕا ئۆلگا، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە سـارد و سـڕیەکەوە کـە بـە زۆر دەنـگ لـە قوڕگییـەوە دەهاتـەدەر گـوتی: ئـاوڕەنگ گیـان هەموو شتێکم ئامادە کردیە، ناکرێ چیتر ئـازاری چاوەڕوانیم پێ نەچێژی و بێی؟

ئەو پرسـیارەی تـەواو کـرد و لـە دەرگـای ژوورەکـەی درا، ئۆلگـا نـەیدەویست دەرگاکە بکاتەوە، چونکە پێی وابوو کاڵکانە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای کردەوە، ئایە کێبوو بەو کاتـە هـاتبووە لای ئۆلگا؟

کاڵکان یاخود یەکێ لە دراوسێکانی؟

ئۆلگا لـە دەسـتی خۆیـدا نـەبوو لـە قاقـای پێکەنینیـدا و خـۆی هاوێشـتە ئـامێزی ئـاوڕەنگ و کەوتنـە مـاچ و مـووچ.. ئۆلگـا

فرمێسکی خۆشیی لە چاوەکانیدا سڕیەوە و لەسەر دوو کورسییەکە بەرامبەر بە یەك دانیشتن و تاوێ بە بێدەنگیی لە گلێنەکانی یەکتریان ڕوانی و ئاوڕەنگ ئەو بێدەنگییەی بە رستەیەك شکاند و گوتی: بە پێچەوانەی ئەو ڕەشبینییە گەورەیەی کە لەو تابلۆیەی ڤان کۆگ دا هەیە، گەشبینیی ژیانێکی کامەران و درەوشانەوە لە گلێنەکانی تۆدا دەبینم.

# 38

ئـاوڕەنگ سـەری لـە ڕێکپۆشـی و پـاك و خـاوێنی و جـوانیی ژوورەکەی ئۆلگا سوڕمابوو، بۆیە بە زەردەخەنەیەکـەوە گوتی: بەهەشـتی گـەورە لـە ژووره بچووکەکەی تـۆدا چـڕکراوەتەوە.. تۆیش حۆرییێکی تێیدا.

ئۆلگا شانازی و شەرمی کرد و گوتی: بۆچی وا دواکەوتی؟

_لای هاوڕێیەکم بووم لە شارێکی دی.

_ئەویش کوردە؟

_دەتوانین بڵێین ئینتەرناسیونالە.

_چۆن؟

_دایکـی عەرەبـە و بـاوکی کـوردە، بەخۆشـی نیـوەی کـورد و عەرەبە و نیوەشی ئەڵمانە.

_هاوکێشەیەکی گرانە، زەحمەتە کەسێك هەبێ لـەو رسـتەیەی تۆ تێبگا!؟

ئاوڕەنگ گوتی: چیرۆکێکی دوور و درێژە.

حەزدەکەم بیزانم..

باشە، با لەسەرەتاوە دەسـتپێبکەین.. کوڕێکـە نـاوی "زەمەنـد" ە، لە موسڵ لە دایکێکی عەرەب و باوکێکی کـورد لـە دایکبـووە، هەر لە منداڵییـەوە بۆتـە میکانیـك "فیتـەر"و نەدراوەتـە بـەر

خوێندن.. منداڵێکی سەرەڕۆ و بێ پەروەردە، ئەزموونی ژیانی خۆی فێری دەکا پیاوێکی دڵڕەقی لێدەرچێ، بەڵام گەنجێکی تا بڵێی جوانە.. بەری چەند ساڵێ رووداکاتە ئێرە، لەیەکێ لە سۆزانیخانەکاندا سۆزانییێکی خۆشدەوێ، بەڵام چ جۆرێک لە خۆشەویستیی؟ خۆشەویستییێك وەك ئەوەی کە سەگێك بۆ خاوەنەکەی هەیەتی، وەك ئەوەی عاریفێك بۆ خودا هەیەتی و عەشقی خودا وای لێدەکا سەرخۆشبێ و هەموو جەستەی خۆی بداتە بەر زەرگ و چەقۆ و خوێنیشی لێنێ، ئەو کچە خەڵکی رووسیایە، ناوی "ئێلێنا"یە، شەوانە چەند کار دەکا، هەموو داهاتەکەی دەداتە زەمەند، لەگەڵ ئەوەشدا زەمەند چونکە پیاوێکی دەمدەمیە و جێگای ئەوە نییە کە خۆشەویستییەکەی نەگۆڕبێ هەندێ جار وەك سەگێك لە ئێلێنا دەڕوانێ، لێیدەدا، تێیهەڵدەدا و داهاتەکەی لێوەردەگرێ و لە قومار دەیدۆڕێنێ.. ئەو داهاتەیش کە لە حکومەت وەریدەگرێ و ئەوەیش کە لە کاری میکانیك دەستی دەکەوێ و ئەوەیش کە لە رێگای کڕین و فرۆشتنی حەشیش و کۆکاین دەستی دەکەوێ، هەمووی لە قومار دەدۆڕێنێ.. بە کورتی کوڕێکی جوانە بەڵام خاوەنی دڵێکی رەقە.. رۆژێ لە رۆژان ئەڵمانێ کە ناوی "هۆرست" دەبێ، رێی دەکەوێتە ئەو سۆزانیخانەیەی کە ئێلێنا تێیدا کار دەکا.. وەك چۆن ئێلینا عاشقی زەمەند دەبێ، هەر ئاواش هۆرست عاشقی ئێلێنا دەبێ، بەڵام ئێلێنا وەك چۆن زەمەند

هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا، ئەویش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆرست دەکا .. هۆرست کوڕێکی میهرەبانە و خاوەن دڵ و رۆحێکی جوان و میهرەبانیی و بەخشندەییێکی جوانە، بەلاّم لە رووی جوانی دەرەوە پیاوێکی تا بلێی ناشرینە، کورتە بالاّ و قەڵەو دەموچاو پڕ لە زیبکە و نەختێ قەمبوریشە.. کەوابێ پیاوێکە خاوەن دڵێکی باش و عاشق بەلاّم ناشرین..
رۆژێ زەمەند لە یەکێك لە برادەرەکانی خۆی تووڕە دەبێ و دەقەهری و داوا لە برادەرەکەی دەکا دەستی بکاتەوە و لەگەڵی بەشەڕبێ، بەلاّم برادەرەکەی دەزانێ کە زەمەند شەڕکەر نییە بەڵکو گەردەلوولێکە بۆ خۆی، پیاو لوولدەدا، بۆیە دەستی ناکاتەوە و بە زەمەند دەڵێ: بمکوژە.
زەمەند لە داخان و لە رکاندا هەموو جەستەی خۆی دەداتە بەر چەقۆ، یەکێ لەو چەقۆیانە بەر دڵی دەکەوێ و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.. دکتۆرەکان دوای پشکنین و ئۆپەراتسیۆن بۆیان روون دەبێتەوە کە ژیانی زەمەند بە دۆزینەوە و پەیاکردنی دڵێکەوە پەیوەستە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا گەر دڵێك دەست نەکەوێ تەواو.. دکتۆرەکان پەلە دەکەن لە بلاّوکردنەوەی هەواڵێك لە ئینتەرنێت کە لەو ماوەیەدا پێویستیان بە دڵێکە، تەواوی نەخۆشخانەکانی ولاّت ئاگادار دەکەنەوە، ئێلێنا لەبەر دەرگای ژووری ئۆپراتسیۆنەکە وەستاوە و بێ وچان دەگری، ڕێککەوت وا دەبێ کە "هۆرست" لەو

چـرکەیەوە تەلـەفۆن بـۆ ئێلێنـا دەکـا.. لـەو چرکەسـاتەی کـە گوێبیسـتی ئێلێنـا دەبـێ هـۆن هـۆن دەگریـێ، ئـۆقرەی نـامێنێ، هۆرست جگە لەوەی کە شاعیرە، رۆژنامەنووسـێکی بـە تواناشـە و لەگەڵ یەکێك لە رۆژنامە بە ناوبانگەکانی وڵاتـدا کـار دەکـا، داوا لە ئێلێنا دەکا کە بۆ هاریکاری و دڵدانەوە دێتە لای، بـەڵام ئێلێنا قبوڵی نییە، چونکە هێشتا لە زەمەند و دڵپیسی زەمەند دەترسێ.. بەهەر هۆیێك بوو توانی ئێلێنا رازی بکا کـە بچێتە لای، هۆرست سەرشێتانە و مەستانە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی، لە رێگادا وەردەگەڕێو دەهێنرێتە ژوورێکی تەنیشت ژوورەکەی زەمەند، لـە هـەمان نەخۆشـخانە.. کـە دایـك و بـاوکی هۆرسـت دەگەن دکتۆرێك بە بـێ پـێچ و پـەنا پێیـان دەڵـێ: بـە داخـەوە کوڕەکەتان تەواو، کۆچی دوایی کرد، عەقڵی وەستاوەو کارناکا.

دایك و باوکی هۆرست بە گریانەوە داوایان لـە دکتـۆر کـرد کـە کارێـك بکـا لـە پێنـاوی کوڕەکـەیان.. دکتـۆر و لێژنەیـەك کـە لەگەڵیـدابوون گوتیـان: ئێمـە دەتـوانین نـەهێڵین بەشـێکی کوڕەکەتان بمرێ.

دایك و باوکی هۆرسـت تێگەیشـتن نەخۆشـێکی دیکـە لـەوێ بـە پێچەوانەی کوڕەکەی خۆیان عەقڵی تەواو کار دەکا، کەچی دڵی لە لێدان کەوتووە، بە لێژنەکەیان گوت: ئێمە نیو مردنمان پـێ لە مردنێکی یەکجارەکی باشترە.

دوای ئۆپەراتسـیۆنێکی دوورو درێـژ دڵـی هۆرسـتیان لـە نێـو

جەستەی زەمەند دانا و دڵی زەمەند و جەستەی هۆرستیشیان هەڵدایە نێو پاشماوەکان..

ئۆلگا بەسەرسوڕماویەوە لە ئاوڕەنگی دەڕوانی، پێیوابوو باسی فەنتازیا و خەیاڵ و چیرۆکی بۆ دەکا.. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسی: ئەی ئێستا؟

ئێستا زەمەند و ئێلێنا ژن و مێردن، خێزانێکی بەختەوەرن، زەمەند تەنیا میکانیکە و ئێلێنا لەگەڵ ئەودا کاردەکا و ئیدی سۆزانی نییە..

ئاوڕەنگ بە بزەیەکەوە گوتی: من بۆ ئەوە چووبوومە لای تا هەندێ بنەما و خاسیەتی نووسینەوەی یاداشتی فێرکەم، چونکە خۆی فێری خوێندەواری کردووە و ئێواران دوای کار یاداشتی خۆی دەنووسێتەوە.

ئاوڕەنگ بەردەوامبوو: دایك و باوکی هۆرستیش بەردەوام سەردانیان دەکەن و داوای لێدەکەن کە منداڵێك بێننە دنیا، تا چاویان بە نەوەی خۆیان بکەوێ.

ئۆلگا گوتی: کەوابێ بەدەستهێنانی بەختەوەریی کارێکی مەحاڵ نییە؟

ئاوڕەنگ پێکە شەرابێکی سووری لەنێو گلاسە کریستاڵاویەکە خاڵی کردو پێکێکی دیکەی دروست کرد و گوتی: نازانم ئەو چیرۆکە وامان پێدەڵێ، بەلام گەلێ چیرۆکی تر هەن پێچەوانەی ئەو چیرۆکەمان بۆ دەسەلمێنن، ئەوەی من لەو

چیرۆکەدا هەڵیدەکرپێنم ئەوەیە کە خوا و چارەنووس و ژیان و ڕووداوەکـانیش جوانییـان خۆشـتردەوێ.. وەك دیتمـان لـە ململانێـی نێـوانی جوانییـە دەرەکییـەکان و جوانییـە ناوەکییەکانیشدا لەگەڵ ناشرینیی هەمیشە جوانیی جوانترە و تەمەنی درێژترە..

ئۆلگا بیری لە قسەکانی ئاوڕەنگ کردەوە تا گەیشتە باوەڕێك و پرسی: ڕاستە جەستەی ناشرینی هۆرست و دڵی ناشرینی زەمەند چوونە ناو پاشماوەکان و بوون بە رابردوو، تەمەنیان کورت بوو، جەستەی جوانی زەمەند و دڵی جوانی هۆرستیش مانەوە و تەمەنیان درێژتر بوو، کەوابێ لێرەدا تەمەنی جوانیی لە تەمەنی ناشرینیی درێژتربوو، بەڵام پێتوانییە کە ئەوە تەنیا تاکە حاڵەتێکی ناوێزەیە لە ژیاندا؟ چونکە من هەمیشە لێم دیارە کە دڵی ناشرین و رۆحی ناشرین لە گەمەی ژیاندا براوەن و دڵی جوان و رۆحی جوانیش هەمیشە گۆشەگیرو پەراوێزن لەنێو کۆمەڵگەدا؟

ئاوڕەنگ قومێکی دیکەی لە شەرابە سوورەکەدا و گوتی: من پێموایە هەمیشە تەمەنی جوانیی درێژترە لە تەمەنی ناشرینیی، چونکە هەموو جوانییێك بەشێکی لە رۆحی خودا تێدایە، بۆیە کرداری باشە و جوانیی دەبێ تەمەنیان درێژبێ و ئەزەلی بن، چونکە خودا ئەزەلییە.

ئۆلگا ئەگەرچی لەگەڵ هەموو گوزارشت و بۆچونەکانی

ئاوڕەنگ هاوڕا نەبوو، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا پێکی شەرابە سوورەکەی بەرزکردەوە و گوتی: خۆشەویستەکەم، "جیاوازییەکان" تەمەن و ژیان و مێژوو بەڕێوە دەبەن.

# 39

لەسەر سینییێك كە بە جۆرەها خواردنی بەیانیان رازاوەبوو فنجانێك قاوە و گوڵێكی شینیش دانرابوو.. ئۆلگا چەند ماچێكی لە ئاوڕەنگ كرد و گوتی: پادشای من، پادشا رۆژهەڵاتیەكەی خۆم.. بەیانیت باش..
سینیەكەی لەبەردەم ئاوڕەنگ دانا لەسەر قەروێڵە یەك كەسییەكە..
ئاوڕەنگ هێشتا تێرخەو نەببوو، چونكە تا بەرەبەیان لەگەڵ ئۆلگادا لە ئامێزی یەكتریدابوون و خەویان نەدەهات، هەمیشە شەو شادیان لەیەكتر دەكرد، كەچی دوای چەند چركەیەك هەردووكیان پێڵوەكانیان ئاوەڵا دەكرد و لەززەتیان لە جوانیی رووخساری یەكتری دەكرد و وایان هەست دەكرد لەنێو وەهمدان نەك ڕاستییێك كە بەڕاستی تێیدابوون..
كە ئاوڕەنگ رۆیشت، زەنگی مۆبایلەكەی ئۆلگا لێیدا، كاڵكان بوو، داوایكرد دوای كاتژمێرێكی تر لە كافتریای (هێرمێرس پاریس) چاوەڕێی بكا..
كاڵكان داوای دوو بیرەی كرد لە كافتریاكە، لە ئۆلگا ورد دەبۆوە، بۆ ئەوەی بزانێ كە فاڵ و سیحرەكە كاری لێكردووە یاخود؟
ئۆلگا بە زەردەخەنەیەكەوە گوتی: بەڕێز كاڵكان زۆر سوپاست

دەکەم بۆ ئەو خرخاڵە جوانانە و پۆست کارتەکەشت، بەڕاستی دڵم پێی خۆشبوو.

کاڵکان هەستی بە شانازیییێکی بێسنوور کرد و لە دڵەوە گوتی: کێ وەك من بەختەوەرە، سامان و کەسایەتی و بەختەوەریی و ژنێکی جوان کە وێنەی نییە لە هەموو دنیا.. باوەڕ ناکەم پێوستیم بە دەسەڵاتی سیاسیش بێ، چونکە دەسەڵات موڵك نییە وەك سامان و ژن و بەختەوەریی.

ئاوەڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و لە دڵەوە گوتی: سەیرە بۆچی هیچ شتێ موڵکی مرۆڤ نییە لەو گەردوونە؟

ئۆلگا کە دواترەمین فڕی بیرەکەی لێدا بە کاڵکانی گوت: بەڕێز کاڵکان..

کاڵکان قسەکەی پێبڕی و گوتی: حەزناکەم ئیدی بەو ڕەسمیاتە لەگەڵم بدوێی، پێمبڵێ کاڵکان، یان هەرشتێکیتری پێم دەڵێی بیڵێ، تکا دەکەم ئەو "بەڕێزە" فڕێ بدە.

ئۆلگا بەردەوامبوو: من نازانم چۆن سوپاست بکەم بۆ ئەو هەموو شتەی کە پێشکەشی منی دەکەی، لەوەش گرینگتر لایەنە مەعنەویەکەیە، تۆ هەمیشە لەگەڵمدای..

کاڵکان: تۆ مرۆڤێکی شایەن و شایستەی زیاتری.

ئۆلگا دوای ئەوەی پێکێ تێکیلەشی خواردەوە بە زەردەخەنەیەکەوە رووی لە کاڵکان کردو گوتی: حەز دەکەم ڕاستیییێکت بۆ بدرکێنم..

کاڵکان بە پێکەنینەوە: ڕاستیی؟ جا کەی بـووە تـۆ ڕاسـتییەکان بشاریتەوە ؟ تۆ هەمیشە ڕاستییەکانت لای من درکاندووە..

ئۆلگا گوتی: من کەوتوومەتە داوی عەشقەوە، عەشـقێکی نـامۆ کە هەرگیز باوەڕم پێی نەبووە، عەشقێك کە لـە عەشـقی هـیچ عاشقێکی دیکە ناچێ..

ڕووخساری کاڵکـان وەك گوڵێـك گەشـایەوە، بـزەی کەوتـە سـەر لێوان.. چاوە ڕەشە بچووکەکانی نەختێ ترووکاند و خرخـاڵ و پۆسـت کارتـە دوعـا لەسـەر خوێندراوەکـەی هاتـە پـێش چـاو، مــەلای مزگــەوتی تورکــان و "5000" دۆلاری دیکــەی هاتــە خــەیاڵ و لەســەرخۆ گــوتی: حەزناکــەم وا زوو بیــدرکێنی.. چونکە دەبێ عاشقەکەت شتی یەکجار مەزنت بۆ بکا..

ئۆلگا گوتی: خۆت دەزانی ژیانی من تا ئێستا گرێـدراوی کتێـب و قەڵەم و مامۆستا و کۆمپیوتەر و ئەو جۆرە شتانە بووە، زۆر لە وڵاتانی دنیا گـەڕاوم، ئەمـەریکا، ڕووسـیا، ئیسپانیا، تورکیـا، چـین، میسـر، تـونس، فەرەنسـاو .. تـاد .. بـەڵام هـیچ کاتێـك هەستم بە بـوونی پیـاو نـەکردووە، مەبەسـتم لـە بـوونی پیـاو بـوونی عەشـقە بـۆ پیـاو.. هەمیشـە هەسـتم دەکـرد بـە دوای یەکێکدا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە، بۆیە بە پێچـەوانەی زۆربـەی زۆری کچـەکانی سـەر ئـەو ئەسـتێرەیە خۆشەویسـتیم نـەدیوە لەسـەردەمی هەرزەکاریـدا.. خەفـەتێك ئـازاری دەدام، دەمزانـی بــەدوای یەکێکــدا وێڵــم و دەبــێ بیدۆزمــەوە، ئێســتا لێــرە

دۆزیمەوە.. من خۆشحاڵم کە پێیگەیشتم..
کالکـان لـە خۆشـییدا خـەریکبوو بـاڵی لێـدەڕوا.. بۆیـە بـە شانازیییێکەوە گوتی: دەکرێ پیتی یەکەمی ناوەکەیم پێ بڵێی؟
ئۆلگا ئـەو پرسـیارەی پیـاوێکی بـە تەمـەنی وەك کالکـانی زۆر هەرزەکارانە هاتە بەر گوێ، بۆیـە گـوتی: بۆچـی پیتـی یەکـەم، ئەوەی من بەدوای دا دەگەڕام ناوی ئاوڕەنگە.. ئاوڕەنگ.
ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و لە دڵەوە گـوتی: کـاتێ مرۆڤی عاشق لەو جیهانە ناشرینە مەست دەبـێ، تـەنیا شـتێك کە بیری لێدەکاتەوە، خۆشەویستیی و جوانییە.
تورەیی و بومەلەرزەی ناخی کالکان گەیشتە حاڵەتی تەقینەوە، لە دڵەوە گوتی: دنیاییێکی پیسە، تەنیا شـتێك کـە پێویسـت بـێ مرۆڤ بـیری لێبکاتـەوە لـەو ژیانـە ناشـرینییە.. بورکـانی نـاخی کالکان دەستیپێکرد و هەڵچوو، بـە هـەموو هێـزی مسـتێکی لـە مێزەکـەی بەردەمیـدا، هـەموو گـلاس و تەبڵـە و مۆمـدان و مۆمـەکان بەسـەر یەکـدا کـەوتن.. مۆمـەکان کوژانـەوە، گوڵـە شینەکانی نێو مەرکانە شـینەکە کەوتنـە سـەر عـەرد و گلاسـی تێکیلەکـە شـکا.. ئۆلگـا بەسەرسـوڕمانییەوە لـە چـواردەورەی ڕوانی، خەڵکەکە بە قسەکانی یەکتر پێدەکەنین.
کالکان پرسی: ئۆلگا تۆ عەقڵی خۆتت لە دەست داوە؟
هەوڵیـدا کـەمێ هێـور ببێتـەوە، بـەردەوامبوو: دەمزانـی ئـەو کوردە فریودەرە دەتوانێ تۆ بکاتە کارتێك و بەکارت بێنێ.. تـۆ

سیحرت لێکراوە، بڕوا بکە هەر یەکێکی دیکەت خۆش بوویستایە ئاسایی بوو، نەك هەر بە تەنیا ئاسایی، بەڵکو یارمەتیشم دەدای.. تۆ ئەگەر بە ئارەزووی خۆت یەکێکت هەڵبژاردبووایە ئاسایی بوو، بەڵام من هەرگیز ڕازی نیم بە فێڵ و سیحر و فاڵ تۆ فریو بدەن.. ئەو ئاوڕەنگ ناوە چی بۆ کردووی؟ چیت بۆ دەکا؟

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ لە وێنەکەی خۆی و ئۆلگا ڕوانی و لەبەر خۆیەوە گوتی: من دەتوانم چی بۆ ئۆلگا بکەم؟ چیم بۆ کردووە؟ ئاخ پارە، چەند لە سۆزانییێکی بەدبەخت دەچی، دەچیتە ژێر هەموو کەسێ، بەڵام من باوەڕم وایە ئەو شتە تاقانەی کە لە عەشقی پاکدا وجودی نەبێ (پارەیە)..

(هەموو شتێ لە دونیادا بە پارە بکڕدرێ و بفرۆشرێ، عەشق بە پارە ناکڕدرێ و نافرۆشرێ) چونکە کاتێ مرۆڤ تەواو عاشق دەبێ، لە شوێنزەمەنێکی سەرووی ئەو شوێنزەمەنەی ئێمە دەژیێ کە لەوێ پارە بوونی نییە، مرۆڤی عاشق مرۆڤی بانسرووشتین و لە مرۆڤی ئەو زەمینەی ئێمە ناچن.

کاڵکان لە گلێنەکانی ئۆلگای ڕوانی و گوتی: من باوەڕ ناکەم کرێکارێکی تێهەڵدراوی کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران بتوانێ ژیانی ماددی تۆ خۆشبکا، ئەو ناتوانێ لە هیچ ڕوویێکەوە بەختەوەرت بکا، چونکە تەنیا پارەیە دەتوانێ بەختەوەریی مرۆڤەکان بەرجەستە بکا.. کوردێکی

پەناهەندەی تێهەڵدراو کە کەس نازانێ لە چ گوند و دارستان و شاخێك هاتووە، چۆن دەتوانێ بەختەوەرت بکا؟ کوردێك کە تاکو ئێستا ژیان لە ئەشکەوتەکان بەسەر دەبەن چۆن دەتوانێ ژیانی مرۆڤێکی مەدەنی وەك تۆ دابین بکا، ئەوە قسەی من نییە برۆ رۆمانی یەشار کەمال بخوێنەوە کە باسیان دەکا چۆن ژیان بەسەر دەبەن.

ئۆلگا قسەی کالکانی بڕی و گوتی: بەڕێز کالکان من ئیهانە کردنی خۆمم قبوڵبێ، ئیهانەکردنی ئاوڕەنگ قبوڵناکەم، دواتر تۆ نەبینیووتە، نەدەیناسی چۆن دەتوانی ئەو قسانەی لەسەر بکەی؟

کالکان هێندەیتر دەمارگیر و تووڕەبوو: ئاخر من ئەزموونی زۆرم لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە دواکەوتوە هەیە، دوو ڕووی یەك دراون، یەك عەقڵن بە سیمای جیا جیا.. یەك بەدبەختیین لە جەستەی جیا جیا و ڕوو لە بەختەوەری کەسانیتر دەکەن.

ئۆلگا: بەڕێز تۆ چۆن دەتوانی نەتەوەیەك بەیەك پێوەر بپێوی کە ئەو پێوەرەیش عەقڵ و هەستی تۆیە؟

لەنێو ماڵێکدا کەسی باش و کەسی خراپ هەیە، لە کۆلانێکدا کەسی ڕۆشەنبیر و کەسی نەخوێندەوار هەیە، لەشارێکدا هەموو جۆرە کەسانێك هەن.. چۆن دەتوانی چل ملیۆن کەس بەیەك تەرازوو هەڵسەنگێنی؟

خەریکبوو ڕێگاکان وردە وردە لەبەردەم کاڵکان دادەخران، تاکە ڕێگایەك کە لەبەردەمیدا مابۆوە ئەو ڕستەیە بوو: بیبینم دەیکوژم.

بەو ڕستەیە دەرگای قسەکردن و گفتوگۆییکی دیکەی بۆ خۆی ئاوەڵاکرد و هەوڵیدا بە شێوازێکی نەرمتر بدوێ: چۆن دەبێ مرۆڤانێك هەبن لەو زەمینەی ئێمەدا هێندە ئیگۆئیست و بەرژەوەندی پەرست بن و کەسێکی بەرێزی وەك تۆ بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان هەڵخەڵەتێنن؟

- کوڕێکی گەنج و جوانە؟

ئۆلگا بەترسەوە: زۆر گەنج و زۆریش جوانە؟

- عاقڵ و ڕۆرشەنبیرە؟

- نووسەرە.

- دەوڵەمەندە؟

گرینگ ئەوەیە خۆشیبوێم، چونکە بەهای خۆشەویستیی لە هەموو بەهاییێکی دیکە گەورەتر و گرانترە.. خۆشەویستیی ئاوە، هەناسەیە، نان و ژیانە.

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و لە دڵەوە گوتی: ئەو شتەی کە عاشقێکی ڕاستەقینە دەتوانێ بە مەعشوقەکەی بدا، دایك ناتوانێ بە منداڵەکانی بدا.

## 40

کاڵکان لەبەر دەروازەی مزگەوتی تورکان ئۆتۆمبێلەکەی پارك کرد، بە خێرایی و تووڕەییەوە دابەزی، هەستیکرد شتێکی نائاسایی ڕوویداوە، بانگی یەکێکی کرد و داوای کرد خەتیبی مزگەوتەکە ببینێ کە فالّی بۆ کردبوو.. کاڵکان لە گەنجەکەی پرسی: ئەو شێخە درۆزنە لە کوێیە؟

- بۆچی نەتزانیوە چی ڕوویداوە؟

- نەخێر.. دەمەوێ بیبینم و شەرەفی ببەم، چونکە بێناموسە.

- مەگەر سەردانی گۆڕستان بکەیت و لەوێ بیبینی.

- چۆن؟ چی روویداوە؟

- شیخ سێ ژنی هەبوو، دەرسی قوتابیانی دەدا بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوەی قورئانیان بکات، بەر لە شەش مانگ عەشقی کچێکی پانزە ساڵی لە عەقڵی دەدا، دەرسی بەو کچە دەگوت لە مزگەوت، کچەکەش رازی بوو شووی پێبکا، بەلاّم خانەوادەی کچە رازی نەبوون، دوێنێ دەچێتە ماڵی کچە و خێزانەکە بە کاملّی گوللەباران دەکا و خۆشی دەکوژێ.. رۆژنامە ماوە لە ئەلّمانیا باسی نەکات؟

کاڵکان بە تووڕەییێکەوە لە خۆی روانی و گوتی: ئەوە خۆ شێخ

نەبووە، شێخ کەی ئاوا دەبێ؟ باش بوو تووشی من نەهات.
کاڵکـان دەگەڕێتــەوە مــاڵ، کتێبێــك دەخوێنێتــەوە (یاســاکانی سزادان لە ئەڵمانیا) یەك یەك تاوان و سـزاکانی دەخوێنێتـەوە، تا دەگاتە سەر تاوانی کوشتن.. هیلاك دەبێ و خەو دەیباتەوە .

# 41

**له ژووره بچووکەکەی ئۆلگا، دوای مەستییێکی زۆر و بێسنوور، ئۆلگا داوا لە ئاوڕەنگ دەکا چاوەکانی دابخا.. پاش چەند خولەکێك ئۆلگا دوو ماچ له لێوەکانی ئاوڕەنگ دەکا و داوا دەکا کە پێڵوەکانی بکاتەوە، کاتێ ئاوڕەنگ لە ئۆلگا دەڕوانێ هێندەیتر مەستدەبێ، ئۆلگا فانۆسێکی سیحریی بەدەستەوەیە و جلێکی عەرەبی پۆشیوە کە هی سەماکەرانە، ڕیکۆردەرەکە کاسێتێکی ئیقاعی میسری لەسەرە پێیدەکا و سەما دەکا.. بەلاّم سەماییێك کە لەگەڵیدا گوڵەشینەکان و مۆم و ڕەنگ و بتڵە خاڵییەکەی ڤۆدگا و گلاّس و هەموو ژوورەکە لەگەڵی دەکەونە سەما.. سەماییێکی عەرەبی ڕێك، بەوپەڕی ئازادیی سەما دەکا و بە ئاوڕەنگ دەڵێ: من چیرۆکی هەزار و یەك شەوەت بۆ دووبارە دەکەمەوە، بەلاّم بە سەما، چونکە سەما جوانترین جۆری ڕەوانبێژی و زمانە.**

**ئاوڕەنگ پرسی: کێ فێری کردی کە ئاوا بە سەما ڕۆحی گەردوون و دار و بەرد بێنیتە سەما.**

**ئۆلگا بەدەم سەماوە گوتی: خودا و قاهیرە و کۆرس.. ئاوڕەنگ و ئۆلگا لە ئامێزی یەکتردا ڕاکشان و دەیانویست دووەمین شەوی تێکئالاّن لە لاپەڕەی بیرەوەریەکانیدا بنووسنەوە،**

لەبەهەشت دابوون، کەچی زەنگی مۆبایلەکە ئۆلگای هێنایەوە جیهانی واقیع، کێبوو لەو کاتە ناسکە بیری ئۆلگای کردبۆوە؟

ئۆلگا لەگەڵ ئەوەش کە زانی کاڵکانە، وەڵامی دایەوە، کاڵکان بە شەرمێکەوە گوتی: بەیانی دەبێ بێی ئیمزاییێك بکەی، بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری دەعوەتکردنی دایك و باوکت..

ئۆلگا بە خۆشحاڵییێکەوە پەیمانی پێدا کە لەشوێنکاتی دیاریکراودا ئامادە دەبێ..

درەنگانێ، ئاوڕەنگ و ئۆلگا عاری عاری لە ئامێزی یەکتریدا راکشابوون و خەوتبوون، کاڵکان جگەرەی دەکێشا و خەوی نەدەهات بۆیە لە دڵەوە گوتی: مرۆڤ بمرێ باشترە نەك عاشقێکی فاشل بێ بەلأم هەر رۆژێ دێ ئەو دۆڕاویە تەرجەمەی بردنەوە بکەم!

کاڵکـان و ئۆلگـا لای فەرمانبــەرێك لــە یــەکێ لــە ژوورەکــانی پارێزگــا هاتنـــە دەرەوە، لەتەنیشـــت پارێزگاکــە کافتریــاییێکی بچووکی لێبوو، کاڵکان بێئـەوەی پرسـێکی ئۆلگا بکـا، رووگـەی رۆیشــتنەکەی خــۆی گــۆڕی و لەیــەکی لــە گۆشــەکانی ئــەو کافتریایە دانیشت..

وەك ئـەوەی کـە بلبلێـك ـ ئـاو ـ دەخواتـەوە، هـەر ئـاواش ئۆلگا فرێکی بچووکی لە کەپەچینۆیەکەدا، کاڵکانیش چەند فرێکی بە دەنگی وەك ئاغاکانی رۆژهەلاّت لـە کافێیـە ڕەش و بێشـەکر و شـیرەکەدا، لـەنێو جەنتاکـەی شـەدەیەك دۆلاری دەرهێنـا کـە هیچ کەسێك نەیـدەزانی چـەندە، فرێیدایـە بـەردەمی ئۆلگا و گوتی: ئاوڕەنگیش قبولّ دەکـەم، تـەنیا قبـولّ نـەکردنی تـۆ بـۆ ئەو دیاریەم قبولّ ناکەم.

بـەزۆر دیاریەکـەی خـۆی پێشکەش بـە ئۆلگا کـرد، بـە بیـانۆی ئەوەی دەبێ لە دایـك و بـاوکی خـەرج بکـا لـە کـاتی هاتنیانـدا، هەنـدێ لـە چاوە کەسکەکانی ئۆلگای روانـی و گـوتی: هـەواڵی ئـــاوڕەنگ چـــییە ؟ دەکـــرێ ژمـــارەی تەلـــەفۆنی یـــاخود ئەدرێسەکەیم بدەیتێ؟

- بەداخـەوە نـاتوانم، ئایـا بـەڕێزت هـەمان بۆچـوونی پێشـتر

هەیە، بە هەمان باوەڕ لە ئاوڕەنگ دەڕوانی؟
کالّکان خۆی وا نیشاندا گالّتەی بە گەنجێکی کەمئەزموونی ئاوا دێ کە تاکو ئێستا هێشتا هەر لە "کارگەی بە کرێدانی کرێکاران" وەك عەبد کاردەکا، خۆ حەقیشی بوو، چونکە کالّکان سەدان کەسی وەك ئاوڕەنگی خستبووە کار، بە ئارەزووی خۆی دەیتوانی چارەنووسیان بگۆڕێ، بۆیە بە یەقینی و شانازییێکەوە گوتی: دەمەوێ لەگەڵی بدوێم، دەمەوێ پێیبلێم کە دەست لەو فڕوفێڵ و سیحربازییە هەڵگرێ کە بۆ فریودانی تۆ ئەنجامی دەدا.
- ئەی ئەگەر لەگەڵی دوایی و گوتی: ناتوانم واز لە ئۆلگا بێنم؟
کالّکان بە نەختێ تووڕەیی و کەمێ پێکەنینەوە گوتی: ئەو کات هەڵیدەدەمە ناو پاشماوەکان، با ڕەوانەی ئەو کارگەیەم بکرێ کە کلێنسی ئاودەستی لێدرووست دەکرێ.
کالّکان لەسەرخۆ دەمانچەکەی دانایە سەرمێزەکە و بە تووڕەییێکەوە کە ڕاستیی پێوە دیاربوو گوتی: ئەگەر بەخۆشی واز نەهێنێ ئەوا بۆ هەتایی چاوی بەو برژانگە ڕەشانەی تۆ ناکەوێتەوە کە لەسەر گلێنە سەوزەکانت ئاوێتە دەبن.
ئەو چرکەساتە لە هەموو چرکەساتەکانیتر زیاتر ئۆلگای ترساند، ترسێك هێرشی بۆ هێنا خۆ ترس نەبوو، مردن بوو، بۆیە بە ناڕەزاییێکەوە گوتی: بەڕێز کالّکان حەز ناکەم من هۆکاری لەناوبردن و شەڕو ئاژاوەی تەنانەت نێوانی دوو

مێشوولەش بم، نەك دوو مرۆڤ، بۆیە لێرەدا پەیمانت پێدەدەم کە واز لە ئاوڕەنگ بێنم.

ئۆلگا گەیشتەوە ماڵ، چاوە کەسکەکانی پڕ ببوون لە فرمێسك، دایك و باوکی خۆی بیرکەوتەوە، سەردەمی منداڵی خۆی هاتە پێش چاو و گوتی: کە منداڵ بووم هەمیشە کەسانێك هەبوون دالْدە و پشت و پەنام بووم، لەناو بیر و خەرەندی کێشەکان دەریان دەهێنام، برینەکانیان دەرمان دەکردم، کەچی ئێستا گەورەم و تەنیام، هەست بە تەنیایی دەکەم، کەسێ نییە زامەکانم سارێژ بکا.

مۆبایلەکەی ئۆلگا لێیدا، کێبوو؟

بێگومان لەو کاتەدا تەنیا ئاوڕەنگ زەنگ لێدەدا، جارێك و دووان و دەیان جار، ئۆلگا دەگریا و وەڵامی نەدەدایەوە، لە دڵەوە گوتی: ماڵئاوا ئەی هەمیشەییترین و سەوزترین بیرەوەری و لە پرمەی گریانی دا.

نیو کاتژمێر دواتر (sms)ێك گەیشتە مۆبایلەکەی ئۆلگا، کێبوو ئەو ئێس ئێم ئێسەی ناردبوو؟

بێگومان ئاوڕەنگ بوو، نووسیبووی: پێویستە لەسەر مرۆڤی عاشق بۆ هەمیشەیی گوێ بۆ گوتاری دڵی رادێرێ، چونکە تەنیا دڵە کە دەتوانێ راستیی بە مرۆڤەکان بڵێ.

(sms)ێکیتر گەیشت و لێی نووسرابوو: حەقیقەت وەك شەوێکی هەورین تاریکە، تەنیا چاوێك کە دەتوانێ ئەستێرەی

حەقیقەت لە پشت هەورەکانەوە ببینێ، چاوی رۆحە.
(sms)ێکـیتر گەیشـت ئـەویش ئـاوا نووسـرابوو: ئێمـە نـابێ بەدوای گۆڕینی چارەنووسی خۆماندا بگەڕێین، ژیان و تەمەنی مرۆڤەکان وەك گوڵێك وایـە، لـەدایك دەبـین و لـە گەنجایەتیـدا دەگەشێینەوە و لە کۆتایشـدا سـیس دەبـین و هەڵـدەوەرین.. بـا گەشانەوەی سەردەمی گەنجیمان هەروا زوو لەدەست نەدەین.
ئۆلگا بەدەم گریانـەوە ئـەو(sms)انـەی دەخوێنـدەوەو دەگریـا، نیو کاتژمێر چاوەڕوانیکرد و (sms)ێکیتری پێگەیشت کە لێی نووسرابوو : باوەڕناکەم پێویست بێ مرۆڤ وا لـە یـەکێکیتر بکـا کە بە زۆر پێویستی پێیبێ، ماڵئاوا گوڵە سەوزەکە.
ئۆلگـا نـەیتوانی بەرگـەی گریـانی زیـاتر بگـرێ، فرمێسـکە درشتەکانی سڕیەوە و لە خۆی پرسی: ئایا دەتوانم ئاوڕەنگ لـە دڵ و رۆحدا رەشبکەمەوە؟ بۆچـی دەبـێ یـەکێکی وەکـو کاڵکـان بە ئارەزووی خۆی ژیانی من بگۆڕێ؟
دەسـتی دایـە مۆبایلەکـەی و بـەدەم پێکـەنینێك کـە گریانشـی تێکەڵببوو گوتی: ئـاوڕەنگی مـن، غـەریبیت دەکـەم، غـەریبیت دەکەم، خۆ ئەوە غەریبیکردن نییە، بـەڵکو بەڵایێکـە بـۆ خـۆی کە من بەرامبەر بە تۆ هەمە، بە قەدەر ژمـارەی ئەسـتێرەکانی ئاسمانی وڵاتەکەت لـە شـەوانی سـامانڵدا خۆشمـدەوێی، هێنـدەی خـۆم ، نـا زیـاتر لـە رۆحـی خـۆم دەتپەرسـتم و خۆشمـدەوێی، ئێوارە کە لە کار دەگەڕێیتەوە نان نەخۆی، شەرابی سـوورم بـۆ

هێناوی، ڤۆدگای گۆرباتچۆف و راکیم بۆ هێناوی، "لەزانیات" بۆ ئامادە دەکەم، چاوەڕێتم چاوەڕوانییێکی ئەبەدی، چاوەڕوانم پادشا رۆژهەڵاتییەکەی خۆم.

کاڵکان لەسەر قەنەفەکە راکشابوو، تنۆک تنۆک فرمێسکی خوێنینی هەڵدەوەراند، حەزی دەکرد ئۆلگای لەبەرامبەر بووایە لەو کاتە کارەساتاوییەدا، هەستی بە نامۆبوون و تەنیایی دەکرد لەو سەرزەمینەدا، قاچەکانی تا سەر مێزەکەی بەردەمی درێژکردبوو، پێڵاو و چاکەت و پانتۆڵەکەی دانەکەناندبوو، بە پێیەکانی یاری بە دەمانچەکەی سەر مێزەکە دەکرد، بەدەم گریانەوە بیری دەکردەوە و کتێبی یاساکانی سزادانی لە ئەڵمانیا دەخوێندەوە، گەیشتە سەر سزای تاوانی کووشتن و لە دڵەوە گوتی: دەبێ شتێ هەبێ لە عەشق بە ئازاتر و زاڵمتر؟

دڵۆپە فرمێسکەکانی دەکەوتنە سەر کتێبەکەی نێو دەستی و خەو پێڵوەکانی پێداخست.. کەچی زۆری نەخایاند خەبەری بۆوە.

## 43

ئۆلگا سەری نابوو بە سینەی ئاوڕەنگەوە لەسەر قەروێڵە یەك کەسیەکە، ئاوڕەنگ بە بزەیەکەوە گوتی: دێتەوە یادت گیان کە جارێ بۆم نووسیبووی"تەنیا شتێك کە لە عەشق بە ئازارترە ئەوەیە مرۆڤ عاشق نەبێ"؟

ئۆلگا لاپەڕەکانی گۆڤارێکی کوردی هەڵدەدایەوە، لە وێنەیەکی ئاوڕەنگی دەڕوانی لەنێو ئەو گۆڤارەدا، کە لە نزیك وێنەیەکی نیتچشە و کیرگەگۆر دانرابوو، ماچێکی لە لێوەکانی ئاوڕەنگ کرد و گوتی: خۆشەویستی دڵەکەم، وێنەی تۆ چی دەکا بە تەنیشت وێنەی ئەو پیاوە شێتانەوە؟

کاڵکان لە یەکێ لە گۆڤارەکانەوە لە وێنەی تاوانبارێکی دەڕوانی کە دوو عاشقی کووشتبوو، هەر لە لاپەڕەکەی بەرامبەر ئەویشدا سێ وێنەی هیتلەر و ستالین و ئەتاتۆرك دانرابوو.

کاڵکان بەدەم خوێندنەوە خەوی لێکەوت و خەونی دیت، (یەکێك نیوەی مرۆڤە و نیوەکەیتریشی مەیمونە، دەستی ناوەتە قورگی تاووسێك و دەیەوێ بیخنکێنێ) .. لە پڕ خەبەری بۆوە و هاواری کرد: ئاوڕەنگی مەیمون شەرتبێ بتکوژم.

ئاوڕەنگ دەستی لە ملی ئۆلگا گرێدابوو، لاملی هەڵدەمژی،

ئۆلگا دەستی لەنێو عەلاگە رەشەکە ناو بتڵە ڤۆدگاکەی دەرهێنا و دەستیان کرد بە نۆشینی ڤۆدگا.

کە ئۆلگا مەست بوو، هەوڵیدا بوێربێ بۆ ئەوەی هەوڵبدا باسی گەڕوگیڤ و توورەیی کالگانی بۆ بکا بەلام زوو پەشیمان بۆوە.

ئاورەنگ لە پڕ هەستایەوە سەرپێ و ئۆلگای خستە ئامێزیی و کەوتنە سەما، سەماییەکی هێور هێور، هێندە بە ئالۆزی تێکالأبوون، کەوا پێدەچوو هەرگیزاو هەرگیز لە یەکتری جیا نەبنەوە، ئەوە خۆ تێکالأن نەبوو، کەی تێکئالأن ئاوایە؟ ئەوان چووبوونە نێو رۆحی یەکترەوە، ئۆلگا سەری نابوو بە سینەی ئاورەنگەوە، بە نەرمی سەری بەرزکردەوەو پرسی: ئەگەر لێکدابڕاین؟

ئاورەنگ توندتر لە ئامێزی خۆیدا گرێیداو گوتی: مەگەر مەرگ هێندە دەسەڵاتداربێ؟ گەرنا هیچ شتێکیتر لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا بوونی نییە بتوانێ لە یەکمان دابڕێنێ.. دیارە ئێمە پووش پەلأشمان خواردووە، هێشتا لەدایکنەبووە ئەوەی کە دەیەوێ ئێمە لە یەکتری دابڕێنێ.

ئایا ئاورەنگ بۆچی هێندە یەقین بوو؟ عەشق یاخود هێزێکی خودایی کە لە نێو رۆحیدا وەکو ئاگر هەڵگیرسابوو؟

ئۆلگا بزەیەکی کردو گوتی: گیان بۆ هەموو شوێنێ لەگەڵتدام لەو گەردوونەدا، حەز دەکەی بمبە دوورگەیەك با مرۆڤی لێنەبێ، بمبە نێو بەهەشتێك با پڕبێ لە شەیتان، یاخود با

لێرە بین لەنێو ئەو کێڵگەیەی کە ئاسمانی پڕە لە قەلەڕەش، بە ئارەزووی خۆت، من دێم حەز دەکەی بەرەو نێو دۆزەخێکی ڕاستەقینەش بێت..

ئاوڕەنگ پێکەنی و گوتی: کەوابێ با بڕۆین..

_بەرەو کوێ بەو درەنگکاتە؟

_بەرەو بەهەشتێکی ڕاستەقینە.

ئایا ئەوان بەڕاستی خوازیار بوون بچنە نێو بەهەشتێکی ڕاستەقینە؟ ئاخر خۆ دۆزینەوەی بەهەشتی ڕاستەقینە گاڵتە نییە.

بەرەو نێو دارستانی سپی بەڕێکەوتن، چڵ و پژوپۆی درەختەکان لەگەڵ خاك تێکەڵ ببوو، ئۆلگا بەشێکی جەستەی خۆی خستبووە ئامێزی ئاوڕەنگ، ناوە ناوەیش لە تاریکایی نێو ئەو دارستانەی دەڕوانی، بە یاڵی چیاییێدا هەڵشاخان کە خۆیان ناویان نابوو، "چیای نزای عاشقان" لەوێ باران دایکرد، ئاوڕەنگ هێندەیتر بەختەوەربوو بەو بارانە، ئەوە خۆ باران نەبوو، "باران کەی وادەبێ"؟ یەکپارچە ئاو لە ئاسمانەوە دەهاتە خوار، ئاوڕەنگ چاکێتەکەی خۆی داکەناند و لەبەر ئۆلگای کرد، قۆپچەکانی کراسە سپی و تەنکەکەی ئاوەڵاکرد و سینەی خۆی دایە بەر دڵۆپە درشتەکانی باران.. لە ئۆلگای ڕوانی کە قاقا پێدەکەنێ و هاواری کرد: ئەی باران بمانشۆرەوە لە گوناهەکانمان.. بمشۆرەوە لەو بەڵێنەی کە بێپرسی بەڵێن

شکاندم..
ئۆلگـا دەیقیژانـــد و پێدەکــەنی و وەکــو پارچــەیێ ئــەڵماس دەبریسکایەوە، هاواری کرد: خودای شتە جوانەکانی گـەردوون، تەمەنی جوانیی درێـژتر بکە، نەکـەی ڕۆژێ لـە ڕۆژان کۆتـایی بەو ڕێگایە بێنی کە خەریکە بەرەو بەختیاریمان دەبا..
ئاوڕەنگ تەماشاییێکی ئۆلگای کـرد و لـە ئاسمـانی ڕوانییـەوە و گوتی: ئەی ئاسمان بۆچی ژنەکان هەمیشە لە ئایندە دەڕوانن و پیاوانیش دەیانەوێ لە ئێستادا بژین؟
ئۆلگــا وەك منـــداڵێك بــیری لـــە هــیچ شــتێ نـــەدەکردەوە، بەختەوەریی نەبێ، لە بارانی ڕوانی و گوتی: خودا ئەی ڕۆحـی عاشقان، تۆ ئاگاداری کە عەشق بەقەد ئـاگر گەرمـە، هەوڵمـەدە بیتــەزێنیی و ســاردییەتی ڕۆحـی شـەیتانی بەسـەردا پـەرش و پەخشان بکەی.. دە کەوابێ ئەو ئاگری عەشقە بپـارێزە کـە بـۆ هەمیشـەیی هەڵتگیرسـاندووە و کوژاندنــەوەی بـۆ نییـە، ئــەی ئاسمان عاشقان تۆ بە عەشق دەزانن، خۆشیاندەوێی، تۆیش ئاوا ئەوان بە عەشق بزانە و خۆشتبوێن و بیانپارێزە.
ئاوڕەنگ بە سینەی ئاوەڵاوە کەوتە سەر چۆك و دەستەکانی بۆ پاڕانــەوە ڕوو لــە ئاسمــان کــردەوە و دڵۆپــەکانی بــارانیش بــە خەسـتی لـە سـینەیان دەدا و هـاواری کـرد: خـودای عاشـقان، وا نەکـەی ڕۆژێ دابـێ عاشـقەکان یـەکتری نەناسـنەوە، زۆرن ئـەو عاشـقانەی وەك ئێمـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان بـۆ یـەکتری دەمـردن و

بەیەکـەوە لـەناو بەهەشـتدا ژیـاون کەچـی چـارەنووس ڕێگـای پێگۆڕیوون.. (کچێك دەبێتە هی کوڕێـك کـە هـەرگیز نەیـدوە، کوڕێك دەبێتە هی ژنێك کـە هـەرگیز نەیناسـیووە، دە بڕیـارێ بـدە بـا هـەموو عاشـقەکانی سـەر ئـەو ئەسـتێرەیە بـە یـەکتری بگەن و بۆ ئەبەد بە یەکەوە بژین).

حەقی خۆیان بوو ئەو دوعایانە بکـەن، چـونکە کەسـانێکی زۆر هەن بۆ یەك دەگرین و بۆ یەك دەمرن، عەشقی راستەقینەیان بەرامبەر بە یـەکتری هەیـە کەچـی رۆژێ دادێ لێکـدەترازێن و کـە یـەکتریش دەبیننـەوە مەرحەبایـەکیش لـە یـەکتری ناکـەن، کەی عەشق ئاوایە؟

واپێدەچوو گەشتەکەیان بەو نیوە شەوە بە نێو دارستانی سپی و چیای نزای عاشقان هەر بۆ مەبەستی ئەو پاڕانەوەیە بـووبێ لە خوداوەنـدی عەشـق.. لـە چـیاکە دابـەزین و دارسـتانەکەیان بڕی و گەیشتنە سەر شەقامی گشتیی، قۆڵیان لە قۆڵی یـەکتری هەڵکێشابوو، بە شـەقامەکەدا غلۆربوونـەوە، دەنگی موزیـك لـە یــەکێ لــە هۆڵــەکانی ســەر شــەقامە گشــتییەکەدا ئــاوڕەنگی وەستاند، نزیکتر کەوتنەوە، ئایا چ جۆرێ موزیـك بـوو کـە ئـاوا سەرنجی ئاوڕەنگی راکێشابوو؟

بێگومان دەنگی موزیکی کوردی بوو، کـە لـە پەنجـەری هۆڵەکـە لە ژوورەوەیان روانی، هەر وابوو، ئاهەنگی بـووك گواسـتنەوەی کوردان بوو..

ڕێککـەوت زۆر سـەیرە لـە ژیانـدا، بۆچـی دەبـێ ئاویـار لـەو ئاهەنگەدابێ؟

کاتێ ئاویار، ئاوڕەنگ و ئۆلگای دیت، داوەتـی ژوورەوەی کـردن، پـاش کـەمێ داوای لێکـردن کـە دەبـێ بچـنە نێـو ریـزی سـەماکارانیش، ئـەوانیش دەبـێ بچـن چـونکە سەرخۆشـەکان ئاهـەنگ و بەختـەوەریی کەسـانیدی بـە هـی خۆیـان دەزانـن، ناچاریشن بەشداری لە زەماوەندی یەکتری بکەن، کالْکان لەبـەر دەرگـای ژوورەکـەی ئۆلگا وەسـتابوو، نەیـدەزانی لـە دەرگـا بـدا یـاخود نـا! لـە دلْـەوە گـوتی: بۆچـی بـەو درەنگکاتـە لەخـەوی هەستێنم؟ دوای نـەختێ بیرکردنـەوە بـڕوای بـەخۆی هێنـا کـە ئەو بـۆ کـارێکی گـرنگ هاتییـە کـە پەیوەسـتە بـە داوەتکردنـی دایك و باوکی ئۆلگا، بۆیە وێرا پەنجە بنێ بەزەنگی ژوورەکـەی ئۆلگا.. جارێك.. دوان.. سێ .. کەسێ نەبوو دەرگاکـە بکاتـەوە.. کالْکـان بەهـەموو ڕەنـگ و جـۆرێ بـیری کـردەوە.. هـیچ شـتێ تێنەگەیشت، بۆیە بەبێئومێدی گەڕایەوە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و بەڕێ کەوت.. بەرەو کوێ؟ خۆشی نەیدەزانی!

ئۆلگـــا و ئـــاوڕەنگ دوای زەماوەنـــدێکی زۆر، لـــە ئاویـــار و ئاهەنگەکە دابڕان و گەیشتنەوە نێو دارستانی سـپی بـۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە مـالْ، لـەنێو دارسـتانەکە ئـاوڕەنگ پشـتی نـا بـە درەختێك و وەسـتا، ئۆلگـا کەوتـە مـژینی چـاو و لێـو و لـوت و گۆناکـانی ئـاوڕەنگ و پرسـی: چـییە ئـەلکحول تەندروسـتی

پادشاکەی منی تێکداوە؟
ئـاوڕەنگ پێڵـوە داخراوەکـانی ئـاوەڵاکرد و گـوتی: حـەزم لـە بەهەشتە.
ئۆلگـا گـوتی: دەزانم دەتـوانین بەهەشـت لـە هـەموو شـوێنێ دروست بکەین، بەڵام بەهەشتی گەورە و ڕاستەقینە، لە ژوورە بچووکەکەمان دایە.
ئـاوڕەنگ پرسـی: عاشـقان هەمیشـە کـە دەگەنـە بەهەشـت ڕووبەڕووی لێکدابڕان دەبنەوە..
ئۆلگا: باوەڕ ناکەم ئێمە تا مردن لەیەك جیابینەوە.
ئاوڕەنگ بە بزەیەکەوە گوتی: کەوابێ ئێمە عاشقی ڕاستەقینە نین، چونکە عاشقی راستەقینە نابێ بگەن بەیەك، گەیشتنی تا هەتایی دوو عاشق بەیـەکتری واتـە: مردنـی خەونـەکان، واتـە: وێرانبـوونی ئومێـد و مـەراق.. واتـە: لەناوچـوونی گریـانی راستەقینە..
کاڵکـان ئۆتۆمبێلەکـەی بـە خێرایـی لێـدەخوڕی و نەیـدەزانی بـەرەو کـوێ لـە ڕێدایـە! لـە دڵـەوە گـوتی: کارەسـاتی مـرۆڤ لێرەدایە کە نەگاتە دلبەرەکەی.
ئاوڕەنگ دەستی ئۆلگـای گـرت و لەسـەر خاکـدا ئاوێتـەی ئـاوی گڵبووی بارانبوون، بەنێو ئاوەکەدا بەڕاکشاوی غلۆردەبوونـەوە، ئاهاندنیان لە دارسـتانەکەدا دەنگـی دەدایـەوە، لەگـەڵ خاکـدا و لەگـەڵ قـوڕدا ئاوێتـە ببـوون، هـەردووکیان بەیـەك دەنـگ و

لەیەك كاتدا هاواریانكرد: بەهەشت.. بەهەشت.
كاڵكـان پێشـی لەسـەر ئیسـتاب داگـرت، بـەڵام هێشـتا ئۆتۆمبێلەكەی دەڕۆیشت، تا كەوتە ژێر شاحینەیەك، سەری بە جامەكە كەوت و ئیدی ئاگای نە لەخۆی و نە لەو دنیایە ما..
ئۆلگا و ئاوڕەنگ جلەكانیان پۆشیەوە و گەیشتنەوە ماڵ، دوای دووشێك لەسەر قەروێڵە یەك كەسییەكە لە ئامێزی یەكتریدا ڕاكشان و پێڵوەكانیان داخست و ئاگایان لەهیچ شتێ نەما..
كاڵكـان دوای ئۆپەراتسیۆن، لەسـەر قەروێڵەیـەكی دوو كەسـی بەچاوی بەستراوەوە ڕاكشابوو، دەیویست پێڵوەكانی ئاوەڵا بكا، بەڵام نەیدەتوانی، لەبەر ئێش و ئازاری جەستەی هۆن هۆن دەگریا، هاواری كرد، سستەرێك هات، حەبێكی ئازارشكێنی پێداو بۆ تاوێ خەو بردیەوە، بەڵام زۆری نەخایاند، خەبەری بۆوە.

# 44

بەیانی زوو ئۆلگا دەبووایە بچێتە زانکۆ، بەڵام گوتی: ناچم..
ئاوڕەنگ خۆی گۆڕی و داوای لێکرد کە کارەکەی جێبەجێ بکا و نامەکەی تەواو بکا.
ئۆلگا گوتی: زۆر سەیرە کە بەختەوەریی هەندێ کەس لەو دنیایەدا بەیەکەوە گرێدراون.. جگە لەو کاتانەی لەگەڵ تۆدام، من هەمیشە لەنێو ئازار و ژانەکانی بیرکردنەوەدا دەتوێمەوە، لەو کاتەی تۆم ناسیووە، ئیدی نە دکتۆراو نە خوێندن و نە هیچ شتێکیتریش لای من گرینگی نەماوە، دیسان دەپرسمەوە: بۆچی پێویستە بەختەوەریی هەندێ لە مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێدرابن؟
کاڵکان پێڵوەکانی کردەوە، ئازاری زۆری هەبوو، یەکەمین دوو شت کە لەو بەیانیە زووەدا کردی، هەڵوەراندنی فرمێسك و بیرکردنەوە لە ئۆلگا.. بە دەنگێکی پڕ لە ئازار و ژانەوە گوتی: سەیرە کە بەختەوەریی من بەتۆ گرێدراوە ! هەموو پارە و سەروەت و سامانی دنیا ناکاتە ئەوەی مرۆڤ بە لەشساغییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دابێ .. سەیرە بۆچی پێویست بوو بەختەوەریی من بەتۆوە گرێبدرێ!؟
ئۆلگا و ئاوڕەنگ بەڕێکەوتن، لە وێستگەی ترامی (گوڵە

شینەکان) لە یەکتری دابڕان..

کاتی نیوەڕۆ

★ ئاوڕەنگ لە ژوورەکەی خۆیدا بزەیەکی کرد، لە ئاوێنەکە لەخۆی ڕوانی و لەبەر خۆیەوە گوتی: هەموو ئەو چێژ و لەززەت و خۆشییانەی کە دەیبینن، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە تێیدا ژیاین و تێیدا دەژین و دەبنە ڕابردوو، هەر ئاواش من و تۆ دەبین بە ڕابردوو، ئەی ئۆلگای خۆشەویستم.

★ ئۆلگا لە زانکۆ گەڕایەوە، گەیشتە بەردەرگای ژوورەکەیی و ئاوڕەنگی هاتەوە یاد، بەدەم کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی بەخۆی گوت: بۆچی نەدەبوو کلیلی دەرگای ژیان و بەختەوەریش ئاوا لەدەستی ئێمە دابووایە، ئاوڕەنگی خۆشەویست دەبێ رۆژێ دابێ ئێمە بۆ ئەبەد بەختەوەرانە لە ئامێزی یەکتردا ژیان بەسەر ببەین؟

★ کالکان هەر لەسەر قەرویڵەکەی نەخۆشخانەدا ڕاکشابوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: نەك ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بەڵکو مردنیش ناتوانێ تۆ لەمن جیابکاتەوە! ئەگەرچی جاروباریش ژیان دەبێتە قەرویڵەیەکی نەخۆشخانە و عاشقەکانیش بە برینداری لەسەری رادەکشێن، بەڵام واز هێنان واتە مردن.

# 45

کاڵکان: زۆر حەزم دەکرد لە تەنیشتم بووای، بەڵام لەبەر خوێندن نەمویست لەو هەواڵە ئاگادارت بکەمەوە.
- ئاخر بەڕێز کاڵکان ئەگەر من لە کارەساتێکی ئاوا لەگەڵت نەوەستم و یارمەتیت نەدەم، ویژدانم ئازارم دەدا.
کاڵکان بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ و دەربڕینی ئاخ و ئۆف و ناڵە ناڵێکەوە هەستایە سەرپێ و ئۆلگاش دەستی گرت، رووی لە ژووری نووستن کرد، دیاربوو ئەو رووداوە زاکیرەشی بێهێزکردبوو، بۆیە دیسان ژووری نووستنی نیشانی ئۆلگا دایەوە، ژوورێکی پاك و تەمیز، فەروێڵەیەکی دوو کەسی و تەلەڤزیۆن و هەموو پێداویستیەکانیتر بە شێوەیەکی ئەندازەیی لە شوێنی خۆیان دانرابوون، لە ئۆلگای روانی و بە بزەیەکەوە گوتی: ئەوە شوێنی حەسانەوەی دایك و باوکتن لە کاتی هاتنیاندا بۆ ئێرە.. ئەو ژوورە ماڵی ئەوانە، دەعوەتکردنەکەش بە هۆی ئەو رووداوە دواکەوت، گەرنا ئێستا لێرە بوون.
ئۆلگا سوپاسی بێپایانی کرد و داوای لێکرد کە سەری خۆی بەو شتانە قاڵ نەکا، ئێستا گرنگترین شت ئەوەیە تۆ سەلامەت بیت.

ئـاوڕەنگ لـە تـونێڵی خەونــە مەسـتەکان چـاوەڕوانی ئۆلگـای دەکرد، نزیکەی کاتـژمێرێك بـوو چـاوەڕوانبوو، بێومێـدبوو لـە هاتنی ئۆلگا، زەنگێکی بۆ لێدا، کەچی مۆبایلەکەشی داخرابـوو، بۆیە سەر پەیژەکەی ئەو تونێڵە کەوت و ئەوێی جێهێشـت، لـە دەرگای تونێڵەکـەوە ئۆلگـا بـە هانکـە هانـك و هەناسـە بڕکێـوە دەرکەوت و خۆی هاوێشتە ئامێزی ئاوڕەنگ.. دوای پیاسەیەکی کـورت ئۆلگـا لـە کاتـژمێرە گـەورە هەڵواسـراوەکەی سـەنتەری شاری روانی و گوتی: پادشاکەی خۆم، کاتی ئەوە هـاتووە بچـمە لای دکتۆرە کارۆلین یۆرگن، پیرەژنێکە بە تـەنیا لـە ڤێلەیەکـدا ژیان بەسەر دەبـا، سـاڵ نـا سـاڵێك پێویسـتی بـە کەسـێك دەبێ ماڵەکـەی لەگـەڵ خـاوێن بکاتــەوە، کـە لــە زانکـۆدا چـاومان بەیەکتری کەوت و یەکترمان ناسـی بـۆ ئـەو سـاڵە داوای لـە مـن کردووە یارمەتی بدەم.. حەز دەکەم گەر کاتت هەبێ بە پیاسە بمگەیـنیە ئەوێ.
دوای چـەند جـارێ زەنـگ لێـدان، کـەس دەرگـای ئـەو ڤێلەیـەی نــەکردەوە، ئۆلگـا و ئـاوڕەنگ لــە باوەشــی یەکتریـدا بــوون و یەکتریان ماچ دەکرد کـە د.کـارۆلین خـۆیی و سـەگێکی بچـووك دەرکـەوتن، لـە ئۆلگـا و ئـاوڕەنگی روانـی و گـوتی: ببـوورن کـە ماچەکانم لێبڕین.
ئاوڕەنگ رۆیشت، ئۆلگا و د.کارۆلینی بە تەنیا بەجێهێشت.
کـە ئـاوڕەنگ گەیشـتەوە ماڵـەوە، لـە سـندووقی پۆسـتەکەیدا

نامەیــەکی لــە یــەکێ لــە برادەرەکانییــەوە لــە فەرەنســاوە بــۆ هاتبوو کە شیعر و ئەدەب بە یەکەوەی کۆکردبوونەوە، زۆربەی جارەکــان لــەو نامانەیانــدا ئــاڵوگۆڕی بیربۆچــوونی خۆیانیــان ســەبارەت بــە ئــەدەب بــۆ یــەکتری دەنووســی و هەنــدێجاریش تێکستی نوێشی لەو برادەرەیەوە پێدەگەیشت، ئاوڕەنگ لەسـەر قەنەفەکەی راکشا و دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەو نامەیە.

بـرای بـەڕێزم کاکـە ئـاوڕەنگ سـڵاو و خۆشەویسـتیم قبـوڵ بفەرموون..

لەو ڕۆژانە لە یەکێ لە گۆڤارەکاندا، شتێکی سەیرم خوێنـدەوە، نووسەرێك باسی لە بێدەسەڵاتی شیعر و زەمەنی نەمانی شیعر و ئەو جۆرە شتانە دەکرد، بـەڵام مـن ئـەو جـۆرە کەسانەم زۆر پێ سەیرە، چونکە لەڕولاواز و بنـێس و چـەلاك کردنـی شـیعر لە لایەن کەسانێکی بێدەسـەڵات کـە خـودی ئـەوان لـە ململانـێ لەگــەڵ شــیعردا بــە دۆڕاوی لەســـەر مێزەکــەدا هەســـتاون و هەڵیشدەســتن، گـەرم و گـوڕیی و تـاووتینی ڕۆحـی عاشـقانی شیعر نەك هـەر بـە تـەنیا کـەم ناکاتـەوە بـەڵکو درەوشـانەوەی ئــەو ئــاگرەیش زیــاتر دەکــا و ئیشـراقی بــە هــەموو دنیــا و گەردووندا پەرش و پەخشان دەکا.

دەبێ لامان سەیربێ کە یەکێك سنووری پەیوەندییەکانی خۆی بە شیعرەوە نەزانێ و نـەتوانێ لـەوە تێبگا کـە شـیعر (ئـەو)ی ناوێ، نەك (ئەو) هێندە باڵادەست و دەسـتەهەڵاتدارە کـە کـەی بیــەوێ و چــۆنی بــوێ و لــە چ شــوێنزەمەنێکدا بیــەوێ ئــاوا دەتوانێ شیعر بنووسـێ..هەزاران کـەسمان دیـت دەسـتیان دایـە قەڵـەم و ئێسـتایش هـەزاران کـەس هـەن لـە بەرامبـەر شاشـەی

کۆمپیوتـــەرەکانیان دانیشـــتوونە و خــــەریکن کارتـــەکانیان فرێدەدەن و پێڕ درووست دەکەن، بەڵام کێ دەیباتەوە؟

ئەوەندەی من ئاگاداربم شیعر ژنێکی خانەدانی ئۆستوکراتییە، لــە ژنــە خانەدانــەکانی لای خۆمــان (لیــۆن) دەچــێت، بــۆ هەمیشـەیی روو لـە ئاسمانـە و لەگـەڵ خـوا لـە دیـالۆگ و نامـە گۆڕینەوەدا زەمەن تێپەڕ دەکـا.. بـۆ ئـەوەی تـۆ بتـوانی ژنێکـی خانـەدانی ئۆرسـتۆکراتی لـە لیـۆن نێچیر و دەسـتەمۆ بکـەیت، پێویستە لەو بچیت، واتە: دەبـێ بـە لایـەنی کەمـەوە رۆحێکـی خانەدانی ئۆرستۆکراتیت هەبێ.. بۆ ئەوەی تـۆ بتـوانی ژنێکـی ئـاوا لـووت بـەرز و ناسـك و خانـەدان دەسـتەمۆ بکـەیت، دەبـێ سـیمات لـە سـیمای ئـەو بچـێ و دەبـێ لەبـەری بپارێیتـەوە و هـــەموو چرکەســـاتێ بـــیری لێبکەیتـــەوە و بـــۆی بگریـــت و فرمێسکی درشتی بۆ هەڵوەرێنی.

دەبێ بزانین کە شیعر ئەو ژنـە خانـەدان و بـە رەحمەیـە رێگـا بــە هــەموو کەســێك دەدات لێــی بڕوانــێ و تەئــەمول بــۆ جوانییــەکانی دەرەوەی بکـا، جوانییـەکانی شـیعر بـۆ هـەموو کەسێکە کە بتوانێ عاشقانە لێی بڕوانێ، بەڵام شیعر رێگـا نـادا هــەموو کەســێ شــۆڕبێتەوە نــاو رۆحــی، ســیحری جــوانیی مەمکەکانی نیشانی بێدەسەڵاتەکان نادا، شـیعر ژنێکـی بـەهێزە و لـە هـەمان کاتـدا بـە دەستهەڵاتیشـە، بۆیـە قبـوڵی یـەکێکی بەهێز و دەسـتهەڵاتدار دەکـا، تـۆ بـۆ ئـەوەی شـیعر راوکـەیت و

بتـــوانی لـــەناو جێگاکەتـــدا رایبخـــەیت بـــە لایـــەنی کەمـــەوە پێویســـتیت بـــە دەســـتهەڵاتێکە کـــە بتـــوانی وەکـــو شـــێتێك بـــە کۆڵانـــەکانی مەعریفـــەدا بســـوڕێیتەوە و ئینجـــا خـــۆت و ئـــەو هـــەموو مەعریفەیـــە لـــە بەرامبـــەر ســـەری بـــەرزی شـــیعردا بچەمێیتەوە و کڕنـۆش ببـەیت و داوای لێبکـەیت کـە خۆشـی بوێیت، باوەڕ ناکەم شیعر وا زوو تەسلیمت ببـێ و مەمکـەکانی خۆیت بۆ دەربێێ، دەبێ تۆ هێشتا دەسەڵاتی ئەوەت هەبێ، کـە بتوانی بە هەموو دنیادا بگەڕێیت و دار و بەرد و خۆڵەمێش و مێروولـە و سرووشـت و بانسرووشـت و هـەموو شـتەکانیتری گەردوون بە شـیعر تێبگـەیت، تـاکو شـیعر بزەیـەکت بـۆ بکـا و ئـامێزی خۆیـت بـۆ ئـاوەڵا بکـا.. دەبـێ زۆرمـان لا سـەیربێ کـە کەســـانێ دەڵـــێن: شـــیعر بێدەســـەڵاتە و هـــەموو کەســـێ پێیدەوێرێ.. من دەزانم زۆر کەس هەن بوونەتـە سـێبەر و واز لە شیعر ناهێنن، بەڵام شیعر لەبـەریان رادەکا و وەکـو سـەراب هەرگیزاو هەرگیز خۆی تەسلیمیان ناکا.. شیعر دەسەڵاتدارێکی گەورەیە، ئەوەی بۆی نـەگری و فرمێسکی بـۆ هەڵنـەوەرێنێ و عاشقی نەبێ لە دنیا جوانەکەی خۆی دەریدەکا و پێیدەڵێ: تـۆ ئەی مەیمونی شیعر دۆڕاندت، ئیـدی جارێکیـدی روو لـەو ماڵـە جوانـە نەکەیتـەوە کـە مـۆبیلی لـە کریسـتاڵ و ژوورەکـانی لـە یاقووت و مەرجانن.

رێز و خۆشەویستیم بۆت و بۆ شیعر

ئاوەڕنگ  نامەکەی لوولدا و لەسەر مێزەکەی دانا و چووە ناو ناندینەکە بۆ ئەوەی ئەو قاپ و گلاسانە بشووا کە لە پێرێوە لەسەر  مێزەکە بە پیسی دانرابوون..

ئۆلگا لە ناندینەکە هاتە دەرەوە و بە د.کارۆلینی گوت: تەواو.. تەواو.. ناندینەکەش تەواو.. وابزانم هیچی ئاوامان نەماوە؟

د.کارۆلین کە تەواو گوێی بۆ چیرۆکی نێوانی ئۆلگا و کاڵکان و ئاوڕەنگ رادێرابوو لە کاتی بە یەکەوە کارکردنیان،  گوتی: باشە هەموو شتەکان تەواوبوون، ئێستا ماڵێکی پاکم هەیە، بەلاّم سەبارەت بە هەڵبژاردنەکەی کە باست کرد، من لە شوێنی تۆدا بم، کاڵکان هەڵدەبژێرم و لەگەڵی دەژیم.. چونکە ئایندەی گەشی تۆ بە کاڵکانەوە پەیوەستە نەك ئەو گەنجە جوانەی کە هەموو کاتێ ئامادەی راکردن بێت.. بۆیە ئەگەر من بم کاڵکان هەڵدەبژێرم و لەگەڵی دەژیم.

## 47

له گەڕەکی بەهەشتی شین و تەواو لە زناری ئەو چیایەی کە ناویان نابوو (چیای نزای عاشقان) تونێڵێکی لێیە کە چیاکەی کون کردووە و لەناو ئەو تونێڵەش سککەیەکی شەمەندەفەری لە کارکەوتووی تێدایە، لەوێ ئۆلگا خوانەکەی ڕاخست و ئاوڕەنگیش وردە وردە ڤۆدکا و مەززەکانی لەنێو کۆڵەپشتێك دەردەهێنا و دەیدایە دەستی ئۆلگا تا بە ڕێك و پێکی دایانبنێ..

ئۆلگا هێشتا هەر خەریکی ڕازاندنەوەی خوانەکە بوو کە ئاوڕەنگ ئاگرێکی خۆشی داگیرساند و پاشان دەستیان کرد بە خواردنەوەی پێکی یەکەم لەو دوو بتڵە ڤۆدکایەی کە بە نیازبوون هەمووی بخۆنەوە.. لە دەرەوە بەفر دەباری، سرووشت یەکپارچە سپی دەچۆوە، ئۆلگا کە لە دەرەوەی ڕوانی بە دەنگێکی پڕ لە خۆشییەوە گوتی: ئەوە خۆ بەفر نییە کە دەبارێ، بەڵکو فریشتەن دەیانەوێ بۆ ئاهەنگی لە دایکبوونی کوڕی خوا بێنە سەرزەمین.. ئۆلگا لە ژێر ستیانەکەیدا کتێبێکی بچووکی دەرهێنا کە بە کاغەزی دیاریی داپۆشرابوو، دایە دەستی ئاوڕەنگ و گوتی: کتێبی پیرۆزە، دیارییێکە لە منەوە بۆ تۆ، با تاهەتایی لەگەڵت دابێ..

ئاوڕەنگ لەناو گلێنەکانی ئۆلگادا عەکسی درەوشانەوەی ئەو

ئـــاگرەی دیـــت کـــە چـــەند خولـــەکێك بـــەر لـــە ئێســـتادا هەڵیگیرساندبوو، دواتر کتێبی پیرۆزی کردەوە و بە دەنگێکی کەمێك بە سۆزەوە کەوتە خوێندنـەوەی ئـەو لاپـەڕەی کـە لـە ناکاودا کردیەوە (یەکێ لە فەریسییەکان داوای لە عیسا کرد لـە ماڵەکەی نان بخوات، ئەویش چووە ماڵی فەریسییەکە و لەسـەر خوان دانیشت، لە شارەکەدا ئافرەتێکی گوناهبار هەبوو، هەر ئەوەندەی زانی عیسا لە ماڵی فەریسییەکە دانیشتووە هات بـە شووشەیەك بۆنی خۆشەوە لە دواوە لەبەر پێیدا بە گریانـەوە راوەستا، دواتر پێیەکانی بە فرمێسك تـەڕکرد و بـە قـژی بـۆی سڕییەوە، پێی ماچ کرد و بە بۆنەکە چەوری کرد)..

زەنگی مۆبایلەکەی کاڵکان لێیدا، سکرتێرە پۆلۆنیەکەی بوو، قاقاییێکی پڕ لـە سەرخۆشیی کرد و گوتی: بۆچی تـەنیایت هەڵبژاردووە لەو شەوەدا کە هەموو دنیا سەما دەکا و شـەراب دەنۆشێ؟ وەرە لای ئێمـە، وەرە نێو بەهەشتی ژنـەکانی پۆلن، پێیەکانت بە رۆنی بەهەشت چەور دەکەین و لەگەڵت سەما دەکـــەین و شـــەراب دەنۆشـــین و شـــەمپانیا بـــە ئاسمانـــدا پەرشدەکەین و لە باوەشی ئێمەدا بخەوە.

جگە لە پۆلۆنییەکان کاڵکان دەیتوانی گەورەترین مێز بۆ ئـەو شەوە برازێنێتەوە و دەیان کەس داوەت بکا و سەفاییێکی ناکۆتا بۆ خۆیی بۆ کەسەکان لە زاکیرەدا تۆمار بکا، بـەڵام ئـەو تـەنیا بە دوای ئۆلگادا دەگەڕا و پێی وابوو ئەو گەردوونە کەشتییێکەو

ئۆلگا کاپتنەکەیەتی.. بۆیە زەنگێکی بۆ ئۆلگا لێدا.. ئاوڕەنگ وەڵامی مۆبایلەکەی خۆیدایەوە ئاویاربوو بە هاوارێکی سەرخۆشانەوە گوتی: دەزانی ئەو شەوە چ لە زەمەندا روودەدات؟

_چ روودەدات با رووبدات؟ حەز دەکەی با گەردوون سەرەوژێر بێت، گرنگ ئەوەیە من بەختەوەرم.

_واز لەو گۆشەگیرییە ناشرینە بێنە، وەرە تەماشای شەو بکە کە چۆن لاپەڕەی رۆژێکی نوێ و مانگێکی نوێ و ساڵێکی نوێ و سەدەیەکی نوێ و هەزارەیەکی نوێ هەڵدەداتەوە؟

_جا چ جیاوازییێك هەیە کە تۆ لە سەدەی شازدە یا بیست و هەشتدا بژیت، گرنگ ئەوەیە ئەو زەمەنەی تۆی تیا دەژیت بە سەفا و جوانییەوە تێیپەڕێنیت.

_بە خوا پیاوێکی کەری، لە قسەکانتەوە دیارە کە نایەیتە دەرێ؟

زەنگی مۆبایلەکەی ئۆلگا بۆ چەندەمین جار لێیدایەوە کەچی ئۆلگا مۆبایلەکەی کوژاندەوە.. کاڵکان هێندە بێزاببوو وەك ئەوە وابوو کە گرانایی هەموو گەردوون کەوتبێتە سەر دڵ و مێشکی.. لەبەر خۆیەوە بە تووڕەییێکەوە گوتی: خودا، بۆچی دەبێ مرۆڤایەتی تەنیا لە پێناوی عەزاب بەرهەم بهێنی؟ بۆچی دەبێ بەختەوەریی من لە دەستی تۆدابێ؟ ئۆلگا؟ ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا؟

ئـاوڕەنگ تـەواو مەسـت ببـوو، بـە بزەیـەکی گوماناوییـەوە لـە ئۆلگای پرسی: کێ بـوو دەیویسـت پەیوەنـدیت پێـوە بکـا؟ ئـەی بۆچی وەڵامیت نەدایەوە؟

_ئە.. ئەن.. ئا.. ئەنناى هاوڕێمە، ڕەنگە داوا بکا بچمە لای.

_من تۆم هەرگیز وا بە پەشۆکاوی نەدیتیە؟

_نا هیچ نییە، ڕەنگە هی زۆر خواردنەوە بێت.

_مـن نـازانم چـەند بـاوەڕ بـە قسـەکانت بکـەم؟ بـەڵام زووتـر گوتوومـە تـۆ ئـازادی لـەوەی کـێ بـە دۆسـتی خـۆت دەزانـی، دووبارەی دەکەمەوە، هەرگیزاو هەرگیز قبوڵی ئـەوە ناکـەم کـە لە بێئاگایی مندا پەیوەندیت بە کەسانێکەوە هەبێ کە من لێی ئاگادار نەبم.

ئۆلگا خۆی لـە ئـاوڕەنگ نزیـك کـردەوە و بـە خـەمێکی پـڕ لـە ڕاستگۆییەوە گوتی: منیش بۆتی دووبارە دەکەمەوە کـە لـە تـۆ زیاتر هیچ کەسێکم خۆشناوێ، سوێند دەخۆم بە کتێبی پیرۆز کە لە تۆ زیاتر هیچ کەسێکی دیکەم خۆشناوێ.

ئاوڕەنگ گومانی لە قسەکانی ئۆلگا هـەبوو، چونکە هـەر ئـەو جارە نەبوو کە مۆبایلەکەی داخستبێ، ئەگەر لە بیرتان بـێ لـە کـاتی دواکەوتنەکـەی ئۆلگـا لـە تـونێلی خەونـە مەسـتەکان، هەمدیس ئاوڕەنگ ئەو گومانەی لا درووست ببوو..

ئاویار و گرووپێك کچی رووس لـە ماڵەکـەی ئاویـار بـە دەنگـی بەرز دەیانقیژاند و سەمایان دەکرد، هەموویان سەرخۆشبوون،

تەنیا کەسێك کە تاو نا تاوێ بە ئاگا دەهاتەوە ئاویار بوو، چونکە بیری دەکردەوە ئەو شەوە لەگەڵ کامەیان جووتبێ.

کالکان دواترەمین پێکی بتڵە شیڤازەکەی هەڵقوڕاند و پڕ بە ڤێلەکەی لە پڕمەی گریانیدا و لە خۆی پرسی: ئایا مرۆڤی بەختەوەر بوونی هەیە لەو گەردوونەدا؟ ئۆلگا؟ ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا؟

ئاوڕەنگ و ئۆلگا ماوەیەکی باش بوو لە ئامێزی یەکتری دابوون و بە دزی یەکترییەوە فرمێسکی درشتیان هەڵدەوەراند و نەشیاندەزانی بۆچی؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕەنگ بێدەنگی پێ باشتر بوو لەو رووەدا، بۆیە دواترەمین پێکی هەردوو بتڵە ڤۆدگاکەیان خواردەوە و بۆ تاوێ لەنێو گلێنەکانی یەکتریان روانی، هەردووکیان نەك بە تەنیا ئاگرەکە بەڵکو ژیلەمۆی ئاگرەکەشیان لەنێو بیلبیلەی یەکتریدا دەدیت و لە پڕێکدا لە قاقای پێکەنینێکی سەرخۆشانەیاندا و بەرەو دەرەوەی تونێلەکە بەڕێکەوتن..

هێشتا هەر بەفر دەباری، بەڵام ئەوان گەرمایان بوو.. لە چیای نزای عاشقان دابەزین و گەیشتنە سەر شەقامی سەرەکی، ئەوان ترسیان لە هیچ شتێك نەبوو، نە لە غلۆربوونەوە و هەڵخلیسکان بەسەر بەفردا و نە لە سەرماو نە لە تەڕبوون، پێدەکەنین و گاڵتەیان بە هەموو شتێ دەهات لەو دنیایە، بە لای ژوورەکەی ئۆلگادا تێپەڕین و گەیشتنە

وێستگەیەکی ترام لە شەقامی بێتل..

کاڵکان لەژێر دەرگای ژوورەکەی ئۆلگا لە ژوورەوەی دەڕوانی و دەگریا، کاتێ خەبەری بۆوە لە خۆی پرسی: چی منی گەیاندۆتە ئێرە؟ ئایا من لێرە چی دەکەم؟

ئاوڕەنگ گوتی: ئێمە چی بکەین لەناو ئاپۆرەی ئەو هەموو خەڵکە؟ تەماشای ئەو سەنتەرە قەرەباڵغە بکە.

کاتژمێر پێنج خولەکی دەویست بۆ سعات (24).. ئۆلگا دەستی ئاوڕەنگی گرت و بردیە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەی (بەرلینە پلاتچ).. کێ دەوێرا بەو کاتە روو لەو گۆڕەپانە بکا؟ ئاخر چەند خولەکێکیتر ئاسمان دەبێتە یەکپارچە ئاگر و پاشماوەی تەنویر و گەمەی ئاگرین هەموو دەگەڕێتەوە ئەو گۆڕەپانەی کە ناوی (بەرلینە پلاتچ)ە.

هێشتا هەر بەفربوو، بەڵام بەفرێك کە دەتگوت فریشتەن لە ئاسمانەوە بۆ ئاهەنگی لە دایکبوونی مەسیحەوە دادەبارن، لە ناوەڕاستی گۆڕپانەکە ئۆلگا و ئاوڕەنگ چوونە ئامێزی یەکتری و ئیدی گلێنەکانیان داخست و کەوتنە مژینی لێوەکانی یەکتریەوە.. ئەوەشمان بیر نەچێ کە ئاوڕەنگ لای سەرەوەی خۆی تەواو رووت کردبۆوە لە ژێر ئەو بەفرەدا.

کاڵکان زۆربەی گۆڕەپانە قەرەباڵغەکانی شاری بەدوای ئۆلگادا تەی کردبوو، لە (ئادەناوە پلاتچ) کە لەوێش خەڵکێکی زۆری لێبوو، قۆڵی یەکێکی بە لای خۆیدا بە کێش کردبوو، بە

پێکەنینێکەوە هاواری کردبوو: ئۆلگا، ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا باش بوو لە کۆتاییدا تۆم دۆزییەوە.

کە ئەوێی جێهێشتبوو، چووبووە سەر قەڵای (شپارن بورگ).. شپارن بورگ، قەڵایێکی بەرزە و یەکێك لەسەر ئەو قەڵایە دەتوانێ هەموو شاری لێدیار بێ، ئەوێش لەو بۆنانەدا پڕ دەبێ لە خەڵك، لە بۆنەکانی لە دایکبوونی مەسیح و لە کاتی فڕینی مەسیح و لە کاتی لە خاچدانی مەسیح و یەکشەممانیش.. لە شپارن بۆرگ یەخەی گەنجێکی گرتبوو، دەستی لێبەرزکردبۆوە ویستبووی لێیبدا، پێیگوتبوو: ئاوڕەنگی بەراز، دەست لە ئۆلگا هەڵنەگری دەتکەمە کەرێك و سوارت دەبم، هەی بەراز..

دواتر پارەی وردەی خستبووە نێو تەلسکۆپەکە و لە شاری روانی بوو، بەڵکو ئۆلگا لە شوێنێکدا دەدۆزێتەوە.. ئاخر لە خۆی نەپرسیبوو کە ئەو تەلسکۆپە هی رۆژە و لە کیلۆ مەترێکیش زیاتر ناهێنێتە پێش.

ئۆلگا بە ڤیژەیەکەوە کە زۆربەی کەسەکانی ئەوێ دەیانتوانی گوێیان لێبێ گوتی: تەماشا پادشاکەی من تەماشا، لەو کاتژمێرە بڕوانە. کاتژمێر (1.5) خولەکی تەواو بوو، ئیدی رۆژ و مانگ و سەدە و هەزارە هەمووی گۆڕابوون.

بە لای ئاوڕەنگ هێندە گرنگ نەبوو کە بە چاوی خۆی ئەو گۆڕانە ببینێ، چونکە ئاڤژەنی هاتەوە یاد و زانی شتێ هەیە کۆتاییەکەی بریتیە لە هیچ.

ئەوان لە تونێلی خەونە مەستەکان چاوەڕێی ترام بوون کە کاڵکان بە چاوانی بە فرمێسکەوە گەیشتە (بەرلینە پلاتچ).. ئەو گۆڕەپانە لە شاری مردووانی دەکرد، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات، ئەو عەردە یەکپارچە بە پاشماوەی بتڵ و فلتەری جگەرە و گەمەی ئاگرین و کۆندۆم و قوتی کۆلا داپۆشرابوو.. کاڵکان بتلێکیتری شیڤازی بە دەستەوە بوو، چارێگێکی لێخواردبۆوە، هەروا بە سادەیی دەیخواردەوە و خۆی لەسەر پێیەکانی رانەدەگرت و جوێنی بە عەرد دەدا کەوا بۆچی هێندە نائارامە و واز لە پێیەکانی ناهێنێ..

سواری ئۆتۆمبێلەکەی بۆوە و سوێندی بە مەسحەفی شەریف خوارد کە ئەو شەوە واز لە ئۆلگا نەهێنێ و هەر دەبێ ئەگەر بۆ تەنیا تاکە چرکەیەکیش بێت بیدۆزێتەوە و لە گلێنە کەسکەکانی بڕوانێ کە هێندە بێباکانە دنیایان وێران کردووە..

لە شەقامی بێتل، ئۆلگا و ئاوڕەنگ لە ترامەکە دابەزین، ئۆلگا موچڕکێکی ترس بە جەستەیدا گوزەریکرد.. لە چی دەترسا؟

لەبەر خۆیەوە گوتی: کاڵکان، فاتیح کاڵکان.. دەترسم قسەکانت لەو شەوە بە جێبێنی.

دەستی ئاوڕەنگی گرت کە لە ناوەڕاستی شەقامە سەرەکییەکەدا هەنگاوی دەنا، هەردووکیان چوونە سەر شۆستەکە و بە لاری پێنگاویان دەنا.

کاڵکان گەیشتە وێستگەکەی شەقامی بێتڵ و دەبووایە پێچ

بکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە سەر ئەو شەقامەی کە بەرەو گەڕەکی بەهەشتی شینی دەبرد.
لە دوورەوە دوو تارمایی دیت کە لارە لار هەنگاو دەنێن لەسەر شۆستەکە، ئۆلگا توونـد توونـد دەستی ئاورەنگی گرتبوو، ڕێگای نەدەدا یەك هەنگاویش چییە لەسەر شەقامەکە بهاوێژێ، ئاخر بەڵێنەکەی کاڵکانی هاتبۆوە یاد، ئایا کاڵکان چ بەڵێنێکی دابوو؟ کاڵکان هێندە سەرخۆش و نائارام بوو هێشتا هەر بە دەنگی بەرز دەگریا، لەپڕ بیرکەوتەوە کە ئەگەر ئەو شەوە ئاورەنگ لەگەڵ ئۆلگادا ببینێ، بە ئۆتۆمبێل لێیدەدا و لەگەڵ شەقامەکە جووتی دەکا، لە مێژبوو ئەو بیرۆکەی هاتبوو نێو مێشکی، لە دڵەوە گوتی: بوون و نەبوونی ئەو جۆرە میکرۆبانە لە ژیانـدا وەك یەك وان.. نەختێ بیری کردەوە و دواتر لە قاقـای پێکەنینیدا و بە دەنگێکی بەرز گوتی: چۆن بوون و نەبوونی وەك یەك وایە؟ بوونی ئەوانە وەك تۆفانی تووڕە وایە، هەموو بەشەرییەت لەناو دەبەن.
ئاورەنگ و ئۆلگا هەر بەسەر پیرۆزبایی و سڵاویان لە دوو کەس کرد کە خۆیان لە پشت ئۆتۆمبێلکی سپییەوە شاردبۆوە، کامیرەیەکیان چەسپ کردبوو، کە ئەوان تێپەڕین و کاڵکان گەیشت، دوو کەسەکە بە لەوحێك ئامـاژەی وەستانیان بـۆ کاڵکان کرد.. کاڵکان وەستا و سەرخۆشییەکە تەواو بەریدا، بەڵام باری دەروونی لە جاران زیاتر شڵەژا.

پۆلیسێکی ژن دوای پیرۆزبایکردنی جەژنی سەری ساڵ، داوای لە کالڵکان کرد کە فوو لەو ئامێرە بکا کە پێوەرێکە بۆ زانینی رێژەی ئەلکحول لەناو جەستەدا، کالڵکان زانی ئەوە کارەساتی گەورەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ رێگاچارەیەکی نەبوو جگە لە مل دانە ئەو تاقیکردنەوەیە.

کە لە پێوەرەکەیان روانی، پۆلیسە پیاوەکە بزەیەکی دوژمنکارانەی کردو گوتی دابەزە.

⋆ئاورەنگ و ئۆلگا لە ئامێزی یەکتریدا بە رووتی راکشابوون و لەبەر بیرکردنەوە لە جوانی ژیان خەویان لێنەدەکەوت.

⋆دوو پۆلیس کالڵکانیان بردەوە ماڵەکەی خۆی، کالڵکان بە جل و بەرگ و پێڵاوەکانییەوە لەسەر قەنەفەکە راکشا و بەدەم گریانێکی بە دەنگەوە کە هەر لە گریانی منداڵێکی برسی دەکرد، جگەرەی دەکێشا و لەبەر ناشرینی رووداوەکانی ناو ژیان خەوی لێنەدەکەوت.

رۆژی سـێی مـانگی یـەکی سـاڵی دوو هـەزار بـوو، لـە کاتـژمێر (نـۆ)ی سـەر لەبـەیانی کاڵکـان و ئۆلگـا لـە بەرامبـەر بەرپرسـی فەرمانبـەرەکانی بەشـی ڤیـزە لـە (بورگـە براتـونگ - پارێزگـا) وەستابوون..

بەرپرسـی بەشـی ڤیـزە گـوتی: هـەموو شـتەکان تەواوبووینـە، تەنیا پێویستیمان بە وەڵامێك هەیە لە رووسیاوە بۆمـان بێـت، بۆیە دەبێ هەندێکیتریش چاوەڕوان بن.

کە ئەوێیان بەجێهێشت چوونە کافتریای هونـەر کـە دەکەوێتـە بەرامبەر تەلاری پارێزگا.. ئۆلگا و کاڵکان بەرامبەر بە یـەکتری دانیشتن و کاڵکان دەستیکرد بە قسـەکردن: کـە دایـك و باوکـت دەگەنـە لای ئێمـە نـەك هـەر رێگـا نـادەم تـۆ بچـیتەوە رووسـیا بەڵکو لێناگەڕێم دایك و باوکیشت بگەڕێنەوە..

_چۆن؟

_یەکێ لە کارگەکانم بە ناوی باوکت دەکەم و خۆیشی دەکەمـە سەرپەرشتیاری ئەو کارگەیە، لەو حاڵەتە حکومـەت هیچی بـۆ نامێنێتەوە جگە لـەوەی کـە بـە شـانازییەوە ئیقامـەی ئێرەیـان پێبـدا، لـەوەش زیـاتر دەتـوانن ئەگـەر خۆیـان ئـارەزوو بکـەن رەگەزنامەی ئەڵمانیشیان پێدەدرێ.

ئۆلگا دوا وتەی د.کارۆلینی هاتەوە یادو لەبەرە خۆیەوە گـوتی:

ئەو پیاوە فریشتەی خودایە لەسەرزەمین، یاخود لۆتۆیە، بەڵام ئەی ئاوڕەنگ؟

_هەواڵی ئاوڕەنگ چییە؟ هەست دەکەم ئەو ماوەیە کاتی کەمترت هەیە بۆ من، هەر کاتێ تەلەفۆن دەکەم وەڵامت نییە! ئایا هێشتا هەر دۆستایەتی ئەو ئاوڕەنگ ناوە دەکەیت؟

_ئا.. ئەو بابەتەت گۆڕی، گوتت شەوی سەری ساڵ چیت بەسەر هاتبوو؟

_ئیجازەی شوفێرییان لێسەندمەوە و بە نیازن تاقیکردنەوەی دەروونیی و عەقڵیم بکەن، پیان وایە لەو شەوەدا من عەقڵی خۆمم لە دەست دابوو.. بەڵام تۆیش لە پرسیارەکەی من راتکرد..

_باشە باشە، خۆت دەزانی من ئێستا زۆر سەرقاڵی خوێندنم، لەو ماوانەدا گفتوگۆ لەسەر نامەکەم دەکەین..

_کەواتە زۆر باشە، من لەوێم.. من بە رۆح و گیانەوە لەو رۆژەدا لێت دەڕوانم و دەستت دەگوشم.

ئۆلگا هیچ قسەیەکی بۆ نەمایەوە تا داوای لێبکات کە لەو گفتوگۆیە ئامادە نەبێت، دەبووایە راشکاوانە پێیبڵی کە ئاوڕەنگیش لەوێ ئامادە دەبێت، بیری دەکردەوە کە چۆن خۆی لەو بابەتە رزگار بکات، بەدەم بیرکردنەوە ژانەسەرێکی نەختێ گرانی گرت و گوتی: خۆشحاڵ دەبم کە تۆ لەوێ ئامادە دەبیت، بەڵێ زۆر خۆشحاڵ دەبم.

ئاوڕەنگ زۆر خۆشحاڵ بوو کە پێڵوەکانی لێکترازاند و خۆی لەسەر قەروێڵە یەك کەسییەکەی نێو ژوورە بچووکەکەی ئۆلگادا دیت..

ئۆلگا بە بێدەنگیی و زۆر بە هێمنی کە نەتدەتوانی گوێت لە تەقە تەقی پێلاوەکانیشی بێت، هاتە ژوورەوەو پۆشاکەکانی بە بێ هیچ خشپە خشپێك داکەناند و بە رووتیی چووە باوەشی ئاوڕەنگ کە لەو کاتەدا بە ئانقەست خۆی خەواندبوو.

ئۆلگا هەزار ماچی بێدەنگی لە لێوەکانی ئاوڕەنگ کرد و هێندە بە قووڵی تەئەمولی بۆ رووخساری دەکرد وەك ئەوە وابوو پیاوێکی لەنێو حیکایەت و ئەفسانەکانەوە دەرهێنابێ و لە باوەشی گرتبێ.. ئۆلگا هێشتا هەر لە رووخساری ئاوڕەنگدا رۆچووبوو، خەونی لە دەموچاوی ئەودا دەخوێندەوە کاتێ کە ئاوڕەنگ بە نەرمییێکەوە پێڵوەکانی لێکترازاند و بزەیەکی هێندە ساحیرانەی بۆ کرد کە کەس گومانی لەوەدا نەبوو ئەو بزەیە دەیتوانی بەرد کەرت کەرت بکا.. بۆ چەند خولەکێك لە گلێنەکانی یەکتریان روانی بە بێدەنگیی، ئەوان خۆ لە بنەڕەتدا قسەیان دەکرد، بەلاّم قسەکردنێك بە زمانی دڵ.

ئۆلگا فرمێسکی هەڵوەراند، بەلاّم بۆچی؟ ئایا ئەوە ئەسرینی بەختەوەری و شادمانی بوو؟

_رۆحی من هێندەی لێت دەڕوانم زیاتر ترس داگیرم دەکات، ترسێك کە هەرگیز ناتوانم وەسفی بکەم، سەراپای رۆحم پڕ

دەکا لە موچڕکە و ئازارم دەدا.

_دەزانم ترسی هیچی دووەمە، لە هیچەوە بەرەو هیچ، دەزانم ترسی تاریکی دووەمە، لە تاریکیەوە بەرەو تاریکی، هیچی دووەم و تاریکی دووەم..

_نا رۆحی من نا، من نە لە مەرگ و نە لە تاریکی نێو گۆڕدا ترسم نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ترسم لە رووناکی نێوانی ئەو دوو تاریکیەدا هەیە.. دەترسم ژیان بە تاریکیی ببینم، خۆ ئەگەر تۆ لەنێو ژیاندا لێم ون ببیت ئەوا هەرگیز ئومێدی هیچ رووناکیی و ترووسکانەوەیەك نابینم لەو ژیانە.

_مەترسە گیانی من مەترسە، ئومێد دەکەین کە زەمەنی نێوانی ئەو دوو تاریکیی و ئەو دوو هیچە بە رووناکیی و پڕ ماناییەوە بەسەر ببەین.

_باشە.. گریمان تۆ دەچیتە دەرەوە لە ژیانی مندا، ئیدی من و تۆ بۆ هەمیشەیی یەکتری نادۆزینەوە، من ئەو قسانەم تەنیا لەبەر ئەوەیە کە تەنیا دوو مانگێکم لێرە ماوە، ئیدی دەبێ بگەڕێمەوە رووسیا، باشە باش، ئەوا من و تۆ لەیەکتری دابڕاین، ئەی چی لە بیرەوەرییەکان بکەم، ئایا ئەوانیش وەك تۆ لێم دادەبڕێن و لە یادگەمدا نامێنێن یاخود وەك سێبەرێك هەر بەدوامەوە دەبن؟ من چۆن دەتوانم لە باوەشی پیاوێکیتردا رابکشێم و تۆم نەیەتەوە یاد؟ ئەو کاتە خیانەت دەکەم ها..؟ من دەبمە ژنێکی خائین، خائینێکی تاهەتایی.. هەرگیز قبوڵی

ئەوە ناکەم مرۆڤێکی ناپاکبم، سوێندت بە کتێبی پیرۆز بۆ دەخۆم لەو حاڵەتەدا من لە زەردەخەنەی پیاوێکی دیکەدا تەنیا زەردەخەنەی تۆ دەبینم، لە رۆحی ئەودا، لە جەستەی ئەودا تەنیا رۆح وجەستەی تۆ دەبینم، بۆچی تاوانی ئەو خیانەتە گەورەم دەدەیتە پاڵ؟ دەزانم ژیان بە لێکدابڕانی من و تۆ وێران نابێ و هەر بەردەوامیش دەبێ، منیش دەتوانم بژیم و تۆیش دەتوانی بژیت، بەڵام ژیانی من چ جۆرە ژیانێك دەبێ؟ بێگومان ژیانێك لەنێو مەرگێکی ناکۆتادا.

ئۆلگا لە پڕمەی گریانیدا و وای هەست دەکرد لە جەنگێکی یەکلاکەرەوەدایە و بەردەوام بوو: ئاخر منیش مرۆڤم، مرۆڤێکی پاك و بە دوای بەختەوەرییدا دەگەڕێم و لە تۆدا دۆزیومەتەوە.. تەماشام بکە، تەماشای گلێنەکانم، ئاخر تۆ لێرەی لەنێو گلێنەکانم، لێرەی لەناو خوێنم، لەنێو دڵ و رۆحم.

ئاوڕەنگ ماچێکی لە چاوەکانی ئۆلگا کرد و بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە شانازی و خەمەوە گوتی: گوڵێ بۆچی تۆ هێندە بە ئازار راهاتووی بەم دوا دواییە؟ منیش لە تۆ زیاتر بیر لە چرکەساتی گرانی فیراق دەکەمەوە، پێموایە چرکەساتێکی یەکجار دڵڕەق و بێڕەحم دەبێ.

ئۆلگا لە دڵەوە گوتی: ئەی کەوایە بۆچی بڕیار نادەیت تاهەتایی بەیەکەوە بژین؟ ئەی هەزارجار گوتوومە، ئۆلگا

دەنگی خۆی بەرزکردەوە: من لەگەڵت دێم حەز دەکەی بۆ ناو گڕی دۆزەخیش بێت.
کاڵکان لەماڵەوە جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند و لەبەرە خۆیەوە دووبارەی دەکردەوە: من ئامادەم بەهەشتێکی راستەقینەت لەو سەرزەمینە بۆ درووست بکەم، کارگەیەك بە ناوی باوکت دەکەم و هەموومان بەیەکەوە لە ڤێلەیەکدا ژیان بە خۆشییەوە بەڕێدەکەین.
ئاوڕەنگ تەماشاییێکی ئۆلگای کردەوە و گوتی: دەزانم چرکەساتی لێکدابڕانمان زۆر کارەساتاوی دەبێت، منیش زۆرجار بیردەکەمەوە کە تۆ تەنیا تاکە ڕێگای دەربازبوونی منی لە ژیان، من کەسێکی سەرلێشێواوم، نازانم ڕێگای راستەقینەی ژیانی خۆم بە خۆم هەڵبژێرم، لە منداڵییەوە وا راهاتووم خۆم بدەمە دەستی قەدەر و لەنێو شالاوی ئازارەکانی چارەنووس ئازار بچێژم و خۆم بە ناخۆشییەکانی ژیان لە خاچ بدەم، من کەسێکم ڕێگاکانی قەدەر پێیەکانمی کۆنترۆڵکردووە، ئەو خۆی ئازاد کردووە لەوەی بەرەو کوێ بیەوێ راپێچم بکات.. دەمێ ئەو ڕێگایە بەرەو بیرکردنەوە لە رووسیا رامدەکێشێ و پێدەڵێ: (دەستی ئۆلگا بگرەو ئەو بەشەی کە لە ژیانتدا ماوە لە یەرەسلاڤلی بەسەر ببە)، دەمێ بیر لەوە دەکەمەوە بەیەکەوە بچینە کیشوەری رەش و لەوێ لە گۆشەیەکدا زەمەن بەڕێبکەین، تاوێکیش دەڵێم با خۆم بکوژم

و ئیدی ئەو ژیان ئەو هەموو سەرئێشەیە ناهێنێ و لە کۆتایشدا پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم: خۆم داوەتە دەستی قەدەر چی دەکا با بیکا.. نازانم من دەمەوێ چی بە تۆ بڵێم و نازانم مەبەستی من چییە لە دنیادا، درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم نە بۆ هیچ مەبەست و نە بۆ هیچ ئاوات و ئاکام و خەون تێناکۆشم لە ژیاندا، دەزانم ئێستا تۆم دەوێت وەك ئەوەی زوو یەکێکیترم دەویست و نەمتوانی چارەنووسی ژیانی بە جۆرێکیتر بگۆڕم..

ئۆلگا دەگریا و لە وڕێنەکانی ئاوڕەنگ سەری سوڕمابوو، لێوەکانیان لە یەکتری نزیك کردەوە و کەوتنە ماچکردنی یەکتری، ئاوڕەنگ سنووری ماچکردنی تێپەڕاند و ئۆلگا لە پڕمەی گریانێکی بە کوڵیدا و ئاوڕەنگ هۆشدار بۆوە و بە نەرمییەوە پرسی: چییتە رۆحی خۆم؟

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: ئاخر خوداش ئەوە قبوڵ ناکا من و تۆ لە یەکتری دابڕێین.. تۆ.. دەزانی تۆ پڕ هەستترین پیاوی لەو گەردوونەدا؟

ئاوڕەنگ کە هێشتا هەر دڵی ئۆلگای دەدایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: بۆچی مرۆڤ هێندە بە دوای شتی پرووپوچدا وێڵە و خەفەتی بۆ دەخوات؟ خۆ پێشتر یەکترمان نەدەناسی، بۆچی وای دانانێین کە ئەو ماوەیە وەهمێك بوو، جگە لە وەهم هیچ شتێکیتر نەبوو..

## 49

ئۆلگا بۆچی هێندە باسی لە جیابوونەوە و لێکدابڕان دەکرد لەگەڵ ئاوڕەنگ؟ ڕەنگە لە نائاگایی خۆیدا هەوڵی کەشف کردنی نائاگایی خۆی دابێ.. ئایا بڕیاریدابوو واز لە ئاوڕەنگ بێنێ و ئیدی ژیانێکی نوێ لەگەڵ دایك و باوکی و کاڵکان دەست پێبکا؟ باوەڕناکەین هیچ شتێ ڕەهابێ لە مرۆڤ بە تایبەتیش ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە گۆڕانی سۆز و خۆشەویستییەوە هەیە، چونکە خۆشەویستیی و سۆز هەمیشە وەك شەپۆلی دەریا وان و سیفەتی نیشتنەوەیان تێدایە.

ئاوڕەنگ هەندێ گومانی لە ئۆلگا هەبوو، هەروا لە خۆڕایش نەبوو کە گومانی بۆ درووست ببوو.. چەند ئاماژەیەك لە ئارادابوو بۆ ئەوەی ئەو یەقینەیەی نەمێنێ.. لە ڕاستیدا هەندێجار قسەی نالێین درۆ بەڵام بە پێچ و پەنای لە ئۆلگاوە بیستبوو..

دوای گوزەراندنی شەوێکی خۆش و مەست و خەوێکی پڕ لە خەونی جوان، ئۆلگا و ئاوڕەنگ لە پلیکانەکانی باڵاخانەی قوتابیان دابەزین، ئۆلگا سندوقی پۆستەکەی کردەوە، نەختێ ڕەنگی سوورهەڵگەڕا، چونکە چاری نەبوو دەبووایە ئەو دیاری و گوڵە شینە لە سندووقەکە دەربێنێ کە خۆی زوو هەستی کرد لە کوێوە بۆی هاتبوو، ئاوڕەنگ گومانەکەی تەواو لە جێی

خۆیـدابوو، بۆیـە گـوڵ و دیاریەکـەی لـە ئۆلگا سـەند و کەوتـە خوێندنــەوەی ئــەو پۆســتکارتە کــە لەگــەڵ گــوڵ و دیارییەکــە هاتبوو..

ئۆلگای خۆشەویست سلاو:
شــەوی رابــرد نــەمتوانی هــەموو گــەردوون لــە تــۆدا نــەبینم، دەمویست پێت بگەم کەچی تۆ وەك سـەراب وابـووی، نـەمزانی چ شتێ منی گەیاندە ئێرە، کـە لـەماڵـەوە نـەبووی ناچار ئـەو دیارییـە بچـووکەم لـەناو سـندووقی پۆسـتەکەت جێهێشـت بـۆ ئەوەی هەست بە وجودی من بکەیت، تا دیدار..

کاڵکان

(کە لـە ماڵـەوە نـەبووی) تـۆ وەرە جـوان ئـەو دێـرە بخوێنـەوە، کەواتە جگە لە مـن کەسـێکیتریش یـان چـەند کەسـێکیتر هـەن سەردانی ئەو ژوورەت دەکەن کـە مـن پێموابـوو هێنـدە پـیرۆزە جگە لە من کەس ناتوانێ سنوور ببـەزێنێ، جگـە لـەوەیش بـێ ئەوەی من ئاگاداربم، کاڵکان ناوێـك دێتـە ژوورەکـەت، هـەزاران جار گوتوومە تۆ ئازادی، بەڵێ تۆ ئازادی لەوەی کێ دەکەیت بە دۆسـتی خـۆت، بـەلام خـۆ هـەزاران جـاریش ئــەوەم دووبـارە کردۆتـەوە کـە مـن بـە هـیچ شـێوەیەك رازی نـابم تـۆ مـن وەك

ئەسپی شەترەنج بەکار بێنی، تێدەگەی من ئەسپ نیم تۆ بە ئارەزووی خۆت و بۆ هەوەسی خۆت شەڕی دۆڕان و بردنەوەم پێبکەیت، کەواتە.. کەواتە من هەڵە نەبووم کە هەندێجار بەراوردی نێوانی مەنتالیتێت و عەقڵیەتی خۆم و تۆم دەکرد، بەڵێ تۆ مرۆڤێکی کراوەیت، دەتوانی لە یەك کاتدا چەندین دۆست و خۆشەویستت هەبێ، خۆ من زۆرم لێنەکردووی من هەڵبژێری و منت خۆشبوێ؟ ئێستایش تۆ ئازادی لەوەی یەکێکیتر هەڵبژێری و خۆشتبوێ، نازانم .. نازانم منێکی گەمژە چۆن باوەڕم بەو هەموو فرمێسکە تیمساحاویەی تۆ کرد..

ئۆلگا هۆن هۆن فرمێسکی هەڵدەوەراند و داوای دەکرد تەنیا یەك روونکردنەوە بدات، بەلاَم ئاوڕەنگ بە هەڵچوون و تووڕەییێکی ئاوا دەدوا دەتگوت زریانە و دەیەوێ دنیا وێران بکات: بمبورە بەڵێ بمبورە بەڕێز کە منێکی گەمژە ئەوەندەم لە کاتەکانی ژیانی خۆم داوە بە تۆ.. ئا تۆ.. دەی بڵێ کوا ئەو پیاوەی لەنێو ئەفسانە و حیکایەتەکانەوە دەرتهێنابوو؟ کوا ئەو پیاوەی پێتوابوو سەدان ساڵە دەیناسیت؟ کوا ئەوەی کە لێت دووربێ بۆی دەمریت؟ ئا.. ئا ئێستا تێگەیشتم کە بۆچی باسی لێکدابڕانت دەکرد، دەتزانی ئەو رۆژە نزیك کەوتۆتەوە کە هەموو نهێنییەکانت ئاشکرا بکەیت و ئەو ماسکە لەسەر رووخسارت لابدەیت کە زەمەنێکە منی پێ فریودەدەیت..

ئێستا تۆ بە ڕێگای خۆتدا تێپەڕە و منیش بە ڕێگای خۆمدا، چیتر نامەوێ لەگەڵ کەسێکدا دۆست بم کە بە گوڵ و دیاری بەیانی باشی لێدەکرێ.

ئۆلگا وەك منداڵێك دەگریا و دەپاڕایەوە و داوای لە ئاوڕەنگ کرد کە تەنیا چەند خولەکێك دەرفەتی بدا بۆ ئەوەی هەموو شتێکی پێبڵێ، بەڵام ئاوڕەنگ ڕۆیشت، هێندە بە خێرایی و بێئاوڕدانەوە هەنگاوی دەنا، کە دوای چەند چرکەیەك لە سەری کۆڵانەکەدا پێچی کرد و لەبەر چاوی ئۆلگادا نەما..

ئۆلگا لەسەر شۆستەکە دانیشت، پاسی ژمارە 122 هات، کە زانی ئەو کچە نایەوێ سەرکەوێ تێپەڕی، ئۆلگا پۆست کارتەکەی دڕاند و گوڵە شینەکەشی بە نێو لەپەکانی پووکاندەوە، هەزاران بیرۆکە لە مێشکی دەهاتن و تێدەپەڕین، ئاوڕەنگ تەواو برینداری کردبوو، کەرامەتی شکاندبوو، لە هەموو ئەوانەیش گرنگتر بە لای ئۆلگا ئەوەبوو کە ئاوڕەنگ هەڵە بووە لەو گومان لێکردنە..

ئاوڕەنگ بە خێرایی هەناگاوی بە رووگەی وێستگەکەی بێتل دەنا و جوێنی دەدا و وڕێنەی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ڕاستگۆیی هەموو کێشەکانی دنیا چارەسەر دەکا، لەوەش باشتر ڕاستگۆیی ڕێگا بە درووستبوونی کێشە نادات.. لە ناکاودا ئاڤژەنی هاتەوە یاد و نەشیدەزانی بۆچی بۆ هەمیشەیی لەو چرکەساتانە ئاڤژەنی دێتەوە یاد!

رك و توورەیی ئۆلگا گەیشتبووە ئەوپەڕی دونـد، نەیـدەزانی چ شتێ پێویستە بیکات! دەستی لەنێو جانتاکەی ناو مۆبایلەکەی دەرهێنـاو زەنگێکـی بـۆ کاڵکـان لێـدا.. وەك ئـەوەی لەمێـژبێ کاڵکان چاوەڕێی ئەو تەلەفۆنـە بکات پاش نیـو زەنـگ وەڵامـی ئۆلگای دایەوە و بە پێکەنینەوە گوتی: تازە لای پارێزگار بووم، داوەتکردنی دایك و باوکت تەواوبووە، دوای چەند رۆژێکیتر بـا لــە رووســیا پلیتــی فڕۆکــەش وەرگــرن، دەزانــی چ جــۆرە فڕۆکەیەك؟ لەبەر خاتری تـۆ شـوێنم بـۆ لـە (لوفتـانزە) حجـز کردوون.. کە هـاتن هـەموو شـوێنە خۆشـەکانی وڵاتیـان نیشان دەدەیــن، هــەر هەفتــەی یەکــەم ســەفەرێکی پــاریس و دواتــر نیویۆرك دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کاروباری کارگەکەشـم تـەواو کردووە بۆ ئەوەی هەر لەگەڵ گەیشـتنیان بـە نـاوی باوکتیـەوە بکەم.

ئۆلگا قسەکانی کاڵکانی بڕی و بەدەم هەنسکی گریانەوە گـوتی: لە کوێی؟ ئێستا دێمە لات.

## 50

ئاوڕەنگ لە کناپیەیەك دانیشتبوو ڤۆدگای دەخواردەوە، بیری لە گەمژایەتی خۆی دەکردەوەو بە خۆی دەگوت: چۆن توانیت ئەو هەموو ماوەیە تەحەمولی فریوخواردن بکەیت و هێندە پیاوێکی کاڵعەقڵ بیت؟ دیاری و گوڵی شین و پۆست کارت و ...تاد، بێگومان لەمێژە عاشقی یەکترین.

دوای چەند پێکێك نەختێ هێوربۆوە و بە خۆی گوت: پێویستە لەسەر من هێور بم، چونکە بۆ هەمیشەیی بورکان وێرانەیی بە دواوەیە و دامرکانەوەیش ئاوەدانیی و ژیان.

ئۆلگا بە تووڕەییێکەوە کە گلێنەکانی تەواو رەنگی ئاگریان هەڵێنابوو لە بیرۆیەکەی کاڵکان چووەژووری و داوای لە کاڵکان کرد کە بۆ تاوێ بچنە کافێتریای هونەر.

کە لە کافێتریای هونەر لە بەرامبەر یەکتری دانیشتن، ئۆلگا داوای هیچ خواردنەوەیەکی نەکرد، کاڵکان بیرەی داواکرد، ئۆلگا بێ پێشەکی چووە ناو ئەو بابەتەی کە بۆی هاتبوو: کاڵکان ئەو کارانەی تۆ دەیکەی نەك بە تەنیا هەڵەن بەڵکو کاری هەرزەکاران و منداڵانە، تۆ بۆچی ئەو دیاریانەت لەنێو سندوقی پۆستەکەی من دانابوو، چی هەیە لە پشت ئەو دیاریانەوە؟ دەتەوێ چیم پێبڵێی؟ بەڕێز ئەگەر من ڕێز لە تۆ

دەنێم لەبەر خاتری ئەو دیاریانەوە نییە، باش بزانە بەڵێ لەبەر خاتری ئەو دیاریانە نییە، من سوپاست دەکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بۆ منت ئەنجام داوە، بەلاّم هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەکەیت من رۆحی خۆم بە چەند کەل و پەلێکی بێ رۆح بگۆڕمەوە، ئێرە خاڵی کۆتاییە، من ئیدی ناتوانم بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم.

کاڵکان لە قاقای پێکەنینیداو بە هێورییەوە گوتی: ترسام لەوەی شتێ روویدابێ، سوپاس بۆ خوا.. سوپاس بۆ خوا.. بڕوا بکە بۆڕۆدینۆڤای بەڕێز من کە ئەو دیاریانەم لەناو سندوقی پۆستەکەت دانا تەنیا لە پێناوی ئەوە بوو کە بەیانی لە خەو رادەبیت و لە سندوقی پۆستەکەت دەڕوانی کەسێك هەبێ بەیانی باشت لێبکا، هەمدیس لە قاقای پێکەنینی دایەوە و بەردەوام بوو: سوپاس بۆ خوا، ترس هەموو رۆحی داگرتم و لە دڵەوە بە خۆمم گوت نەوەك شتێ روویدابێ.

_بێگومان لای تۆ هیچ شتێ روونەداوە، بەلاّم لای من هەموو شتێ بەرەو کۆتایی چووە، بەر لە هەر شتێکیش ژیان، کەواتە ئێستا من دەبێ بانگهێشتی مەرگی خۆم بکەم، راستیت پێبڵێم، من پرۆژەی ژیانێکی تاهەتایم بۆ خۆم دانابوو، ناوم بۆ منداڵەکانم هەڵبژاردبوو، پلانم دانابوو کە ئایندە چۆن دەبێ و لە چ سەفا و بەختەوەرییێکدا زەمەن بەڕێدەکەین، بەلاّم تۆ هەموو شتەکانت وێران کرد، هەموو سەرەتایەکان بەرەو

کۆتایی بەڕێکرد..
_نازانم، من هیچ شتێ لە مەبەستی تۆ تێناگەم.
_من چ گوناهێکم دەرهەق بە تۆ ئەنجامداوە؟ من چ تاوانێکم دژ بە تۆ ئەنجامداوە؟ بۆچی هەموو هەوڵێکت لە پێناوی ئەوەیە کە من و ئاوڕەنگ لە یەکتری جیاببینەوە؟
کاڵکان بە هەموو هێزی مستێکی لە مێزەکەی بەردەمیدا و هەموو شتێ تێگەیشت، تووشی ژانەسەرێك هات کە تاکو ئێستا لە ژیانیدا ژانەسەری ئاوای بە خۆیەوە نەدیبوو، لەپڕ بە هەردوو دەست توووند توووند سەری خۆی گرت و بە دەنگێکی بەرز کە هەموویان گوێیان لێبوو، نەڕاندی: چۆن توانیت ئەو هەموو ماوەیە دوور و درێژە درۆبکەیت و فریوم بدەیت؟ شەرتبێ پەل پەلی بکەم، ئاخر تۆ چیت داوە لە کەسێکی دواکەوتووی ئاوا کە بڕیاری زیندانێکی ئەبەدیت بەسەردا بسەپێنێ؟ تۆ چیت داوە لە وەحشێك کە ئەو چۆنی بوێ دەبێ تۆ ئاوا هەڵس و کەوت بکەیت؟
ئاوڕەنگ بەبەر دەرگای کافتریای هونەر بە لارە لار هەنگاوی دەنا، دیواری ئەو کافتریایە هەموو شووشە بوو، بۆیە بە سانایی بەلاّم کەمێك لە دوورەوە توانی ئۆلگا ببینێ کە لەگەڵ پیاوێك دانیشتووە و پێدەکەنێ.
ئۆلگا بەدەم هەنسك و گریانەوە پێکەنی و گوتی: کاڵکان ڕێگات پێنادەم تەنانەت یەك وشەیش چییە بە ئاوڕەنگی بڵێی،

نەخێر ڕێگات پێنادەم، من بەشێکم لە ئەو و ئـەویش بەشـێکی منە.. ئاوڕەنگ هەموو خەون و ئومێد و ژیانی منە.
ئاوڕەنگ هەوڵیدا ئۆلگا نەیبینێ، بۆیە گورج گورج کەوتە ڕێ و لە کۆڵانەکەدا پێچی کردەوە و ون بوو.
کاڵکان هێشتا هەر ژانەسەرەکەی لە جاران سەختتر و تووندتر دەبوو، گوتی: پـەیمانت پێـدەدەم دەیکوژم.. پـەیمانت پێـدەدەم نـەهێڵم میکرۆبێکی ئـاوا لـە سـەرزەمیندا بـە ئـارەزووی خـۆی بسوڕێتەوە.
_دەبێ سەرەتا من بە مردوویەتی ببینی ئینجا ئەو، خۆ ئەگەر ئەویشت کوشت ئەوا من دەتکوژم..
ئۆلگـا جانتاکـەی هـەڵگرت و بەڕێکـەوت، لـە ڕێگـادا دەگریـا و دەهاتەوە بیری کە ئەو چی گوتووە، کوشتن و مـەرگ و هـەموو ئەو شتانە کەی پەیوەندیان بە ژیانی ئەوەوە هەیە؟
زەنگێکی بۆ ئاوڕەنگ لێدا، ئاوڕەنگ کە لە شاشەی مۆبایلەکـەی ناوی ئۆلگای دیت لە قاقای پێکەنینیداو دایخست.
ئۆلگا زەنگێکی بۆ کاڵکان لێداو پێیگوت: بـا ئـەو لاپـەڕە ڕەش و ناشرینانە ئاوا بکەین و لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە.

## 51

لەگەڵ ئەو هەموو بێ تەرکیزییەش، هێشتا ئۆلگا بە شێوەیەك بەرگری لە تێزەکەی خۆی دەکرد کە هیچ یەك لە مامۆستاکانی لێژنەکە قسەی بۆ نەدەمایەوە، کە گفتوگۆ لەسەر تێزی دکتۆراکە تەواو بوو، مامۆستاکان بە پلەی نایاب سەرکەوتنی ئۆلگایان راگەیاند، ئیدی سەری بتڵە شەمپانیاکانیان ئاوەڵاکرد و گلاسەکانیان تژی کرد.

کاڵکان هێشتایش هەر لە پشتەوە بەدەم خەیاڵەوە دانیشتبوو، هەستا و چەپکە گوڵێکی شینی دایە دەستی ئۆلگا و پیرۆزبایی لێکرد.. کاڵکان داوای لە ئۆلگا کرد کە بیگەیەنێتەوە ماڵ، بێگومان ئیجازەی شوفێریەکەی لێسەندرابۆوە، ئەی چۆن و بە چی دەیویست ئۆلگا بگەیەنێتەوە ماڵ؟ ترامێکی تایبەتی یاخود تاکسی؟ ئەو دەیتوانی لیمۆزینێکی تایبەت بە بۆنەکان بە شوفێرەوە ئامادە بکا و ئۆلگای پێ بگەیەنێتەوە ماڵ.. بەلام نا، کە لەناو هۆڵەکە چوونە دەرەوە قەرباڵغیەك لە گۆڕەپانی زانکۆ دەبینرا، چەندین قوتابی دەورەی باڵۆنێکیان دابوو، کاڵکان دەستی ئۆلگای گرت و سواری باڵۆنەکەی کرد و گوتی: لە سەرکەوتنت گومانم نەبوو، بۆیە بڕیارمدا بە ئاسمان بتگەیەنمەوە ماڵ، نەك ئەو زەمینەی کە پڕە لە ناشرینی،

ویستم پێتبڵێم تۆ هی ئەوە نیت لە سەرزەمیندا بڕۆیت بەڵکو ماڵی هەمیشەیی تۆ پێویست بوو لە ئاسماندا بێت.

فـڕین بـەرەو ئاسمـان هەسـتێکیتڕت پێدەبەخشـێ، لـە دەسـتی خۆتدا نییە، دەبێ تووشی موچڕکەیەك، خەندەیەك، خەیاڵێك بیـت، بـەلاّم ئۆلگـا وەك مردوویێـك وابـوو، هـیچ یـەك لـە زەردەخەنــە و خــەیاڵ و موچــڕك بــە جەســتە و رۆحیــدا گوزەریان نەدەکرد، هێندەی رادەما کەچی تێنەدەگەیشت ئـەو بۆچی لەو حاڵەتەی خۆی تێناگا، سـەری گێـژ ببـوو، دەیویست بڕشێتەوە، ئایا دەیویست بەسەرزەمیندا بڕشێتەوە؟

کـە لـە گـەڕەکی بەهەشـتی شـین لـە باڵۆنەکـە دابـەزی و دوای دابــڕان لــە کاڵکــان، ئۆلگــا دەرگــای ژووره بچــووکەکەی خــۆی کردەوە و نامە و شەهادەکەی بە بێباکیەوە فڕێدایە سەر عەرد و لە دەلاقەی سەر پەنجەرەکە سەری بتڵە ڤۆدگاکـەی کـردەوەو چــەند پێکێکــی بچــووکی بــە خێرایــی خــواردەوە و ژمــارەی مۆبایلەکەی ئاوڕەنگی لێدا، کەچی مۆبایلەکە داخرابوو.. چەند پێکێکـیتڕی خـواردەوە و ئـەو نامانانـەی دەرهێنـا کـە بـەر لـە چەند خولەکێك لەناو سندوقی پۆستەکەی دەریهێنابوو..

نامەی یەکەمی لە دایکییەوە بۆ هاتبوو:

کچە خۆشەویستەکەمان سلاّوی مـن و باوکتـت لێبـێ، هیـوادارم کــاتێ ئــەو نامەیــە دەخوێنێتیــەوە خوێنــدنی خۆتــت بــە سەرکەوتوویی تەواو کردبێ..

ئازیزم حەز دەکەین بە زووترین کات پێت شاد ببینەوە، یا تۆ بێیتەوە بۆ لامان، یاخود وەك خۆت کە پەیمانت پێدابووین بمانبەیت بۆ لای خۆت، بێگومان باوکت پێشنیارەکەی تۆی زۆر بە دڵ بوو، سەرپەرشتی کردنی یەکێ لە کارگەکانی بەڕێز کاڵکان بە دەرفەتی گەورە و گرنگ لە ژیاندا دەزانێ، خۆ هەر واشە کچی خۆم، ئێمە لێرە شەو رۆژ لە سەر یەك دادەنێین، راکە راکەمانە و ئینجا ئەگەر بتوانین بە خراپترین شێوە بگوزەرێنین.. خۆت ئاگاداری کە باری ئابووری و بژێوی کەسانی ئاسایی لە رووسیادا لە چ قەیران و دۆخێکی خراپ و نائاسایدایە.. بۆیە کچە خۆشەویستەکەمان تکا دەکەین هەموو هەوڵێك بدەیت بۆ خۆشگوزەرانی باوکت و ژیانی دایك و باوکیشت.. سلاّوی ئێمە بگەیەنە بەڕێز کاڵکان و پێی بڵێ ئێمە بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی ئەومان قبوڵە و سوپاسگوزاری ئەبەدی ئەوین.

ئا بەڕاست هەواڵی ئاوڕەنگ چییە؟ لەو وێنەی کە بۆت رەوانەکردبووم چەند جوان بوون هەردووکتان، راستە کچی خۆم راستە ئەو گەنجە ئەو هەموو جوانییەی لە کوێ هێناوە؟ بەلاّم هێشتا وەك تۆ جوان نییە، ئایا ئێستا کە ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە بەیەکەوەن؟ سەرت ناوەتە ئامێزی ئاوڕەنگ و ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە؟ هەروەك پێشتر بۆت نووسیبووم هێشتا ئاوا بەیەکەوە دەگونجێن و یەکترتان خۆشدەوێ؟

سلاّوی منـی پـێ رابگەینـە و بڵـێ لەبـەر خـاتر ئـەو چوومەتە کتێبخانەی گشتی (مۆسکۆ) و هەندێ سەرچاوەم سـەبارەت بـە کـورد خوێندۆتـەوە، ئـاخر بەڕاسـتی نەمـدەزانی کـورد چـین و کێن و لە کوێ دادەنیشن..

ئۆلگای خۆشەویستم، لە کۆتایی ئەو نامەیـەدا دیسان سـلاّومان بە کاڵکان و ئاوڕەنگ بگەیەنە و بە هیوای دیدار.

ئۆلگـا دەگریـا، نەیـدەتوانی تەنانـەت تاکـە چـرکەیەکیش لـەو گریانە دابڕێ..

نامەی دووەمی کـردەوە کـە لـە خوشـکییەوە بـۆی هاتبوو..ئـەو زەرفە تەنیا وێنەیەکی تێدابوو، لە وێنەکەدا خوشکی ئۆلگـا لـە تەنیشـت رەسمێکـی گـەورەدا وەسـتابوو، وێنـە گەورەکـە هـی ئـاوڕەنگ بـوو، لـە پشـتەوەی وێنەکـەدا نووسـرابوو: هیـوادارم لەگەڵ ئاوڕەنگ بەیەکەوەتان ببینم.. سلاّو و خۆشەویستیم.

ئۆلگا هێشتا هەر دەگریا، هاتەوە یادی کە کـەی و لـە کـوێ ئـەو وێنـــەی ئـــاوڕەنگی گرتـــووە، رۆژی شـــەممەبوو، لـــە ســـاڵەی ســــینەمابوو، ئــــەو کاتــــەی چــــوونە ســــەیرکردنی فیلمــــی ئەلێکساندەری گەورە.. ئۆلگا حەزی دەکرد ئەلێکساندەر ببینـێ لـە بابـل، حـەزی دەکـرد شـاخ و داخـی کوردسـتان ببینـێ کـە ئەلێکساندەر بەناویدا تێدەپەڕێ.

شەو درەنگانێ:

⭑ئۆلگا بە مەستی دەگریا و لە وێنەیەکی ئاوڕەنگی دەڕوانی.

⭑ئاوڕەنگ هێندە بێزاربوو دەتگوت گوێی زەوییان بە ملیەوە هەڵواسیوە، هەستی بە تاوان دەکرد بەرامبەر ئۆلگا، لە خۆی دەپرسی بۆچی ڕێگام نەدا تەنانەت یەك وشەش چییە فڕێبدا، ئایا پێویست بوو من هێندە دڵڕەق بم؟ بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات، ویستی زەنگێ بۆ ئۆلگا لێدا.. کەچی پەشیمان بۆوە و گوڵە شینەکان و دیاریانەی هاتەوە یاد کە لە کەسێکەوە پێی گەیشت بوو بە ناوی کاڵکان.

⭑کاڵکان جگەرەی دەکێشا و لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی، تووڕە دەبوو، سەرلەنوێ پێدەکەنیەوە و لە قاقای پێکەنینێکیدا کە تا ئەو کاتە هەرگیز بەو شێوەیە پێنەکەنی بوو.. لەبەر خۆیەوە گوتی: ژیان شەڕێکە مرۆڤ پێویستە لەو شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

52

نــە ئۆلگـا و نــە کالْکـان و نــە ئـاوڕەنگیش نەیانــدەتوانی لــەو شــەوەدا بخــەون.. ئۆلگـا تەلــەفۆنێکی بــۆ ئاویـار کــرد، بــەدەم گریانــەوە گـوتی: ئاویـار بمبـورە کـە کاتـت دەگـرم، بـەلاّم هـیچ چارەیەکم نەبوو، خـۆ ئەگـەر هانـام بـۆ تـۆ نەهێنابووایـە ئـەوا بێگومان دەمردم.. ئێستایش لە هەرەسهێنانم ئەگـەر ئـاوڕەنگم بۆ نەدۆزیتەوە..

_ئەویش وەك تۆ خەریکە هەرەس دێنێ، پێشـتر لای مـن بـوو، هەموو چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە، بەلاّم مـن گومانـەکانی ئـەوم قبولْ نەکرد..

_گومان.. گومان.. لـە چـی گومـان دەکا، مـن گوتوومـە هـەموو ژیان و خەون و ئومێدم ئەوە، بەلْێ تەنیا ئەو، بڕوابکـە ئاویـار جگــە لــە ئــاوڕەنگ مــن هــیچ پیــاوەێکی دیکــە نــابینم لــەو زەمینەدا.

_ئێستا لە مالْە، حەز بکەی دێمە دوات و دەچینە لای.

_سوپاس بۆ تۆ ئاویار، من خۆم دەچمە لای.

ئۆلگا لەبەر دەرگای ژوورەکەی ئاوڕەنگ وەستا و چەند جارێك لە دەرگاکەیدا، کەچی ئاوڕەنگ لە ژوورەوە هەر بە مەستی لەو تابلۆیــەی خــوان مــیرۆی دەڕوانــی بــەدیواری ژوورەکەیــەوە

هەڵیواسـیبوو.. ئۆلگا چـەند جـارێکیتر لـە دەرگاکـەی دایـەوە، کەچی هیچ چرپەیەکیشی لە ژوورەکەدا نەبیست، ئۆلگا بـیری لـە هـیچ شـتێ نـەدەکردەوە، لـە خـۆی نەدەپرسـی بۆچـی بـەم نیوەشەوە هاتۆتـە ئێـرە؟ ئایا راسـتە کـە غەدریشی لێکرابـێ و هـەر خۆشـی بچـێتەوە لای تاوانبارەکـە؟ بـیری لـە هـیچ شـتێ نـەدەکردەوە، تـەنیا ئـەوە نـەبێ کـە دەترسـا، لـەو چـرکەیەدا زیـاتریش ترسـا، ئایـا بۆچـی ئـاوڕەنگ دەرگاکـە ناکاتـەوە؟ بێگومان نازانێ کە من بەو نیوەشەوە هاتوومە، دەبێ نـا نـا نـا، دەبـێ شـتێ روویـنـەدابێ؟ زوو کلیلەکـەی دەرهێنـا کـە پێشـتر ئاوڕەنگ بۆی کۆپی کردبوو، دەرگاکەی کردەوە، ئاوڕەنگی دیـت بە چەقبەستی لەو تابلۆیە دەڕوانی، نەختێ حەسایەوە، بـەڵام شتێکیتری هاتەوە یاد و لە پڕمەی گریانیدا.. بـەراکردن چـووە لای ئاوڕەنگ و باوەشی پیاکرد، نەیدەزانی بۆچی هێندە ماچـی دەکـا، هــەموو شــوێنێکی مــاچ دەکــرد، دەســتی، پێیــەکانی، لێوەکـانی.. ئـاوڕەنگ وەك ئـەوەی هـیچ شـتێ روویـنـەدابێ هێشـتایش هـەر بـە چەقبەسـتی لـە تابلۆکـەی دەڕوانـی و بـە نەرمیـەوە دەیگـوت: مـن نـەمتوانی چارەنووسـی تابلۆکـە بـە شێوەیەکی تر بگۆڕم، تابلۆکە کۆتایی پێهات و خۆرەکە ئاوابوو، بۆیە ناتوانم چارەنووسی هیچ تابلۆیەکی تریش بگۆڕم..

ئۆلگا بەدەم گریانـەوە: پەیوەنـدی بـە دکتـۆرەوە بکـەم پادشـای من؟ نەخۆشی رۆحی من؟

ئاوڕەنگ نیگاکانی لەسەر تابلۆکە لاداو لە ئۆلگای روانی کە هێندە فرمێسك دادەبارێنێتە نێو لەپەکانی، دەستێکی بە هێوری بە پرچی ئۆلگادا هێنا و بە نەرمیەوە ماچێکی لە سەری کردو بە دەنگێکی نزمەوە گوتی: لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە نەتوانم چارەنووسی هیچ تابلۆیێ بگۆڕم.. من چۆن دەتوانم قبوڵی کەسێك بکەم کە خیانەتی لێکردووم.

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: حەز دەکەی گوێم بۆ بگریت؟ ئێستا هەموو شتێکت پێدەڵێم، من مەرگی خۆمم لە ئازار پێگەیاندنی تۆ بۆ خۆشتربووە، ئەو دەیگوت: دەتکوژم.. بڕیاری داوە بتکوژێ.. من چۆن رێگا بدەم کەسێك بیەوێ ئازار بە تۆ بگەیەنێ؟

ئۆلگا هەموو چیرۆکەکەی وەك ئەوەی کە روویدابوو بۆ گێڕایەوە و لە رستەی کۆتایدا گوتی: چارەنووسی ژیانی من بە تۆ بەستراوەتەوە، تۆ دەتوانی بەختەوەر یا بەدبەختم بکەیت لە ژیاندا، من لە تۆدا ژیان و عەشق و جوانی دەدۆزمەوە..باوەڕم پێبکە کە لە دڵمەوە پێتدەڵێم خۆشمدەوێی.

ئاوڕەنگ: من ئامادە نیم هیچ شتێ سەبارەت بەو کاڵکانە بڵێم، لە هەموو ئەو شتانە لێی دەبوورم کە سەبارەت بە من گوتویەتی، بەلاٚم لەو شوێنە لێی نابوورم کە شەڕی نێوانی خۆی و منی بۆ شەڕی دوو نەتەوە گواستۆتەوە، ئەگەرچی من

بڕوام وایە عەشق نیشتمانی منە، عەشق نەتەوەی منە، چونکە زمانی عەشق لە هەموو زمانەکانیتڕی گەردوون جوانترە، عەشق ئەو جوگرافیایەیە کە هەموو مرۆڤایەتی دەتوانێ بە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی لەسەری بژیێت، بەڵام من لەوێوە قبوڵی ناکەم کە سووکایەتی بە کورد کردووە، بۆچی بەوە واز ناهێنن کە زیندانێکی گەورەیان بۆ نەتەوەیەك داناوە، بەوە واز ناهێنن کە ناهێڵن بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن، دەیانەوێ لە عەشقیش بێبەشمان بکەن؟ نا نا من لەوە تێناگەم!؟

ئۆلگا هەستی کرد رق و تووڕەیی ئاوڕەنگ گەیشتۆتە ئەوپەڕی، ئاوڕەنگ داوای کرد کە ئەدرێسی کاڵکانی پێبدا، ئۆلگا لە جاران زیاتر ترسا، بۆیە پڕی دایە دەستەکانی ئاوڕەنگ و ماچی کردن و بەدەم گریانەوە گوتی: نا گیانی من، نەکەی، حەز ناکەم بیر لە شتێ بکەیتەوە کە پێویست نییە بیری لێبکەیتەوە، پێویست نییە بیری تۆڵە کردنەوە لە کەسێك بکەیتەوە کە شیاوی ئەوە نییە تۆڵەی لێبکرێتەوە.

_باشە با واز لەو بابەتە بێنین و بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، من لە تۆ دەپرسم: بۆچی ئەو هەموو دیارییەی پێشکەش بە تۆ کردووە؟ ئەی بۆچی بە نیازە کارگەیەکی خۆی بە ناوی باوکت بکات؟ تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە؟ لە دنیادا شتێ هەیە پێیدەوترێ بەرژەوەندیی، خەڵك کە کارێك بۆ مرۆڤی

بەرامبــەری دەکـا و شــتێکی پێشــکەش دەکـا، بــۆ هەمیشــەیی چـاوەڕوانی ئــەوە دەکـات کــە شــتێکی لێــوەرگریٚ، ئــەوەی کــە کاڵکانیش بە نیازە لە تۆی وەرگریٚ تۆی، بـەڵێ تـۆ، وەك رۆح و وەك جەســتە، ئیــدی تــۆ ئــازادی، مــن نــاتوانم ئــەو شــتانەت پێشکەش بکەم کە ئەو دەتوانیٚ..

_ئاخر من هیچ جارێك قبوڵی دیارییەکانی ئەم نەکردووە هەر وا بە سانایی، هەموو جارێك گەیشتووینەتە ئاستی زوویربوون و هــەموو جــارێکیش کــە دیــارییێکی پێشکەشــی مــن کــردووە، سووربووە لەسەر ئەوەی کە ئەو دیاریانــە بیٚ بەرامبــەرن، ئــەو تــا ئێســتایش لــە رێــز و خۆشەویســتییەکی هاوڕێیانــە هــیچ ئاماژەیەکیتری بۆم نەکردووە، لەوەش زیاتر باوەڕی تەواوی بــە من هێناوە کە من و ئەو تەنیا هاوڕێین و هیچیتر نا.

_ئەی مەسەلەی دایك و باوك و هێنانیان بۆ ئێرە؟

_ئـاخر ئـەو خـۆی خـاوەنی ئـەو بیرۆکەیـە و هـەر خۆشـی وای نیشـانداوم کـە ئێمـە یارمـەتی ئـەو دەدەیـن، راسـتە دان بـەوە دادەنــیٚ کــە ئــەویش یارمــەتی ئێمــە دەدا، بــەڵام لەبــەر زۆری کارگەکانی و سەرقاڵی خۆی ناتوانیٚ هەموو کارەکانی بە رێك و پێکی ئەنجام بدا، بۆیە پێویستی بە کەسانێك دەبیٚ کە لێیـان بێگومان بێت.

_من باوەڕم وایە لە پشت هەموو ئەو شتانە مەبەستێك هەیە، ئــەو مەبەســتەیش کڕینــی تۆیــە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا مــن

نـاتوانم رێـت لێبگـرم، چـونکە ئـەو کاتـە دەمتـوانی رێگـات پێنەدەم کە مـن بمتوانیبووایـە شـتێکی لـەو زیـاترت پێشکەش بکەم یاخود شتێکی هاوئاستی ئەو، ئێستایش من رێگر نابم لـە هەر هەنگاوێك کە تۆ دەیهاوێژیت.

_باشە گیانی من باشە، ئێسـتا حـەز ناکـەم مێشـکی خـۆت بـەو شتانە ئازاربدەیت، خۆ ئەگەر ئەو قسانەی تـۆ راسـت بـن، ئـەوا ئـەو کاتــە مــن تــۆ نــەك بــە کاڵکــان و پرۆژەکــانی کاڵکــان ناگۆڕمـەوە، بـەڵکو تـۆ ناخەمـە یـەك ئاسـتیش لەگـەڵ دایـك و باوکم، چونکە ژیانی من بە تۆ گرێدراوە.

ئاوڕەنگ سەیرێکی دیکەی ئـەو تابلۆیـەی خـوان مـیرۆی کـرد و دەسـتی دانایـە سـەر شـانەکانی ئۆلگـا و سـەری ئۆلگـای خسـتە باوەشــی خــۆی و ماچــێکی لــە ســەری کــرد و چــەند دلۆپــە فرمێسکێکی وردی داباراند و لەبەرە خۆیەوە گوتی: ئایا دەشـێ من بتوانم چارەنووسی ئەو تابلۆیە بگۆڕم؟

ئاوڕەنگ ئاڤژەنی هاتەوە یاد و بیری لە تـەواوبوونی تابلۆکـە و بیری لە ئاوابوونی خۆرەکە کردەوەو کەوتە ماچکردنی ئۆلگا.

# 53

بەیانی زووی کاڵکان بە خۆشیی و پێکەنینەوە لە تەلەفۆن بە ئۆلگای ڕاگەیاند کە کاری داوەتکردنەکەی دایك و باوکی ئۆلگای تەواوکردوە و تەنیا لەسەر ئیمزایەکی ئۆلگا ماوە..

ئۆلگا هێشتا هەر لە ئامێزی ئاوڕەنگدا ڕاکشابوو، بە دڵنیاییەکەوە گوتی: بەڕێز کاڵکان من وازم لە بیرۆکەی داوەتکردنەکە هێناوە، تەنیا دوو هەفتەم لێرە ماوە، ئەو دوو هەفتەیە تێدەپەڕێنم و ئیدی دەگەڕێمەوە ڕووسیا.. باوەڕناکەم ئیدی تۆش ببینمەوە، زۆر سوپاست دەکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لەو ماوەیە بۆت ئەنجامدام.. ئیدی بەڕێز و خۆشەویست ماڵئاوا..

دەرفەتی قسەکردنی بە کاڵکان نەداو مۆبایلەکەی داخست.

ئاوڕەنگ ماچێکی لە لێوەکانی ئۆلگا کرد و گوتی: خۆشەویستی دڵەکەم، هەموو شتەکانی دنیا لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتن درووست بووینە، ئەو کە شتێکت پێدەبەخشێ چاوەڕوانە شتێکێك لێتبسەنێ، بەلاّم ئەو شتەی کە ئەو بە تۆی دەدا شتی بێبایەخن بەرامبەر ئەو شتەی کە لە تۆی داوایە، تێمدەگەی؟ ئەو داوای ڕۆح لە تۆ دەکا، دەبێ شتێ هەبێ لە ڕۆح بەهادارتر؟

ئۆلگا زەردەخەنەیەکی پڕ لە قەلەقی کرد و گوتی: گیان، من ئامادەم هەموو ژیانی خۆم بە تۆ بدەم لە پێناوی وەرگرتنی تەنانەت یەك زەردەخەنە لە تۆ.

ئاوڕەنگ توووند توووند لە ئامێزی خۆی گرێیدا و کەوتە ماچکردنی.

کالْکان لە دەست و پەنجە و سەر و سیمای خۆی دەڕوانی و باوەڕی نەدەکرد، هەستی بە وجودی خۆی نەدەکرد و وای دەزانی ئەو لەنێو خەیاڵدا ئەو شتانە دەبینیٚ، زۆری پیٚ سەیربوو، رستەکانی ئۆلگای دەهاتەوە یاد و پێدەکەنی، ئیدی شەوانە باوەشی بە درەختێك یا دیواری مەیخانەیەك دەکرد و بە ئۆلگا تێیدەگەیشت، هەموو هەوڵێکی بە خەرج دەدا بۆ ئەوەی جارێکیتر گوێی لە دەنگی ئۆلگا ببێتەوە، کەچی بێسوود بوو، ئۆلگا ئەو ماوەیە شەو و رۆژ لە ماڵەکەی ئاوڕەنگ دەژیا، لای کالْکان خۆری بەختەوەریی تەواو ئاوا ببوو، هەمیشە بە سەرخۆشی بە شەقامەکاندا دەخولایەوە، باوەڕی بە هیچ شتیٚ نەمابوو لەو دنیایە، سەردانی هەموو ئەو شوێنانەی دەکرد کە چرکەیەك لە چرکەکان ئۆلگای تیا بینیی بوو، هەمیشە وڕێنەی دەکرد و چاوەکانی سوور سوور هەڵگەڕابوون، لە جیاتی فرمێسك ئیدی دلۆپی خوێن دادەبارین، زۆری لە خۆی دەکرد و هەوڵیدەدا بۆ ئەوەی هەوڵبدا باوەڕ بەو واقیعە نوێیە بێنیٚ، لە خۆی دەپرسی: کەسیٚ بە من رازی نەبیٚ چۆن من

قبـوڵی ئـەوە بکـەم هێنـدە بـۆی بـە کێـوی بێزاریـی و ئـازار و خەفەتدا هەڵزنێم..؟

ئـەو پرسـیارانە زۆری نەدەخایانـد و دەسـتی دەکـردەوە بـە گریـان، شـەڕی بـە هـەموو شـتێ دەفرۆشـت، خـەڵکی کـە لـە شەقامەکان دەیاندیت زوو دەیانزانی کە ئەو پیـاوە شـێتە یـا وا خەریکە بەرەو شێت بوون دەچێ، بۆیە خۆیـان لـە شـەڕی ئـەو دەپاراست و ڕێگای ڕۆیشتن و لەیـەك تێپـەڕینیان بـە خۆیـان و بـە ئـەویش دەدا.. کاڵکـان چـەند کاتـژمێرێ جارێـك دەچـووە گـەڕەکی بەهەشـتی شـین و بـە چـاوی پـڕ لـە گریانـەوە لـە پەنجەرەی ژوورەکەی ئۆلگای دەڕوانـی لـە باڵاخانـەی قوتابیـان، کەچی ئۆلگا هەر دیار نەبوو، هاواری دەکرد، ئۆلگا ئۆلگا بۆچـی ئەو هەموو ئازارەم پێدەچێژی، خـەڵك بـە ئاسـانی گوێیـان لـە وڕێنە و هات و هاواری ئەو پیاوە دەبوو کـە ئێسـتا هەفتەیـەك بـوو ریشی نەتاشـیبوو، خـۆی نەشـۆریبوو، پۆشـاکێکی پـیس و چڵکنی لەبـەر دابـوو، لـە خـۆی دەپرسـی: زەمـەن ئـاوا بەسـەر مرۆڤ دەهێنێ؟ ئایا من گەنجبووام ئاوا تێیهەڵدەدام؟

هەر دەگریا و کڵپـە و ئـاگری دەروونـی دانەدەمرکایـەوە.. نـاوە نـاوە برووسـکەیەك بـە خـەیاڵی دادەهـات و وێنـەی ئۆلگـای دەکەوتە بەرچاو کە لە ئامێزی کوڕێکی گەنجدایە، هـەر جارەو بە شێوەیەك لە خەیاڵی خۆیدا وێنەیەکی بـۆ سـیمای ئـاوڕەنگ درووست دەکرد، ئەو کاتانە زیاتر هەڵدەچوو، بـەدەم گریانـەوە

هاواری دەكرد: بۆكوێ دەچیت، تۆ بانگەشتەی مەرگی خۆتت كردووە؟

دوای نیوەڕۆیەك پۆلیسێ گوێی لەو هات و هاوارەی ببوو، بە دزییەوە رەسمێكی گرتبوو، چونكە دەیزانی ئەو پیاوە تاوان كارییێكی لە رێگادایە.. كاڵكان بۆ هەمیشەیی لە دەمانچەكەی دەڕوانی و پڕ بە دەنگی قاقا پێدەكەنی، دواتر دەستی دەكردەوە بە گریان، چەند شەوێك بوو لەناو باخچەكان دادەنیشت و لە یەكە یەكەی رێبوارانی ئەو شەقامەی تەك باخچەی دەڕوانی.. تا چاوانی شل دەبوو دەیخواردەوە و لە خەڵكی دەڕوانی.. هەر بەدەم گریان و سەرخۆشیەوە لەو باخچەیە لێی رادەكشا و خەو دەیبردەوە، بەیانیان لە كاتژمێر شەشی بەیانیەوە دەستی دەكردەوە بە ئەلكحول خواردنەوە و هەندێجار حەشیشی دەكێشا، ببووە برادەری هیپپیەكان، چیرۆكی عەشقی خۆی بۆ هیپپیەكان دەگێڕایەوە و لە كۆتایشدا دەیگوت: بۆ كوێ دەچێ، هەر دەیكوژم.

هیپپیەكان لە قاقای پێكەنینیان دەدا و دەیانگوت: ژیان ئەوە ناهێنێ، بخۆوەو مەستبە.. تف لە هەموو بەهاكانی ژیان بكە.

## 54

ئۆلگا لە باوەشی ئاوڕەنگ راکشابوو، لەگەڵ دایکی بە تەلەفۆن دەدوا: دایە گیان وازم لە بیرۆکەی داوەتکردنەکەی ئێوە هێناوە، من دێمەوە، ئەو دوو سێ رۆژەم لێرە ماوە، ئیدی دەگەڕێمەوە باوەشتان، پارەی ئەوەم کارکردوە، شوقەیەکی جوان بکرم و دکتۆراکەم تەواو کردوە، هەر لە ئێستاوە لە رێگای ئینتەرنێتەوە کاریشم دۆزیوەتەوە، ئەوا ئاوڕەنگیش بڕیاری داوە ماوەیەکیتر یان بۆ ئێرەم بگەڕێنێتەوە، یاخود ئەو بێ بۆ لای ئێمە و حەز دەکا ئەدەبی رووسی بخوێنێ.

_کچەکەم من لەم دوا دواییە کۆمەڵێ شتی زۆرم لەسەر کورد خوێندۆتەوە، ئا ئا پێی رابگەیەنە با بێت چونکە لێرە لە یەرسلاڤلێش دەیان خانەوادەی کوردی بەڕێز و بەناوبانگ و زەنگین و ملیۆنێری لێیە، بۆیە ئەو دووجار لەو شارەی ئێمە غەریب نابێ، جارێ ئەوەیە کە ئێمە دەیکەینە کوڕی خۆمان و جارێکیش کۆمەڵێکی زۆر لە هاوخوێن و هاوزمانانی ئەوی لێیە..

ئۆلگا کە تەلەفۆنەکەی داخست هەستی بە بەرجەستەکردنی خەونەکانی کرد، لە خۆشیدا راچڵەکی و بێ وەستان کەوتە ماچکردنی ئاوڕەنگ..

دوای ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك ئەوە یەکەمینجاربوو کە بگەڕێنەوە ژوورەکەی ئۆلگا، سەر مێزە بچووکەکەیان بە جۆرەها مەززە و ڤۆدگا رازاندبۆوە، لەو خۆشییەدا کەوتنە هەڵدانی پێکەکانیان و کات نزیك دەبۆوە لە یازدە، بتڵی ڤۆدگاکەیان خاڵی کردبوو، کەوتنە سەمایەکی هێور، ئۆلگا دەستی بەر شتێکی رەق کەوت لەبەر کەمەری پانتۆڵی ئاورەنگ.. کە رایکێشا دەمانچەبوو..
ئۆلگا بە سەرسوڕمانییەوە پرسی: تۆش .. خۆشەویستی دڵەکەم تۆش؟
_نا نا ئازیزی رۆحی من، ئەوەیان هەر بۆ خۆ پاراستنە، دەبێ بزانین کە شەڕ بەشێکە لە ژیان، تۆش نەتەوێ هەندێجار ئەو بانگت دەکا، لەبەریشی رابکەیت ئەو دوات دەکەوێ، ئەو هەمیشە حەز بە میوانداری هەموو مرۆڤێك دەکا، بەلاَم چ جۆرە میوانێکە، میوانێکی دڵڕەق و ناوەخت، هەرکاتێ بیەوێ بێ پرس روو لە ماڵی مرۆڤەکان دەکا، ئاه کە میوانێکی بێزوان و ناشرینە، ئەوەی کە ئێستا بە دەستیشتەوەیە (مەبەستی دەمانچەکە بوو) خۆراکێکە بۆ ئەو جۆرە میوانانە..
_گیانی من، من هیچ شتێ لەو جۆرە زمانە تایبەتیە تێناگەم کە ئێستا تۆ قسەی پێدەکەی، بەلاَم تەنیا لەبەر خاتری من ئاگاداری خۆتبە، چونکە ژیانی من بێ تۆ هیچ بەهایەکی نامێنێ.

ئاوڕەنگ داوای لە ئۆلگا کرد کە خۆی جوان داپۆشێ بۆ ئـەوەی پیاسەیێ بـەنێو ئـەو بـەفرەدا بکـەن کـە پێدەچـوو دواتـرەمین بەفربارین بێ لەو ساڵەدا، سێ هەفتـە دەبـوو بـەفر نـەباریبوو، هەردووکیان بەو بیرۆکەیە زۆر خۆشحاڵ بوون، چـوونە دەرەوە و بەرەو قەڵای "شپارن بورگ" ڕێگایان گرتەبەر..

هـــەردوو لای خیابانەکـــە بـــە درەختـــی بـــەرز و ســـەوز داپۆشرابوون، لەناوەراستی شەقامەکە ئـاوڕەنـگ ئۆلگـای خسـتە ئامێزی خۆیی و دوای تەئەمول کردن بۆ چاوە کەسکەکانی بـە بزەیەکەوە گـوتی: تـۆ خـۆر بـووی کـە هـاتی و تاریکایی ژیـانی منت رۆشەنکردەوە؟ بەر لە دەرکەوتنی تۆ ژیانی مـن هەمیشـە تاریك بـوو، ئاڤـژەن بەدوامـەوە بـوو.. بـەڵام تـۆ هێـزت پێـدام، هێزی رزگاربوون و ژیان..

بەفر وردە وردە دەباری، ئەو ناوە سپی سپی دەچۆوە، دەتگـوت ئەوە بەفر نییە کە دادەبارێ بـەڵکو رۆحـی پـیرۆزە لـە شـێوەی کلوە بەفر دێتە خوارەوە و زەمـین لـە گونـاحـە رەشـەکان سـپی دەکاتەوە..

ئۆلگا دەستی ئاوڕەنگی لەنێو دەستەکانی خۆیدا توونـد دەگوشـی و گوتی: سوێندم بەو بەفرە پاکە، ئامـادەم هـەموو ژیـانی خـۆم بە پاکی لەگەڵ تۆ تەواو بکەم.. سوێندبێ بەو بـەفرە پاکـە کـە هەر لە رۆحی گەردوون دەچێ بۆ هەمیشەیی ژنێکی وەفاداربم بۆ تۆ..

سـەر شـان و سـەر پرچـیان تـەواو سـپی دەچـۆوە، کەوتنـە ماچکردنی یـەکتری، لـەو سـەرمایەدا ئـەوان گـەرمایان بـوو، بـۆ تاوێکی درێژ ئاوا بەبێدەنگی بەرامبەر یەکتری وەستان و هـیچ قسەیەکیان نەکرد، دەتگوت هەست بە شتێکی نامۆ دەکەن، ئایا لـە یـەکتر دابـڕان و مـردن دەترسـان؟ تـەنیا لـە گلێنـەکانی یـەکتریان دەڕوانـی هیچـیتر.. دواتـر فرمێسـك لـە چـاوەکانی هـەردووکیان هاتـە خـوار، هاتنـەوە ئـامێزی یـەکتری و هەنـدێ جوولـەی وەك سـەمایان ئەنجامـدا، بـەفر هێشـتا هـەر دەبـاری، دارستانەکەش چۆل بوو، جگە لەوان تەنانەت هـیچ باڵندەیـەك و هـیچ خشـۆکێك و هـیچ گیانلەبـەرێکیتری لێنـەبوو.. بـەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە بزەیەکیان بۆ یەکتری کرد و بەرەو مـاڵ گەڕانەوە.. ئایا بۆ نەچوونە شپارن بـورگ؟ ئـەی بـۆ درێـژەیان بە پیاسەکەیان نەدا؟

کـە گەیشـتنەوە ژوورەکـەی ئۆلگـا، ئـاوڕەنگ جلـەکانی خـۆی داکەنانـد، دەرگـای ژوورەکـە دەنگـی لێـوە هـات، چـەند جارێـك لەسەر یەك و بێپچڕان، ئاوڕەنگ بەرەو دەرگاکـە چـوو، کەچـی دڵی ئۆلگا بـەر لـەو خەبەریـدا، دەرگاکـەی کـردەوە، لـە شـوێنی خۆی وەستا و هێز لە لەشیدا نەما و رەنگـی رووخساری تـەواو گۆڕا، کـە ئـاوڕەنگ بـە دەسـتێك ئۆلگـای دایـە لایـەك، پیـاوێکی تووڕە و بەژن بڵندی سەرووی چل ساڵانەی بەرامبەر بە خـۆی دیت، ئەو پیاوە لەو سەرما و بەفرانبارەدا ئارەقەی کردبوو، کە

ئــاوڕەنگی بەرامبــەر بــەخۆی دیــت، بــە دەنگێکــی تــووڕە و کینــەدارەوە گــوتی: تــۆ ئــاوڕەنگی؟ ئــەوڕۆ دواتــرەمین رۆژی ژیانتە.

ئاوڕەنگ بە هەموو هێـزی مسـتێکی لـە نێـو دەمـی کاڵکان دا و هەر ئەو چرکەیە لووت و دەم و لێوی پڕ بوو لە خـوێن، ئۆلگا ئاوڕەنگی گرت، کاڵکان لوولەی دەمانچەکەی دانایە سەر سینگی ئاوڕەنگ و گوتی: دەتکوژم.

## 55

کاڵکـان لوولـەی دەمانچـەکەی هـەر لەسـەر سـینگی ئـاوڕەنگ دانابوو، بیرۆکەی خێرا و برووسکە ئاسای بـە مێشك دادەهات، ئەگەر کوشتم چی لەو دنیایەدا دەگۆڕێ؟ ئەی چارەنووسی مـن چی بەسەر دادێ؟ بۆچی بیکوژم کە ئۆلگا منی نەوێ؟ نا بـەڵام پێویستە میکرۆبی ئاوا لەناو ببردرێ، ئـەو نەبووایـە ئۆلگا هـی مـن بـوو.. بـە تووڕەیـەکی زیـاترەوە گـوتی: تـۆ ژیـانی منـت تێکداوە هەر دەتکوژم.

ئۆلگا نەیتوانی زیاتر تەحـەمووڵی ئـەو دۆخـە بکا، بـە هێـوری چـووە پـێش و لوولـەی دەمانچـەکەی هاوێشـتە سـەر مەمکـە قیتەکانی خۆیی و گوتی: کاڵکان مـن هـۆی ئـەو هـەموو شـەڕ و ئاژاوەیەم، تکا دەکەم من بکوژیت.

ئـاوڕەنگ دەرفـەت وەردەگـرێ و بـە خێراییێکـەوە دەمانچـەکەی بەر کەمەری خۆی دەردەهێنێ و لەنێو دەمی کاڵکانی رادەکا و بـــە خێراییێکـــی باوەڕپێنـــەکراویش دەمانچـــەکەی کاڵکـــان وەردەگـرێ.. قرچـە قرچـی لوولـەی دەمانچـەکە دێ کـە بـەر ددانی خوێن لێهاتووی کاڵکان دەکەوێ.. ئاوڕەنگ داوای لە ئۆلگا کـرد بچـێتە ژوورەوە و واز لـەو کێشـەیە بێنـێ، چـونکە ئـەوە کێشەی نێوانی پیاو و پیاوە، لەوەش زیاتر ئەوە کێشەی نێوانی

کوردێك و تورکێکە..

ئاوڕەنگ لوولەی دەمانچەکەی زیاتر پاڵدایە نێو دەمی کاڵکان و بە هەڵچوونێکەوە گوتی: بۆچی نادوێی ئەی ئەو قارەمانەی بە نیاز بووی کەسێك بکوژی کە نە دەتناسیٚ و نە هیچ خراپەیەکی بۆ تۆ هەبووە، تۆ چیت لە دەعبایەکی ناشرین و پیس زیاتر بەو لاوە؟

کاڵکان دەلەرزی و لە ناکاودا رێچکە رێچکەی فرمێسك بە چاوانییەوە هاتنە خوار و بە دەنگێکی تەواو بەزیوەوە گوتی: من بڕیاری خۆمدا، ئەو دەمانچەیە لادە، من بڕیاری خۆمدا، ئیدی واز لەو شێتاتیە دەهێنم، بەلاٚم رێگام بدەن بێمە ژوورەوەو هەندیٚ قسە بکەم.

ئاوڕەنگ لوولەی دەمانچەکەی کە هەمووی لەبەر خوێن سوور هەڵگەڕابوو زیاتر بردە نێو دەمی کاڵکان و گوتی: تۆ درۆزنیشی، یەکێك رێز لە مرۆڤی بەرامبەری نەگریٚ و بوختانی پێبکا، درۆشی لەگەڵ دەکا، جا درۆکردن بۆ تۆ چییە؟

کاڵکان: باوەڕم پێبکە من نە درۆزنم و نە خراپیش، پاکانەش ناکەم بمکوژە، بەلاٚم بەر لەوە رێگام بدە دوو رستەت بۆ شیبکەمەوە.. ئەوەی منی فێرە درۆ و فێرە فێڵ و فێرە ناشرینی کرد ئۆلگا بوو.

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: ئاوڕەنگ رێگای بدە با بێتە ژووریٚ.

ئاوڕەنگ بە گومانەوە لوولەی دەمانچەکەی لەنێو دەمی کاڵکان دەرهێنا و رێگایدا بێتە ژوورەوە..
کاڵکان لەسەر ئەو کورسیە دانیشت کە کەوتبووە بەرامبەر قەروێڵە یەك کەسیەکەی ئۆلگا، ئۆلگا و ئاوڕەنگیش لەسەر قەروێڵەکە بەرامبەر بە کاڵکان دانیشتن..
کاڵکان بە کلێنسێك دەم و لێوی خۆی سڕیەوە و جگەریەکی داگیرساند، ئینجا بە قووڵییەوە لە ئۆلگای روانی و کەوتە قسەکردن: ئۆلگا تۆ خاوەنی چ دڵێکی رەقی؟ هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامی دەدەیت دژ بە من پادداشتی کردەوە و ئاکاری دڵی نەرمی منن؟ ئەوەیە پادداشتی هەموو ئەو چاکانەی کە بێ بەرامبەر بۆم ئەنجام داویت؟ خۆ خۆت ئاگاداری من لە پێناوی تۆدا چیم بەسەر هاتووە؟ ئەی ئەو هەموو دیاریانەی پێشکەشم کردی؟
ئۆلگا بە هێوری هەستا و چی دیاری گرانبەها و کەمبەهاکانیش هەیە هەمووی دەرهێنا و لە بەردەم کاڵکانی دانا و گوتی: سوپاس بۆ دیارییەکانت، منیش بە هەڵە تێگەیشتبووم، یاخود باشترە بڵێم خەوتبووم، چونکە من نەمزانیوە ئێستا کەسێ مابێ لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمە بە عەقڵیەتی کڕین و فرۆشتن لە رۆحی مرۆڤەکان بڕوانێ، دیارە تۆ ویستووتە بە خشڵ و ئەڵماس رۆحی من بکڕیت، زۆر زۆریش سەیرە تا ئێستا کەسێك مابێ بیەوێ بە شتێکی ماددی

بێـڕۆح بـە قیمـەتترین شـتی مرۆڤایـەتی بکـڕێ.. بەڕاسـتی تـۆ پیاوێکی فریودەری..

_حەقی خۆتە کە بوونی مرۆڤێکی وەك منت پـێ سـەیربێ لـە سەرزەمیندا، چونکە زەمـین هێشـتا پـڕە لـە کەسانی وەك تـۆ، پڕە لە کەسانی دڵڕەق و بەرژەوەنـدی پەرسـتی وەك تـۆ.. مـن تێناگەم چۆن زەمین دەتوانێ کەسانی وەك تۆ لە باوەشی خۆی بگـرێ و قـووتی نـەدا؟ دواتـر ئـەوەی مـن بـۆ تـۆ و لـە پێنـاوی خۆشەویستیی بۆ تۆم ئەنجامداوە و ئەوەیش کە ئامادەم بۆ تـۆ ئــەنجامی بــدەم کــێ ئــەو ئامادەباشــی و ئــەو ئامەدەگییــە هەمیشەییەی تێدایە؟ ئەو کوڕە چی بـۆ تـۆ پێـدەکرێ کـە مـن نەتوانم بۆ تۆی بکەم؟

_حەز ناکـەم خـۆت بـە ئـاوڕەنگ بـەراورد بکـەی، چـونکە ئـەو هەموو ژیان و تەمەن و ڕۆحی منە.

کلێنسەکەی دەستی کاڵکان تـەواو سـوورهەڵگەڕابوو بـە خـوێنی دەم و لووتی، خوێنەکە هێدی هێدی دەوەستا، ئاوڕەنگ ویستی جگەرەیەك داگیرسێنێ، کەچـی پاکەتەکـەی هـیچ جگـەرەی تیـا نەمابوو، کاڵکان پاکەتەکەی خۆی بـۆ هەڵـدا و بـە نەرمییێکـەوە گوتی: هەوڵدە خۆت لـەو شـەیتانە بپـارێزە چـونکە دوور نییـە بەو دەردەی منت ببا.

ئـاوڕەنگ مـژێکی لـە جگەرەکـەی لالێـوی داو بـە هێورییـەوە گـوتی: بـا بـە سـانایی لـە کێشـەکە تێبگـەین، لـەوە دەچـێ تـۆ

پیاوێکی بەڕێز و خانەدان بیت، پیاوێکی هۆشیاریش دیاریت، بەڵام زۆرجار وا روودەدات کە عەشق عەقڵ لە سەری مرۆڤدا نەهێڵێت، تۆ زۆر یارمەتی ئۆلگات داوە لە ژیان و خۆشی دان بەوە دەنێ، بەڵام بەو مانایە نییە کە یارمەتی ئەوت داوە پێویستە ئەو خۆیت پێببەخشێ.. ئەو رێزێکی زۆری بۆ تۆ هەیە، وەك برادەرێك یا وەك برایەك لە تۆی روانیوە، دەبێ تۆ قبوڵی ئەوە بکەیت کە هەموو کەسێ ئازادە لە هەڵبژاردن، وەك چۆن تۆ ئازادیی بە خۆت دەدەیت کە ئەوت خۆشبوێ، ئەویش ئاوا ئازادیی بە خۆی دەدا کە تۆی خۆشنەوێ، کەوابێ وازبێنی باشترە و درەنگیشە خەومان دێت..

کاڵکان بەو رستەی دوایی تەواو سوورهەڵگەڕا و بە دەنگێکی بەرز گوتی: کەوابێ لەگەڵیشی دەخەوی؟

ئۆلگا وەك برووسکە بە وەڵام هات و گوتی: ئەوەیان پەیوەندی بە تۆوە نییە.

کاڵکان لە ئاوڕەنگی روانی و بە تووڕەییێکەوە گوتی: فریوت دەدا.

ئاوڕەنگ گوتی: ئەوەیان پەیوەندی بە تۆوە نییە.

رووی لە ئۆلگا کرد و بە نەرمیەوە پرسی: هیچ کارێکت لەگەڵ کاڵکان ماوە؟ هیچ شتێکی ئەوت لا ماوە؟

ئۆلگا بە نەخێر وەڵامی دایەوە.

کاڵکان دەلەرزی و خەریك بوو فرمێسك لە چاوانیدا

کەڵەکەیان دەکردو ئێستا نا دەمێکیتر سەر رووومەتەکانی پڕ دەبن لە دڵۆپە ئەشکی درشت.. بە دەم هەڵلەرزینەوە بە دەنگێکی نەختێ بەرز گوتی: کەوابێ تەواو؟ هەموو شتەکان کۆتایی پێهات؟ من چی لە خۆم بکەم روو لە کوێ بکەم؟ خودا قبوڵ ناکا، خودا ئەو غەدرە قبوڵ ناکا، من ئێستاش ئامادەم هەموو سەروەت و سامانی ژیانی خۆم بدەم بە تۆ، ئامادەم پەیکەرت لە زێڕ بۆ درووست بکەم..

فرمێسکەکانی هەردوو چاوی بە لێشاو هاتنە خوارەوە و چووە دەرەوە.. دوای چەند چرکەیەك گەڕایەوە ژوورەوە و داوای لە ئاوڕەنگ کرد کە هەتا خوارەوە لەگەڵی بچێ، ئەوەندەی ئۆلگا هەوڵیدا ئاوڕەنگ لەگەڵی نەچێ کەچی ئاوڕەنگ گوێی پێنەدا و لەگەڵ کاڵکان چووە خوارێ و لەبەر دەروازەی بالاّخانەی قوتابیان بەرامبەر بەیەکتری وەستان..

کاڵکان بەدەم لەرزینێکی زیاتر و فرمێسك هەڵوەراندنێکی زیاترەوە هاتە دوان: لەگەڵی نووستی ها؟ هەر بۆ سێکس دەتەوێ وا نییە؟ بێگومان وایە، ژنی رووس هەر بۆ زەمەنێك باشن..

_حەز ناکەم قسەی وا بکەیت، یەکەمین جار ئەو شتانە پەیوەندی بە تۆوە نییە و دووەمین جاریش ئەو کچێکە کە من خۆشمدەوێ.

_تۆ خۆشت دەوێ یا من؟ ئەگەر دەمبینی کە چۆن وەك شێت

بە نێو شەقامەکانی ئەو شارەدا دەخولێمـەوە، وازم لـە خـواردن و خەو هێنـاوە، بـەڵام نـازانم چیبکەم بـۆ ئـەوەی خۆشـیبوێم، دواتر حەز دەکەم شتێکیتر بزانی، مـن ئێسـتایش ئـەوم قبوڵـە، بەڵکو لەوەیش خـراپتر، خۆ ئەگـە لـە رۆژانـی بێنوێژیـدا هـەر رۆژە و لەگەڵ پیاوێکی جیادا بخەوێ هێشتا هەر قبوڵمە بیکەم بە ژنی خۆم.. خۆ ئەگەر ئارەزووی ئەوە بکا ببێتە سۆزانییێکی بەناوبانگیش هێشتا هەر قبوڵمە منداڵێکم لێی هەبێ..

کاڵکـان لـە پرمـەی گریانیـدا و نـەیتوانی لەسـەر قسـەکانی بەردەوامبێ.. وەك منداڵێك دەگریـا و هەڵدەلـەرزی، ئایـا ئـەوە ترس بوو لە ئایندە؟

ئاورەنگ بـە سۆزێکەوە گـوتی: درەنگـە بـەرێز کاڵکـان وا باشـە بچیتەوە ماڵ.. چونکە باری دەروونیشت زۆر لەبار نییە، ئیدی بیر لەو شـتانە مەکـەوە کـە بـوون بـە رابـردوو، چـونکە رەنگـە ژیانت لێ تاڵ بکەن.

_جا کوا من ژیانم ماوە تا تاڵ یا شیرین بێت؟ بڕوام پێکـە لـەو شەوەوە پەیمانێك دەدەم، من بـۆ هەمیشـەیی بـاوەڕم بـەو شـتە نامێنێ کە مرۆڤایەتی ناوی ناوە خودا، ئیدی من نـاتوانم بـڕوا بەو خودایە بکەم کە مرۆڤایەتی بە کوێری و نەزانیـەوە دوای کەوتوون، من باوەڕم بە هیچ شتێ نامێنێ ئەگـەر ئۆلگا بـۆ تـۆ بێ، یاخود بۆ ئەبەد ژیان لەگەڵ تۆدا بگوزەرێنێ، چونکە نـابێ کەسـانێکی بکـوژ هـەبن و کەسـانێکیش نـەبن کـە بکوژەکـە

بکوژنەوە، بکوژ دەبێ بکوژرێتەوە، تۆ بکوژی ئەویت و دەبێ بیکوژیت، خۆ ئەگەر ئاوات کرد ئەوا من باوەڕ بە گەورەکەی خۆمان دێنمەوە، من لەبەری دەپاڕێمەوە و کڕۆش بۆ دادپەروەری ئەو دەبەم.

کاڵکان دەستی بۆ ئاوڕەنگ درێژکرد و بەدەم تەوقە کردنەوە گوتی: من پیرۆزبایت لێدەکەم، تۆ لەو گەمەیە براوەیت، لەو حاڵەتەیش کە پێشبینیەکەی من هەڵە دەرچوو ئەوا لە جیاتی من ئاگاداری ئۆلگابە، چیت ویست گەر من لە ژیاندا مام ئەوا ئامادەم بۆتانی جێبەجێ بکەم.. چونکە تاك دەمی دوای مردنیش هێشتا هەر خۆشمدەوێت..

ئاوڕەنگ بە هێوری مەخزەنی دەمانچەکەی کاڵکانی دەرهێنا و دەمانچەکەی دایەوە دەستی و بە غەمگینی و هاوسۆزییێکەوە گوتی: لەبەر گیانی تۆ گوللەکانت نادەمەوە، گەرنا ئێستا یەقینم لە باشیی و لە پاکیی تۆ.

یەکتریان لە ئامێزکرد، کاڵکان رۆیشت، کە ئاوڕەنگ سەر پەیژەکە کەوت، ئۆلگا لەوێ وەستابوو، ئاگاداری هەموو قسەکانیان بوو، فرمێسك لە چاوەکانیدا رێچکەیان کردبوو، خۆی هاوێشتە ئامێزی ئاوڕەنگ و لە پڕمەی گریانیدا.

## 56

شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە بوو، ئۆلگا هەموو شتەکانی خۆی کۆکردبۆوە و خەریکی هەڵبژاردنی هەندێ لە شتە وردەکانی بوو، ئاوڕەنگ لە ئۆلگای روانی و بە دەنگێکی بەرز ئەو ئایەتەی خوێندە: (لە سەرەتدا خودا ئاسمان و زەوی بەدیهێنا، زەویش بێ شێوە و هیچی تیا نەبوو، تاریکیش بەسەر رووی قووڵاییەکانەوە بوو، رۆحی خوداش بەسەر رووی ئاوەکاندا دەجولایەوە.. خودا فەرمووی با رووناکیی ببێت. رووناکیی دروست بوو، خوداش بینی کە رووناکییەکە باشە، رووناکییەکەی لە تاریکیی جیاکردەوە، خودا رووناکییەکەی ناونا رۆژ و تاریکییەکەشی ناونا شەو، جا ئێوارە بوو بووە بەیانی، ئەمە رۆژی یەکەم بوو).

ئاوڕەنگ هەندێ وەستا و لاپەڕەیەکی کتێبی پەیدابوونی هەڵدایەوە و هاتە سەر ئایەتێکیتر: (بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تیایاندایە تەواوکران، جا خودا لە رۆژی حەوتەمدا لە کارەکەی کە کردی تەواو بوو).

ئاوڕەنگ لە ئۆلگای روانییەوە و گوتی: ئایا ئێمە لە رۆژی حەوتەمدا دەژین؟

ئۆلگا وێنەیەکی ئاوڕەنگی لەسەر سینەی خۆی دانا و دواتر

خستیە ناو جانتاکەی و گوتی: تۆ لەگەڵمی، لەناو گیان و لەناو دڵمی.
ئەوشەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوانیانەوە، بێوچان لە چاوەکانی یەکتریان دەڕوانی، دەتگوت هەست بەوە دەکەن ئیدی ئەو رۆمانە بۆ ئەبەد کۆتایی پێدێ و هیچ کەسێك ناتوانێ تەنانەت یەك وشەشی بۆ زیاد بکا، ئایا ئەوان لەناو هەندێ رووداوی واقیعیدا ژیابوون و هەندێ ئەزموونی ژیانی خۆیانیان لێرەدا تۆمارکردبوو، یاخود ئەو رووداو و تابلۆیانەی ژیانی ئەوان تەنیا وەهمێك بوو و هیچتر نا؟
سعات چوار و نیوی بەیانی رۆژی یەکشەممەبوو، ئاوڕەنگ پرسی: ئایا ئێمە بەڕاستی هەبووین و رۆژێ لە رۆژاندا کەسانێ باوەڕ بە وجودی ئێمە دەهێنن لەو زەمینەدا؟
_بۆچی هێندە بە رەشبینی دەدوێی؟ دەڵێی جارێکیتر یەکتری نابینینەوە؟ ئێستا دنیا بچووك بووە، هەمووی سێ کاتژمێر رێ لە نێوانی ئێمەدا نابێ.. گومانم نییە کە بەم زووانە بە یەکتری شاد دەبینەوە، ئیدی ئەوجارەیان بۆ ئەبەد لە یەکتری دانابڕێین و هەموو ژیانمان بەیەکەوە بەسەر دەبەین.
ئاوڕەنگ وەك ئەوەی کەوتبێتە حاڵەتێك لە نائاگایی هێندە بە سەیرییەوە قسەی دەکرد کە هەندێجار خۆشی نەیدەزانی چی دەڵێ، لە گلێنە کەسکەکانی ئۆلگای روانی کە لە ژێر برژانگە رەش و درێژەکانی دەبریقانەوە و گوتی: کێ نالێ ئێمە دوو

کارەکتەری نێو ڕۆمانێکین و تەواو؟ ئەوەی کە ڕوویدا تەنیا دەبێتە وشە و هیچیتر.
ئۆلگا دەستی کرد بە هەڵوەراندنی فرمێسکەکانیی و کەوتە ماچکردنی لێو و چاوەکانی ئاوڕەنگ.. ئاوڕەنگ لە کاتژمێرەکەی ڕوانی و گوتی: ئیدی کاتمان نەما بۆ گریان و بۆ هەڵوەراندنی فرمێسکەکان.
دەستی دایە مۆبایلەکە و تەلەفۆنێکی بۆ تاکسی کرد و چوونە بانهۆف و لەوێش بە شەمەندەفەرێك بەرەو فرۆکەخانەی فرانکفۆرت..
کە گەیشتنە فرۆکەخانە و جانتاکانیان دایە فەرمانبەرەکان و هەموو کارەکانیان تەواو کرد، یەکێ لەو کارانە ئەوەبوو کە کۆنتۆکەی ئۆلگا چەند پارەی تیا مابوو هەموویان دەرهێنا، ئێستا ئۆلگا پارەی کڕینی شوقەیەکی جوانی هەبوو لە یەرەسلاڤڵ، کاریشی دۆزیبۆوە کە بە پارەکەی دەتوانرا دوو کەس بە ڕێکپۆشی پێیوە بەڕێبچن.
کاتژمێرێك مابوو فڕۆکەکە لە فرانکفۆرتەوە بەرەو مۆسکۆ هەڵبفڕێ، هێشتا کاتی ئەوە مابوو دوواترەمین کافێ بە یەکەوە بخۆنەوە، کە لەسەر مێزەکە بەرامبەر بە یەکتری دانیشتن ئیدی هیچ یەکێکیان نەیانتوانی قوومێك لە کافێیەکە بدەن..
ئۆلگا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە لە پڕمەی گریانیدا، پێدەکەنی و دەگریا، ئاوڕەنگ هەستایەوە هەر بە وەستان لەگەڵ ئۆلگا

یەکتریان لە ئامێزکرد، هەردووکیان دەگریان و بزەیان دەکرد، لە بڵندگۆکەوە دەنگێك هات: موسافیرانی فڕۆکەی نێوانی فرانکفۆرت و مۆسکۆ بەرەو کۆنترۆڵ بچن چونکە لە دە دەقیقەیتر فڕۆکەکە دەفڕێ.

ئاوڕەنگ لە ئۆلگای روانی و گوتی: کاتت نەما، دەبێ بڕۆیت.

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: تا مردن چاوەڕێتم.

کاڵکان لە دوورەوە لە پشت جامەکانەوە لەو دیمەنەی دەڕوانی دەگریا.. کە ئۆلگا رۆیشت ئەویش هەستا و رۆیشت، بەلاّم کەس نەیزانی چی بەسەر هات، ماوەیەك دواتر سەروەت و سامانەکەی هەمووی درایە سۆسیال، ئێستایش کەس تەرمەکەی یان هەواڵێکی ئەوی نەزانی، تەنیا پارچە کاغەزێکی بچووکیان لە ڤێلەکەی دۆزیبۆوە، کە لێینووسرابوو: بەختەوەریی وجودی نییە، ئەوەی کە روودەدات تەنیا یارییێکە هەموومان تێیدا دۆڕاوین، تکایە هەموو سەروەت و سامانەکانم با بۆ سۆسیال بێت و بەسەر هەژارانی دابەش بکەن.. خۆشەویستیم بۆ ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا لە هەر شوێنێکی ئەو زەمینەدابێ.

ئاوڕەنگ بە چاوانی سوورهەڵگەڕاوی پڕ لە فرمێسکەوە سواری شەمەندەفەرێك بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، لەناو یەکێ لە ژوورەکانی فارگۆنێکی چۆڵ دانیشت، بەدەم فرمێسك هەڵوەراندنەوە ئەو شیعرەی لەبەرە خۆیەوە دەخوێندەوە:

خۆرکەوتنبوو.. خۆرکەوتنبوو

لە ژێر ئەستێرە سوورەکانی ئاسمانی فرانکفۆرتدا

تابلۆیێ کوژایەوە.. دوو ـ با ـ داگیرسان

خەونێك لە ئۆقیانۆسی خەوندا نقوومبوو

من مانگێکی شین شینم دابەزاند و گوتم:

ها.. ئەوەیان ئومێدی دیدارە

هەر کاتێ تەماشات کرد

منت بێتەوە یاد.

خۆرکەوتنبوو.. خۆرکەوتنبوو

لە ژێر درەوشانەوەی گڵۆپە شین شینەکانی فرانکفۆرتدا

تۆ ڕووخساری خۆڵەمێشی منت لێدیار بوو

من ڕووخساری شینی تۆم لێدیاربوو

باران گۆرانییێکی بێدەنگیی خۆڵەمێشی دەگوت

ـ با ـ ڕەنگی هەڵێنا، ڕەنگێکی شین شین

تۆ مانگێکی شینت هێنایە خوار و گوتت:

ها.. ئەوەیان وەفایە

هەر کاتێك لێیت ڕوانی

منت بێتەوە یاد ..

لەو کاتەدا کچێکی تا بڵێی جوان و بەژن بڵند، ئەسمەر و خوێن شیرین، پێدەچوو خۆرهەڵاتی بێ، هاتە نێو ژوورەکەی ئاوڕەنگ

و پرسی: دەتوانم لێرە دانیشم؟ ئاوڕەنگ بە بەڵێ وەڵامی دایەوە..تاو نا تاوێ بە تیغی چاوانیانەوە لەیەکیان دەڕوانی، بەڵام بێدەنگیی تەواو باڵی کێشابوو، لە هیکرا دەنگێك ئەو دنیای بێدەنگییەی شکاند و بە کوردی پرسی: تۆ کوڕە شێخیت؟ ئاوڕەنگ بە سەرسوڕمانییەوە گوتی: نەخێر ئەی تۆ؟

_من کچە شێخی ئێزدیانم.

_منیش کوڕە شێخی ئیسلامانم.

هەردووکیان لە قاقای پێکەنینیاندا.

هەندێ بێدەنگ بوون، کچەکە هەمدیسان ئەو بێدەنگییەی شکاند و گوتی: بۆچی چاوانت ئاوا سوورهەڵگەڕاون؟

_دۆستی کچم هەبوو، گەڕاوە رووسیا.

بە پێکەنینەوە کچەکە گوتی: درۆ دەکەی حەشیشت کێشاوە.. ئەو قسەی تەواو کرد و کەوتە هەڵمژینی لێوەکانی ئاوڕەنگ.

کاتێ ئاوڕەنگ چاوەکانی لێکترازاند، لە شارەکەی خۆی تێپەڕیبوو، لە دڵەوە گوتی: پێدەچێ شەو ماڵی من بێ، یان رەنگە نەزانم ماڵی من دەکەوێتە کوێ! ئۆلگا و ئاڤژەنی هاتەوە یاد و زانی کە ئەوان تەنیا دوو وەهمی جوان بوون، دوو چیرۆکی لێکجیابوون بۆ ئەوەی ئەو رۆمانەیان لێدرووست بکا، ئیدی بۆ جارێکیتر نەیتوانی چارەنووسی ئەو تابلۆیە بگۆڕێ کە گۆڕینی بەو سپێردرابوو، ئیدی خۆری نێوانی ئاوڕەنگ و ئۆلگاش ئاوابوو.. تابلۆکە بەو شێوەیەی بەردەستت تەواو بوو.

# لە سەرووی عاشقبوون

من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان دروووست کردوە، چونکە خۆشەویستیی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردوون داگیرساوەو، هەمیشەیش بە هەلاّیساوی بۆ بوونەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە..

لەو نامەیەدا ناوی خۆمت بۆ نانووسم، نا لەبەر ئەوەی ترسێکم هەبێ لە ترادتسیۆن و کۆمەلّگا، یاخود لە ژنەکەم.. مەترسە ناوی تۆش نانووسم، نا لەبەر ئەوەی کە ناوێری لە تەك مێردەکەت رابکشێیت و لە ترسی ئەو نەوێری ئەو چیرۆکە بخوێنیتەوە، بەلّکو دەمەوێ بە زمانی یادەورییەکان لەگەلّت بدوێم، دەمەوێ بە پردی بیرەوەرییەکان تێپەڕم و لەوبەر کەناری یادەوەرییەکان شوناسی خۆم دەربێنم و بەرامبەر هەموو گەردوون و بوونەوەرەکانی ناوەوەی و بەرامبەر بە خودا پێتبلّێم: هێشتا خۆشمدەوێی.. یان نا تۆ خۆت گوتت: وشەیەکیتر هەیە، هەستێکیتر هەیە، ئەو هەست و وشەیە لەودیو سنووری ئاگرەکانی ئەڤینەوەن، هێشتا قاموسی مرۆڤایەتی هیچ قالّبێکی بۆ نەخولقاندونە و ناشتوانێ بۆیان دابڕێژێ.. ئەو وشەیە سیحرە، نا نەخێر سیحریش نییە، منداڵێکە لەناو تۆدا هەمیشە دەگرییێت و هاوار دەکا، کە هاواریش دەکا دەبێ ئەو شتەی دەست بکەوێ کە دەیەوێ دەستی بکەوێ.. کێشەکە لەوە دایە بۆ هەمیشەیی و بەردەوامیش دەیەوێت و دەبێ دەستیشی بکەوێ.. دەبێ

تێبگـەی ئـەو شـتە هەسـتێکە لـە سـەرووی عاشـقبوون.. شتبوونیش نییە، شتێکە هێشتا مرۆڤایەتی زاراوە و وشەی بۆ دانەناوە.
مـن ئـەو هەسـتەم بەرامبـەر بـە تـۆ هەیـە، بـۆ هەمیشـەیی پێویستیم بە تۆیە و دەشمەوێت هەمبیت.. من بۆ هەمیشەیی لەناو یادەوەرییەکانی خۆمـدا لـە ئاڤـژەنینم، بەتایبـەتیش لـەو کاتانەی کە هەسـت دەکـەم بەشـێکی گرینگـی زەمـەن و ژیـان و عومری خۆم داوە بە تۆ.
من کێم؟ ئایا زریانم هاتوومە خێوەتی بەختەوەریی تـۆ وێـران بکەم ؟ یـا ـ بـا ـ یێکـی زسـتانی تـووڕە، دەمـەوێ گـوڵی سـەفا و جوانییەکانی تۆ لە ڕەگەوە هەڵتەکێنم؟ من گوتم: ناوی خۆمت پێنـاڵێم، نـا لەبـەر ئـەوەی کـە مێردەکـەت پێبزانـێ تـاریکیی بکاتـە حیجابێـك و رووخسارتی پێداپۆشـێ و ئیـدی بـۆ ئەبـەد هەڵاتنی خۆر و ڕۆشـنایی مـانگ و ئەسـتێرەکان بـە چاوانتەوە نەبینیـەوە، بـەڵکو چونکە دەمـەوێ لـە ڕێگـای بیرەوەرییـەکان بێنمــەوە یــادت کــە مــن کــێم و چــیم؟ بۆچــی دەمــەوێ بمناسیتەوە؟ لەبەرچی ئەو نامەیە بۆ تۆ دەنووسم؟
ئـاخر مـن گـوتم: مـن بـاوەڕم وایـە خـودا لـە پێنـاوی عەشـق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووسـت کـردوە، چونکە خۆشەویسـتیی ئاگرێکە لە سـەنتەری گەردوونـدا، هەمیشـە بـە هەڵایسـاوی بـۆ بوونـەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە..

ئاسـاییە، دەكـرێ لـە زۆر شـوێنەوە دەسـت پێبكـەین، دەكـرێ زنجیرەیەك رووداوی یەك بە دوای یەكتریت بۆ بنووسمەوە ئەو كاتـە زوو دەمناسـیتەوە، بـەڵام نـا، مـن هـەرگیز نامـەوێ ببمـە پۆلیسـێك و فـەرمان بـە نائاگـایی و یادگـەم بكـەم كـە بـە رێكوپێكی و رووداو بە رووداو هەموو شتەكانت بیر بێنێتـەوە، نا نامەوێ وا زوو بمناسیتەوە ، نا لەبەر ئەوەی كە بمناسـیتەوە تـۆ زوو لـە خوێندنـەوەی مـن بێـزار دەبیـت، بـەڵكو دەمـەوێ چیرۆكی عەشقی نێوانی من و تۆ، بۆ خۆم و بۆ تۆ و بۆ هەموو دنیا بگێڕمەوە.

من پرسیار لە تۆ دەكەم ئەو نامەیە لە كوێوە دەست پێبكەم؟ رەنگە كەسانێ بێـزار بكـەین كـە لـە ناوەڕاسـتی رووداوەكانـەوە دەسـت پێبكـەین.. خـۆ دەكـرێ ئاسـایش بـێ كـە لـە ناوەڕاسـتی رووداوەكانــەوە دەســتپێبكەین، مــن هــەرگیز لەگــەڵ ئــەو بۆچـوونە نـیم كـە سـەر لـە خوێنـەر بشـێوێنین و تووشـی سەرئێشـەی بكـەین، بــەڵام پێمباشــە لــە ســەرەتاوە دەســت پێنەكەین.. كەوابێ با لە ورچە سپییەكەوە هەنگاو بنـێین كـە دڵێكـی سـووری لـە باوەشـدایە و لەسـەر دڵەكـە نووسـراوە: خۆشمدەوێی.

2005/7/1 زەنگێكـت لێـدا و بڕیارمانـدا یـەكتری ببیـنین، كاتـژمێر 4ی ئێـوارە مـن لـەوێ بـووم، نـازانم نـاوی چـی لـەو شوێنە بنێم! سەرەتا من ئەو گەڕەكـەم نەدۆزییـەوە، بـەڵام كـە

نزیك كەوتمەوە بۆنی سێو سەراپای ڕۆحی داگیرکردم، بۆنی سێوم لە دار و دیوار و درەخت و شەقامەکان دەکرد، دنیا یەکپارچە بۆنی سێوی لێدەهات، ئیدی من گومانم نەما کە تۆ لەوێی.. من لە تۆ دەپرسم: ناوی چی لەو گەڕەکە بنێین کە بۆنی سێوی لێدەهات؟

باش با ناوی بنێین (ئەو شوێنەی کە من تێیدا هەنگاوێکی زیاترم بەرەو نزیك بوونەوە لە ڕۆحی پیرۆز و لە خودا هاوێشت).. لەوێ لەو شوێنەی کە من چەند هەنگاوێکی زیاتر لە خودا نزیك کەوتمەوە، نەمدەزانی سەبارەت بە من ئەوڕۆ چی لە ژیاندا هەیە، نەمدەزانی بۆچی ئەوڕۆژە نەختێ جیاترە لە ڕۆژەکانیدی، تۆ لە نێو سەیارەکە لە تەنیشتم دانیشتی، بۆنی سێو دنیای وێران دەکرد، من لە ڕۆحەوە بۆنم دەکردی، هەزار ساڵ بە بێدەنگیی لە نیگاکانی یەکترمان ڕوانی، ئێمە وەك خەڵك وشە و ڕستەکانمان نەکردبووە پردێك بۆ ئەوەی لە یەکتری بگەین و گوزارشت لەو غەریبیکردنە بکەین کە بۆ یەکتری هەمانبوو، بەڵکو بە زمانی ڕۆح دواین، تۆ بە زمانی گلێنە شیعری پڕ لە شیعرییەتت بۆ دەخوێندمەوە، من بە زمانی دڵ هاوارم دەکرد و دەگریام.. تۆ دەستت درێژکرد و ئەو ورچە سپییەت دایە من کە دڵێکی سووری لە باوەشی دابوو، لە سەریشی نووسرابوو: خۆشمدەوێی.

من نەمدزانی ئەو دیارییە بە نرخە لە پای چی!

تۆ گوتت: ساڵڕۆژی لە دایکبوونت پیرۆز بێت.
من ئەو کاتە زانیم چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی ئاوادا لە دایکبوویمە.. بەر لە 2005/7/1 کاتێ کە ئەو ڕۆژە دەهات، بیرم بۆ هەزارەها پرسیار دەچوو، ئایە پێویستی دەکرد ئەو ڕۆژە لە ساڵنامەیەکدا هەبووایە؟ ئایە ئەو ڕۆژە شومترین و ناشترین ڕۆژی ساڵە یا بە پێچەوانەوە؟
من ورچە سپییەکەم وەرگرت و نەختێ لەو ورچەم ڕوانی و خەندەیەکم بۆی کرد و لەسەر کۆشی خۆمم دانا، ئەو کاتە هەمدیس بە نیگا قسەی زۆرمان کرد، من پێمگوتی: بۆنی سێو دێ، بۆنی سێو وەك لافاوی نوح هەموو زەمینی داگیرکردووە.
خۆم بۆ نەگیرا و دەستتم توونـد گرت، ئایە سیحر لە نێو دەستەکانی تۆدا هەبوو کە هێندە سەرسام و سەرمەست و سەرخۆشی کردم؟
تۆ خۆت بۆ نەگیرا و گوتت: حەزدەکەم دەست لە پرچت بدەم.
من بە بێدەنگیی پێکەنیم و تۆ گوتت: لەبەر بازنەکانی کۆمەڵگا ناوێرم لە شوێنێکی ئاوا دەست لە پرچت بدەم.
من گوتم: ماچێکم بدێ.. لێوەکانم نزیك کردەوە.. تۆ حەزت دەکرد ماچم بکەیت، بەڵام ترسایت، لە ماچی من نا، بەڵکو لە چاوە تیژەکانی دەوروبەر.
لەو ڕۆژەدا دوو دەقیقە بەیەکەوە بووین بەڵام لە یادگەی مندا ئێستا هەست دەکەم ئێمە دوو سەد ساڵمان بەیەکەوە

گوزەرانـــد.. ئێســـتایش بـــۆنی ســـێوەکانی ئـــەو رۆژە هـــەموو جەســـتەمی تـــەنیوە، ئایـــا تـــۆ بۆچـــی ئەوەنـــدە بـــۆنی ســـێوێکی تێنووت لێدەهات؟

مـن کـە گـوتم: لـە ورچـە سـپییەکەوە دەسـت پێدەکـەین ئـەوە نەبوو کە بۆم باسکردی، ئەوە تەنیا پێشەکییەك بوو بۆ ئەوەی بچمە ناو چیرۆکی ئەو ورچەوە..

کە هاتمەوە ماڵ ورچەکەم لەسەر تەلەڤزیۆنەکە دانا لـە ژووری نووستندا.. ئەو ورچە ماوەیـەکی بـاش بێـدەنگ بـوو.. چـونکە من هێشتا تۆم هەر هەبوو لە لایەك و تەنیاش بووم لە لایەکی دیکەوە.. ئـەو پێویسـت نـەبوو ئێـرەیم پـێ ببـا، چـونکە تـەنیا کەسێك کە لەگەڵی دەدوام خۆی بوو، بەڵام چـەند رۆژێ دواتـر کـە هەســتم راگــرت و ئــیتر مــن لــە ژووری نووســتندا تــەنیا نەبووم، گوێم لە ناڵە ناڵێك بـوو، گـوێم لێبـوو یـەکێك هـاواری دەکرد، گوێم لێبوو یەکێك گلـەیی دەکـرد.. لـە خـۆم دەپرسـی: ئایە ئەوە کێیە گلـەیی دەکـا؟ ئـەوە کێیـە ناڵـە نـاڵ دەکـا؟ ئـەی ئـەوە کێیـە دەگرییـت و هـاوار دەکـا؟ لـە خـۆم دەپرسـی: ئـەوە کێیە شەوانە شووشـەیێ عـەتری سـێو لـەنێو ژووری نووسـتنی مندا وردوخاش دەکا؟

من شەوانێکی زۆر بە دیار ئەو هەموو گلەیی و هـاوار و فیغـان و ناڵـە ناڵـە سـامگرتوو دەبـووم، سـەرم دەسـوڕما، بـۆنی سـێوم دەکرد و گومانم دەکرد.. شەوێکیان کـە هەمـدیس تـەنیا بـووم،

گوێم لە دەنگێك بوو پرسی: بۆچی بەبەر چاوانی منەوە هەموو ڕێساكانی گەردوون تێكدەشكێنی؟

من سەرەتا ترسام، ترسێك كە تا ئەو شەوە هەستم پێینەكردبوو، ئایا ئەوە من بووم كە ئاوا بەنێو ترسدا گوزەرم كرد یاخود ترس بوو هات و بەناو مندا تێپەڕی؟ لە هەموو لاكانی خۆمم ڕوانی، ئایە من خەون دەبینم یا خەونە ئاوا بێباكانە دێت و بەناو مندا تێدەپەڕی؟ بێگومان نەخێر.. ورچەكە بوو ئەو پرسیارەی كرد.. پرسیارەكەی دووبارە كردەوە: بۆچی بەبەر چاوانی منەوە هەموو ڕێساكانی گەردوون تێكدەشكێنی؟

گوتم: ئەوە من نیم یاساكانی گەردوونم تێك شكاندوە، بەڵكو ئەوە خودایە كە دەیەوێ مرۆڤایەتی بەو شێوەیە هەنگاو بنێ، گەرنا مرۆڤ بۆ هەمیشەیی نەیدەتوانی لە چەمكی عەشق تێبگا.. بەڵام تۆ بۆچی دەخوازی بە بۆنی سێو هەناسەكانم تەنگ بكەیت؟

گوتی: بۆچی زووتر نەهاتی؟

گوتم: ورچە جوانەكە، خوا ڕێگای نەدا، من چەند جارێ هاتم و بە دواتدا گەڕام، هەموو كەسێك و هەموو شتێكم دۆزییەوە تۆ نەبێ.

گوتی: تۆ درەنگ هاتی و منیش درەنگ بۆت دەركەوتم.

گوتم: راستە، من کە هاتم تۆ لەناو تەمی نامورادی و خـەمێکی قووڵدا لە سەمادابووی.

ئیدی ورچەکە زمانی لاڵ بوو، نەدوا، شەوانە کە مـن، ژنەکـەی خـۆمم بەبەرچاوەکانی ئـەوەوە مـاچ دەکـرد ئیـدی ئـەو هـار و شێت و وێڵ دەبوو، کراسی بـەر خـۆی دەپڕووکانـد.. چاوەکانی خۆی دەشکاند.. دەگریا و هاواری دەکرد.. کە لە ژنەکەم تـووڕە دەبـووم ئـەو پێدەکـەنی، لـە روانگـەی هاوسـۆزی ئـافرەت بـۆ ئافرەت نەختێ دڵگیر دەبوو، حـەزی نـەدەکرد پیاوێـك ئـاوا بـە تــووڕەیی لەگــەڵ ئافرەتێکــدا بــدوێ، بــەڵام لــە روانگــەی بەرژەوەنــدی تایبەتییــەوە حــەزی لــەو کێشــمە کێشــم و تێکئاڵۆزان و تێکنەگەیشتنە دەکرد.. ئێستا ئـەو ورچـە سـپییە بێدەنگە، بێلایەنە، نەدەڕوانێت و نەدەگرییێت، نە پێدەکەنێ و نـە قسـە دەکـا، ئیـدی بـۆنی سـێوی لێ نایـە، ئێسـتا لـە شـوێنی خۆیدا رۆیشتووە و لەناو یارییەکانیتری منداڵەکەم ژیان بەسەر دەبا .. هەرگیز پرسیاری دڵ و فرمێسکەکانم ناکات، ئـەوە مـنم کــە جاروبــار ســەرێکی لێــدەدەم و بــە هەنــدێ پرســیار دەیوروژێنم، ئەو هـیچ وەڵامێکـی نییـە، ئـەوە نـەبێ کـە دەڵـێ: پەیوەندی ئێمە وەك پەیوەندی عاشقەکانیتر نییە، ئێمە ئێستا کـە لەسـەر عەردیشـین بـەڵام لـە ئاسمانیشـداین، مـن و تـۆ لەوێنـدەر نامـەکانی رۆحمـان دەگۆڕینـەوە، بـاوەڕ دەکـەی ئـەو عەشقەی نێوانی ئێمە لە هیچ عەشقێکیتر ناچێ.

**من گوتم: چۆن لە هیچ عەشقێکی تر ناچیٚ؟**

**گوتی: تۆ خۆت بە نیازیت لە رێگای یادەوەرییەکانەوە بێنیەوە یادم کە تۆ کێیت؟ چیت دەویٚ؟ بۆچی عەشقی ئێمە لە عەشقی کەسانیتر ناچیٚ؟**

**ئا، من پێتدەڵێم بە سەیری یەکتریمان دۆزیەوە و بە سەیری یەکترمان خۆشویست، بە سەیریش هێندە بە خێرایی خزاینە ئامێزی یەکتری و بە سەیریش بۆ یەك گریاین، ئێستا بۆ تاویٚ بیری من بکەوە و منیش دواتر وردە وردە هەموو ئەو شتانەت لەو نامەیەدا دێنمەوە بیر.. ئایا باوەڕ بەوە بێنین کە قەدەریٚ لە سەفا و جوانیی ئێمەی بەیەك گەیاند و هەر ئەو قەدەرەیش بوو بە گەردووندا پەرتەوازەی کردین؟ ئایا ئاگاداری کە بۆنی سێوبوو ئێمەی بەیەك گەیاند و هەر سێوەکانیش بوون لێکیان دابڕاندین؟**

**دەتوانی بێنیەوە یادت رۆژی ئاهەنگی دەرچوونت لە زانکۆدا بۆچی هێندە دڵخۆش بوویت؟ خۆ تۆ دەتزانی خەڵاسکردنی قوناغەکانی خوێندن وەك تەواو نەکردنی وایە، بەڵکو ناخۆشتریشە، لەبەر یەك دنیا هۆکار، خۆ تۆ دەتزانی لە هەموو دۆستەکانت دادەبڕێی، خۆ تۆ دەتزانی کەشی زانکۆ لە ئەتمۆسفێری ناخۆشی فەرمانگە و ماڵ خۆشترە، خۆ تۆ دەتزانی دوای چەند مانگێك لە دوورکەوتنەوەت لە ئەتمۆسفێری زانکۆ تووشی بێئارامی و نیگەرانیێکی دەروونی**

دێیت، خۆ تۆ زۆر شتیترت دەزانی، کەچی شێتانە سەمات دەکرد لەو ئێوارە ئاهەنگەدا.. کەچی لە قاقات دەدا و پێدەکەنی، گەردوونت پڕکردبوو لە بۆنی سێو، رۆحی مرۆڤەکانت پرکردبوو لە بۆنی ئەو سێوانەی کە تێنوویان بوو، لە بۆنی ئەو سێوانەی دەمانێك بوو باران تەڕی نەکردبوون، ئایا تۆ بۆچی ئەوەندە بۆنی سێوت لێدەهات؟

لەو ئێوارەیەدا هێندە دڵخۆشبوویت کە ساڵانێکی زۆر بوو خۆتت بەو هەموو خۆشییەوە نەبینیبوو.. من ناڵێم لەبەر من هێندە دڵخۆشبووی، بەڵام خودا پێیگوتبووی کە لەو ئێوارەیەوە بەدواوە ئیدی ژیانی تۆ دەگۆڕدرێ..

تۆ دەزانی، یا دێتەوە بیرت ئەو ئێوارەیە چۆن ژیانی تۆی گۆڕی؟

من گوتم: باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووست کردوە، چونکە خۆشەویستیی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردووندا داگیرساوەو، هەمیشەیش بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە.

ئارامبگرە با بێنمەوە یادت چی بوو ژیانی تۆی گۆڕی، نیوەڕۆییێك کاتێ کە من لە یەکێ لە رێستورانتەکان لەگەڵ دوو برادەرم کە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا گەڕابوونەوە نانمان دەخوارد، برادەرێکیترم هاتە لام، سەرەتا سێوێکی بە دیاری پێدام.. دواتر وەك ئەوەی تەنیا بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە

هاتبێ ، هاتە لام و گوتی: ئێوارە ئاهەنگی دەرچوونمان هەیە، دەبێ بێیت، خۆ ئەگەر نێی ئەوا تەواو لێت تووڕە دەبم.. ئایا بۆچی ئەو لەو شوێنە دەرکەوت؟ بۆچی نەختێ دواتر یا کەمێ پێشتر لەوێ نەبوو؟ ئەی بۆچی هێندە جەختی لەسەر چوونی من کردەوە بۆ ئەو ئاهەنگە؟ ئەی بۆچی سێوێکی زەردی بە دیاری پێدام و خۆشی بۆنی سێوی لێدەهات؟ لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر بۆچی تابلۆی کۆترێکی سپی بە سەر دیواری ئەو رێستورانتە هەڵواسرابوو، کە لەنێو تەمدا دەفڕی و خەریکبوو دەکەوتە سەرزەمین؟

ئێمە دوای نانخواردن بە نێو شاردا خولاینەوە، چونکە شوێن نەبوو چووینە بەرزترین تاوەری شار و دەستمانکرد بە نۆشینی شەراب و ئۆز و بەو نیوەڕیە.. لەبیرنەکەین مەززەشمان سێو بوو.

بۆچی بە نیوەڕۆ شەرابمان نۆشی؟ سێومان خوارد؟ خۆ ئێمە بڕیارماندابوو ئێوارەکەی بچینە سەر بەرزترین چیای وڵات و لەوێ ئۆزۆ بنۆشین..

لە بەرزترین تاوەری وڵاتدا بەدەم نۆشینی کحول سەبارەت بە زۆر شت دواین، لەوانە پرسیمان: بۆچی یادگەی مرۆڤ هەندێ شت لەناوە خۆیدا حەفر دەکات و ئیدی تا مردن هەر بە هەڵکۆڵراوییەوە دەمینێتەوە؟

گەیشتینە باوەڕێك كە دوو شت بۆ ئەبەد لە یادگەدا ڕەشبوونەوەیان بۆ نییە.. یەكەمیان: عەشق و دووەمیشیان: عەشق.

لەو دوای نیوەڕۆیەدا من گوتم: ئەوڕۆ دوو ڕووداوی سەیر دێنە نێو ژیانم، یەكەمیان: غەریبی كۆترێكی سپی چاو برۆنزی دەكەم و دەیبینمەوە.

دووەمیشیان: سەرلەنوێ لەگەڵ شازادەیەكی ناو ئەفسانەكان یەكتر دەناسینەوە كە زووتر بەشێك بووە لە جەستەو ڕۆحی من.. مەبەستم تۆ بوویت، ڕاستە پێشتر من تۆم نەبینیبوو، بەڵام لە یەكەم دیداردا تۆم ناسیەوەو زانیم تۆ هی نێو حیكایەت و ئەفسانەكانی.

ئەوان گوتیان: تۆ نە پێغەمبەریت و نە ساحیریش، هەموو كەسێ دەتوانێ وڕێنە بكا.

گوتم: ئاخر من بۆنی باخێ سێوی تێنوو دەكەم..

گوتیان: وڕێنە دەكەیت.

ئێمە لەبەر مەستی لە یادمان چووبۆوە كە ئێوارەكەی لە ئاهەنگی دەرچووان داوەتكراوین.. بۆیە سواری ئۆتۆمبێلەكە بووین و هەمدیس بە نێو شاردا سوڕاینەوە، نەماندەزانی دەچینە كوێ و ئامانجمان لە ڕۆیشتن چییە! باشبوو یا خراپ ئەوە نازانم من، جا كوانێ كێشە كە تۆ نەزانی بەرەو كوێ دەچیت و نەزانی دەتەوێ چیبكەیت لە ژیاندا؟

ئێمە بە ڕێککەوت لە نزیك ئاهەنگەکە خۆمان دۆزییەوە، من بۆنی سێوی زەرد و دارستانی سێوی تێنووم کرد و ئیدی نەمتوانی و داوام کرد بچینە ژوورەوە بۆ چەند دەقەیەك و بگەڕێینەوە، کەچی ئەوان حەزیان نەدەکرد ، هەر چۆنێك بوو لەبەر خاتری من دابەزین و چووینە نێو زەڵە و زەنا و هاتوهاواری ئاهەنگەکە.

کە لە دەرگا هاتمە ژوورەوە، وێنەی سێوێکی گەورەم دیت لەسەر دیوارێك، بە تیرێك کەرت کرابوو، وێنەی کۆترێکی سپیشم دیت دەگریا.. بە دەنگێکی بەرز گوتم: من ئێستا ئەو کۆترە سپییە چاوبرۆنزییە دەدۆزمەوە کە بە دوایدا دەگەڕێم.. ئاخر بۆنی دەهات، بۆنێکی جیابوو، رەنگە بۆنی بیرەوەری بێ..

بۆنی رۆحی ئەو تەواو وەك بۆنی غەریبیکردن وابوو، بۆنی سێو نەبوو بۆنی غەریبیکردن بوو، تەلار و گۆڕەپانی زانکۆکەی داگیرکردبوو..

بێگومان بە هاوڕێکانمم گوتبوو کە من بە دوای کێدا دەگەڕێم.. قسەیەکی پڕ لە وڕێنە و شێتانە بوو ئەو قسەی من، چونکە ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕێم ئێستا دانیشووی شارێکی دیکەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا یەکەمین کەس کە بینیم خوشکی کۆترە سپییەکە بوو، دوای چاك و چۆنی ژمارەی مۆبایلەکەی ئەو خوشکەی خۆی پێدام کە بەدوایدا دەگەڕام،

سەیربوو، لەوێوە زانیم خوشکەکان هەمان بۆنیان لێدێ، بۆنی غەریبیی، لێت ناشارمەوە، بەر لەوەی تۆ بناسم من ئەوم خۆشدەویست، ئێمە تەمەنێکی درێژمان بە سەفا و عەشق و بەختەوەریی لەگەڵ یەکتریدا بەسەر بردبوو، ئای ئەگەر چاوت لێدەبوو چەند دڵخۆش بووم بە دۆزینەوەی ئەو ژنەی کە ئێستا لە باوەش پیاوێکیتردابوو؟ هێدی هێدی هاتم، دەمزانی خۆرێك لەناو ئاهەنگەکەدا سەما دەکا، بۆنی سێو و بۆنی تیشکی خۆر ئاوێتە ببوو، بۆنی رووناکیی هەموو دنیای تەنیبوو، ئایا کەسێ هەیە گوێی لێبووبێ کە خۆر بۆنی سێوی لێبێ؟

من دەمزانی بەشێکی منە کە خودا بۆن و بەرامەی رۆحی خۆی بەبەر جەستە و سیمای داکردوە و هەڵیداوەتە نێو ئەو ئاهەنگە.. ئەو تیشك بوو کە ئەو ناوەی رۆشن کردبۆوە؟ پەیامی دڵی خودا بوو کە بەختەوەریی بەو ناوەدا پەخشان کردبوو؟ حوزنی مرۆڤایەتی بوو کە هەموو مرۆڤەکان بە وردییەوە لێیان دەڕوانی و تەمەنناى ماچکردنی پەنجەکانیان دەکرد؟ تۆ کێ بووی؟ مەجدەلییە؟ ئایا تۆ مەریەمی مەجدەلیە بووی کە بە منداڵییەوە حەزت لە کەوتنی من کردبێ لەسەر پەیژەکان؟

حەوا.. من هاتم بۆنم کردنی، حەوا من هاتم و تامم کردی، حەوا من هاتم و هەستم پێکردی، تۆ بۆنی هەتاوت لێدەهات،

بـۆنی ڕوونـاکیی و بـۆنی تیشکی خـۆرت لێـدەهات، لـە هـەموو ئەوانەیش سەیرتر تۆ بۆنی سێوت لێدەهات.. بۆنی سێو دنیای داگیرکردبوو.. تۆ لە نیگانی منت ڕوانی، بـە قـووڵیی لـە نیگا سەرخۆشەکانی مـنـت روانـی، ئایـە ئـەو ئاهـەنگ و زەماوەنـد و سـەمایە بـە تـەنیا مـن و تـۆی تیـابوو؟ تـۆ سـەمات دەکـرد، سەمایێك کە سالآنێك بوو بەو شێوەیە بەبەختەوەریی سـەمات نـەکردبوو، دەتویست پێمبڵێی لـێم بڕوانـە، مـن بـە تـەنیا تـۆ دەبینم بە تەنیا بۆ تۆ سەما دەکەم.. خۆ هـەر واشـبوو، تـۆ بـۆ مـن سـەمات دەکـرد، لـە گلێنـەکانی مـنـت دەڕوانـی، ئێسـتایش لەبەر چاوەکانی مندای کە بە چاوەکانت دەتگوت: تـۆ لـە کـوێ بووی، بۆچی هێندە درەنگ هاتی؟

مـن دەمگـوت: درەنگـیش بـێ قـەینا، بـا زۆر زۆر درەنگیشـبێ قەینا، بەڵام خۆ هەر پێڕاگەیشتم، بەڵێ گیـانی مـن حـەوا خـۆ پێڕاگەیشتم بتکەمە شیعر.. پێڕاگەیشتم بۆ ئەوەی ڕێگا بـدەم بەیانی بێیتە نێو باوەشـم و سـەر بخەیتـە سـەر سـینەم و تێـر تێـر گـوێ بـۆ گریـان و هەڵوەرانـدنی فرمێسـکەکانت رادێـرم.. پێڕاگەیشـتم بتـوانم بـەیانی لەگـەڵ ورچـێکی سـپی کـە دڵێکـی سووری لە باوەشدایە و لەسەری نووسراوە خۆشمدەوێی دیالۆگ بکەم و بەیەکەوە بژین.. خـۆ پێڕاگەیشـتم بۆنـت بکـەم، بـۆنی سێو.. بۆنی دارستانی سێو.. بۆنی ئۆقیانۆسی سێو...

تۆ لە نیگاکانی من ئایندەت دەخوێندەوەو هەوڵتدەدا کۆدی ئایندە ئاشکرابکەیت، من لە ئاسمانم روانی، پەرەسێلکەیەك بریندارکراو خولی خوارد و کەوتە ژێر پێیەکانم کۆتایی بە ژیانی هات..

من بۆ دوو خولەك بۆ ئەو ئاهەنگی دەرچوونە هاتبووم، کەچی هەزار ساڵ لەو زەماوەندی بەیەکتر شادبوونەوەی جەستە و رۆحە لێکترازاوەکان گیرسامەوە.. ئایا من شەمع بووم کە ئاوا دەرەوشامەوە و دەتوامەوە؟

دۆستەکانم توورەش ببوون بەڵام کە هەموو قسەکانیمن راست دەرچوو.. کە بە چاوانیانەوە بینیان تۆ بەو هەموو جوانییەتەوە بە تەنیا بۆ من سەما دەکەیت و تەنیا لە من دەڕوانیت، بە پێکەنینەوە گوتیان: دۆستی خۆشەویستی ئێمە، ئێمە کەی دەتوانین بەجێتبێڵین؟ تۆ پەیامی خوات پێیە بۆ خۆت، نەك بۆ کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی.

دوو هەفتە بە رۆژ و شەویەوە تێپەڕی کەس لەو کۆلێژە نەمابوو جگە لە من، جگە لە تۆ.. ئێمە بە خەیاڵ لەوێ بووین، لە یەکمان دەڕوانی، نانمان نەدەخوارد و ئاومان نەدەخواردەوە، ئێمە بە بۆنی سێو تێر دەبووین، لەگەڵ خەڵکی نەدەدواین، تەنیا بۆ ئەوەی پرسیاری یەکتری بکەین جاروبار لە خەڵکمان دەپرسی، ئێستایش پێمسەیرە ئێمە لە کۆلێژەکەدا تەنیابووین، کەسمان لێدیار نەبوو، کەچی نەشمان

دەتوانی لەگەڵ یەکتری بدوێین .. لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانی دڵ قسەی زۆرمان دەکرد، من پێمدەگوتی: تۆ شازادەی نێو داستان و ئەفسانەکانیی و خـۆت راپرووسکاندووە و هاتوویتە نێو جیهانی ئێمە.
تۆ دەتگوت: ئەگەر واش بێت من بۆ ئەوە هاتووم جانتاییێکی پڕ لە ئیلهامم بۆ هێناوی، ئەگەر وابێ کە من لە نێو ئەفسانەوە هاتبم ئەوا من تەنیا بۆ خاتری ئەوە هاتووم کە هەزارەها خەونی خودایم بۆ هێناوی.
شەوێکیان سەبرم نەما.. ئێ خۆ من ئەیوب نەبووم؟ کۆلێژم جێهێشت و ویستم بە دوای جەستەی تۆدا بگەڕێم، هەمدیس من و دوو دۆستەکەم بووین، سەیر لەوە دابوو یەکێ لە دۆستەکانم لە خەونێکیدا ئەدرێسی ماڵی تۆی پێدرابوو، کەچی ماڵی ئێوەی نەدۆزییەوە.. لە خۆمم دەپرسی چۆن دەیدۆزمەوە؟
شەوێك بۆنم كردی، بۆنەكە بۆنی سێو بوو، ئایا من پێشتر كراسی خوێنینی تۆم بۆن كردبوو؟ بەو نیوە شەوە هاتینە ماڵتان.. بۆنەكە ئێمەی گەیادە گەڕەكەكەتان، بۆنی سێو ئێمەی گەیاندە كۆڵانەكەتان، بۆنی سێو ئێمەی گەیاندە ماڵەكەتان، ئایە من هێندە سەرەڕۆم بە دوای جوانییدا؟ ئایە من بۆ هەموو كەسێ ئاوا زوو سەرخۆشدەبم، كە بگاتە حاڵەتێك روو لە

دەرگای خودا بکەم و لەبەری بپاڕێمەوە تا بە پـردی ڕەحمـەتی خۆی بمگەیەنێتە جوانیی؟

من وامکرد.. لەبەر خودا و مرۆڤەکان پاڕامەوە، بۆ ئـەفرۆدێت نووشـتامەوە و پێیـەکانیم مـاچ کـرد تـەنیا بـۆ ئـەوەی ژمـارەی مۆبایلەکەم لە سەر مێزی ژووری میوان بەجێبێڵم.

تۆ لە کاغەزی سەر مێزەکە لە دەموچاوی منت دەڕوانی.. هـەر لێـت دەڕوانـی، منـیش لـەوێوە خـۆم مەڵاسـدابوو، تـۆ هـاتیی و گوتت: ڕەنگە ئەو ژمارەیە بتوانێ نۆتـەی دەنگمـان بـە یـەکتری بگەیـــەنێ، بـــەڵام تـــۆ ئەوەتـــەی لـــەنێو ســـینەمدای، لـــەناو ڕۆحمدای..

دێتەوە بیرت کە ویستت زەنگم بۆ لێدەی؟ لە ڕووخساری مـنـت دەڕوانی و زەنگێکت بۆ لێنەدەدام، چونکە پێویستت بەو زەنگە نەبوو تـا لەگـەڵ منـدا بـدوێیت، تـۆ لەگـەڵ حـوبری سـەر ئـەو کاغـەزە دەدوایـت کـە پیتـەکانی لـە نەخشـی دەموچـاوی مـن دەچوون.. تۆ دەتویست زەنگ لێدەیت و پەشـیمان دەبوویتـەوە بۆچی؟

هـەردووکمان چـاوەڕوان بـووین.. مـن بـە دواتـدا دەگـەڕام، لـە شەقامەکان، لە کۆڵێژەکان و لە ئاهەنگەکان، مـن لـە بـەرزترین تاوەری شـار و لەسـەر بـەرزترین لووتکـەی شـاخەکان بەدواتـدا دەگــەڕام، شــەوانە یانــەکانی شــارم تــەی دەکــرد بــۆ ئــەوەی بتدۆزمەوە.. لە هەموو شوێنەکانی ئەو شارە بچووکە بە دواتدا

دەگەڕام تەنیا لەو شوێنانە نەبێ کە دەمزانی لەوێندەری.. ئایە من شێتێکی راستەقینە نەبووم؟ بۆچی لە شوێنێکدا بە دواتدا نەدەگەڕام کە دەشمزانی تۆ لەوێندەری؟

ئێوارەیەك لە برادەرێکمم پرسی کە ئایا تۆ دەناسیٚ؟

لەبەر زۆری خەڵك کە لە چواردەوری مێزێکی لاکێشەیی بە مەستی دانیشتبووین، پەنجەی نایە سەر لێوەکانییەوە و من بێدەنگ بووم.. چەند چرکەییٚ تێپەڕی من هەر لەسەر مێزەکەدا بووم کە sms ێکم بۆ هات.. کێبوو ئەو نامەیەی بۆ ناردبووم ؟ هەمان ئەو برادەرەبوو کە بەر لە چەند چرکەیەك داوای لێکردم باسی تۆ نەکەم.. ئەو برادەرەم هەمان ئەو کوڕەش بوو کە لە رێستورانتەکە داوای کرد بێمە نێو ئەو زەماوەندەی کە ئێمە یەکترمان تێیدا دۆزیەوە.. ئایا ئەو پردی نێوانی رۆحەکانی ئێمەبوو؟ ئایا ئەو نووسەری ئەو چیرۆکەی ئێمەیە؟

کە نامەکەم لەنێو مۆبایلەکە خوێندەوە لەسەری نووسرابوو: ئەوە ژمارەی مۆبایلی (شێواز)ە.. ئیدی من زانیم دەتوانم تۆم دەست بکەویٚ نەك هەر تەنیا بە رۆح، بەڵکو بە جەستەیش.. چاوەڕێم کردی هەر دەرنەکەوتی.. هەر چاوەڕێم کردی، تۆ هێشتایش هەر دەرنەکەوتی، ئایە من بۆچی بۆت دەرنەدەکەوتم؟

لە ئاگری ڤیان و ناکامیی عەشق دەترسام یاخود چاوەڕوانی داگیرساندنی ترافیکی سەوز بووم لە لایەن خوداوە؟ زۆرم چاوەڕوان کردی تا شەوێك لە ناو سرووشتی سەوز و لە ژێر باق و بریقی ئەستێرەکاندا، ئاگرێکمان کردبۆوە، پیاوە ئەفسانەییەکانی نێو ئەفسانەی ژیانی من گۆشتی کەروێشك و بەرخیان دەبرژاند، من لە مۆبایلەکەمم ڕوانی، پێکێکی خەستی ئۆزۆم لێدا و بە دەنگێکی بڵند گوتم: بەیانی دەعوەتی منن بە گۆشتی مامز، بە گۆشتی تاوس، بە شەرابی سووری ئیتاڵی و بە ئۆزۆی یۆنانی و بە یەنی راکی و بە هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە حەزی لێدەکەن، بە مەرجێ وەلامی ئەو تەلەفۆنە دڵخۆشم بکات.. بە مەرجێ گوێبیستی دەنگی ئەو تاووسە خودابیە ببم کە لەناو سەدان کەسدا بە تەنیا سەمای بۆ من دەکرد.. بە مەرجێ گوێم لەو دەنگە بێ کە بۆنی تیشکی خۆری لێدەهات، ئەو رووخسارەی کە بۆنی رووناکیی لێدێ و ئەو جەستەیەش کە بۆنی دارستانی سێوی تێنووی لێدێ.

هەستام و بە سەرخۆشیی لە ئەستێرەکانم روانی، رۆژێکی ساماڵی خۆشبوو، ئەستێرەکان دەتریسکانەوە و شیعریان بۆ عاشقەکان دەخوێندەوە، ـ با ـ بەرامەی دەنگی عاشقانی بە یەکتری دەگەیاند، بەرخەکان خۆیان عاری کردبوو، هەر خۆیان دەچوونە سەر ئاگر تا وا لە مرۆڤەکان بکەن بیر لە عەشق

بکەنەوە.. من لە ئەستێرەیەکم ڕوانـی و لـەودیو ئەسـتێرەکەدا تیشکێ بەر نیگام کەوت، بۆنی سێو دنیـای پڕکـرد.. ئایـە ئـەوە ڕۆشنایی و درەوشانەوەی چاوەکانی تۆ بوو؟ یاخود گوتـاری پـڕ لـە ڕەحمـەتی خودابـوو پـەیامی عەشـقێکی سەرسـوڕهێنەری پێبوو؟

لەگەڵ مانگ قسەی زۆرمان کرد، ئـەو دەیگوت: حەزدەکـەم لـە ڕووناکییدا بتخنکێنم..

- من بۆ هەمیشـەیی ئامـادەم لـەنێو لافاوی ڕووناکییـدا دەسـت لەسەر دڵ بووەستم و کڕۆش بۆ غەرق بوون ببەم.

ئێمـە لەگـەڵ مانگـدا قسـەی زۆرمـان کـرد، بـەڵام دواتـر کـە لـە ئاسمـانم ڕوانـی مـانگ نـەمابوو، دواتـر کـە وردبوومـەوە بـۆم دەرکەوت، ئەوەی کە من لەگەڵی دوابـووم، مـانگ نـەبوو بـەڵکو تۆ بووی خۆت لە فۆرمی مانگ نیشانی مندابوو.

هـیچ ڕەنگێکـی سـەوزم لـە ئاسمانـەوە نـەدیت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشدا زەنگم بۆ لێدای.. ئێوە بە هێـوری هەڵوەسـتە لەسـەر ئەو زەنگ لێدانە دەکەن؟ دەزانن چۆن دڵم لەرزی؟ دەزانـن کـە من دەمزانی چیرۆکێکی نوێ لێرەوە لە دایـك دەبـێ.. خـۆ هـەر واشبوو، کە گوتت: هەلۆ..

پێمگوتی : من ئەو نێچیرەم کە شەیدای سیحر و درەوشـانەوەی چاوانی تۆ بووم، تۆ بۆنی تیشکی خۆرت لێدێ، بۆنی ڕووناکیی تۆ کاسـی کـردووم، بـۆنی دارسـتانی سـێوی زەرد هـەموو گیـانی

داپۆشـیووم.. نـاتوانم لەبـەر لافـاوی رووونـاکیی تەنانـەت بـۆ چـرکەیەکیش چـییە پێڵوەکـانم دابخـەم، چـاوەکانی تـۆ بـوو پێیـانگوتم: وەرە بـا تـاوێ لـەنێو بـەفری ژیـان خۆمـان گـەرم بکەینەوە.. دێتـەوە بـیرت مـن پێمگـوتی: مـن ژنم هەیـە، یـەك منداڵیشم هەیە، مەرج نییە کە حەزم کرد لەگەڵت بدوێم واتـا پەیوەندی خۆشەویستی دانێین، بەڵام هەستم کرد شتێ لـەناوە تۆدایە وەکو مرۆڤێك من لەناو کەم کەسیتری ئـەو گەردوونـەدا دەیبینمـــەوە.. بۆیـــە دەمـــەوێ وەك دۆســـتێك خۆشمبـــوێی ، دەمەوێ پەیوەنـدییێکی خوشـك و برایانـەمان هـەبێ ، دەمـەوێ پەیوەندییێکی ئەوەی تۆ دەتەوێ ئاوامان هەبێ.. گرنگ ئەوەیـە پەیوەندیمان هەبێ و گوێم لە دەنگ بێ..

تۆ گوتت: منیش خۆشحاڵم بە ناسینت.

من گوتم: تۆ بۆنی رووناکییت لێدێ.. بۆنی ئۆقیانۆسـێ سـێوی تێنووت لێدێ.

تۆ تەنیا پێکەنی.

مـن لـەو شـەوەدا درۆم لەگـەڵ کـردی؟ چـونکە نایەتـەوە یـادم ڕۆژێ لـە رۆژان دۆسـتێکی ئـافرەتم لەگـەڵ دابـووبێ حیسـابی دۆستێکی پیاوم بۆی کردبێ! من ئاوام، کـاتێ ئـافرەتێکی جـوان دەبێتە دۆستم دەبێ ئێمـە وەك ژن و پیـاو دۆسـتایەتی بکـەین نـــەك وەك پیـــاو و پیـــاو، یـــاخود ژن و ژن.. ئـــاخر تـــۆ بـــۆنی رووونـاکیی و بـۆنی دارسـتانی سـێوت لێـدەهات، نۆتـەی دەنگـت

وەك سـۆناتای تریفـە وابـوو، پەنجـەكانت لـە كریسـتاڵ و دوڕ بـوون، چـاوەكانت دیـوانی شـیعر بـوون، مـن چـۆن دەمتـوانی لەبەرامبەر تۆ جەستەم نەكەم بە پارچەیێ ڕۆحی ڕەها؟

بەهەرحاڵ تۆیش دەتزانی مـن وەك تـۆی ئـافرەت و منـی پیـاو تەلەفۆنم بۆ كردی، هەر واشبوو، دواتـر خـۆت بـۆت گێڕامـەوە، هـەر دوای داخسـتنی تەلەفۆنەكـە وەك باڵنـدە لـە سـەربانەكە ویسـتبووت هـەڵبفڕی، گـرنگ نـەبوو بـۆ كـوێی ئاسمـان، تـۆ مەرامت بوو روو لە ئاسمان هەڵبفڕیت و لە شەقەی باڵ بدەیت خۆت بۆت گێڕامەوە كە چەندە بەختـەوەر بوویت لـەو شـەوە ڕووناكەدا.. هەر خۆت بۆت باس كردم كە بۆ یەكەمینجار لـەو شـەوەدا بـۆنی دارسـتانی سـێوت كردبـوو، بـۆنی دوو سـێوت كردبوو كە دەیانوویست لە دارستانەكەدا رابكەن.

منیش لەو شەوە تاریكەدا ڕووناكییێكی بێسنوور و ناكۆتـام بـە ئاسمـانی شـارەوە دیـت، شـەو بـوو كەچـی ڕوونـاكیی هـەموو گەردوونی تەی كردبوو.. ئایا تۆ بووی هێندە بە ڕووناكیی ئاوا گەردوونت شێتانە ڕووناك كردبوو؟

دوای چـەند ڕۆژێكـی كـەم.. تـۆ ڕازیبوویـت یـەكتری ببیـنین.. سەرەتا نەمانزانی چۆن و لـە كوێ یـەكتر ببیـنین چونكە شـار بستێ خاكی تیا نـەبوو كـە بتـوانرێ تێیـدا دوو وشـەی پـڕ لـە عەشقی لێهەڵبدرێ.. دواتر تۆ ئازایەتیت كرد و وێرای بمبەیتە نێو ئەو هەموو چاوانەی كـە لـە ئێرەیـی و نەزانیـەوە خـوێنی

ناشـرينيان لێـدەتكا.. ئـازا بوويـت و منـت بـردە نێـو چـاوە زەردەكان..
تۆ گوتت: كولێژ باشە، من هەنـدێ كـارم مـاوە لـەوێ، دەتـوانين لەوێ يەكتر ببينين.
منـيش ئامـادەبووم.. چـووينە ژێـر درەختێكـی چـەلاك كـە نەيـدەتوانی بـەری تيشكی خۆرمـان لێبگـرێ، دنيـا گـەرم بـوو كەچی ڕۆحمـان فێنـك.. سـەرەتا لەگـەڵ يـەك قسـەمان نـەكرد، دواتر نزيكەی چەند ساڵێك لە نيگا پرسياراوييەكانی يەكترمان ڕوانـی.. هـيچ شـتێكمان لـە نيگاكـانی يـەكتری نـەديت عەشـق نەبێ.. من دەستم درێژكرد و كتێبە شيعرەكانی خۆمم پێدای، تۆ دڵخۆشبوويت و زەردەخەنە لە گلێنەكانتدا چرۆی دەكرد..
من بەو گۆڕەپانەدا گەڕامەوە كە بۆ يەكەمين جار لـەوێوە تـۆم بينيبـوو، مـن وێنـەی تـەواوی تـۆم لـە زاكيرەمـدا هـەڵكۆڵيی و تـۆيش ئـەو كتێبانـەت لـە ئـامێز گـرت كـە مـن بـە ديـاری بـۆم هێنابووی.. ئەوانەی كە پێتم بەخشين كتێبی ئاسايی نـەبوون، بەڵكو ڕۆحی من بوون لەنێو وشە و مۆرفيم و حـوبر و كاغـەز توابوونەوە.. من لە وێنەی ئەو سێوەشم ڕوانی كە لەسەر ديوار نەخشێنرابوو، تيرێكيش دوو لەتی كردبوو.
ئێوارە تەلەفۆنم بۆ كردی و گـوتم: (ناسـنامەكەم) لـە پرسـگەی كۆلێژ لە يادكردووە.

بە درۆ لە بیرم نەکردبوو، بڕوا بکە بە درۆ لە بیرم نـەکردبوو، بەڵکو لە بەختەوەرییدا تەم سەر عەقڵی داگیرکردبـووم.. هـەتا دەمتوانی خۆشم لەبیر بکەم، جا هەر واشبوو ، من ناسنامەکەم لە پرسگەکەدا لە بیر کردبوو، خۆیشم لەنێو نیگاکانی تـۆ.. بـۆ دوو رۆژ دواتر لە شەودا کە گوتم: باشە گیان شەوت شاد..

تۆ گوتت: شەوت شاد گیان، تۆ لێرەی لێم نزیکی، تۆ لێـرەی لـە باوەشمی لێرەی لەسەر سینەمی.

من وام هەسـت کـرد تـۆ شـیعرم بـۆ دەخوێنیتـەوە، وام هەسـت کرد بە زمانی عاشقان دەتەوێ بمخەوێنی.. بۆیە منیش گـوتم: گیان تۆیش لێرەی، لێرە نەك لەسەر سینەم بەڵکو لە نێـو رۆح و دەروونمدای..

تۆ گوتت: من بەڕاستمە کە لێرەی لەسەر سینەم..

بۆچی ئەو کات نەتدەگوت تۆ لێرەی لـە نێـو مەکەکانمـدای، تـۆ لێرەی لە ژێر ستیانە پرتەقاڵیەکەمـدای؟ تـۆ لێـرەی لـەنێوانی ئەو سێوە تێنووانەی کە خەریکن دارستانی سێو بەجێدێڵن؟

مـــن گـــوتم: تـــۆیش لێـــرەی لەســـەر ســـینەمدای.. لـــەناو چاوەکانمدای..

تـــۆ گوتـــت: مـــن مەبەســـتم لـــە ناســـنامەکەتە، وێنـــەی ســـەر ناسـنامەکەت، لەسـەر سـینەمە.. ئـەوڕۆ چـووم لـە پرسـگەکە هێنامەوە و لە دەرفەتێکدا دەتدەمەوە، یانیش با بۆخۆم بێ؟

من بڕیارمدابوو خۆمت پێببەخشم نەك ناسنامە..

من باوەڕناکەم هێشتا بمناسیتەوە، دەمەوێ بە وردی شتەکانت بێنمەوە یاد، تا هەر هیچ نەبێ لە ڕێگای ئەو نامەیە کەمێ بمناسیتەوە و بزانیت من کێم و چیم دەوێ و بۆچی ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم!

خۆ دەتوانم ئێستا بێمە بەرامبەرت و لە چەند ڕستەیەکدا پێتبڵێم: من کێم، دەتوانم لێت بپرسم: دەی لە رووخسارم بڕوانە، نامناسیتەوە؟

دەزانم تۆ دەمناسیتەوە و هەندێ فرمێسك هەڵدەوەرێنیی و لەیەکتری دادەبڕێین.. بەڵام من ئەوەم گەرەك نییە.. من نامەوێ ئاوا بە تووڕەیی بمناسیتەوە..

من گوتم: باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووست کردوە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردووندا داگیرساوە و هەمیشەیش بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە.. دەمەوێ لە ڕێگای بیرەوەرییەکان بێنمەوە یادت کە من کێم و چیم داوایە..

تۆ دێتەوە یادت ئەو ڕۆژەی ویستت ناسنامەکەم بدەیتەوە رۆژێکی چۆن بوو.. لە کوێ یەکتریمان بینی؟ تۆ چۆن دەرفەتت درووست کرد لە دەستی ئەو هەموو تەڵبەند و پەرژینەدا رزگارت بێ کە هەموو شاریان داگیرکردووە.. دان پیادەنێم کە تۆ یەکێ بووی لە ئازاترین ئەو کچ و ژنانەی کە من لە ژیانی خۆمدا ناسیوومن.. دەبێ دان پیابنێم کە تۆ

ئامادەبووی لە پێناوی جوانیی و سەفا رۆحی خۆت ببەخشی.. چەندین جار داوات کرد بچین لەسەر ترۆپکی چیاییێکدا دانیشین و تا سەرخۆشیی عەرەق بنۆشین و لەوێیش بە هێوری بۆ باوەشی مەرگ و خودا بە خۆمان و سەیارەکە شۆڕبینەوە.. ئەوە تۆ نەبووی کە لە قسەکانت پەشیمان بوویتەوە، بەڵکو من بووم ژیانم بە مەرگ نەدەگۆڕیەوە، ئەوە من بووم ژیانێکی تاڵم پێ لە مەرگێکی شیرین خۆشتربوو..

ئێستایش لەبەر چاومە بەیانی زووبوو، زەمین و ئاسمانی شار یەکپارچە بۆنی سێوی تازە پێگەیشتووی لێدەهات، گەرمابوو کەچی من لە سەرمای چاوەڕوانیدا هەڵدەلەرزیم.. لە کوێ ژوانمان دانا؟ دێتەوە یادت، یا بچم ئێستا بە گەورەیی لەسەر جامی سوپەر مارکێتەکە بنووسم: یەکەمین ژوانی راستەقینەمان لێرە بوو، بۆ ئەوەی هەر کاتێ کە ڕوو لەو سوپەر مارکێتە بکەی، بێتەوە یادت کە یەکەمین ژوانی راستەقینەی نێوانمان لە گەراجەکەی ئەو سوپەرمارکێتەدا بوو.. وەك گوتم، بەیانی زوو بوو، زەمین و ئاسمانی شار یەکپارچە بۆنی سێوی تازە پێگەیشتووی لێدەهات، گەرما بوو، من سەرمام بوو، تۆ فێڵت لە هەموو کەسەکانی چواردەورەت کردبوو.. من نەبێ کەس نەیدەزانی تۆ بەرەو کوێ دەچیت.. دەزانی بەر لە گەیشتنی تۆ من چیم کرد؟

لــە گەراجەکــە ســەیارەم پــارك کــرد.. گــوێم بــۆ گــۆرانییێکی خۆشەویســتیی رادێرابــوو.. پێــت بڵــێم چ گۆرانیــەك بــوو؟ نــا گیانی من نـا ئـەوە ناکـەم، چونکە دەزانم هێشـتایش هـەر ئـەو گۆرانییەت خۆشدەوێ، ئەو کاتەیش کە مێردەکەت ئەو نامەیە لــە دەســتی تــۆ دەڕفێنــێ و دەیخوێنێتــەوە بــە هــۆی ئــەو گۆرانییەوە دەتناسێتەوە، ئاخر من گوتم: نامەوێ بەختەوەریی تۆ تێکبدەم..

مــن گــوێم بــۆ گــۆرانییێکی خۆشەویســتی رادێرابــوو، خــەیاڵ ڕفانــدبوومی.. لــە چــاوەڕوانیتدا تێهــزرینم بــە پەرشــی و پەخشـانی بـەو زەمینـە پەرتـەوازە دەبـوو.. چاوەڕێم کـردی نەهاتی، بۆنی سێوم دەکـرد، لـە ئۆقیانۆسـێ بـۆنی سـێودا ئـاوم دەژەنی.. بـە پەنجـەکانم حیسابم دەکـرد، دێیـت یـان نایێیـت.. پلانم دادەڕشت کە دەگەیتە لام دەبێ سەرەتادا تـەرکیز لەسـەر چ ئەندامێکی لەشت بکـەم، یەکـەم وشـەم چیبێ کـە ئاراسـتەی تۆی دەکەم، ئایـا زەردەخەنەیـەکی بێباکانـە باشـترین پێشـوازی نییە؟ هەموو حیسابێکم دەکـرد، پێمباشـبوو زەردەخەنەیـەکت بۆ بکەم و چیتر نا، هەندێجار دەمگوت: نا، هەر کە گەیشتی بە ئەتاکێتەوە ماچێکی هێمن لە دەستی راستەت دەکەم.

لە سەیارە هاتمە خوارێ و چوومە ناو سوپەر مارکێتەکـە، ئایـە دەمویست چی بکڕم ؟ دیاری یاخود شتێ بۆ خۆم؟

تۆ ئەوە نازانی کە من بەو بەیانیە کیسـەڵێکم کەوتـە بەرچـاو، دەموچاوی ئەو کیسەڵە تـەواو لـە دەموچـاوی مـن دەچـوو.. لـە نێو جامخانەیەك دانرابوو، لەبەرامبەر ئەویشدا کۆترێکی سپی دانرابوو، کیسـەڵەکە بـە هێـوری لـە کۆترەکـەی دەڕوانـی، وردە وردەش هەنگاوی بەرەو ئەو کۆترە سپییە دەنـا کـە تـەواو وەك تـۆ وابـوو.. مـن دەمویست هـەردووکیانت بـە دیـاری بـۆ بکـڕم بەڵام ئێستایش نازانم بۆچی نەمکڕین.. من هێشتا لـەو کـۆترە سـپییە و کیسـەڵەم دەڕوانـی کـە قسـەیان دەکـرد، کیسـەڵەکە دەیگوت: من بەرەو تۆ دێم.

کۆترەکە دەیگوت: پێویست ناکا خـۆت ئـازار بـدەیت، مـن بـاڵم هەیە و دەتوانم بەرەو تۆ بێم.. من بۆ لای تۆ دێم گیانیمن..

کیسەڵەکە دەیگوت: لە شوێن خۆتبە، قەینا من بەرەو تـۆ دێـم، بەڵام دەترسم کاتێ کە بە تۆ دەگەم ، تۆ هـەڵفڕی.. دوور دوور هەڵبفڕی.. ئیدی نەتوانم پێتبگەم..

من هەر گوێم بۆ ئەو قسانە رادێرابـوو کـە کیسـەڵە شـینەکە و کۆترە سپییەکە دەیانکرد، لەو کاتەدا پیـاوێکی باڵابـەرزی ورگ گەورەی جەمەدانی لەسـەر پرسـی : فـەرموو بـرای بـەڕێزم، بـا یارمەتیت بدەم.

گوتم: بۆنی سێو دێ، سێوم بدێ.

پێکەنی و گوتی: بەو بەیانیە و سێو؟ ببوورە سێومان نییە.

گوتم: بەدوای بنیشتێکی زۆر تیژدا دەگەڕێم.

ئەو بنیشتێکی ئێرانی پێدام و گوتی: خوا موفەقت بکا کوڕی خۆم.
دیاربوو ساختەچی بوو، دەیزانی بەو بەیانییە بنیشتم بۆ چییە.
کە لە سوپەرمارکێتەکە هاتمە دەرێ، تۆ لەنێو تاکسیدابووی، بۆیە دەزانم، چونکە تەلەفۆنت کرد.. لەو تەلەفۆنەدا نیگەرانی و ترسی خۆتت بۆم باسکرد.. لە من دەترسای یاخود لە بازنە تەنگەکانی کۆمەڵگە؟
بێگومان ترست نەبوو لە من، چونکە ئێمە خۆمان بەدوای ئەوەدا سەرگەردانبووین کە بخزێینە باوەشی یەکترەوە.. تا لەبەر دەروازەی سوپەرمارکێتەکە دەرنەکەوتی باوەڕم بە هاتنت نەبوو، کە هاتی خوا پێکەنی، گەردوون گەشایەوە، زەمەن وەستا.. لەوەیش سەیرتر ئەو کاتەبوو کە تۆم بە تەنیشتە خۆمەوە بینی.. حەزدەکەی ناوی ئەو گۆرانییەت پێبڵێم کە لەناو سەیارەکە گوێمان لێڕاگرت؟ ئا، گۆرانییەکە هەر ئەو گۆرانییەبوو کە جارێکیتر بە تەك یەکەوە وەستاین و بەدەم گوێگرتن لەو گۆرانییە لە ئاوابوونی خۆرمان ڕوانی..
بەڵام ناو سەیارەکە پڕبوو لە بۆنی هەڵاتنی خۆر، پڕ بوو لە بۆنی سێو، وشەکانت پڕبوو لە ئاوەدانی، پڕبوو لە ئومێد و نیگەرانی، من زەردەخەنەیەکم کرد و خۆم بێباك نیشاندای، کەچی لەناخەوە دەمردم.. دەبووایە بە کامە ڕێگادا بچینە ئەو

ماڵە چۆڵەی کە بە هەزار فرت و فێڵ ڕێکم خستبوو؟ لەو ڕۆژانــە شــار نــۆژەن دەکرایــەوە، زۆربــەی ڕێگاکــان کــاری تیــا دەکــرا.. تــەنیا تاکــە ڕێگایــەك کــە بمانگەیەنێتــە ئــەو ماڵــە، ڕێگاکــەی نێــو گۆڕســتان بــوو.. کــە لــە دەروازەی گۆڕســتانەکە چووینە ژوورەوە، دارسێوێکمان بینـی سـێوەکان تـازە لـە خـەو هەستابوون و بۆنێکی نوێیان بەو گۆڕستانەدا پەخشانکردبوو.. مەلاییێك وازی لە خوێندنەوەی قورئان هێنا و لە ئێمەی ڕوانی، تۆ لێت دیار نەبوو منیش نەمویست نیشانی تـۆی بـدەم.. دوای چەند مەترێ دوو مار تێکئـاڵابوون و زمـانی یـەکتریان دەمـژی کە ئێمەیان دیت وازیـان لـە مـژینی زمـانی یـەکتری هێنـا و لـە ئێمەیان ڕوانی، دیاربوو حەسودییان پێـدەهات، مـن نەمویسـت ئەوەشت نیشاندەم، نـەختێ ئـەولاتر دووپشـکێك بەسـەر پشـت ڕاکشـابوو، بــە شمشـێرێکی بچـووك ژێـر ددانــی خــۆی خــاوێن دەکـردەوە، کـە ئێمـەی بینـی لەبـەرە خۆیـەوە بـە منـی گـوت: لاسایی من بکەوە ، ژیان لە پێوەدان بەو لاوە شتێکیتری نییە.. من تۆم غافڵاند، دەستی تۆم گـرت بـۆ ئـەوەی مەسـتت بکـەم و ڕێگا نەدەم گوێت لـە قسـەی دووپشـکەکە بێـت.. پـێش کۆتـایی گۆڕســـتانەکە بـــاپیرمم دیـــت، لـــە گۆڕەکـــەی دەرهـــاتبوو، جگەرەیەکی گرێڤنی بە لالێویەوە بوو، بـۆنی سـێوی لێـدەهات، ئــەوە یەکــەمینجاربوو کــە ببیــنم جگــەرە بــۆنی سـێوی لێبــێ.. زەردەخەنەیەکی بۆم کرد و گـوتی: مـن شـانازیت پێـوە دەکـەم،

چونکە هەموو ئەو شتانەی لە من دابوون ئێستا لە تۆشدا روودەدەن..

من نەمویست ئەوەشت نیشاندەم، چونکە دەترسام ترس داگیرت بکا، خۆ هەر واشبوو، سەرەتا لە گۆڕستانەکە ترسایت، وات هەست دەکرد من تۆم بۆ گۆڕستان هێناوە نەك شوێنێکیتر، وات هەست دەکرد کە لای گۆڕێك سەیارەکە دەوەستێنم و لە تەنیشت گۆڕێکیشدا حیکایەتەکانی عیشق و ئیرۆتیکت بۆ دەکەم.. وات هەست دەکرد لەسەر یەکێ لە گۆڕەکان بە ڕووتی راتدەخەم و خۆیشم بە دیارتەوە نوێژی ئیرۆتیك و بەختەوەریی دەکەم.. حەقی خۆت بوو وا بیر بکەیتەوە، چونکە لێرە ئێمە لە گۆڕستان زیاتر بەولاوە جێژوانێکمان نییە بە ئارامی ئۆقرەی تیا بگرین و سەربەست و سەرمەستانە لە گلێنەکانی یەکتری بڕوانین و لێوەکانی یەکتری هەڵمژین.. لێرەنەبێ لە زۆر شوێنیتری دنیا گۆڕینەوەی ماچی لێوەکان لەسەر شەقامەکان، لەنێو کافتریاکان و لەنێو میترۆ و ترام و پاسەکان دەگۆڕدرێتەوە، جارێکیان لە کافتریاییێك لەگەڵ کچێك دانیشتبووین، لێوەکانی مەستی کردبووم، من نەمدەزانی کە لێوەکانی منیش ئەویان مەست کردبوو، ئێمە لە رێگای چاوەکانمانەوە نهێنی لێوەکانی یەکترمان بۆ یەکتر باس دەکرد، دەزانی لە پڕێکا چی پێگوتم؟

گوتی: چاوەکانت بانگی مەمك و لێوەکانی من دەکەن، پێیان دەڵێن بۆ هەمیشەیی رووت بوونە جوانتر و سەفابەخشترە.. ئاخ، گەر دەزانی کوو پەلاماریمدا، یان نا، ئەو پەلاماری منیدا، ئەو بوو بە شەڕ لێوەکانی لێڕفاندم، کاتێکیش کە پێڵوەکانم ناوە ناوە ئاوەڵا دەکرد، دەوروبەرم پڕ بوو لە مرۆڤەکان، ئەو مرۆڤانەی بۆخۆیان دەژیان و بە هیچ شێوەیەکیش لە ئێمەیان نەدەڕوانی.. ئەو لێوەکانی منی دەمژی و دەیگوت: ئای کە من تێناگەم بۆچی لێوەکانی تۆ ئەوەندە بۆنی - با - و بۆنی سەفەریان لێدێ؟

دێتەوە بیرت یاخود هەوڵی ئەوە بدەم کە دوای ئەوەی لە گۆڕستانەکە پەڕینەوە چیمان کرد؟

لەبەر دەرگای ماڵە دوو دەرییەکە وەستاین، داوام نەکرد چاوەڕوان بیت تا دەرگاکەت بۆ ئاوەڵا دەکەم.. هەر واشمان کرد، ئەو چرکەیەی کە گەیشتینە ناو حەوشەکە و دەروازەکەم داخست.. لێرەوە دەمبووری ئەگەر هەناسەیەکی هێندە قووڵ هەڵکێشم کە تاکو ئێستا بەو شێوەیە هەڵم نەکێشابێ! ئێمە تەنیابووین لە حەوشەکە، من و تۆ و خودا، شەیتان لەوێ نەبوو، هەردووکمان زەردەخەنەیەکمان بۆ یەك کرد، باوەڕ دەکەی تاکو ئێستا هیچ زەردەخەنەیەکیتری لەو جۆرەت بۆ کەسێکی دیکە کردبێ؟ ئیدی بۆنی سێوی سپیکراو دەهات، ئاسمان و زەمین بۆنی سێوی سپیکراوی لێدەهات.. ئێمە

هـــەردووکمان زەردەخەنەیـــەکمان بـــۆ یـــەك کـــرد، دووبـــارە دەپرسمـەوە: بـاوەڕ دەکـەی تـاکو ئێـستا کـە زەردەخـەنـەی لـەو جۆرەت بۆ کەسێکی دیکە کردبێ؟

دەزانم بـەر لـەوەی مـن بناسـیت تـۆ پیـاوت دیبـوو لـە ژیـانی خۆتدا، لەگەڵ پیـاویش لـە ژوورێکـدا خـەوتبووی، ئـەوە خـۆت بۆت گێڕامەوە، بەڵام ئەوەی کە شـاردبووتەوە کوڕێـك بـوو کـە دواتـر پێتـدەڵێم کێبـوو.. دواتـر لێتدەپرسـم: بۆچـی لای مـن نەتدرکاند کە ماچت کردبوو؟ لێتدەپرسم: بۆچـی لـە پێنـاوی مـن بـەیانییێکی زوو زەنگـت بـۆی لێـدا و گوتـت: بمبـوورە، لـە ماڵـەوە هەسـتیان کـردوە کـە ئێمـە پەیوەنـدیمان هەیـە، بۆیـە ناتوانم چیتر درێژە بەو خۆشەویستیەی نێوانمان بدەم.

تۆ لە پێناو ماڵەوە نەبوو کە وازت لەو هێنا، بەڵکو لـە پێنـاوی من بوو، دەزانم تۆ دان بـەو راسـتییە دەنێـی، وەکـو ئـەوەی کـە ئەو کوڕەیش شەوێکی درەنگ دانی پیانا..

ئێمە لە حەوشەی خانووی ژمـارە 99 چووینە ژووری، لەسـەر قەنەفەیـــەکی ســێ کەســی دانیشـتین، تــۆ لەمبــەر و منــیش لەوبەر.. دوای داگیرساندنی تەلەڤزیۆنەکە کە ریپۆرتاژێك بـوو لەسـەر دارسـتانێکی سـێو کـە هـەموو سـێوەکانی سـپیکرابوو، هیچـیترمان نـەکرد، تـەنیا لەیـەکترمان دەڕوانـی، دەمنـادەمێ بزەیەکمان دەکرد، نەدەدواین، یان بەلایەنی کەم وەکی خـەڵکی

ئاسایی نەدەدواین، ناخمان پڕ بوو لە رستەی رەنگالّەیی.. یەکەم قسەی کە من کردم ئەوە بوو کە گوتم: باوەڕ ناکەم.
گوتت: چی باوەڕ ناکەیت؟
گوتم: لە ئاهەنگەکەدا باوەڕم وابوو هەرگیز ناتوانم تۆ لە تەنیشت خۆمدا ببینم.
گوتت: بەلاّم من دەمزانی هێزێك هەیە دەتوانێ ئەو کەسانە بەیەکتری بگەیەنێ کە بۆ یەکتری و لە پێناوی یەکتری لە دایکبووینە.. باوەڕ دەکەم سەرچاوەی ئەو هێزەیش عەشق بێت.
هەندێ قسەیتری لەو بابەتانەمان کرد، کات گەیشتە سەر ئەوەی دەبووایە دەستم بە دەستت بکەوێ.. ئاخر لە ژوورێکی چۆل و هۆلّی لەو شێوەیە کەسێ هەیە بەرامبەر ئەو هەموو تەوژمی فەنتازیا و هزرینی رەنگاوڕەنگ و مەراقە کپبووانە خۆی بۆ بگیرێ؟ لەوەش کاریگەرتر بۆنی ئەو سێوە تێنووانەبوون کە لە دارستانێکی تێنووەوە دەهات.. ئایا ئێمە لەناو دارستانی سێوی تێنوودا رۆنیشتبووین؟
نەمزانی بە چ رێگایەك دەستم بە دەستت بکەوێ .. عەیب و شەرمەزاری و دابەزین بوو لە بورجی عاج هەروا زوو پەلامارت بدەم، چونکە یەکەمین دانیشتنی لەو جۆرە دەکرێ وێنەی هەلّە درووست بکا.. چی بکەم باشە؟ ئاوا لە دلّەوە پرسیارم لە خۆم دەکرد.

دێتەوە بیرت کە پێمگوتی: من مەرجت لەگەڵ دەکەم کە تۆ دەبێ پێشتر دەستی من بگری؟

تۆ گوتت: منیش مەرج دەکەم کە تۆ دەبێ پێشتر دەستی من بگری..

من دەبووایە رێگایەك ببینەمەوە، بۆ ئەوەی لەو مەرجەدا سەرکەوم، بیرم کردەوە باشترین رێگا ئەوەیە کە دیواری شەرم و سنوورەکانی سووربوونەوە لە یەکتری بڕوخێنین و ببین بە دۆست.. تا دوو کەس نەبێتە دۆستی راستەقینە ئەو دیواری شەرم و نهێنی پاراستن و شاردنەوەی چیرۆکەکانی ژیان هەر دەمێنێتەوە.. دەبووایە فێڵێکت لێبکەم بە زووترین کات گرێ و خەمەکانی دڵی خۆت بۆ من بکەیتەوە، دەبووایە وابکەم بگرییێت، ئینجا بە سانایی سەردەخەیتە باوەشم نەك دەست بخەیتە نێو دەستم، منیش لە مەرجەکەمدا سەردەکەوم.

لێم پرسی: ئەو رۆژەی کە لە زانکۆ لە ژێر درەختە قژ رووتاوەکە یەکترمان بینی، گوتت: (من نیو ژنم).. تێنەگەیشتم (نیوژن) چ مانایێکی هەیە؟

نەختێ رەنگی رووخسارت گۆڕا، لەگەڵ ئەوەشدا گوتت: چیرۆکێکی درێژە.

گوتم: من لە زاراوەکە تێناگەم، نیوژن.. واتە: ژن و ژنیش نا؟

گوتت: واتە شووم کردووە بەڵام لەگەڵ پیاوەکەدا نەخەوتووم..

من لەو چیرۆکەی تۆ ئاگاداربووم، لێم ببوورە کە پێم دووبارە کردیتەوە، بەڵام دەمویست لە دەمی خۆت راستییەکانم گوێ لێبێت لە لایەك و دەشمویست لەو مەرجەمدا لێت ببەمەوە.
گوتم: چۆن دەبێ شوو بکەیت و لەگەڵ پیاوەکەدا نەخەویت؟ ئەی بۆچی شووت پێکرد؟
گوتت: غەڵەتی ژیان بوو.
پرسیم: خۆشتدەویست، بەر لەوەی شووی پێبکەی؟
گوتت: نەخێر؟
گوتم: بە زۆر بە شوویان دای؟
گوتت: نەخێر.
پرسیم: ناشرین بوو؟
گوتت: نەخێر.
من درامای کەڵەکەبوونی حوزنم لە رووخسارتەوە دەدیت، دەمزانی ئێستا چ ئاگرێك لە نێو سینەتدا هەڵایساوە، بەڵام دەمویست هێشتا ئاگرەکە گەورەتربێ تاکو بگریت، گریانێك کە تا ئەو کاتە لەبەرامبەر هیچ کەسێکیتر بەو جۆرە نەگریابیت.. دەمویست وات بەسەر بێنم گلەیی بکەیت، گلەیی لە خۆت و گلەیی لە چارەنووسی خۆت، لە مرۆڤەکانی دەوروبەرت، لە سەرزەمین.. گلەیی بکەیت هەتا لە خوداش..
من پرسیمەوە: ئەی بۆچی رێگات نەدا لە نیو ژنیەوە ئازادت بکا و بتکا بە ژنێکی تەواو؟

به خەفەتێکەوە گوتت: من نەبووم کە ڕێگام نەدا، بەڵکو ئەو خۆی بوو کە نەیدەویست ڕزگارم بکا؟

پرسیم: چۆن؟ ئایا نەیتوانی سێکس بکا؟ کێشەی سێکسی هەبوو؟

گوتت: نازانم، بەڵام هەر بەلاشمەوە دانەهات..

پرسیم: ئەی بۆچی تۆی خواست؟

لێرەوە دراماکە گەیشتە ترۆپك و ئیدی ئۆقرەت نەما.. بە هەندێ نیگەرانی و خەفەتەوە دەستت کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە..

خۆ ئەگەر لە شوێنێك لە شوێنەکانی ئەو گێڕانەوەیە هەڵەم کرد، یا زێدەڕۆیی و درۆم کرد، ئەوا دەتوانی ئاگادارم کەیتەوە بۆ ئەوەی دەستکاری چیرۆکەکە بکەینەوە و شێوەی ڕاستەقینەی خۆی پێببەخشین..

تۆ گوتت: من هێشتا چواردە ساڵان بووم، خەریکی خوێندن بووم، داخوازیم هات، ئەوەی کە هاتبووە داخوازیم کوڕێکی جوان بوو، زۆریش جوان بوو، ئەگەرچی زیاتر لە دە ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام هەرگیز پێیوە دیار نەبوو.. من ڕازی بووم شووی پێبکەم..

لە ماڵەوە پێیانگوتم: کچم تۆ هێشتا بچووکی، نە کاتی شووکردنتە و نە دەشتوانی لە دووری ئێمەدا ژیانێکی خۆش و

بەختەوەرت هەبێ.. بەو بچووکییە بڕۆیت و لە دوورەوڵاتی بەبێ خزم و کەس و کاری خۆت ئایندەیەکی خراپت دەبێ..

نازانم چی بوو، من هەر پێمداگرت لەسەر رازیبوونم.. لە لایەك پێموابوو کە دەگەمە ئەوروپا ژیانێکی خۆشم دەبێ، لە لایەکیتریش کوڕێکی جوان هاتۆتە داخوازیم، سەرباری ئەوەیش لەو کۆمەڵگایەی خۆمان بێزار بووم.. ئەنجام ئەوە بوو شووم بەو کوڕە کرد..

شەوی یەکەم لە هوتێل ماینەوە، ئاسایی هات، خۆی گۆڕی و نووست.. شەوی دووەم لە قامیشلی لە ماڵی خاڵی ئەودا ژوورێکیان داینێ.. شەوەکەی خۆی گۆڕی و نووست.. من لام ئاسایی بوو، چونکە تا ئەو کاتە نەمدەزانی شووکردن چۆنە و ڕێساکانی چین.. چەند شەوێك لای ماڵی خاڵی ئەو مامەوە، ئەو خۆی چەند ڕۆژێك بۆ کاروبارەکانی من چووە دیمەشق، لەوێ کە کارەکانی تەواو کرد، گەڕایەوە منی لەگەڵ خۆیدا برد، کە گەیشتینە ئەڵمانیا، بە هەمان شێوە خۆی گۆڕی و ڕووی خۆی وەرگێڕا و نووست.

ئەو خۆ گۆڕین و خەوتنەی ئەو ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ من نەدەدوا.. پێویستییەکانی خۆشی بە خۆی جێبەجێ دەکرد.. چێشتی لێدەنا و دەیخوارد.. هیچ وشەیەکی لەگەڵ مندا نەدەگوت.. هەفتەیەکمان بەو شێوەیە گوزەراند، فێری هەندێ

شتی کردم چۆن پێداویستیەکانم دەکڕم و چۆن دەتـوانم خـۆم، خۆم بەڕێوە ببەم.. لـەو کاتانـەدا دراوسـێیەکی کرمـانجم ناسـی کە پیرەژنێکـی زۆر بـاش بـوو، ڕۆژانـە جاروبـار لەگـەڵم دەدوا.. هەمیشە پرسیاری ئەوەی لێدەکردم کە من چی دەکەم لە مـاڵی (محەمەد)؟

منیش دەمگوت: من هاوسەری ئەوم..

ئەو بە سەرسوڕماوییەوە لێمی دەڕوانی و هیچیتری نەدەگوت و بابەتەکەی وەردەگێڕا..

پاش هەفتەی یەکەم، محەمەد دەڕۆیشت، ئیدی شـەوەهای شـەو تەنیا جێیدەهێشتم.. نەمدەزانی بۆ کوێ دەچـێ و چـی دەکـا و بۆچـی نـەك بـە تـەنیا لەگـەڵم نـانوێ، بـەڵکو هـەر لەگەڵیشـم نـادوێ، تەنانـەت تەماشاشـم ناکـا.. لـەوەیش خـراپتر هەسـتم دەکـرد بێـزی لـە بـۆنی جەسـتەی مـن دەبـۆوە، ڕکـی لـەبینیم هەڵدەستا و تووڕەیی داگیری دەکـرد.. جارێکیـان بـە گریانـەوە لێم پرسی: بۆچی دەڕۆیت و جێمدەهێڵی؟ دەکرێ پێمبڵێی تـۆ چکارەی؟ بۆ کوێ دەچیت؟

ئەو بە بێزارییەکەوە وەڵامی دامەوەو گوتی: لە مۆدە کاردەکـەم، پێویستە لەوێ بمێنمەوە..

ئـەو جێیدەهێشـتم و منـیش لـەنێو فرمێسکە هـەڵوەریوەکانی خـۆم ڕۆدەنیشـتم، مـن لەگـەڵ تـەنیایی و خەمـە ناکۆتاکـانی

خۆمدا رادەكشام و چیرۆكی پڕ لە خەفەت و حەسرەتی خۆمم بۆ برینەكانی رۆحی خۆم دەگێڕایەوە..

من بە هاوكاری ژنە كرمانجەكەی دراوسێمان چوومە كۆرسی فێربوونی زمان.. وردە وردە هەندێ شتی رۆژانە فێردەبووم، كە لە ماڵەوە تەلەفۆنیان بۆ دەكردم، دەمگوت: زۆر باش دەژیم، محەمەد زۆر رێزم لێدەگرێ و .. بەڵام ئێستا لە كارە.

كە تەلەفۆنەكەم دادەخست لە پڕمەی گریانم دەدا.. بۆچی پێویست بوو من راستییەكان بشارمەوە؟ ئاخر نەدەبوو راستییەكان وا زوو بدركێنم و ئەو بەسەرهاتە رەشەیان بۆ باس بكەم، من خۆم بەو رازی بووم، كەچی ئەو لە یەكەمین رۆژەوە تا ئەو كاتە تەنانەت دە رستەش چییە بۆ منی هەڵنەدابوو..

ئەو كاتانەی كە لە ماڵ نەبوو، جارناجارێ تەلەفۆنێك دەكرا، دەنگی پیاوان بوو، دەیانپرسی: محەمەد لە ماڵە؟

من بە ئەڵمانییەكی خراپ وەڵامم دەدانەوە: نەخێر، لە مێژە، چەند شەوێك دەبێ نەهاتۆتەوە ماڵ..

ئەوان دەیانگوت: سەیرە! ئەی بەرێزت كێی و چی دەكەی لە ماڵی ئەودا؟

من دەمگوت: ژنیمە..

ئەوان بزەیەكیان دەكرد و دەیانگوت: نەمانزانیە محەمەد ژنی هێنابێ، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاست دەكەین خانمی بەرێز.

محەمەد لە چەند شەوێکدا جارێ دەردەکەوت.. کە دەریش دەکەوت، دەهاتەوە ماڵ، سەرەتا دووشێکی دەکرد و نانێکی بۆ خۆی ئامادە دەکرد و دەیخوارد، ئەگەر ئەو شەو لە ماڵ بمابووایەوە، من تاکو بەیانی لە تەنیشت قەروێڵەکەدا لەسەر عەرد دادەنیشتم و سەرم دەخستە نێوانی چۆکەکانم و دەگریام، هێندە دەگریام تا فرمێسکی چاوانم هەمووی هەڵدەوەران.. هەستم دەکرد ئارەزووی بۆنی جەستەی من ناکا، هەستم دەکرد ئەو دەیەوێ ئێستا من لەبەرامبەریدا رەشبکرێمەوە، بەلاَم نازانم بۆ نە هیچی دەوت و نەهیچی دەدرکاند؟

ئەو گوێی لە گریانی من نەدەگرت، زوو زوو دەخەوت و بەیانی کە دەیدیت من هێشتا وام لەنێو گریاندا، بە تیغی چاوانی لێمی دەڕوانی و دووشێکی دەکرد و دەڕۆیشت.. یانیش جار وابوو هەر ئێوارەکەی پاش دووش و خواردن، دەڕۆیشت و ئیدی دوای چەند هەفتەیەك بەهەمان شێوە دەردەکەوتەوە و هەمان چیرۆك دووبارە دەبۆوە.. ئەوەی کە تا ئەو کاتە منی بە زیندوویەتی هێشتبۆوە ژنە کرمانجەکەی دراوسێم بوو..

رۆژێك لە نکاو، محەمەد گەڕایەوە ماڵ و گوتی: خۆت ئامادەکە..

منیش خۆم ئامادەکرد..

گوتی: سەفەرێکی ئوستڕالیام لە پێشە، لەوێ دەبێ نمایشی مۆدە بکەم.. رەنگە زۆرم پێبچێ.. بۆیە من ئەو ماوەیە دەتگەڕێنمەوە لای ماڵی خاڵم لە قامیشلی، ئەو کاتەی کە دەگەڕێمەوە خۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە..

منی بە فڕۆکەیەك ناردە سوریا، لەوێ پێشوازیان کردم و ماوەیەکی باش مامەوە، ناوە ناوە پەیوەندیم بە ژنە کرمانجەکە دەکرد.. تا رۆژێکیان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گوتم: زۆر غەریبیت دەکەم، هەر کاتێ محەمەد لە ئوستڕالیا بگەڕێتەوە، منیش دەگەڕێمەوە لای تۆ، بەڕاستی تۆ بۆ من هەمیشە وەك دایکێك وابووی.

ئەو پێی سەیر بوو کە گوتم: محەمەد لە ئوستڕالیا دەگەڕێتەوە.. ئایا بۆچی پێی سەیر بوو؟

ژنە کرمانجەکە، نەختێ وەستا و گوتی: محەمەد کوانێ چۆتە ئوستڕالیا؟ هەر کە تۆ رۆیشتی وەك جارانی لێهاتۆتەوە، ناوە ناوە لەگەڵ برادەرەکەی دەگەڕێنەوە ماڵ و هەمان بەزم و رەزمی جارانیان دووبارە دەکەنەوە..

من قوڕگم پڕبوو لە گریان، ئیدی زانیم لە خۆڕایی نییە ئەو هەموو عەزابەی من.. دەگریام و بەدەم گریانەوە تەلەفۆنم بۆ ماڵی محەمەد کرد، خۆی وەڵامی تەلەفۆنەکەی دامەوە و گوتی: بەسە توانای تۆم نەما، بۆچی ئازارت بدەم، وەك چۆن منیان ئازاردا، بە زۆر ژنیان بە من هێنا، ئەگینا من هەرگیز

نەمدەویست تۆ بەو شێوەیە ئازاربدەم.. تۆیش وەك دایكم و خوشكم و هەموو ژنێكیتری ئەو دنیایە تەنیا بۆنی تارمایی و مەرگت لێدێ، من ناتوانم تەنانەت چركەساتێكیش چییە لەگەڵ تۆدا ژیان بگوزەرێنم، ئیدی ماڵئاوا.

من لەبەری پاڕامەوە، گریام، خۆم بە قوربانی كرد، پێم گوت: من هیچم لە تۆ داوا نییە.. بەو ژیانە رازیم كە ئێستا تێیدام، قەینا با پێچەوانەی هەموو كچانی دنیا من هەر (نیو ژن) بم، هەرچی تۆ داواتە من ئەوە دەكەم، بەس رێز لە حەیا و ئەخلاقی من بگرە، ئەگەر بگەڕێمەوە وڵات چیم بەسەر دێ؟ چۆن جورئەت دەكەم لە خەڵك بڕوانم؟ كێ جارێكیتر بە چاوانی مرۆڤەوە لێم دەڕوانێ؟

دوا قسەی ئەو ئەوە بوو كە چاوەڕوانی تەلاقنامە بكەم.

من بە گریانەوە تەلەفۆنم بۆ ژنە كرمانجەكە كرد، هەموو رووداوەكانم بۆی گێڕایەوە و پێمگوت: ئەی بۆچی منی دەهێنا كە ژنی هەبوو؟ من تاوان و گوناحم چییە؟ بۆچی خودا ئاوای بەسەردا هێنام؟ ئایا من چ خراپەیەكم بۆ دنیا هەبووە؟

ئەو هەوڵی دەدا هێورم بكاتەوە، لە كۆتایی قسەكانیدا گوتی: كچم باش بوو لە شەڕی ئەو بێدینە رزگارت بوو، من پێم سەیربوو كە كچێكی جوان و عاقڵی وەك تۆ شووت بەو بێدینە كردبوو، ئەو لە مێژە برادەری پیاوی هەیە، دەزانی یانی چی برادەری پیاو؟ مێردەكەت مێردی هەیە..

من لەو کاتەدا ڕۆح لە جەستەمدا نەما، ئیدی زانیم خودا غەزەبی لێگرتووم، ئیدی زانیم کە ژیانم بەرەو کۆتایی چووە، کە گەڕامەوە چەند جارێك هەوڵی خۆکووشتنی خۆمم دا، بەلاّم کاتێ خودا غەزەب لە یەکێك دەگرێ ڕێگای پێنادا بشمرێ..

تۆ پاش گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە هۆن هۆن لە بەرامبەر مندا دەگریایت.. گۆنات پڕبوو لە دڵۆپی کریستالاّوی، ئاگادار نەبووی کە نەك هەر دەستت لەناو دەستی من دانابوو و دەتگوشی، بەڵکو سەریشت لەسەر سینگم دانابوو، منیش مەرجەکەم لەبیر نەمابوو، بەڵکو قژتم بۆن دەکرد و ماچم دەکردی، بۆنی سێو لە جەستەتەوە وەك تەمی بەیانیان ڕوو لە ئاسمان و خودا بەرزدەبۆوە، لووتم پڕ بوو لە بۆنی سێو، دەستەکانم پڕبوون لە بۆنی سێوی سپی، فرمێسکەکانتم دەسڕیەوە و بە حەسرەتەوە پێمگوتی: مەگریە، تۆ ئێستا لە باوەشی یەکێکی کە دەزانێ تۆ کێی! تۆ درەوشانەوەیەکت تێدایە لە هەموو ژنەکانی گەردوون ئەو درەوشانەوەیە بوونی نییە.. من خودا لەناو تۆدا دەبینم.. تۆ کچی ئاسمانیت، نەك هی سەر ئەو عەردە جەنجاڵ و پڕ لە شەیتانە.. هێدی هێدی یەکترمان گوشی، توووند توووند، وەك ئەوەی بمانەوێ بچینە ناو یەکترییەوە، وەك ئەوەی بمانەوێ لەناو یەکتریدا بتوێینەوە، تۆ دەگریایت و منیش چاوەکانتم بە لێوەکانم دەسڕیەوە، تۆ

دەگریایت و منیش لەگەڵ تاڵ تاڵی پرچت گەمەم دەکرد، تۆ دەگریایت و من چاوەکانتم ماچ دەکرد، تۆ دەگریایت و منیش دڵۆپە کریستالاَوییەکانی سەر گۆناکانتم ماچ دەکرد، تۆ هێشتا هەر دەگریایت کە من لێوم خستە سەر لێوەکانت، تۆ هێشتا هەر بە کوڵ و مەراقەوە دەگریایت کە من لێوم بە لێوەکانتەوە داخشاند.. تۆ هێشتا هەر دەتویست بگریت کە من زمانم لەنێو دەمت دابوو، تۆیش وردە وردە زمانت بزواند، ئەو جارەیان بەدەم گریانەوە بزەت کرد.. منیش.. هەردووکمان بەدەم بزەکردنێکی جددیەوە و بە چاوانی داخراوەوە زمانی یەکترمان دەمژی.. سەرەتا لێنەگەڕای بە لێوەکانم گەززە لە سێوە تێنووەکانی سەر سینەت بدەم، لێنەگەڕای دەست لە مەمکەکانت بدەم.. دواتر ئاگات لە خۆت نەما و لێگەڕای، کۆنترۆڵت نەمابوو بۆیە ڕێگات پێدام.. من لێوم لە گۆپکەی مەمکەکانت گیرکردبوو، ئایا دەمویست ئەو سێوە سپیکراوانە بخۆم؟ من بۆنم کردی، بۆنی سەرتاپای جەستەت، خۆ بەڕاستی بۆنی سێوت لێدەهات، ئێستایش کە ئەو نامەیە دەنووسم خەریکە بۆنی سێو گێژم دەکات..

دێتەوە بیرت، یا هێشتا بڕۆم بۆ ئەوەی بە تەواوی بێتەوە یادت؟

نیوەڕۆ بوو حەزت نەدەکرد بڕۆین.. حەزت نەدەکرد سەرت لە باوەشما بپچڕێنی.. حەزت نەدەکرد مەمکەکانت لە پەنجەکانم

دابڕێنی.. حەزت دەکرد هێشتا بۆنت بکەم، حەزت دەکرد هێشتا بۆنی ئەو جووتە سێوە بکەم کە ئێستا حەسابوونەوە و تێنوویەتیان شکابوو..

تۆ گوتت: ناڕۆم.. باوەکو بە نەڕۆیشتنم گەردوونیش بە کۆتایی بگات..

من بە لێوەکانم وەڵامم دایتەوە، تۆ تێگەیشتی حەزم نەدەکرد بەو شێوەیە بەڕێت بکەم.. هەوەسم بوو تا هەتایە هەر لە باوەشما بمێنێیتەوە.. بەڵام نەدەبوو، خۆ تۆ دەتزانی لەبەر چی!

من بە نهێنی دەرگاکەم ئاوەڵاکرد، بەر لە هەر شتێ ئاسمانم دیت.. بەو نوێژی نیوەڕۆیە هەزارەها ئەستێرەم دیت خاچیان لە چاواندا هەڵدەوەری.. فرمێسکیان هەڵدەوەراند و پێیان وابوو نابێ ئێمە لە یەکتری دابڕێین.. من ئەو کاتە حەزم نەکرد ئەو نهێنییەت بۆ بدرکێنم، مانگم دیت سەری خستبووە نێو چۆکەکانی و لێزمە لێزمە شیعری هەڵدەوەراند.. حەزی نەدەکرد تۆ بە ڕێگایەك و منیش بە ڕێگایەکی دیکەدا هەنگاوی لێکترزان و لێك دوورکەوتنەوە هەڵبێنین.. لە هەموو ئەوشتانەیش سەیرتر من ڕۆشنایی و باق و بریق و تریسکانەوەی ئەستێرە و مانگم لێدیاربوو بەو نیوەڕۆیە کە تا چ ڕادەیەك پڕبوون لە مۆرفیمی خودایی و هەزارەها ڕستەی نامۆیان بۆ نووسیبووین.. ڕستەیەك کە بە گڕ نووسرابوو

لەنێو دوو مانگیش دانرابوو ئاوابوو (خۆشەویستیی تەنیا پردێکە بۆ ئەوەی لە قۆناغێکی تەمەنەوە بمانگوازێتەوە قۆناغێکیتر).. رستەیەکیتر کە بە تیشك نووسرابوو ئاوابوو (دوای هەموو ئاوێزان بوون و ئاوێتە بوونێك، لێکترازان هەیە).. لە رستەیەکیتردا کە بە خەتی تاریکیی نووسرابوو ئاوابوو: (هەموو رێگایەك سەرەتاییێکی هەیە و کۆتایش، بەلاّم گرنگ ئەوەیە لە رێگاکەدا پێبکەنی).. زۆر بوون ئەو رستانەی کە لە رووپەڕی ئاسمان نووسرابوون، ئەستێرەکانیش رێزی زۆریان هەبوو.. جاروبار کرنۆشیشیان دەبرد لە پێناوی ئەوەی هێشتا بۆ تاوێکیتر لە ئامێزی یەکتریدا گۆرانی بۆ جوانییەکانی گەردوون بچرین.. بەلاّم ئاساییە کە بلّێین: بۆ هەمیشەیی یاساکانی عەرد و ئاسمان لە یەکتری جیان.. عەرد عەقلّە و ئاسمانیش رۆح.. رۆح خۆشترە و عەقلّیش باشتر..

گیانی من، نەمویست ئەو کاتە پێت بلّێم: کێشەی گەردوون کێشەی نێوانی رۆح و عەقلّە.. کێشەی نێوانی خۆشیی و باشییە..

من کە بە نیوەڕۆ ئەستێرەکانم لە ئاسمان دیت رۆشناییان دەدا، نووری رووخساری خوداوەندیشم دیت، ئایە ئەوە تۆ بووی کە لە پشت ئەستێرەکانەوە نوورت دادەباراند، گولّ و خوناو و بۆنی سێوت هەلّدەوەراند؟ ئەوە تۆ بووی دەتگوت داوێك هەیە

له نێوانی عەرد و ئاسمان و له نێوانی خۆشیی و باشیی و له نێوانی عەقڵ و ڕۆحیشدا؟

گیان دڵم نەدەهات وەڵامت بدەمەوە، ئەگینا خۆ دەمتوانی بڵێم: عەقڵ واته تەڵبەندکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ.. عەقڵ واته کوشتنی سەفا و ئومێد و بەختەوەریی.. تێمبگە گیانی من، من باس له بێعەقڵێکی ڕەها ناکەم کە هاوڵاتیانمان تێی گلاون، من له ناعەقلانییەتی دوای تێپەڕاندنی قۆناغی عاقڵبوون دەدوێم.. واته له دوای عاقڵبوون به دوای ناعەقلانییەتێکدا بگەڕێی کە تەنیا بۆ خۆت و خودی خۆت ناعەقلانیەت بێت..

بەهەرحاڵ من به عەقڵ هەڵسوکەوتم دەکرد، تۆیش به بێعەقڵی، دەزانی بۆ؟ چونکه پێویستت به بەختەوەریی و سەفابوو، کەچی ئێستا له کاتی نووسینی ئەو نامەیەدا من به بێعەقڵی هەڵس و کەوت دەکەم و تۆیش به عاقڵی چونکه من پێویستم به تۆیه و تۆیش پێویستت به عەقڵه تا به هۆیەوه له ئامێزی مێردە خۆشەویستەکەت دانەپچڕێی..

من نامەوێ هەموو ئەو ڕووداوانەت بێنمەوه یاد کە بەڵگەن بۆ نیشاندانی لاوازی عەقڵی تۆ لەو قۆناغەدا، مەبەستم لەو قۆناغەیه کە عاشقم ببوویت.. عاشقیش نا، تۆ خۆت دەتگوت وشەیەك کە زیاتربێ له عەشق و عاشقبوون، شێبوونیش نەبوو، چونکه دەتگوت وشەیەکه هێشتا مرۆڤایەتی

داینەهێناوە، ئەوانەی سەرەوە قسەی خۆتن، هەرچۆنێ بێ لەو قۆناغەدا من دەمزانی خودا لە نێو مندایە، لەسەر ڕێگاکانی مندایە، لەناو ماڵی مندایە، لەنێو گلێنەکانمدا دەدرەوشێتەوە.. بۆیە تۆ بە لاوازی و ناعەقڵانی هەڵس و کەوتت دەکرد..

جارێکیان بە دوای ماڵی مندا گەڕابوویت و نەتدۆزیبۆوە، لێم پرسیت دەتویست چیبکەیت؟ لە وەڵامدا گوتت حەزمدەکرد لەنێو ژووری نووستنی تۆدا و لەسەر قەروێڵەکەی تۆدا خۆم بتەقێنمەوە.

من پێکەنیم، لێم مەتۆرێ زۆر زۆریش پێکەنیم، هێندە پێکەنیم تا زگم هێشا، دەزانی بۆ؟

لە دڵەوە گوتم: خۆ تەقاندنەوە هەندێ زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام ئازا و بوێر و مەردبە کە شووت کرد بە دزی مێردەکەت وەرە باوەشم.. نەخێر گیانی من خۆت مەکوژە، ئازابە کە شوو دەکەی مەمکەکانت بە دەست بگرە و لە نێو دەوی منیان بئاخنە، ئەوەیە وەفا، نەك خۆ تەقاندنەوە لە نێو ژووری نووستنی مندا و لەسەر قەروێڵەکەی مندا.. هەر ئەو کاتە بوو کە زانیم تۆ پایزی، تۆ زستانی، بۆ ئەوە هاتووی تا من بوەرێنی، تا من لەنێو سەرما و زریانی بیرەوەرییەکاندا بتەزێنی.. بۆچی نایێی لە پەنجە تەزیوەکانم و لە دڵی وەریوی من بڕوانی؟

ئێستا تۆ لە ئامێزی مێردەکەتدای.. شەوانە پەنجەکانتان تێکدەئاڵێنن و ماچە سپییەکان دەگۆڕنەوە، هێندە ماچی دەکەیت وەك ئەوەی بەر لە لێوەکانی ئەو تامی هیچ لێوێکیتر ت نەکردبێ.. دەچیتە باوەشی و سەر دەخەیتە سەر سینگی، وەك ئەوەی پێشتر سەرت نەخستبێتە سەر هیچ سینگێکیتر.. دەچیتە ژێری و وەك کەروێشکێکی دەستەمۆ خۆت مت و خامۆش دەکەیت وەك ئەوەی نەچووبیتە ژێر هیچ کەسێکیتر.. لەوەش خراپتر ئەوەیە کاتێ کە پێیدەڵێی: من نازانم چۆن گوزارشت لەو هەستە بکەم کە بەرامبەر بە تۆ هەمە.. باوەڕناکەم وشەی خۆشەویستیی وشەیەکی لە جێبێ بۆ ئەو هەستەی من، چونکە لە سەرووی وشەی خۆشەویستیی وشەیەکیتر هەیە، ئا من ئەو هەستەم هەیە بەرامبەر بە تۆ..

تۆ ئێستا بەو شێوەیە لەگەڵ مێردە خۆشەویستەکەت دەدوێی، وەك ئەو ئەوەی پێشتر لەگەڵ هیچ کەسێکیتر ئاوا نەدوابی.. بەڵام من لێم دیارە تۆ ناتوانی من لەنێو زاکیرەی خۆتدا ڕەشبکەیتەوە، چونکە من لەناویدا هەڵکۆڵراوم، من بە قووڵیی لەناویدا هەڵکۆڵراوم، تۆ ناتوانی من لە ڕۆحی خۆتدا ڕەشبکەیتەوە، چونکە من ڕۆناکییەکی هەمیشە هەڵگیرساوم لەناویدا..

دەزانم بیری من دەکەیتەوە و لەناو یادەوەری تۆدا شوێنێکم هەیە، دەزانم کە لە شەوێکی تاریك و دەیجوور و

ئەنگوستەچاودا دەچیتە باوەشی ئەو، وا هەست دەکەیت لە باوەشی مندایت، کە لە دەمووچاوی بێزاکەری ئەو دەڕوانیت خەیاڵ دەکەیت کە ئەوە دەموچاوی منە.. من دەزانم تۆ ئێستا بیر لە من دەکەیتەوە، جارێکیان خۆت گوتت: ئێمە گەر یەکتریش نەبینین و لەگەڵ یەکتریش نەدوێین بەو شێوە واقعیەی کە هەیە ئاساییە، چونکە ئێمە بەیەکتر گەیشتنی رۆحیمان هەیە، ئێمە دیالۆگی رۆحیمان هەیە، ئێمە لەوێ لە ئاسمان دادەنیشین و حیکایەتی خوا و زەمین بۆ خۆمان دەکەین، من دەگەڕێم لەناو وشەکانتدا تۆ دەدۆزمەوە، لەناو لاپەڕەی گۆڤارەکان، لە هەموو شوێنێ بە دوای تۆدا دەگەڕێم..

من بۆ ئەوەی وردە وردە و بە هێمنی خۆم بە تۆ بناسێنمەوە پێویستە تەحەدا نەکەم و وەك بومەلەرزە و لافاو هەڵنەچم، چونکە بە هەڵچوونم هەموو شتەکان رووت دەبنەوە و تۆیش زوو دەمناسیتەوە و چیرۆکەکەشمان کۆتایی پێدێ، بەڵام نا من باسی ئەو رۆژەت بۆ دەکەم کە لەبەرم دەپاڕایتەوە و دەتگوت با بڕۆین، با ڕوو لە یەکێ لە وڵاتە دووورەکانی دنیا بکەین، لەوێ ئیدی لە ماڵەوە دانیشە و شیعر بنووسە، تۆ پێویست نییە بچیتە دەرەوە، من دەچم بازاڕدەکەم، کاردەکەم، خۆم دووشت بۆ دەکەم، وەك منداڵێك کە لە من لە دایکبووبی ئاوا خزمەتت دەکەم، من پێدەکەنیم و دڵخۆش دەبووم کە کەسێکی

بەو شێوەیە دڵسۆز هەبێ بۆ من لە ژیان، ڕەنگە پەیوەنـدی بـە خۆسەپاندنی منیشەوە هەبووبێ لە لایەکیترەوە..
جارێکیــان پێمگــوتی : هێنـــدەم خۆشـــدەوێی کــە خەریکــە خۆشەویستیی و مەراقم بۆ تۆ، بمگەیەنێتە حاڵەتی شێتبوون، ئەگەر شێتبووم و لـە کوچـەیەك یـا کـۆڵانێ یـا قـەرەباڵغی نێـو سـەنتەرێ منـت دیـت و تـۆیش دەسـتت لـەنێو دەسـتی مێـردە خۆشەویستەکەتدابوو، هەوڵدە ڕەحمتبێ و بزەیەکم بۆ بکە..
تـۆ گوتـت: مـن هـەرگیز شـوو ناکـەم، هـەموو پیـاوانی دنیـا بـە لایــەك و تــۆیش بــە لایــەك.. دواتــر گــەر تــۆ بــە شــێتی لــە شەقامێکدا ببینم دەتبەم و وەك ئەوەی کچت بم یا دایکت ئـاوا خزمەتت دەکەم..
تــۆ هەســت ناکــەی دیــالۆگی نێــوانی ئێمــە لــە ئــاگری دۆزەخ گەرمتربوو؟ ئێمـە هێنـدە بـە گـەرمی گوزارشـتمان لـە عەشـقی نێوانمان دەکرد کە دەمـانتوانی هـەموو جارێ لـەنێو قسـەکاندا جـارێ یـاخود چـەندین جار بـە هـاوارەوە بگـرین و فرمێسـك هەڵبوەرێـنین..
زۆرجار دەگریایت و بە پاڕانەوە داوای وەڵامت لـێم دەکـرد، تـۆ هەمیشە دەتپرسی: ئـەوەی تـۆ لەگـەڵی دەژیـت چـی هەیـە مـن نـەمبێ؟ بۆچـی تـۆ بڕیارتـدا لەگـەڵ ئـەودا بـژیت؟ ئایـا ئـەو شتێکی لە من زیاتر هەیە، بێجگە لە شانس و بەختێکی باش..

دەبێ جیاوازی من و ئەو لە چی دابێ گەر تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەو کەسێکی بەختەوەرە و منیش کەسێکی بەدبەخت؟

من دەمگوت: با خۆمان بدەینە دەم رووباری چارەنووس، ئەو رێرەوەکان باشتر دەزانێ و ئەو دەزانێ بەرەو کوێمان دەبات، ئێمە ئێستا لە چیمان کەمە؟

هەموو شتێکمان هەیە.. عەشقمان هەیە، خەونمان هەیە، جوانییمان هەیە، بەختەوەرییمان هەیە، ژیانمان هەیە، دیالۆگی جددیمان هەیە، هیچ چرکەیێ بەسەرماندا تێپەڕ نابێ بێ ئەوەی بیر لە یەکتری بکەینەوە.. بەڵکو زۆر لەوەش زیاتر عاشقی یەکترین کە ژن و مێرد یەکتری بین، ئەی ئەو رۆژە لە ئێس ئێم ئێسێکدا بۆت نەنووسیبووم: ئەورۆ یادی هەفتەی یەکەمی شووکردنم دەکەمەوە، کراسی سپیم لەبەر کردووە و مۆمم داگیرساندووە، ئەورۆ دووشەممەیە و دووشەممەی رابردوو من بووکی تۆ بووم.. سلاو لە زاوا ئەبەدییەکەی من.. ئایا بەڕاستی لە دووشەممەی رابردوودا من زاوای تۆ بووم؟

هەندێجار تۆ بەدەم گریانەوە دەتپرسی، دەگریایت و دەتپرسیەوە: من چ خراپەیەکم بۆ تۆ هەبوو ئەی خودا؟ بۆچی لەسەرەتای تەمەنمەوە ئەو هەموو ئازار و خەم و ئەندێشەیەت لە من بارکردووە..؟ زۆرجار هەوڵی خۆکوشتنت دەدا، جارێکیان بە مست حەبت خواردبوو، وابزانم سەرێکیشت لە مەرگ دابوو، دوای چەند رۆژ ئینجا هاتیتەوە ناو ژیان و

سەر لە نوێژەن دەستت کردەوە بە ژیان، دەزانم تۆ دەتویست مرۆڤ خۆی بڕیاری ژیان و چۆنیەتی مردنی خۆشی بدا، تۆ پێت وابوو مرۆڤ و ئیرادەی مرۆڤە کە ڕووداوەکان دەخولقێنێ.. دەزانم تۆ دەتویست من دەستی تۆ بگرم و بتبەم، بەرەو دوورگەیەك، بەرەو کیشوەرێکی دیکە و بە تەنیایی لەوێ زەمەن تێپەڕێنین، ئا.. حەزت دەکرد کچەکەی منیشمان لەگەڵ دابێت کە بە کچەکەی خۆت بانگت دەکرد..

ئێمە کە لە حەوشەکە هاتینە دەرێ و سواری ئۆتۆمبێلەکە بووینەوە، وەك جاری پێشوو گوێمان بۆ ئەو گۆرانییە رادێرا کە جارێ بەدەم گوێ گرتن لەو گۆرانییە دەستمان لەنێو دەستی یەکتری دانابوو، سەرمان بەرزکردبۆوە و لە ئاوابوونی خۆرمان دەڕوانی.. دێتەوە بیرت تێکستی ئەو گۆرانییە باسی لە چ دەکرد؟ حەز دەکەی بێنمەوە یادت؟ (من ناتوانم غیابی تۆ لە یاد بکەم.. من ناتوانم خۆری رووخساری تۆ لە ژووری تاریکیی رۆحی خۆم دەربکەم.. من ناتوانم لە دووری تۆدا وەرزەکان بەرێبکەم.. رۆژەکان ئاوابکەم.. من ناتوانم.. ئاخر من ناتوانم).

بەدەم گوێ گرتن لەو گۆرانییە دەستمان لەنێو دەستی یەکتری دانابوو، بە هەمان ئەو رێگایەی کە پێی داهاتبووین گەڕاینەوە گۆڕستانەکە، لەوێ باپیرمم دیت، خەریکبوو جگەرەی کۆتایی پاکەتەکەی تەواو دەبوو، کە ئێمەی دیت بزەیەکی کرد و

گوتی: تەنها تاکە هێزێ کە بتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە یادەوەرییە ، تەنها تاکە شتێ کە بتوانێ خۆشەویستی مردوو زیندوو بکاتەوە یادەوەرییە.. کوڕی خۆم دەزانم من بۆ هەمیشەیی لای تۆ زیندووم، دەبێ تۆیش ئەوە بزانی کە من هەمیشە چاودێری تۆ دەکەم و شانازیشت پێوە دەکەم کە ئاوا بەبەر چاوی من دێیت و فریشتەکان بەرەو چۆلەوانی راپێچ دەکەی.

کە لەو تێپەڕین دووپشکەکە هێشتا هەر خەریکی خاوێنکردنەوەی ژێر ددانەکانی بوو بە شمشێر، هەستایەوە و بە خەندەوە گوتی: تۆ دەبێ دەرسی پێوەدانی تەواو لایمن بخوێنی، ئەوەی تۆ کردت پەشیمانی بەدواوەیە، چونکە پێوەدانی تەواو نەبوو، یا تەواو پێوەدە یاخود واز لەو گەمەیە بێنە..

ئایا ئەوە قسەیەکی بێ مانا نەبوو؟ ئەی تۆ خۆت نەتگوت: لە دووشەممەدا من بووم بە بووکی تۆ؟ ئەی بۆچی دووپشك بەو شێوەیە کلاسیکییە دەدوا؟ ئایا ئەو ئاگاداری ئەوە نەبوو کە تۆ (نیو ژن) بوویت؟

لەگەڵ ئەوەشدا من هەڵوەستەیەکم لەسەر قسەی ئەو دووپشکە کرد، چونکە جارێ کە بە حیسابی خۆم رەحم بە فریشتەیەکی پاکیزە دەکەم دڵم نەیدەویست تەواو دەرسی ئازار و لەززەتی پێبدەم، دەرئەنجام لەبەرم رایکرد و منیش

بــەردەوام پێکــی پەشــیمانیم بــۆی هەڵدەلووشــی، کەچــی پەشیمانی هیچ رێگایەکت نیشانادا بەرەو چوونەدەرەوە.

هێشتا لە گۆڕستانەکەدابووین کـە دەنگی مەلایەکـە هاتـە بـەر گوێم، بە ئاوازێکی خۆش دەیگوت: (تازە لاوی هەمیشـە لاو، لـە دەورەیان دێن و دەچـن، بـە زەرك و بـە تونگـە و پیاڵـە، بـادەی رەوان لەسەر چاویان دەدەنێ، نە لە خومار سەریان دێشێ و نە ئـاوەزیش لـە دەسـت دەدەن).. پـاش کـەمێ بـە پێکەنینـەوە لـە ئێمەی روانی و بە هاوارەوە کە دەستێکی لەگەڵ بڵند کرد و بە تیغێکی چاوی چەپەشـی لـە گۆڕەکانی دەڕوانـی و بـە عـەرەبی گـوتی: (اعْلَمُـوا أَنَّمَـا الْحَيَـاةُ الدُّنْيَـا لَعِـبٌ وَلَهْـوٌ).. لـەوێش تێپــەڕین و گەیشـتینە بــەردەم نەخۆشـخانە گەورەکـە، مـن تـۆم لەســەر شـەقامە گشـتییەکە دانـا، چـاوم لێبـوو شـوفێری تاکسـییەکان تەماشایان دەکردی بۆ زیارەت و بۆ تیجارەت، چاوم لێبوو کـوڕە لێپرسـراوەکان بـە پـرادۆ و مێرسـدیس بـە تەنیشـتتدا تێپـەڕ دەبوون، لە ئاست تـۆدا هەڵوەسـتەیەکیان دەکـرد، کـە تـۆ رووت وەردەگێـڕا ئـەوان بـە نائومێدییـەوە دەڕۆیشـتن، چـاوم لێبـوو ماتۆڕسوارەکان کـە بـە تەنیشـتتدا تێپـەڕ دەبـوون، فـەنتازیایان دەکرد و فیلمـی هینـدیان دەهاتـە بەرچـاو، حـەزیان دەکـرد لـە پشــتەوەی ماتۆڕەکــە ســوارتکەن و بــە شــەقامەکانی شــاردا بتسوڕێننەوە گۆرانی هیندی بڵێن، سایەقی تـراکتۆرەکە کە کای بار کردبوو، خەیاڵی هـەر لەسـەر ئـەوە بـوو بـە باوەشـی خـۆی

هەڵتگرێ و لەناو کای عارەبانەی تراکتۆرەکە بە رووتوقووتی درێژت بکا.. شێخێکی حەفتاساڵانی ڕدێن سپی کە لەگەڵ کوڕەکەی لە پێشەوەی ئۆپێلکی تاکسی دانیشتبوو بەدەم سەلاواتەوە لە ترسی کوڕە گەنجەکەی خۆی بە دزی و بە تیغی چاوانییەوە لێتی دەڕوانی، کە لێت تێپەڕین کوڕەکەشی لە ئاوێنەکەوە تەماشای دەکردی، چونکە لە باوکی دەترسا، چونکە تۆ بۆنی سێوت لێدەهات.. من کە تۆم لەسەر شەقامەکە دانا، هەموو دنیا تەماشای دەکردی، هەتا ژنەکانیش تەماشایان دەکردی، دەزانی بۆچی؟ چونکە هەموویان لە دڵەوە تەمەننایان دەکرد خودا کەمێکی لە جوانیی تۆ بەوان بەخشیبووا.. هەموویان تەمەننایان دەکرد وەك تۆ بۆنی سێویان لێبهاتبووایە..

من نازانم بۆچی تۆم لەبەردەم نەخۆشخانەکە دانا، بۆچی نەچووینە ناو نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەرسەری خۆمان بکەین، ئێ ئێمەیش پێویستیمان بە نەخۆشخانە هەبوو، دواتر کە گەیشتیەوە ماڵەوە لە تەلەفۆن پێمگوتی: باشە بۆچی ئێمە نەچووینە نەخۆشخانە؟

تۆ گوتت: گیان، ئاخر ئێمە دەبێ بچینە نەخۆشخانەی عاشقان، چونکە ئێمە سەرەتانی عەشقمان گرتووە..

ئای گیانی من هەر واشبوو ئێمە سەرەتانی عەشـقمان گرتبـوو، دێتەوە بیرت ئەو رۆژەی کە گـوتم: دەڕۆم، چـۆن هـاوارت کـرد؟ ئەی گوێت لە دەنگی کەوتنی دڵۆپە فرمێسکەکان نەبوو؟

تۆ بە هاوارەوە گوتت: بۆ کوێ؟ ئاخر لـە غیـابی تـۆ شـار بـۆنی خوێن و بۆنی تاریکیی و بۆنی مەرگی لێدێ..

گوتم: دەڕۆم بەرەو ئەو کیشوەرەی کە لێیەوە هاتووم..

گوتـت: نـابێ بـڕۆی، بـە ڕۆیشـتنی تـۆ گـەردوون لەناودەچـێ، زەمــەن دەمــرێ و هــەتاو ئیــدی نــاتوانێ چــاوی بــە زەمــین بکەوێتەوە.

گـوتم: لـە پێنـاوی تـۆدا دەڕۆم، دەڕۆم بـۆ ئـەوەی بـە یـەکجاری بگەڕێمـەوە وڵات.. ئێسـتا دەزانـی بۆچـی مـن ژیـانی دۆزەخـم لەجیاتی ژیان لە بەهەشـت هەڵبـژارد؟ تـا رۆژی مردنـت دەبـێ بێتەوە یادت کە تۆ چارەنووسـی مرۆڤێکـت گۆڕیـوە، تـۆ ژیـانی سەرلەبەری منت گۆڕیوە، بەڵێ من بۆ ئـەوە دەڕۆیشـتم کـە بـە یەکجاری بگەڕێمەوە.. ئێستا زانیـت بۆچـی مـن گەڕاومەتـەوە؟ ئێســتا دەزانـــی بۆچـــی مـــن شـــەوانە بـــە سەرخۆشـــیی لـــە شەقامەکانی ئەو شارەدا دەسوڕێمەوە و بـۆ ترپـە ترپـی رژانـی خوێنی دڵی خۆم دەگەڕێم؟

ئەو کات تۆ گوتـت: نـابێ بـڕۆی، گـەر دەڕۆیـت و ناگەڕێیتـەوە، بمکوژە ئینجا بـڕۆ، یـاخود لەگـەڵ خۆتـدا بمبـە و ئینجا بـڕۆ، گرنـگ نییە چۆن دەمبەیت، حەز دەکەیت لەناو باوەشـی خـۆت

حەشارمدە، یا بمکە حەڵقەیەك و لە پەنجەیەکتم بکە و ئینجا بڕۆ، ئارەزووی خۆتە چۆن دەمبەیت، لەناو جانتاکەتم بنێ، دەرگاکانی زەمینی بیرکردنەوە لەو کیشوەرە کلۆمدە و بمبە، یاخود لە پێکێکی شەرابدا هەڵملووشە و بمبە.. دێتەوە یاد کە گریایت و بە دەنگە خۆشەکەت ئەو گۆرانییەت بۆچڕیم: (من ناتوانم غیابی تۆ لە یاد بکەم.. من ناتوانم خۆری رووخساری تۆ لە ژووری تاریکیی رۆحی خۆم دەربکەم.. من ناتوانم لە دووری تۆدا وەرزەکان بەڕێبکەم.. رۆژەکان ئاوابکەم.. من ناتوانم.. ئاخر من ناتوانم).

شەوێکی درەنگبوو، من لەگەڵ شاعیرێکی عاشق بە ئێستەتیك و سەفا و راستگۆیی لەنێو سەیارەکەدا بە سەرخۆشیی گوێمان بۆ ئەو گۆرانییە ئورفاییە رادێرابوو کە شیعرەکەی دەیگوت: (با لە کاتی مەرگمدا کچەکان دارەبازەکەم بخەنە سەرشانیان و بە خاکەناسی زیڕ گۆڕم بۆ هەڵکەنن) من سەرلەنوێ وەك چەندین شەوانی بەر لە ئێستا دەستمکردەوە بە گێڕانەوەی ئەو عەشقە نمونەییەی کە ئێمەی بەیەکترییەوە بەستبۆوە.. دوای قەتیسمانی چەند دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوەکانمدا بەدەم گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە زەنگم بۆ لێدای، دەزانی دوای من کێ بوو لەگەڵ تۆدا دوا؟ ئەو پەیامبەرێك بوو هێندەی جوانیی عەشق عاشقی عەشق و ئێستەتیکە، ئەو دەیزانی شتێ هەیە لەودیو سنوور و دەسەڵاتی عەقڵی کەسەکان کاریگەری لەسەر

ئێمە کردووە، ئەو دەیزانی ئەوە ئێمە نین کە لەناو گەمەیەکی پڕ لە جوانیی زەمەن تێدەپەڕێنین، بـەڵکو منداڵـە جوانـەکانی نێو ئێمەن گەمەی ڕۆحانی خۆیان دەسازێنن..

دێتەوە بیرت چی پێگوتی؟

کـە مۆبایلەکـەی خسـتە بـەر گـوێی، یەکسـەر ئـاوا هـات دوان: گلەیی لێمەکە، ئێمـە کـەسمان گلـەیی لـێ ناکـەین، چـونکە ئـەو یوسفی نێو ئەو چاخە جەنجاڵەیە، ئـەو بـۆ ئـەوە دەڕوا عەشـق لە دنیادا کۆبکاتـەوە و لـە فـۆرمێکی نوێـدا پەخشـی بکـا.. ئـەو دەڕواو دەگەڕێتەوە، چـونکە خـودا و دوعـای ئێمـە دەیپـارێزێ، تـۆیش دوعـای بـۆ بکـە ، چـونکە خۆشـیدەوێی.. بەختـەوەربـە چونکە خۆشیدەوێی..

کـە مۆبایلەکـەم وەرگرتـەوە دەزانـی تـۆ چـیت گـوت؟ بێنمـەوە یادت؟ تۆ لەو کاتەدا قسەی ئاسـایت نـەکرد، بـەڵکو شـیعرت بـۆ من خوێندەوە، تۆ بە پاڕانەوەیەکەوە گوتت:

دڵی گەردوون، ئەی ڕۆحی پیرۆز لەگەڵیبە

لە دوایبە و بیپارێزە

لە ڕێگاکان

لە زەریاکان

لە ئاسمان و لەنێو چیاکان

ڕۆحی جیهان ئەی خودا لە گەڵیبە

چونکە ئەویش کوڕی تۆیە

چونکە ئەویش لە خوێنی تۆیە
چونکە ئەویش لە رۆحی تۆیە..
گیان درۆ ناکەم تا ئێستا دوعا و نزای لەو جۆرەم نەبیستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا رۆژێ لە رۆژان وەکو ئەو کاتە شانازیی ئاوام بە خۆم نەکردبوو.. یەکڕاست دوای دوعاکە کەوتیەوە نێو بوحەیرەی گریان و گوتت: تەماشاکە تۆ چەند بەختەوەریت؟ تۆ کەسانێکت هەن کە بێسنوور خۆشیاندەوێی.. کەچی منێکی داماو، تەنیا و تەنیا کە کەسێك هەبێ بتوانم بیدوێنم و هەستی خۆمی بەرامبەر دەربڕم خۆمم.. تەنیا خۆمم کە دەتوانم نهێنییەکانی خۆمی لە لا باسبکەم..
من بەرەو کیشوەرێکی سپی رێگام گرتە بەر.. بەلاّم کە لە سنووری شار تێپەڕیم، بۆنی سێو ئەو پێدەشتەی تەی کردبوو، تۆ زەنگت بۆ لێدام و گوتت: بۆنی تاریکیی و بۆنی خوێن و بۆنی نەهامەتی دەکەم لەو شارە، خودایە چەند هەست بە چولەوانیی و وێرانەیی ئەو شارە دەکەم؟ بۆنی بیابان و لم و تارمایی دەکەم.. ـ با ـ ی سەر بیابان هەڵیکردووە و هەموو شاری داگیر کردووە..
تۆ نەتدەزانی قسەی ئاسایی بکەیت و نەشتدەزانی رستەیەکی ئاسایی هەڵبدەیت، کە لێوە سوورەکانت لێك دەکردەوە شیعر لە دەمتەوە هەڵدەوەرا، بۆیە شانازیم دەکرد، خۆ حەقی خۆشمبوو

شانازی بکەم.. سنووری شارم بڕی و لە شارێکی دی لە هوتێلێك دابەزیم.. شەو لە یانەکە خۆم سەرخۆش کرد، لەگەڵت دوام، بەڵام چۆن؟

تەلەفۆنی هوتێلەکە تێکچووبوو، هەروەها مۆبایلەکەشم ونکردبوو، ئیدی نەمدەتوانی لەو چرکەیەکدا بە هیچ شێوەیەك قسەت لەگەڵدا بکەم.. پێویستیشم پێتبوو، بۆیە بانگی گارسۆنەکەم کرد و داوام لێیکرد قەڵەم و کاغەزێکم بۆ بێنێ.. دەستم کرد بە نووسینی نامەیەك بۆ تۆ.. گەر راستیت دەوێ، بیرۆکەی ئەو نامەیەی ئێستای بەردەستت هی ئەو شەوەیە.

نووسیم و نووسیم و نووسیم، ناوە ناوە داوای کاغەزی زیاترم دەکرد، تا وایلێهات لەبەر نەمانی کاغەز کارتۆنی تەکەی جگەرەیان بۆ هێنام.. دواتر لەسەر کلێس نووسیم، نەمدەزانی چی دەنووسم، گرنگ ئەوە بوو لەگەڵ تۆدا دەدوام.. ئایا تۆ گوێت لە زەمزەمە و گریان و هەڵچوونی وشەکانم دەبوو؟

ناوە ناوە لە مێزەکەی بەرامبەرمم دەڕوانی، ئاگام لێبوو کە بە مەراقەوە دوو کەس چاودێریم دەکەن، من دەمخواردەوە و دەمنووسی.. بریا لەوێبووای، دەزانی بۆ؟

دێتەوە یادت کە چەندین شەو وەختێ بە مەستی لەگەڵت دەدوام تۆ هەمیشە دوو شتت دەهێنایەوە یادم، یەکەمیان ئەوەبوو کە دەتگوت: تۆ تەنیا لە سەرخۆشیدا دەتوانی بە

حەقیقـەتێکی ڕەهـاوە گوزارشـت لـە خۆشەویسـتیی نێوانمـان بکـەیت.. هـی دووەمیشـیان کـە بـەردەوام دەتهێنایـەوە یـادم ئەوەبوو کە دەتگوت: خۆزگە جارێ لە بەرامبەرت بوومایـە کـە ئاوا سەرخۆش دەبیت.. لـەوەیش زیـاتر دەڕۆیشـتی و دەتگـوت: مـن لـە توانامدایـە خـۆم گلاَسـی ئـۆزۆت بخەمـە سـەر لێـوان و سینگیشم بۆت بکەمە مەززە..

منیش حەزم دەکرد، منیش حەزمە سێو بکەمە مەززە، منیش بـە بـۆنی سـێو زیـاتر مەسـتدەبم، ئایـا لـەو شـەوەدا سـێوەکانی باخەڵی بەهەشتاوی تۆ لە کوێ بـوون؟ ئاگـاداری لێوەکـانی مـن بوون کە هێندە تێنووی بۆنکردنیان بوون؟

دوو کـەس لـە مێزەکـەی بەرامبـەر منـدا چاودێریان دەکـردم، منیش لە دووکەسـەکەی بەرامبـەر خـۆمم روانـی لـەو شـەوەدا، یەکێکیان تـا کەمـەری نـەمابوو، گـەنجێکی پەککەوتـە، دەبـێ چ ڕووداوێ لە پشت نـەمانی قاچـەکانی ئـەودا هـەبووبێ؟ لەسـەر عارەبانەیـــەکی کەمئەنـــدامان ڕۆنیشـــتبوو، شـــەش بـــیرەی تـــەواوکردبوو بـــانگی گارســـۆنەکەی دەکـــرد بـــۆ ئـــەوەی هـــی حەفتەمیشـــی بـــۆ بێنـــێ، ئـــەویتریش ئـــۆزۆی دەخـــواردەوە، گـەنجێکی ڕەشـتاڵەی لاوازبـوو.. بێقاچـەکە لـە دەموچـاوی وا بەدەدردەکەوت کە حەزی لە سەمابێ، حەزی دەکـرد هەسـتێ و سـەمایێکی ئەبـەدی سـازبدا، بـەلاَم بـیری لـە بـاردۆخی مـن دەکردەوە، مۆبایلێکی هاوشێوەی ئەوەی منی بە دەسـتەوە بـوو،

دەمنادەمێ تەلەفۆنێکی پێدەکرد.. من دەستم شل ببوو، ئیدی دەمویست زۆر شتیتر بۆ بنووسم بەلاّم توانای نووسینم نەمابوو.. لە مۆبایلەکەی دەستی ئەو کوڕەم روانی مۆبایلەکەی خۆمم هاتەوە یاد، تەنیا بزەیەکم کرد، ئایا ئەو مۆبایلەکەی منی دزیبوو؟ من ونم کردوە ئەو دۆزیویەتییەوە؟

ئیدی خۆم بۆ نەگیرا و بە رێز و شەرمنییێکی زۆرەوە بەرەو مێزەکەی ئەوان ڕۆیشتم، جزدانەکەمم دەرهێنا و پەنجا دۆلارم دانایە سەر مێزەکە و بە شەرمنی و ریزێکی زۆرەوە گوتم: من غەریبم لەو شارە، پێویستم بە تەنیا یەك پەیوەندی تەلەفۆنییەوە هەیە، ئەوەش پەنجا دۆلار، تکا دەکەم سێ کارتم بۆ لە برادەرێکتان، یا ناسیاوێکتان وەرگرن و داخیلی مۆبایلەکەی خۆتانی بکەن و دەمەوێ هەندێ شتی گرنگ هەیە لەگەڵ دۆستێکم یەکلایی بکەمەوە.. لێرەوە باوەڕم وابوو (من ئەوەم کە هەم)..

ئەوان پەنجا دۆلارەکە و دوو مۆبایلیان هەڵدایە پێشە من و بە شێوە دیالێکتێك کە من شەرم لە خۆم بکەمەوە بێقاچەکە گوتی: تۆ پێویستە شەرم لە خۆت بکەیتەوە، ئەو مۆبایلانە هەردووکی لە خزمەتی تۆ دان.. تۆ دەتوانی تا دواترەمین سەنت قسەیان پێبکەیت.. برای ئازیز ئێمە کە لە تۆمان دەڕوانی بەو هەموو ئیشتیاق و شێتیەتیەوە دەتنووسی

دەمانویست بێینە لات بۆ ئەوەی چ یارمەتییێکت دەویٚ ئێمە لە خزمەتت دابین..

ئەو کاتە بە زۆر رازیانکردم لەگەڵت بدوێم ، شتەکانی سەر مێزەکەی منیان بۆ سەر مێزی خۆیان گواستەوە .. لەوێوە من چیرۆکی نێوانی خۆم و تۆم بۆیان گێڕایەوە و بەیەکەوە قسەی زۆرمان کرد، هەر لەوێش بوو بەڵێنم پێدای کە ئەو نامەیەت بۆ بنووسم کە ئێستا من خەریکی نووسینیمەو تۆیش لە ئایندەدا دەیخوێنیتەوە.. یان وا ئێستا دەیخوێنیتەوە..

دوای مەستیی و سەرخۆشیییێکی زۆر، من دەسکی عارەبانەی کەمئەندامەکەم گرتە دەست و بە نێو شاردا خولاینەوە، پیاسەی زۆرمان بەنێو سەنتەری شاردا کرد، بێقاچەکە هاواری دەکرد: باوەکو پارچەیەیەکیتری جەستەشم نەمێنیٚ، گرنگ رۆحە، من رۆحم سەلامەتە، رۆحی من لە رۆحی ملیۆنەها جەستە ساغ بەختەوەرترە.. هاواری دەکرد: رۆحی ئێمە بەختەوەرە.. بەختەوەر..

گیان ئەو شەوە پەیمانم پێدان لە ئایندەدا بیانبینمەوە، بەلاٚم تا ئێستا نەمدیتینەوە، چونکە لە دەستی ئێمەدا نییە، پەیمان شکاندن تێکەڵ بە خوێنی مرۆڤەکانە.. پەیمان شکاندن وەك کەشتییێك وایە، هەمیشە لەنێو خوێنی ئێمەدا دەخولێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من هەوڵدەدەم نەختیٚ جیاتربم، ئەوەتا لێرە باسیان دەکەم و ناویان دەهێنم، چونکە هەرنا بە ناوهێنان و

یادکردنەوەیان بەشێکی ئەو قـەردەیان پێدەدەمـەوە کـە پێیـان بەخشیبووم لە شەوێکی دۆزەخیی ئاوادا.

ئەو شەوەت بێتەوە یاد، کە ئێمە بەدەم قسەکردنەوە لـە خـودا پاڕاینەوە جارێکیتر بەیەکمان بگەیەنێتەوە، هـەردووکمان وەك دوو منــداڵ دەگریــاین، لەگەڵمانــدا گــەردوون دەگریــا، خــودا نەیدەویست لەو دیمەنـە تراژیدیـە رابمینـێ گـەرنا ئـەویش لـە کەناری سۆز و گریانەوە نزیك و نزیکتر دەکەوتەوە.

بەیانی ڕۆیشتم.

سنووری چـەندان وڵاتم بـڕی تـا گەیشـتمە ئـەو کیشوەرەی کـە لێیەوە هاتبووم.. لە ئەسڵدا مـن خـەڵکی ئـەوێ نـەبووم، بـەڵام هەمیشە شانازیی بەوە دەکەم کـە ئـەوێ شـوێنزای مـن بووایـە، بـاوەکو لەبـەر رێکپۆشـیی و مرۆڤدۆسـتیی و مـافی مـرۆڤیش نــەبێ، تــەنیا لەبــەر ئــەو ئازادییــە بــێ کــە تــاك وەك کولتــور هەزمی کردووە و رۆژانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا و ئـەنجامی دەدا.. چـەندان جـار مـن و تـۆ تەمـەنناى ئـەوەمان دەکـرد کـە لەوێ بووایـن، چونکە لەوێنـدەر دەتتـوانی مـن بـە سەرخۆشـیی بمبینــی و هــەر خۆشــت ســتیانە رەنــگ گۆشــتییەکەی خــۆت هەڵبدەیت و مەمکەکانت بۆم بکەیتە مەززە.. ئەرێ هێشتا ئەو ستیانەت ماوە؟

گەر لەوێ بووایـن تۆ دەتتوانی سەمام بۆ بکەیت و پەیمانـەکـەی خـۆت بگەینیتــە ســەر، چـونکە تـۆ پـەیمانت دابـوو لـە کـاتی

گونجاودا حەددی ئێسقان سەمام بۆ بکەیت، من دەمزانی سەماکارێکی نایابی، بە تایبەتیش لەگەڵ گۆرانییەکانی ئیلهام مەدفەعی، بەڵام کاتی گونجاو نەبوو.. ئەگەر لەوێبووایـن دەمانتوانی لەسەر شەقامەکان بە پێخواسی قاچەکانمان تێکبئاڵێنین و لەناو پارکێکدا شەو بەسەر ببەین، یا کیسەخەوێك بە کۆڵمانەوە هەڵگرین و لەسەر پشتی کەشتییێك کە لە ئیتاڵیاوە دەچێتە یۆنان رایبخەین و بە جووتە بچینە ناوی.. ئەگەر لەوێبووایـن ئێمە هەموو شتێکمان دەتوانی، تەنیا چێشتنی تامی ناخۆشیی نەبێ کە لێرە هەموو کەسێ بەبێ جیاوازی دەیچێژێ.

من ئەو هەموو سنوورەم بڕی کەچی یەکەمینجارم بوو کە هێندە بەختیار و کامەران و بێکێشە ئەو هەموو سنوورە ببڕم، کاتێ گەیشتم، گومان نەما دوعاکەی تۆ بوو منی گەیاند، دوعاکەی تۆ:

دڵی گەردوون، ئەی رۆحی پیرۆز لەگەڵیبە
لە دواییبە و بیپارێزە
لە ڕێگاکان
لە زەریاکان
لە ئاسمان و لەنێو چیاکان
رۆحی جیهان ئەی خودا لە گەڵیبە
چونکە ئەویش کوڕی تۆیە

چونکە ئەویش لە خوێنی تۆیە
چونکە ئەویش لە رۆحی تۆیە..
کە گەیشتم زانیم رۆحی تۆم لەگەڵدابوو لەو رێگایە دوورو درێژە، زانیم خواش لەنێو رۆحی تۆدابوو لەو رێگایە دوور و درێژە، چاوم لێبوو کە بەسەر سەرمەوە هەڵفڕ هەڵفڕیەتی و دەمپارێزێ..
دوای چەند رۆژێ هێندە غەریبیم کردی دەنگم بۆنی گریانی گرتبوو.. ئەگەر چەند جارێ لای خانم سڤێتلانەی سۆزانی خەمەکانی خۆم سەبارەت بە تۆ هەڵنەرێشتبایە، ئەوا ڕەنگ بوو لە نەخۆشخانە بکەوتمایە، باشبوو خانم سڤێتلانە بە باوەشی گەرمی نەختێ دەرمانی دەکردم و بۆ تاوێ تیماری برینەکانی رۆحی ساردمی دەکردم.
پاش ماوەیێ سینە و مەمکی بەفرینی خانم سڤێتلانە نەیدەتوانی رۆحم گەرم بکاتەوە، هەموو شتێکم دەدیت رەشبوو، هەتا بەفر و رەنگی ئالاّ سێ رەنگیەکەی ئەو ولاّتەیش تەنیا خۆیان بە رەش نیشان دەدا.. رکم لە هەموو شتێکی رەشدەبۆوە، بۆیە جانتاییێکی سپیم ئامادەکرد و گەڕامەوە، ئێستا زانیت بۆچی لێرە دەژیم؟ تۆ تاوانباری بەوەی کە رەنگی کیشوەرێکی سپیت بە رەش و رەنگی ولاّتێکی رەشت بە سپی گۆڕی لەبەر چاوی مندا..

من له دەستپێکی ئەو نامەیەدا گوتم: من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووست کردوە، چونکە خۆشەویستیی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردوون داگیرساوە و، هەمیشەیش بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە..

من گوتم: تەنیا بیرەوەرییە کە دەتوانێ ببێتە پردێك بۆ ئەوەی رۆحە لێکترازاوەکان بە یەکتری بگەیەنێتەوە..

ئێستا وای لەگەڵ مندا ئەو نامەیە دەنووسین، زۆر سەیرە تۆ وەك جەستە لەگەڵمدا بوونت نییە کەچی رۆحێکی ئامادەیت، ئایا رۆح گرینگترە یا جەستە؟

من لەگەڵت دەدوێم، بۆت دەنووسم، بەڵام تووخوا هەندێ ئارامبگرە بۆ ئەوەی وردە وردە بێنمەوە یادت کە من کێم و چیم داوایە؟ نامەوێ ئاوا زوو بمناسیتەوە، دێم و نهێنییەکانت هێدی هێدی بۆ ئاشکرا دەکەم تا هەر هیچ نەبێ بێتەوە یادت کە من کێم و بۆچی ئەو نامەیە بۆ تۆ دەنووسم؟

باش بێنەوە یادت کە جارێکیان لە نیگاکانمت روانی و دەستت لە گۆناکانم نزیك کردەوەو بە سیحرێکەوە گوتت: دەتوانم دەست بە نێو پرچت دابێنم؟

من گوتم: تۆ دەتوانی پرچت بەسەر رۆحمدا پەخشان بکەیت..

تۆ هێدی هێدی نینۆکە نارنجیەکانت بە گۆناکانم داهێنا، دواتر بە لێوەکانم، تۆ بە ئارەزووی خۆت نینۆکە نارنجیەکانت بە رووخسارم دادەهێنا.. ئێستایش تامی نینۆك و پەنجەکانت لە

گۆنا و پرچ و لێوەکانی خۆم دەکەم.. پەنجەکانت بۆنی سێویان لێدەهات، چەندان جار ئەو کردارەت دووبارە دەکردەوەو تێر نەدەبووی، هیلاك نەدەبووی، فرمێسکت هەڵدەوەراند تێر نەدەبووی، هیلاك نەدەبووی، ئێستایش لەوانەیە کە دەست بە پرچی مێردەکەت دادەهێنی هیلاك نەبیت، ماندوو نەبیت، لەوانەیە کە نینۆکەکانت بە گۆناکانی دادەهێنی هیلاك و ماندوو نەبیت، وەك ئەوەی کە بەر لە منیش دەستت لەنێو قژی یەکێکیتر وەردابوو و ماچت کردبوو ئاواشت تێگەیاندبوو کە هیلاك و ماندوو نابیت.. من نامەوێ گلەییت لێبکەم، بەلاّم گلەیی لە خۆم دەکەم و هەست بە گوناحێکی گەورە دەکەم کە بەر لە مردنم شتێ بە نهێنی و پەنهانی بهێلمەوە و کەس نەیزانێ.. من کەسێکی لەو جۆرانەم کە نهێنی و شتی شاراوە لە دڵیان ئۆقرە ناگرێ و هەمیشە دەیانەوێ نهێنییەکانیان وەك باران بەسەر کەسانیتر ببارێنن..

ئێرە سەرەتاییێکی باشە بۆ ئەوەی بێنمەوە یادت کە چەندان جار لێمدەپرسیت ( لافاو) کێیە؟ پەیوەندی ئێوە چییە؟ بۆچی لە رۆژی ئاهەنگی دەرچوونت لەگەڵ ئەودا بە بەختەوەرییێکی بێسنوور وەستابوویت و قاقا و خەندە سەراپای رۆحی داگیر کردبووی؟

تۆ دەتگوت: دۆستێکی ئاسایی منە و هیچیتر، لە کۆلێژ بەیەکەوەین، کوڕێکی باشە، پەیوەندی ئێمە لە پەیوەندییێکی

ئاسایی نێوانی دووکەس تێپەڕ ناکا.. هەردووکمان حەزمان لە گۆرانییەکانی ئیلهام مەدفەعیە..
کە جاروبار دەمپرسیەوە: هەواڵی (لافاو) چییە؟
تۆ دەتگوت: گیان پێویست بە غیرە و گومان ناکا، گەر من شتێکم هەبووایە لەگەڵ لافاو ئەوا دەمتوانی هیچ شتێکم لەگەڵ تۆ نەبووایە، چونکە زووتر ئەوم دەناسی نەك تۆ.. وەك گوتم لافاو لە کوڕەکانیتر تێگەیشتووترە، زۆرجار بە تەلەفۆن ئاگاداری یەکترمان دەکردەوە کە فیلمێکی خۆش لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا هەبووایە، بۆ ئەوەی لەکاتی دیداردا بابەتێکمان هەبێ بۆ گفتوگۆ، لە کاتی گفتوگۆ و یەکتر بینینیشدا ئەو لە هەموو کوڕەکانیتر زیاتر دەیتوانی رێزی خۆی بگرێ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ناچار بکا رێزی لێبگرێ.. بەڵام گیانی من، دەبێ تۆ لەوە تێبگەی کە پەیوەندی خۆشەویستیی لە نێوانی ئێمەدا نەبووە..
من باوەڕم پێکردبووی کە لافاو تۆی ماچ نەکردووە، من باوەڕم پێکردبووی کە دەستت لەنێو پرچی لافاودا هەڵنەسویوە و هەروەها باوەڕیشم پێکردبووی کە سەرت نەنابێتە باوەشی لافاو و تاوێ بەدەم گریانەوە چیرۆکی خۆتت بۆ نەگێڕابێتەوە، من هەموو شتێکم پێ باوەڕکردبووی چونکە خۆشمدەویستی..
تۆیش حەقی خۆت بوو درۆم لەگەڵدا بکەی، حەقی خۆت بوو

نهێنییەکانی خۆت بە شێوەیەك بگۆڕیت کە لەگەڵ چاخدا بگونجێ، دەزانی بۆ؟ چونکە خۆشتدەویستم.
زۆری نەخایاند خۆشەویستیی ئێمە درز و کەلێنی گەورەی لێکەوت، وەك چۆن زوو یەکترمان دۆزییەوە و زوو بەیەك گەیشتین و زۆر زوو توانیمان بە راستگۆییەوە بۆ یەکتری بگرین، هەر ئاواش عەشقی ئێمە بەرەو کۆتایی چوو، بێگومان کوژانەوە و نەمانی عەشقێکی هێندە ئاگرین هەروا زوو دەبێ هۆکاری خۆی هەبێ، خۆ هەر واشبوو هۆکاری خۆی هەبوو.. با واز لە هۆکارە ناڕاستەوخۆکان بێنین کە یەکێکیان ئەوە بوو، من یەك جار ژنهێنانم پێ کارێکی هەڵە و کوشندەیە، ئینجا دووجار و سێ جار و... تاد، دەشزانم کە ئێمە لە پێناوی پێکەوە ژیان ئەو کارەمان نەکردبوو، بەڵکو لە پێناوی دوو شتی سەرەکی بوو کە دواتر بۆتی ئاشکرا دەکەم..
بەڵام بۆچی پەیوەندی ئێمە نەما و هۆکارەکانی چیبوو، پێویستە بڵێم یەکێ لەو هۆکارە راستەقینە و راستەوخۆیانە ئەو رۆژە بوو کە بەیانییێکی زوو، لە خەو هەستایت و بە خەیاڵی ژیانێکی نوێ دەستت بە رۆژێکی نوێ کرد، دوای چێشت، میکیاجێکی جوانت کردبوو کە چیاکان لەبەر جوانیتدا دەتوانەوە، خەڵکێکی زۆریش هەن شاهێدی ئەوە دەدەن بە چاوی خۆیان بینیویانە کە لەو رۆژەدا (سەفین) چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە.. تۆ میکیاجێکی جوانت

کردبوو، دەستت دایە مۆبایلەکەت و زەنگت بۆ لێدام، بە زەنگی مۆبایلەکە خەبەرم بۆوە، بە چاوی خەوالوەوە گوتم: بەیانی باش گیان، شەوی رابرد خەویکی خۆشت هەبوو؟

تۆ گوتت: بەیانی باش گیان، ئەورۆ کاتی نیوەڕۆ چاوەڕوانی موفاجەئەو پەرجوویێکی خۆشبە.

تەلەفۆنەکانمان داخست.. من تێنەگەیشتم لە مەبەستی تۆ، نەمدەزانی ئەو پەرجووە چییە کە ئەورۆ پێویستە بیبینم!

دەمی دوای نیوەڕۆ زەنگێکت بۆ لێدام من وەلامم نەبوو.. جارێکیتر و دەیانجاریتر، تۆ هەرجارەو بە ڕەنگێك بیرت دەکردەوە، بۆیە وەلامم ناداتەوە چونکە کارێکی هەیە، شوێنەکەی تەواو نییە بۆ قسە کردن، پاش کەمێکیتر تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە.. تۆ تاکسییێکت راگرتبوو، بە شوفێرەکەت گوتبوو بتباتە ئەو شوێنەی کە جارانی دی لەگەڵ مندا لێی کۆبووینەوە، تەلەفۆنت دەکرد و بەردەوام ئێس ئێم ئێست دەنارد..

من لە ژوورەکەی خۆما خەوتبووم، مۆبایلەکەشم لە شوێنێکیتر بوو، بە هیچ شێوەیەك گوێبیستی ئەو هەموو هاوار هاوار و ناڵە ناڵەی تۆ نەببووم.. دوای کاتێکی درەنگ برا بچووکەکەم هات و بە پێکەنینەوە گوتی: ها قسە بکە.

که وەڵامم دایتەوە، یەکڕاست بە نارەحەتی و بارێکی دەروونی شڵەژاوەوە گوتت: بۆ وەڵام نادەیتەوە، من وا لەو شوێنەم کە جاری پێشوو لەوێ یەکترمان بینی.

ئەو شوێنە کێندەر بوو کە ئێمە لەوێدا بۆ دوایین جار یەکترمان بینیبوو، گەڕەکێکی خەتەر کە هەمیشە پیرەژن و منداڵەکان بەبەردەرگاوەن، ئەوەش قەینا، ئەی تۆ نەتدەزانی من هەموو جارێ بە هەزار درۆ و پاڕانەوە و تکا ئەو ماڵەم بۆ تەنیا دوو کاتژمێر چۆڵکردەکرد؟

تۆ گوتت: لە دەرگاکە دەدەم و دەچمە ژوورەوە، دەبێ ئێستا بێی..

من نەمتوانی تەحەمولی ئەو هەموو شێتایەتیەی تۆ بکەم، بۆیە لێمپرسیت: ئەگەر نەخۆشیت دێم و بۆ لای دکتۆرێکت دەبەم.. کێ بە تۆی گوتووە لەو شوێنکاتەدا ئامادەبیت؟

تۆ دەگریایت و دەتگوت: ئاوا جێمدەهێڵی؟ من دێمە ماڵتان.

من هێندەیتر ترسام، گیان لێت ناشارمەوە من تەواو ترسام، چونکە تۆ دەهاتی، لات ئاسایی بوو بێی و هەموو شتێ بە گەورەتر لە فۆرمی خۆی بڵێی.. کە تەلەفۆنم داخست بۆت گریام و لێشت تۆرام، تەماشاییێکی مۆبایلەکەمم کرد، 38 زەنگت لێدا بوو، لەگەڵ شەش نامەیش.. یەکێ لەو نامانە، دێتەوە بیرم ئاوا نووسرابوو: (لەناو تاکسیم، هەوڵدە وەڵامم بدەوە، بۆ ئەوەی جارێکیتر بەهەشت بە چاوانی خۆمان

لەسەرزەمیندا ببینینەوە).. چەند دەقەیەك دوای مارەكردنت بەدەم گریانەوە خۆت بۆت گێڕامەوە كە لەو رۆژەدا پێنج كاتژمێر لە ژێر باراندا بە كۆلانەكاندا هاتوچۆت كردبوو، بۆت گێڕامەوە كە من چ ئازارێكی تۆم دابوو، بۆت گێڕامەوە كە خەلك بە چ چاوێك تەماشایان كردوویت و تۆیش چەند بە كەرامەت شكاوی لە خۆتت روانیوە؟

چەند دەقەیەك دوای مارەكردنت دەگریایت و دەتگوت: تۆ گەورەترین ئازاری مندا لەو رۆژەدا، خۆ ئەگەر من نەتبوورم، تۆ لە ژیاندا هەرگیز ناتوانی بەختەوەر بیت.. ئەگەر من نەتبوورم رۆحی جیهانیش لێت نابووریٚ.

من پێم سەیربوو كە تۆ هێندە شاعیریانە دەدوایت، شیعر لە دەمی تۆ دادەباری، هەموو جاریٚ دەمپرسی: ئەی خودا دەبیٚ چ شاعیریٚ خۆی لەنێو رۆحی تۆدا مەلاس دابیٚ..

هۆكاری دووەم ئەوەبوو كاتیٚ لە ئاهەنگی سالرۆژی لە دایكبوونی دۆستێكت داوەتت كردم، دەستمان لەناو دەستی یەكترنا و لە ئاوابوونی خۆرمان روانی، ئێمە وەستاین تا خۆرەكە ئاوابوو، بەدەم تەماشاكردن لە ئاوابوونی خۆر تۆ ئەو گۆرانییەت بۆ چڕیم: (من ناتوانم غیابی تۆ لە یاد بكەم.. من ناتوانم خۆری رووخساری تۆ لە ژووری تاریكیی رۆحی خۆم دەربكەم.. من ناتوانم لە دووری تۆدا وەرزەكان بەڕێبكەم.. رۆژەكان ئاوابكەم.. من ناتوانم.. ئاخر من ناتوانم).

هی سێیەمیشیان ئەوە بوو کاتێ کە چەند دەقەیەك بەر لە مارەکردنــت وەك دوو هەفتــە بــەر لــە مارەکردنــت لێــت پرسـیمەوە، ئـەوا دواتـرەمین فرسـەت و هـەلی ژیانـە، چـەند خولەکێکمان ماوە، هەوڵدە تیشکێك بدۆزەرەوە تا ئەو پلانـە شێتانیەی خۆم سەر لەبەری هەڵوەشێنمەوە، تا تەلەفۆنەکەمان داخست هەر دەتگوت دواترەمین هەلـە، ئاخیر چرکەساتەکانی ژیانمانــە.. ئازابــە و بڕیــار بــدە، مــن دەتــوانم لــە ئاهــەنگی گواستنەوەدا بە جلی بووکێنی رابکەم و بێمە باوەشی تۆ.. دەی بڕیار بدە، دواترەمین هەلە، ئاخیر چرکەساتەکانی ژیانمانە..

مـن لـەوێش ڕێگامـدای، چـونکە مـن بـۆ ئـەوە لـە ژیـانی تـۆ دەرنەکەوتبووم کە تاهەتایە هەر بەیەکەوە بین و بەیەکەوە بژین، من تەنیا پەیامبەرێك بووم کە هاتبووم تۆ لە دۆزەخ بگوازمەوە نێو ژیانێکی ئاسایی وەك ژیانی کەسانیتر.. مـن بـۆ ئـەوە هـاتبووم چیرۆکێکت بـۆ بنووسـم و تـۆیش تـا ئەبـەد شانازیی پێوە بکەیت، شانازی چی؟ نـا نـا شـانازیی نـا، بـەڵام کتێبێکــت بــۆ بنووســم و تــۆیش ئەگــەر لەبــەر مێــردە خۆشەویستەکەت بوێری جار و بار بیخوێنیتەوە..

دوای مارەکردنت هیچ شتێکت بۆ مـن پێنـەمابوو، کـە قسـەمان دەکـرد، هەسـتم دەکـرد شـاعیرە شـێتەکەی نـاوە تـۆ مـردووە، هەستم دەکرد ئەو پۆلە پەروانەی نێو ڕۆحی تۆ بـەرەو شـەمع ســەرفەریان کــردووە و ئێســتا بوونەتــە خۆڵــەمێش، دوای

مارەکردنـت هـیچ شـتێکت بـۆ مـن پێنـەمابوو، ئـەوە نـەبێ کـە دەتویست کچێکت لە من هەبێ بۆ ئـەوەی بەشـێکی مـن لەگـەڵ تـۆدا بـێ بـۆ ئەبـەد.. مـن سـەرەتا رازینـەبووم، دواتـر کـە گواستڕایەوە و من بەو پلانەی تۆ رازیبووم، ئیدی تـۆ دەتگوت: چۆن دەتوانم خیانەت لە پیاوێك بکەم کە خۆشیدەوێم؟ ئێستا مێردەکەم بە هیچ کەسێ نادەم لەو دنیایـە.. ئـەو بـە لایـەك و هەموو دنیاش بە لایەك..

قەینا من زۆر دڵتەنگ نەبووم، چونکە ژیان ئاوایە، ئێستا ئـەو بە هیچ کەسێکیتر نادەیـت، ئێسـتا شـاعیرە مولتەزیمەکـەی نـاو رۆحی تۆ تەنیا شیعری محافزکارانە دەنووسێ، شیعر بۆ مێردە خۆشەویستەکەت دەنووسـێ و تـەواو.. قـەینا مـن زۆر دڵتـەنگ نەبووم، حـەقی خۆتـە، چـونکە سـەدانی وەك تـۆم بینیـوە لـەو شانۆگەرییەدا.

نازانم تۆ خۆت بوویت یا مێردەکەت یـاخود ئـەو قـەدەرەی کـە چۆن تۆی هێنابوو دەیویست ئـاواش بتباتـەوە، نـازانم کامـەیان بوو؟

شەوێکی درەنـگ مـن بـە مەسـتی لـە تـەك ژنەکـەم راکشابووم، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، تۆ بووی، نەمزانی چیبکەم! دەبووایە وەڵامت بدەمەوە.

کە وەڵامم دایتەوە، گوتت: ئێستا مێردەکەم تەلەفۆنت بۆ دەکا، تۆیش دەڵێیت من (شێواز) ناناسم، چونکە ئەورۆ تۆ تەلەفۆنت

کـردووه و ئـەو لەگـەڵ تـۆدا دواوه، پـاش لێکۆڵینەوەیـەکی زۆر گوتوومە نایناسم، تووخوا ئەگەر تەلەفۆنی کـرد بڵـێ نایناسـم، بەسـە ئیـدی بـە قوربانـت بم، گیـانی مـن، ژیـانم تێـك مـەده، لێگەڕێ من بەختەوەریم دۆزیوەتەوه تۆ لێمی ون مەکە..

تـــۆ قســـەکانت تـــەواو کـــرد و منـــیش بـــە هـــیچ شـــێوەیەك نەمـدەتوانی وەڵامـت بدەمـەوە، نەمـدەتوانی بڵێم: مـن چـەند رۆژێـك دەبـێ زەنگـم بـۆ تـۆ لێنـەداوه، نەمـدەتوانی پێتبڵـێم: تێکنەگەیشتنێك هەیە، مـن تەلـەفۆنم نـەکردوه.. نەمـدەتوانی بڵێم: مێردەکەت درۆ دەکا، ئەو لەگەڵ مـن قسـەی نـەکردووه.. من نەمدەتوانی هیچ شـتێك بڵـێم، نەمـدەتوانی بڵـێم: ئایـا تـۆ هەمان پلانـی لافـاو بەسـەر منیشـدا پراکتیـزه دەکـەی؟ یـاخود مێردەکـەت فێڵـی لێـت کـردووه، مـن نەمـدەتوانی هـیچ شـتێك بڵێم، بۆیە گوتم: باشە.. خواحافیز.

کە تەلەفۆنەکەم داخست رەنگم گۆڕابوو، خوێن بە جەسـتەمدا هاتوچوونی نەدەکرد، ژنەکەم پرسی: گیانە چی روویداوه؟

گوتم: کچی برادەرێکم زۆر نەخۆشە و ئومێـدیان پێـی نـەماوە، برادەرەکەم بۆ دڵنەوایی خۆی هانای هێناوەتـە بـەر مـن، بۆیـە دەبـــێ بچـــمە لای.. چـــەند درۆیـــەکیترم کـــرد و خـــۆم لـــە چوونەکەش دەربازکرد.

بەیانی بۆ شەوەکەی (لافاو)م دیت.. چاکەت و پانتۆڵێکی رەشی لەبەر دابوو، مەست مەست لـە دەروازه گەورەکـەی گـەورەترین

و جـوانترین هـوتێلی وڵات بـە سسـتی و بـە مەسـتی بـەرەو باخچەکە دەهات.. من لە باخچـەکەدا بـە چاکەت و پانتۆڵێکی رەش  و کەرەڤاتەیـــەکی رەش و جـــووتێ پـــێڵاوی رەشـــەوە وەستابووم، منیش مەست بـووم و لەسـەر ئـەو گـردە بڵنـدە لـە دوور دوورم دەڕوانــی، هــەموو شـوێنەکانی وڵاتم لێـدیار بـوو، لەسەر ئەو گردە بەرزە هەموو شتێکم لێدیاربوو بەختـەوەریی نەبێ.. من لە باخچەکە وەستابووم و لە برادەرەکانم دابڕابووم، لە رۆشنایی گڵۆپەکانی شارم دەڕوانـی کـە بـە کـزی بریسـکەیان دەهـات و دەترووسـکانەوە، هەنـدێ لـە گەڕەکـەکانیش تاریـك دەچـوونەوە، لـەنێوانی تـاریکیی و رووناکیـدا مـن وێنـەی تـۆم لێـدیاربوو کـە دەردەکـەوتی و ونـدەبووی.. لـەو کاتـەدابوو کـە لافاو کەوتە بەرامبەرم و یـەکترمان لـە ئـامێزکرد.. هەنـدێ لـە چـاوەکانی یـەکترمان روانــی بـە بێـدەنگی و دواتـر لافـاو ئـەو بێدەنگییەی بە پرسیارێ شکاند و گوتی: ئایا دەزانـی لـەو دوا دواییانـە تـۆ کـارێزێکی گـەورەبووی لـە ژیـانی منـدا بـەڵام لـە جیاتی ئاو و بەختـەوەریی تاریکیـت بـۆ بەرهـەمهێنام، دەزانـی کە تۆ لەو دوا دواییە سەرچاوەی تەواوی تاریکیی و خەمەکانی ژیانی من بووی؟

من بە سەرسوڕماوییەوە و بە پرسـیارێکەوە وەڵامـی پرسـیاری ئـەوم دایـەوە: تێناگـەم مەبەسـتت چییە، بۆچـی مـن کـارێز و سەرچاوەی تاریکیەکانی ژیانی تۆ بووم؟

گوتی: شێواز.. لەگەڵ ئەوەشدا بزەیەکی پڕ لە خەفەتی کرد.
من ڕۆژی ئاهەنگەکەم هاتەوە یاد کە لەتەك شێوازدا وەستابوو، جگەرەیەکی مارلبۆرۆی بە لالێویەوە بوو، دەمنادەمێ خەندەیەکی دەکرد، ئەوکاتە هەستم دەکرد پیاوێکی بەختەوەرە و حەقی خۆشیبوو کە شانازیی بکا، چونکە لە تەك خۆر وەستابوو، ئەو کاتە من جاری دووەمم بوو لافاو ببینم لە ژیانمدا، یەکەمینجار ئەو وەختەبوو کە لە یەکێ لە یانەکانی ئەو شارەدا لە ڕێگای برادەرێکەوە یەکترمان ناسی، بەلاَم لە یەکەمین دیدار و لە یەکەمین گفتوگۆدا من بە ئاشکرا پێمگوت کە تۆ پیاوێکی بەڕێزیت و شایستەی ئەوەی کە مرۆڤ بە خۆشحاڵییەوە برادەرایەتی تۆ بکا.. من کتێبەکانی خۆم بە لافاویش بەخشی و بۆشم نووسیبوو: بەو لافاوە هێورە پێشکەشە کە لە یەکەمین دیداردا خۆشمویست.
من نەمویست درێژە بەو هەموو بیرەوەرییانە بدەم، بۆیە ڕووی پرسیارم ئاراستەی لافاو کرد و گوتم: بۆچی من کانگای گرفت و ناخۆشیی و خەم و حەسرەتەکانی ئێوەبووم لەم دوا دواییە؟ ئەی لێمنەپرسیت کە تۆ بیرۆکەی پرۆژەی زەواجت لەگەڵ شێوازدا هەیە و تۆ بە نەخێر وەلاَمت دامەوە؟ ئەی کە لێمپرسیت پەیوەندی تۆ بە شێوازەوە چییە؟ یا چ جۆرە پەیوەندییێك ئێوە کۆدەکاتەوە، تۆ گوتت: تەنیا پەیوەندی

دۆستایەتی و هاوڕێیەتی.. هەردووکمان حەزمان لە گۆرانییەکانی ئیلهام مەدفەعییە..

لافاو بە مەستییەکی حەسرەتدۆستەوە تەماشاییێکی ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی کرد، وەك ئەوە وابوو بە ئاسمان و گەردوون بڵێ: بۆچی هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەمانەوێ ناشێین بەرجەستەی بکەین، سەری نەوی کرد و لە گلێنەکانی منی روانییەوە و گوتی: شێواز خاوەنی رۆحێکی پڕ لە سیحر بوو، ئەو دەیتوانی رۆحی مرۆڤەکان بەرەو رامکردن و دەستەمۆکردن ببا.. ئەو رۆحی منی بۆ تا هەتایە نێچیر کردووە، دەتوانم بەبێ گومان و دڕدۆنگییەوە بڵێم: هێشتا خۆشمدەوێ.. چونکە ئەو زۆر جیاتر بوو لەوانەی کە ئێمە دەیانبینین و دەیاندوێنین.. زەمەنێکی باش ئێمە خۆشەویستی یەکتری بووین، بەڵام ئەو شتانە هەمووی وەك وەهم وابوو، ئێستا رابردوو بە تەنیا لە خەیاڵ دەچێ.. من ئاگاداری چیرۆکی پڕ لە نەهامەتی و بەدشانسی شێواز بووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی ئەوەم تێدابوو بتوانم قبوڵی بکەم.. قبوڵکردنێکی تا هەتایی نەك کاتیی.. بەڵام چ لە کۆمەڵگا و فشارە گەورەکانی کۆمەڵگا دەکەیت؟ پەیوەندی ئێمە پەیوەندییێکی هێندە جددی بوو کە هەموو عاشقەکان خەونی پێوە دەبینن..

وەك ئەوەی بیەوەێ بەراوردی عەشقی نێوانی خۆی و شێواز لە لایەك و من و شێوازیش لە لایەکیترەوە بکا، ئەو بابەتەی کە دەیویست باسی بکا، بە پرسیارێك گۆڕی و گوتی: تووخوا هیچ جارێ بە تۆی گوتووە خۆشمدەوێی؟

من بە هێورییێکەوە لێیم ڕوانی و گوتم: بەردەوامبە.

مەستییەتی لافاو لە گلێنە رەشەکانی دەبریسکایەوە، لەگەڵ ئەو هەموو مەراق و خەون و خەفەتەی کە لە رووخسارییەوە بەدی دەکرا، هێشتا توانی بەردەوامبێ و گوتی: لەیەکەمین دیداری نێوانی من و تۆدا، تۆم خۆشویست، چونکە هەستم کرد کە تۆش منت خۆشویست، دێتەوە بیرت کە لە یەکەمین چاوتروکاندا بە منت گوت: لافاو هەست بە ئارامییێکی بێسنوور دەکەم لەگەڵ تۆدا، ئەی ئەو کاتەی کە کتێبەکانی خۆت بە من پێشکەش کرد؟ بۆت نەنووسیبووم (بەو لافاوە هێورە پێشکەشە کە لە یەکەمین دیداردا خۆشمویست).. ئەو کاتەی کە تۆ ئەو کتێبانەت پێشکەشی من کرد، شێواز هێشتا هەر هی من بوو..

من قسەکانی لافاوم بڕی و پرسیم: هیچ جارێ شێواز سەری ناوەتە باوەشت و بگرییێت؟

گوتی: زیاتریش.. بەیەکەوە بووینە لە ژوورێکدا.

گیان لەوێ دەمویست بیرکردنەوەیەکی نیتچشەییانەم سەبارەت بە ئافرەت هەبێ، بەلام خۆم بێدەنگ کرد، چونکە بیرم

کەوتەوە منی پیاویش وەك تۆی ژن وام، تا ئەویٚ وەفادارم بۆت کە وەفادار بیت بۆم و لەویٚشەوە وەفام نامێنیٚ کە تۆ وەفات نەمێنیٚ، ئەوە هاوکێشەیەکە پێویستە باوەڕمان پێی هەبیٚ، لەو هاوکێشەیەشدا بە گرینگی نازانم کە کامە لە پەیمان شکاندن پێشی ئەویدی بکەویٚ، ژن یاخود پیاو.. چونکە پێشتریش بۆم نووسی کە پەیمان شکاندن ژەهرێکە لەنێو خوێنی مرۆڤەکاندا، بۆ هیچ کەسیٚ نییە لە خوێنی خۆی جیای بکاتەوە.

من خۆم گرت و رێگام دا کە لافاو بەردەوامبیٚ..

لافاو بە غەمگینی و نالەبارییێکی زیاترەوە بەردەوامبوو: ئێمە یەکترمان خۆشدەویست، بەڵام کە تۆ دەرکەوتی هەموو شتیٚ گۆڕا.. کە تۆ دەرکەوتی ئاسمان هەمان ئاسمانی پێشوو نەما.. گوڵەکان هەمان ئەو گوڵانە نەبوون کە بەر لەدەرکەوتنی تۆ بۆم بزەیان دەکرد.. ژیانیش هەمان ئەو ژیانە نەبوو کە دوای دەرکەوتنی تۆ شەڕی دۆڕانی پێدەفرۆشتم.. ئیدی بۆنی سێو نەدەهات لەو دنیایە.

من سەرم سوڕما، لافاویش بۆنی سێوی لە تۆ کردبوو؟ دەستێکم لە شانی لافاودا و گوتم: دڵتەنگ مەبە، حەزدەکەم هێشتا گوێت لێبگرم..

گوتی: چەند رۆژیٚ بەر لەوەی تۆ لە ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆ دەرکەوی، بە تەلەفۆنێك ئەو وەك خۆر لەو شوێنە بۆ من دەرکەوت کە من لێیم داواکردبوو، ئیدی بە چاوانی خۆمان

بەهەشتمان دیت، دەزانی دواتر لە ئێس ئێم ئێسێکدا چی بۆ نووسیبووم؟ نووسیبووی:"دووشەممەی رابرد من بووکی تۆبووم، زاوا ئەبەدییەکەی من، سەلام" بەڵام کاتێ کە لە رۆژی ئاهەنگەکە تۆ دەرکەوتی ئیدی هەموو شتەکان گۆڕان، بەیانییێکی زوو، زەنگێکی مۆبایلم بۆ لێدرا، کە لە شاشەی مۆبایلەکەم روانی، شێواز بوو، من ترسام، دڵم لەرزی و خەبەرەکە زووتر گەیشت، من تەواو ترسام، ترسێك کە تا ئەو کاتە هەرگیز ترسی ئاوا لە دڵ و رۆحی مندا دەرنەکەوتبوو، ترسام و زانیم هەواڵێکی ناخۆش و قەدەرێکی ناخۆش بەڕێوەیە، کە وەڵامیم دایەوە، پێشبینیەکانی دڵ و رۆحم راست دەرچوو، شێواز بوو گوتی: ببوورە لافاو ئیدی ناتوانم وەك پێشتر پەیوەندیت لەگەڵدا بکەم، چونکە لە ماڵەوە هەستیان کردووە، بۆیە هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و ژیانێکی خۆش.. دەزانی زۆر ناشاعیرانە دەدوا، ئەو نەبوو، نازانم پێدەچێ منداڵە جوانەکەی ناخی ئەو مردبێت لە کاتی ئەو تەلەفۆن کردنەدا.

من زانیم شێواز درۆ دەکا، بەڵام گوناحی ئەویشی تێدا نییە، چونکە کاتێ دڵ دەگۆڕێ دەبێ کارێ لە پێناوی خۆشکردنی ئەو زەمینەی گۆڕانە بکا.

گوتم: برای ئازیزم لافاو، ئەوە شێواز نەبووە کە ویستوویەتی درۆ بکا، بەڵکو خودای گەورە بووە لە دەمی بچووکی ئەو

هاتۆتە دەرێ، چونکە ئەو وشانە تیشکی ڕێگاییێکی نوێ بوو بۆ ژیانی نوێی ئەو.. خودایە بچووکەکەی ناوەخۆی بووە، ڕێگای ژیانێکی گەورەی نیشان داوە.. ئەو دەبووایە ئاوا بکا، چونکە خودا فەرمانی پێکردبوو کە دەبێ ئاوا بکا.

لافاو قسەی پێبڕیم و گوتی: نازانم خودابوو یا شتێکیتر، بەلام دەزانم کە ئەو ماوەیێ ڕۆح و باوەشی منی گەرمکردبۆوە، کە تۆیش هاتی خودابوو یا شتێکیتر هەموو شتەکانی گۆڕی، بەلام من نەگۆڕاوم چونکە ئەو توحفەیەك بوو، هەرگیز ناتوانم لە نێو ڕۆحی خۆمدا دەری بکەم و هەڵیبدەم.. من بۆ چەندەمین جار دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: (شێواز) یاقوتێکی خودایی بوو، باشبوو شانس یاوەرم بوو توانیم بە ڕۆشنایی و ترووسکایی بریقەکانی ئەو دەروون و ڕۆحی خۆم ڕووناك بکەمەوە... بەلام ئێستا دەمەوێ بیکەمەوە بە هی خۆم، چۆن دەتوانم؟

گوتم: ئێستا ئەو هی پیاوەێکی دیکەیە، ئەو ڕۆحی پیاوێکیتر ڕووناك و ڕۆشەن دەکاتەوە نەك هی من و تۆ، ئێستا ئەو لە باوەشێکیترە، پەنجە و لێوەکانی ئەو گەرم دەکاتەوە نەك هی و تۆ و من، ئێستا ئەو گڕ و گرێ و گۆڵی دەروون و ڕۆحی خۆی بۆ ئەو پیاوە دەکاتەوە و نیشان دەدا کە لە کاتی ئێمەدا بوونی نەبوو نەك من و تۆ.. ئێستایش کە من تۆ هەر خۆشماندەوێ دەبێ ڕاستگۆیانە خۆشمانبوێ و ڕێگا بدەین ئەو بەختەوەربێ.

لافاو گوتی: ئەی ئەو هەموو رستە رۆمانسی و جوانانە بۆ کوێ دەچن کە لە دەمی ئەوەوە دەهاتنەدەر؟

گوتم: من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووست کردوە، چونکە خۆشەویستیی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردوون داگیرساوە و هەمیشەیش بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە.. رستەکانی ئەو تەنیا لەنێو یادگەو بیرەوەرییەکانی ئێمەدا دەمێننەوە.

گوتی: تووخوا پێمبڵێ، هیچ جارێ بە تۆی گوتووە خۆشمدوەێی؟

گوتم: نەخێر، چونکە ئەو هەمیشە دەیگوت: خۆشمناوێی، بەڵکو (هەستێ هەیە لە سەرووی عاشقبوون، شێتبوونیش نییە) من ئەو هەستە بۆ تۆ هەیە، ئەو هەستە وەکو منداڵێك وایە، هەمیشە دەیەوێ ئەو شتەی هەبێ کە دەیەوێ هەیبێ، منیش رێك ئەو هەستەم بەرامبەر بە تۆ هەیە، هەمیشە دەمەوێ هەمبیت، دەمەوێ هی من بیت و بۆ من بیت و بۆ ئەبەدیش بەو شێوەیە بێت.

هەمدیس لەگەڵ لافاو یەکترمان ماچکرد، ئەو رۆیشت و منیش گەڕامەوە لای برادەرەکانم ..

کە من لێرەدا ئەو چیرۆکەی نێوانی تۆ و لافاوم بۆ گێڕایتەوە لێم مەتۆرێ، چونکە من نەمویستووە نە راستی ئەو چیرۆکە بسەلمێنم و نە پێچەوانەکەشی، من قسەکانی ئەوم بۆ

نووســـييەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا لــە یــەکێ لــەو شــەوانەدا کــە پێویستیم پێت بوو، نەوێرام لەگەڵت بدوێم، لەبەر ئەوە نا کە مێردەکـەت پێبزانــێ کاریگـەرییێکی بچووکیشـی هـەبێ بەسـەر ژیانی من، نا، بەڵکو من هەمیشە ئەو رستەیەم دێتەوە یاد (بـە قوربانـــت بم لێگــەڕێ بــا بەختـــەوەربم) بۆیـــە زەنگــم بــۆ دەستەخوشکێکت لێدا، دەزانی کامەم مەبەستە؟ ئـەوەی کـە لـە رۆژی ساڵیادی لـە دایکبوونیـدا ئامـادەبووین و دواتـر خۆمـان شـاردەوە و ماچـێکم لـە لێوەکانـت کـرد و دواتـر هێنـدە بـە غـەمگینی بەرامبـەر بـە غـروب وەسـتایین و لـە ئـاوابوونی خۆرمـان روانـی.. کـە وەڵامـی دامـەوە و منـی ناسـی بەڕاسـتی رێزی زۆری لێنـام، مـن سوپاسـی دەکـەم کـە جاروبـار گـوێم بـۆ دەگـرێ کـە هـەموو شـتێ سـەبارەت بـە تـۆ بڵـێم، شـەوێ کـە گەیشتینە سەر باسی لافاو، ئەو گوتی: من پێم وایە لافاو زۆری فەنتازیا بەو چیرۆکەوە کردوە تا لێی بۆتە راستی و وا هەست دەکا ئـەو شتانەی ئـەو گێڕاویەتیـەوە لـە واقیعـدا روویانـداوە، بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدانیم، چونکە راسـتییێك هەیـە لــە نێــوانی تــۆ و لافــاو، تــەنیا تــۆ و لافــاو دەتــوانن رۆشــەنی بکەنـــەوە ئەگـــەر ویســـتتان، بـــەڵام باوەڕناکـــەم ئـــەو بابەتـــە پێویستی بە رۆشەنکردنەوە و یەکلایی کردنەوە هەبێ..

ئێستا دەبێ لای تۆ چ کاتێ بێ کـە ئـەو نامەیـە دەخوێنیتـەوە؟ ئایـا پەلـەی ئەوەتـە پـێش هاتنـەوەی مێردەکـەت ئـەو نامەیـە

تـەواو بکـەیت؟ یـاخود هـەر گرینگیشـی پێنادەیـت؟ ئایـا لـێم تۆراویت یاخود شـاعیرە مردووەکـەی ناخـت زینـدوو بۆتـەوە و چەند رستەیەکی جوانی هەیە بۆ گوتن؟

مـن نامـەوێ ئـازاری زیـاترت بـدەم، تـۆ دەتـوانی ئـەو نامەیـە بسـوتێنی، یـا بیدەیتـە دەم _بـا_ وە و بـە کۆڵانەکەتانیـدا پەرشبکەیت، هەر چییەکی لێدەکەیت ئارەزووی خۆتـە، گـرنگ ئەوەیـە تـۆ بەختـەوەر بیـت بـە هـەموو ئـەو کارانـەی کـە دەیکەیت، بەڵام هەرگیز هەوڵمەدە درۆ لەگەڵ رۆح و دەروونـی خۆتـدا بکـەیت.. کـە دەشـزانم هـەرگیز نـاتوانی تەنانـەت یـەك درۆش چییە لە ژیانتدا بیکەیت..

گیان.. گیان.. گوێتلێمـە؟ هێشـتا زۆر شـتم مـاوە بیڵـێم ، بـەڵام تـەنیا بـەوە واز دەهێـنم کـە پـەیامی نووسـینی ئـەو نامەیـەت پێڕابگەیێنم..

پەیامی نامە:

دەبێ بزانی وەك چۆن تۆ، خودای ئیلهامبەخشی زەمەنێکی پـڕ لە بەخششی نووسینی بۆ من، منیش هەر ئاوا پێغەمبـەری تـۆ بووم لە زەمەنێکی ژیانتدا..

لـە کـاتی یەکترناسـینماندا تـۆ مرۆڤێکـی بێـزار و گۆشـەگیر و رەشبین و نائومێد بووی لە ژیانی خۆتدا، لەبەر ئەو ئاسـتەنگ و رووداوە ناکـاو و تـراژیدیـەی کـە لەسـەردەمێکدا تووشـت هاتبوو، من بۆ ئەوە نێردرابووم کە لە بێزاریی و گۆشەگیریی و

ڕەشبینی و نائومێدی ڕۆحییەوە ڕزگارت بکەم، تۆ ڕکت لە پیاو دەبۆوە، ئەگەر لافاو بۆ ئەوە نێردرابێ کە زەمینەیەك خۆش بکا بۆ دەربازکردنت ئەوا من بۆ ئەوە نێردرابووم کە فێرت بکەم و بڵێم: ئاساییە و دەشکرێ پیاوی جوان هەبێ لە ژیاندا بەڵام ئێمە نایدۆزینەوە.. هەر واشم کرد، سەرتا لەو سەرەتانی گۆشەگیرییە ڕۆحانییە دەربازم کردی، لەناو بیری نائومێدیی دەرمهێنای و ڕەنگی خۆرم نیشاندای، کەواتە من پەیامێکم پێت گەیاند، چونکە تۆ گەیشتیە حاڵەتی عەشق و سەرووی عەشقیش کە پێشتر زۆر لێی بێئومێد ببووی.

پەیامی دووەمی من ئەوە بوو کە فێری ڕقی جوانت بکەم، من لە عەشقدا تووڕەم کردی، تووڕەبوونێك تا ئاستی ڕق لێبوونەوە، ڕق لێبوونەوەیەك تا ئاستی کاردانەوە، من وام لێکردی لە دەستم رابکەیت و پیاوێکی هێمن بدۆزیتەوە کە ئامادە بێ هەموو شتێکی ژیانت پێبدا کە کەسێکی وەك من نەیدەتوانی پێتی ببەخشێ..

ئێستا زانیت بۆچی من پێغەمبەری تۆم؟

ئەوەشیان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ هێشتا و تا هەتایش لەگەڵمدای

لە ڕێگاکان

لە زەریاکان

لە ئاسمان و لەنێو چیاکان

**چونکە تۆش کچی ئاسمانیت**

**چونکە تۆش لە خوێنی ئاسمانیت**

**چونکە تۆش لە ڕۆحی ئاسمانیت**

**ماوە بڵێم: بۆ هەمیشەیی خۆشمەدەوێی، نا نا، خۆشمناوێی بەڵکو (هەستێ هەیە لەسەرووی عاشقبوون.. شێتبوونیش نییە).**

2006/07/20

2006/09/27